ژمارە: ٥٥
ساڵی پێنجەم، ئۆگەستی ٢٠١٠

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر:
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی:
ڕێبین مەجید

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال

تایپ و نەخشەسازیی:
پەیام ئەحمەد

هەڵەچن:
سنەوبەر کەریم
مونا عەبدوڵڵا

مۆتیف:
ئاریان ئەبوبەکر

تیراژ
٥٠٠

*پۆزش*

**لەژمارەی پێشووی گۆڤارەکەماندا لەبری مانگی (یۆلیۆ)، مانگی (ئۆگەست) نووسرابوو، داوای لێبووردن لەخوێنەرانی ئازیز دەکەین...**

**هەنار**

# پێڕست

## سەروتار


| | | |
|---|---|---|
| ئاخۆ نهێنی ئەم دوو هەڵوێستییە... | سەرنووسەر | ٥ |


## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| چەند وانەیەکی رەخنەیی... | د. عادل گەرمیانی | ١٥ |
| ئینگەبۆرگ باخمان... | سیروان رەحیم | ٢٤ |
| حەمە دۆستان  ئەو نووسەرەی ئازار... | حەمە کاکەڕەش | ٣٠ |
| باڵەخانەی یاقوبیان... | هەرێم عوسمان | ٣٧ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| دوو شیعری کورت... | محەمەد کوردۆ | ٥٩ |
| پەنجەکانم دەمگرێنن... | زانا سامان | ٦١ |
| ئەی ژن... بە دوعا... | بێستون حەسەن | ٦٣ |
| ماڵئاوا شەڕ ماڵئاوا نیشتمانی غەریبی... | ئەحمەد مستەفا نەجمەدین | ٦٨ |
| چی دەکەی بە کۆشێک پەڕەسێلکەوە... | سدیق عەلی | ٧١ |
| گوریسەکانی وشە... | کلارا | ٧٦ |
| گەمەکان... | عومەر جەلال | ٨١ |
| کێ مام تۆفیقی دەنگزل دەناسێت؟... | ئارام کاکەی فەلاح | ٨٣ |
| هاورێ ئاکادیمییەکەم دووجار... | محەمەد حسێن | ٩٠ |

## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ تەرزە جاف... | رابەر فاریق | ٩٧ |


## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ قەبانی... | ئومێد تۆفیق | ١٠٧ |
| لە ئورشلیم داپیری عاموس عوز... | شێرزاد هەینی | ١١٣ |
| ئەرستۆ... | عوسمان ئەحمەد | ١١٨ |
| میوانداریی... | دلاوەر قەرەداغی | ١٢٧ |
| دایە ببوورە... | جەواد حەیدەری | ١٣٧ |
| بینینی کچی لە سەداسەد ئیدەئال... | سلێمان دڵسۆز | ١٤١ |
| خنکاو... | رەفعەت مورادی | ١٤٦ |
| هاوسەنگیی... | شەریف فەلاح | ١٥١ |
| پەنجەرەکان... | سەلاح جەلال | ١٥٦ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| رەوشی گۆرانیی و میوزیکی کوردی... | تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٦١ |
| چریکەی زیندوو ئایشەشان... | جەلال هانیسی | ١٧٢ |
| جان شاژنی تابلۆکانی مۆندلیانی... | حەسەن سلێمان عەسکەری | ١٧٥ |
| دیدار لەگەڵ سەربەست رەسوڵ... | سازدانی: شەنکار عەبدوللا | ١٧٩ |
| یان عاشق بە، یان بمرە... | ئا: سووسەن ئیسماعیلی نەژاد | ١٨٣ |

# ئاخۆ نهێنی ئەم دوو هەڵوێستییە لە کوێدایە؟!



**سەرنووسەر**

لە ژمارە (٥٦)ی گۆڤاری (هەڵبوون)دا وتارێک بڵاوکراوەتەوە، لە بەشێکیدا هەندێک سەرنج هەن کە پەیوەندییان بە گۆڤاری (هەنار)ەوە هەیە، بۆیە ئەم روونکردنەوەیەمان بە پێویست زانی.

لەو وتارەدا قسە لەسەر شیعرێکی (ئاریان ئەبوبەکر) کراوە کە لە ژمارە (٥٢)ی گۆڤاری هەناردا بڵاوکراوەتەوە، نووسەری وتارەکە پێی وایە ئێمە کارێکی خراپ و نەگونجاومان کردووە کە ئەو شیعرەمان بڵاوکردووەتەوە، چونکە ئەو شیعرە هەندێک وشە و دەستەواژەی تێدایە کە بە بڕوای ئەو هەر شیعرێک ئەو وشە و دەستەواژانەی تێدا بێت لە پەیامی ئەدەب لادەدات و دەبێت بە (گەڕەلاوژێ و وشە و ڕستەڕیزکردن). ئەو گلەیی لە ئێمە هەیە کە ڕێگەمان داوە ئەو شیعرە بڵاوبێتەوە.

ئێمە بەر لە هەر شت دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە ڕێزمان بۆ هەر سەرنج و بۆچوونێک هەیە و زۆریشمان بەلاوە سروشتییە نووسەری ئەو وتارە و هەر کەسێکی دی ئەو شیعرەی پێ جوان نەبێت و حەز بە خوێندنەوەی

شیعری لەو جۆرە نەکات، بەڵام بە بڕوای ئێمە **ناکرێت هیچ کەسێک پێی وابێت هەر شتێک ئەو بە دڵی نەبوو ئیتر نابێت بڵاوبکرێتەوە!** ئێمە لەڕووی مەبدەئی ئیشکردنەوە، چوار هۆمان لەبەرچاوگرتووە، کە ڕێگەمان بەبڵاوکردنەوەی ئەو شیعرە داوە. هۆی یەکەم: بڕوابوونمان بووە بە ئازادیی، هۆی دووەم: بڕوابوونمان بووە بە جیاوازیی، هۆی سێیەم: بڕوابوونمان بووە بەوەی لە نووسیندا، بە تایبەت دەقی شیعریی، لە نێوانی لەگەڵبوون و دژبووندا، ڕووبەرێک هەیە دەکرێت بە هەند وەربگیرێت. هۆی چوارەم: بڕوابوونمان بووە بەوەی کە دەبێت شیعر تەنها وەک شیعر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەک وەک شتێکی دی.

بۆ هۆی یەکەم، دەڵێین: ئازادیی ئەو کاتە تاقی نابێتەوە کە مرۆڤێک وەک ئێمە بیر دەکاتەوە و وەک ئێمە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت و ئێمەیش ڕێگەی پێدەدەین، بەڵکو ئەو کاتە تاقی دەبێتەوە کە کەسێک وەک ئێمە بیر ناکاتەوە و وەک ئێمە هەستەکانی خۆی دەرنابڕێت و ئێمەیش ڕێگەی لێ ناگرین.

بۆ هۆی دووەم، دەڵێین: ئەگەر ئێمە تەنها ئەو شتانەمان بڵاوکردەوە کە لەگەڵ بیروڕا و تێگەیشتن و شێوەی دەربڕینی ئێمەدا دەگونجێن، چ مانایەک بۆ جیاوازی دەمێنێتەوە؟ ئەگەر هەموومان وەک یەک بیرمانکردەوە و وەک یەک هەستەکانی خۆمان دەربڕی، یەکێکمان پێویست و ئەوانی دیکەمان زیاد نابین؟

**نەک بۆ نووسین، کە جیاوازی لە بنەما سەرەکیی و جەوهەرییەکانێتی، بەلای (ولیام ریگلی)یەوە، بۆ کاروباری بازرگانییش ئەگەر دوو کەس لە هەموو شتێکدا هاوڕابوون یەکێکیان زیادەیە!**

بۆ هۆی سێیەم دەڵێین: ئێمە نە لەگەڵ ئەو شیعرەی (ئاریان)داین و نە دژیشین، ئێمە لە نێوانی ئەو دوو هەڵوێستەدا، لەگەڵبوون و دژبوون، ڕووبەرێکی دیکەمان لەبەرچاو بووە، کە پێمان وایە ڕووبەری گرنگی دەقەکەیە، ڕووبەرێکە، بە بڕوای ئێمە، هەم لە ڕووی جیهانبینی و هەم لە ڕووی تەکنیکی شیعرەوە، بەشی ئەوە زیاتری تێدایە مرۆڤ ڕەزامەندیی لەسەر بڵاوبوونەوەی پیشان بدات.

بۆ هۆی چوارەمیش دەڵێین: بە بڕوای ئێمە شیعر نە بە بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانە دەبێت بە شیعر کە خەڵک بە وشە و دەستەواژەی جوان و ناسک و گونجاویان دەزانن و نە بە بەکارهێنانی ئەو وشە و

دەستەواژانەیش لە شیعرێتی دەکەوێت، کە خەڵک بە وشە و دەستەواژەی ناشیرین و نەگونجاویان دەزانن، ئەگەر وابوایە ئێستا شاعیرە گەورەکانی ئێمە ئەو شاعیرانە دەبوون کە شیعری پەروەردەییان نووسیوە، ئەو شاعیرانە دەبوون کە خۆیان وەکو (مامۆستا) و شیعریان وەکو (وانە) و خوێنەریان وەکو (قوتابی) سەیر کردووە، ئەگەر وابوایە ئێستا ئێمە نەک شێخ ڕەزامان بە شاعیر نەدەزانی، بگرە دەبوو دیوانەکەیشی بسووتێنین و ئەو کەس و دەزگایانەیش بدەین بە دادگا کە شیعرەکانیان ساغ کردووەتەوە و دیوانەکەیان بۆ چاپ کردووە و بۆی چاپ دەکەنەوە!!

**شێخ ڕەزا هەزار ئەوەندەی ئاریان ئەو وشە و دەستەواژانەی بەکارهێناوە کە بە بڕوای هەندێک لە خەڵکی ئێمە وشە و دەستەواژەی ناشیرین و نەگونجاو و ناشیعریین**، وشەیەک نییە شێخ ڕەزا سڵی لەبەکارهێنانی کردبێتەوە، یان ویستبێتی پەردەی بەسەردا بدات، هەموو وشەکانی وەک خۆیان و بەبێ هیچ دوودڵییەک بەکارهێناوە، کە هەجووی کردووە نە سڵی لە هیچ جۆرە جنێوێک کردووەتەوە و نە لە ناوهێنانی ئەندامە سێکسییەکانی ژن و پیاو گەڕاوەتەوە و نە خۆی لە بەکارهێنانی شتی پیس و ناشیرین پاراستووە، سەرتاپای دیوانەکەی شێخ ڕەزا لە ئەلفەوە بۆ یا، لە شیعری درێژییەوە بۆ شیعری کورت و بۆ چوارینە و بۆ تاک بەیتییەکانی، لە شیعرە عەرووزییەکانییەوە بۆ شیعری پەنجەی و لە شیعرە کوردییەکانییەوە بۆ شیعرە عەرەبی و فارسی و تورکییەکانی، چەند دانەیەکی کەمیان نەبێت، لێوانلێون لەو وشە و دەستەواژانەی کە باسمان کردن، کەچی کۆمەڵگای کوردی قبووڵیشی کردووە و **تا ئەمڕۆیش من نەم بیستووە هیچ کەسێک وتبێتی ئەوەی شێخ ڕەزا کردوویەتی (گەڕەلاوژێ و وشە و رستە ریزکردن)ە!!**

ئەگەر ئاریان لە شیعرەکەیدا باسی خۆی و ژنێکی خەیاڵیی کردووە، (چونکە ئاریان ئەسڵەن ژنی نییە)، شێخ ڕەزا باسی خەڵک و ژنی راستەقینەی خەڵک و دایک و خوشکی خەڵک و بنەماڵە و عەشیرەت و بیروباوەڕی خەڵکی کردووە. تەنانەت چەندین وشە و دەستەواژەی نەگونجاوی سەبارەت بە مام و ئامۆژن و ئامۆزاکانی خۆی، بە کچ و کوڕیانەوە، بەکارهێناوە.

شێخ ڕەزا چەندین وشە و دەستەواژەی نەگونجاوی سەبارەت بە خەڵکی کەرکوک و سلێمانی و کۆیە و سنە و سەبارەت بە کاکەییەکان و

شوکری فەزڵی و کچەکەی حەسەن کەنۆش و سەبارەت بە زۆر کەسی دیکە بەکارهێناوە.

من لێرەدا تەنها یەک دێڕە شیعری شێخ ڕەزا بە نموونە دەهێنمەوە کە چ ڕیزکردنێکی جنێوی تێدایە:

**کوردە بێناموسەکەی، گۆرانە قوڕمساغەکەی**
**حیزەکەی، بێدینەکەی، کەربابەکەی، بێعارەکە**

وەک دەبینین دێڕەکە خۆی لە هەشت وشە پێکهاتووە، کەچی شەش جنێوی تێدایە، ئەگەر شیعرەکەی ئاریان ئاراستەی خۆی و ژنێکی خەیاڵیی کراوە، ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا ئاراستەی کەسێک کراوە کە بەڕاستی بوونی هەبووە، تەنانەت لە سەرەتای شیعرەکەدا ناوی کەسەکەش هێنراوە!!

**کەچی کۆمەڵگای کوردی نە لە کاتی شێخ ڕەزا خۆی و نە دواتر و نە ئێستایش ئەوەی نەکردووە ئەو شیعرانە لە دەرەوەی شیعر تەماشا بکات و بە تەرازووی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، یان ئاین، یان هەر تەرازوویەکی دیکە پێوانەیان بکات.** سەیرە باوانی ئێمە، بەلای کەمەوە، لە سەدەی نۆزدە و بیستدا زانیویانە شیعر شیعرە و نابێت بەهیچ پێوانەیەکی دی بپێورێت، کەچی خەڵکمان هەیە لە سەدەی بیستویەکدا شیعری لە شتەکانی دیکە بۆ جیا ناکرێتەوە!!

ئایا نهێنی ئەوە لە کوێدایە کە نووسەری وتارەکەی گۆڤاری هەڵبوون ئەو هەموو وشە و دەستەواژانەی شێخ ڕەزا ئاسایی وەردەگرێت و یەک دوو وشە و دەستەواژەی ئاریان کە بەشێکی زۆر کەم لە شیعرەکەی پێکدەهێنن، ئاسایی وەرناگرێت؟!

ئاخۆ ئەوە ڕاستتر و ڕاستگۆیانەتر نییە کە مافێکمان بە کەسێک دا، بە کەسەکانی دیکەیشی بدەین؟ ئاخۆ مرۆڤی ڕاستگۆ ئەوە نییە کە دژی شتێک بوو، لە هەموو جێیەک دژی بێت؟!

ئاخۆ ئەوە نیشانەی چییە هەر شتێک تا خەڵکی دیکە لە دژی نەنووسن و قسەی لەسەر نەکەن، ئێمەیش لە دژی نەنووسین و قسەی لەسەر نەکەین؟!

ئەگەر بیانوو بۆ ئەم دوو هەڵوێست و دوو (دیو)ییە ئەوەیە شێخ رەزا شاعیرێکی گەورە و ئاریان شاعیرێکە لە سەرەتای رێگەدا، ئەگەر رەخنە لە

ئاریان و لە هەنار ئەوەیە کە شیعرەکەی ئەو لە رووی هونەری شیعرەوە لە ئاستێکی بەرزدا نییە، ئەوە راستتر وایە بوترێت ئەو شیعرە خراپە، نەک وانەی رەوشتبەرزیی دابدرێت!!

ئەگەر بیانوو ئەوەیە شێخ رەزا شاعیری هەجووە و هەجوویش لە ئەدەبی هەموو گەلاندا هەیە، بەڵام ئاریان شاعیری هەجوو نییە، من دەپرسم ئەگەر ئاریان لە ئێستا بە دواوە بوو بە شاعیری هەجوو، ئەگەر شیعرێکی هەجووی نووسی و هەمان ئەو وشە و دەستەواژە نەگونجاوانەی تێدا بەکارهێنایەوە و شیعرەکەیشی وەکو شیعر باش بوو، بۆ هەناری نارد و ئێمەیش بڵاومان کردەوە، ئەو کاتە دەڵێین چی؟!

ئەگەر بیانوو ئەوەیە کە ئاریان کەیفی خۆیەتی چی دەنووسێت، بەڵام نابێت هەنار شتی لەو جۆرە بڵاو بکاتەوە، من دەپرسم: ئەگەر رۆژێک کەسێک چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی شێخ رەزای دۆزییەوە، کە وەکو زۆرینەی شیعرەکانی دیکەی پڕ بوون لەو وشە و دەستەواژانەی هەندێک خەڵکی ئێمە بۆ شیعر بە گونجاویان نازانن، ئەگەر ئەو کەسە ویستی ئەو شیعرە بڵاونەکراوانەی شێخ رەزا لە گۆڤاری هەناردا بڵاو بکاتەوە، ئێمە بڵاوی بکەینەوە یان بڵێین شێخ رەزا کەیفی خۆیەتی چی نوسیووە، ئێمە رێگە نادەین شتی وا لای ئێمە بڵاوبێتەوە؟!

ئەگەر بیانوو ئەوەیە شێخ رەزا شاعیری سەردەمێکی دیکە بووە و ئێمە لەسەردەمێکی دیکەدا دەژین، خۆ تا ئێستا چەند جارێک دیوانی شێخ رەزا چاپ کراوەتەوە، هەر دوێنێ دیسان دیوانی شێخ رەزا لەلایەن دەزگای (ئاراس)وە چاپ کرایەوە، بۆچی نووسەری وتارەکەی گۆڤاری هەڵبوون نەیوت نابێت ئەو شیعرە رووت و قووتانە چاپ بکرێنەوە؟!

ئەگەر نووسەری وتارەکەی گۆڤاری هەڵبوون، بەڕاستی دژی بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانەیە لە نووسیندا، دەتوانێت بچێت بزانێت نالی سەبارەت بە ئەندامی مێینەی مەستوورە چی وتووە؟ بزانێت نالی ئەندامی نێرینەی خۆی بەچی چوواندووە؟ دەتوانێت (بە تایبەت) تەماشایەکی لاپەڕە (٦٢٤)ی دیوانی نالی بکات، تا بزانێت عەلامەیەکی وەکو مەلا عەبدولکەریمی مودەریس چۆن باسی ئەو چوواندنەی نالی کردووە و چەند بە لایشییەوە ئاسایی بووە؟!

دەتوانێت تەماشایەکی لاپەڕە (٧٦)ی بەرگی دووەمی دیوانی کوردی بکات کە دەزگای ئاراس لە سەرەتای ئەمساڵدا بە چاپی گەیاندووە، تا

بزانێت لە یەک شیعردا چەند جار و چەند جۆر جنێو و ناوهێنانی ئەندامی سێکسی و شتی پیس و ناشیرین بەکارهێنراون؟! دەتوانێت تەماشایەکی لاپەڕە (٤٨)ی چاپی سێیەمی دیوانی ئەدەب بکات، کە لەلایەن گیوی موکریانییەوە چاپ کراوە، تا بزانێت ئەدەب چۆنچۆنی باسی شەوێکی سووری خۆی کردووە؟! دەتوانێت (تەنها) تەماشایەکی لاپەڕە (٢٣٤)ی بەرگی دووەمی، چاپی دووەمی رشتەی مرواری بکات کە دەزگای سەردەم لە ساڵی ٢٠٠٣دا چاپی کردووەتەوە، تا بزانێت لەوێدا کوڕێک چۆن باسی دایکی و ئەندامی سێکسی دایکی و هاتنی ئیزرائیل بۆ روحکێشانی دایکی دەکات؟

تۆ بڵێی نووسەری وتارەکەی گۆڤاری هەڵبوون، لە نالی و کوردی و شێخ ڕەزا و ئەدەب و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و عەلائەدین سوجادی باشتر لە پەیامی ئەدەب تێگەیشتبێت؟!

ئەگەر نووسەری وتارەکەی گۆڤاری هەڵبوون بەڕاستی دژی باسکردنی سێکسە لە ئەدەبدا، سەبارەت بە حەمە سەعید حەسەن چی دەڵێت، کە نەک دژی ئەوە نییە لە ڕۆمانەکانی (عەلا ئەسوانی)دا باسی سێسکی نێوان نێر و مێ و سێکسی نێوان نێر و نێریش کراوە، بەڵکو پێی وایە دوای خوێندنەوەی عەلا ئەسوانی (هەست دەکەیت ئینسانێکی جوانتریت لەو ئینسانەی پێش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەبوویت)، تەنانەت خۆزگە دەخوازێت (ڕۆماننووسانی کوردیش فێر ببوونایە وەک عەلا ئەسوانی بنووسن). بڕوانە حەمە سەعید حەسەن، بەفر و گڕکان، دەزگای ئاراس ٢٠٠٨، ل٦-١٣.

ئەگەر لەسەر نموونەهێنانەوە بەردەوام بین ئەم نووسینە ئەوەندە درێژ دەبێتەوە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێک توانای بڵاوکردنەوەی نابێت، لەبەر ئەوە لێرەدا دەست لە نموونەهێنانەوە هەڵدەگرین.

***

**بە بڕوای ئێمە مامەڵەکردنی ناشیعرییانە لەگەڵ شیعردا وەکو ئەوە وایە کاراکتەرێک وەکو کەسێکی خراپ تەماشا بکەین لەبەرئەوەی لە شانۆیی، یان لە فیلمێکدا، ڕۆڵی کەسێکی خراپی بینیبێت!**

ئاخۆ لە هیچ شوێنێکی دنیادا کاراکتەرێک لەسەر ئەوە دراوە بە دادگا کە لە شانۆیی، یان لە فیلمێکدا، خراپەیەکی کردووە؟!

ئاخۆ بەندێکی یاسایی هەیە کەسێک کە لە ژیانی ئاساییدا خراپەی کردووە، لەگەڵ کەسێکدا کە لەناو شانۆیی، یان لە فیلمێکدا، خراپەی کردووە، وەکو یەک تەماشا بکات؟!

ئەگەر شتی وا لە دنیادا ڕووی داوە، ئەگەر بەندێکی یاسایی وا هەیە، ئێمەیش ئامادەین بماندەن بە دادگا و بەو بەندە یاساییە (حوکم)مان بدەن!!

***

گەورەترین کێشەی نووسەری وتارەکەی گۆڤاری هەڵبوون ئەوەیە، جگە لەوەی شیعرەکەی ئاریان-ی وەک شیعر تەماشا نەکردووە، لەو حەقیقەتە سادەیەیش حاڵی نەبووە کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، خاڵی سەرەکیی لەو شیعرەدا گێڕانەوەی حیکایەتی کەسێکی پەشیمانە، کەسێک کە هەست بە خراپیی خۆی دەکات و لە خودا دەپاڕێتەوە چاکی بکات، **کاراکتەری سەرەکی ئەو شیعرە کەسێکە بە ئاشکرا باسی خراپییەکانی خۆی دەکات و لە کۆتایی شیعرەکەیشدا بە ئاشکرا پەشیمان دەبێتەوە و لە خودا دەپاڕێتەوە کە بیبەخشێت و چاکی بکات،** کاراکتەری سەرەکی شیعرەکە لە کوێ خراپەکەی کردووە، هەر لەوێش داوای لێبووردنی کردووە، پەیامی سەرەکیی شیعرەکەیش داوای لێبووردنی کەسێکە، کە لە هەستە خراپەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، خۆ ناکرێت خراپەکەی وەکو خراپە و پەشیمانی و داوای لێبووردنەکەی وەکو شیعر تەماشا بکرێت!!

با سەرنجێکی کۆتایی شیعرەکە بدەین:

**بەم هەموو پەشیمانییەمەوە**
**دوعا دەکەم:**
**ئەی خودا لێم خۆش ببە**
**من بەم هەموو پەشیمانییەمەوە**
**پەشیمانم و**
**تەنها دوعا دەکەم**
**ئەی خودا لێم خۆشببە و چاکم بکە**
**من بەم هەموو خراپییەمەوە**
**دوعا دەکەم**
**ئەی خودا لێت دەپاڕێمەوە چاکم بکە.**

***

دواجار دەکرێت ئەم دەقە وەکو شانۆییەک، یان فیلمێک، تەماشا بکەین کە بەسەرهاتی کەسێکی پەشیمانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کەسێک هەست بە خراپیی خۆی دەکات و لە خودا دەپاڕێتەوە چاکی بکات، بەڵام بە داخەوە نووسەری وتارەکەی گۆڤاری هەڵبوون، چاوی تەماشاکردنی (خراپە)ی بینا و چاوی تەماشاکردنی (چاکە)ی نابینا بووە، ئەوەی بینیوە کە ئەو کەسە باسی خراپییەکانی خۆی کردووە، بەڵام ئەوەی نەبینیوە کە پەشیمان بووەتەوە و لە خودا پاڕاوەتەوە چاکی بکات!!

**تێبینی:**
ئەم وتارە هاوکات لە گۆڤاری (هەڵبوون) و (هەنار)یشدا بڵاودەبێتەوە.

# لێکۆڵینەوە



(رۆلان بارت) لەنێوان چێژی دەق و
خۆشیی دەقدا

**د. عادل گەرمیانی**



ئینگەبۆرگ باخمان
شاعیری وشە و خۆشەویستی

**سیروان رەحیم**

حەمە دۆستان
ئەو نووسەرەی ئازار و کارەساتەکانی کورد
دەنووسێتەوە و کوردیش نایخوێنێتەوە!

**حەمە کاکەڕەش**




باڵەخانەی یاقوبیان لەنێوان
ژیان و مردندا

**هەرێم عوسمان**

# چەند وانەیەکی رەخنەیی



## (رۆلان بارت) لەنێوان چێژی دەق و خۆشیی دەقدا

**د. عادل گەرمیانی**

هەموو دەقێکی ئەدەبیی دەتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت لە لەدایکبوونی رەخنەی ئەدەبیی تایبەت بەخۆی، هەروەها رەخنەی ئەدەبیش دەتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت لە گەشەسەندنی دەقە رەخنە لێگیراوەکە، لەرێی شیکردنەوەی ئەو دەقەو هەڵسەنگاندنی و خستنەرووی لایەنە باش و خراپەکانی، بەم شێوەیە هاوکێشەی مەعریفی لەنێوان دەقی ئەدەبیی و رەخنەی ئەدەبیی دروست دەبێت. ئەم دیاردە مەعریفییە لە رەوتی مێژوویی قوتابخانەو رێبازەکانی ئەدەب و رەخنە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی بەدیدەکرێت، بەشێوەیەک زۆربەی قوتابخانەو رێبازەکانی خاوەن قوتابخانەو رێبازی رەخنەیی تایبەتی خۆیان بوون. ئەو دیاردە مەعریفییە ئەدەبییە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گۆڕا، بەشێوەیەک هەندێک رێبازی رەخنەیی تازە پەیدابوون بێ ئەوەی لە منداڵدانی قوتابخانەیەک یان رێبازێکی ئەدەبیی لەدایک بن، وەکو رێبازەکانی رەخنەی بونیادگەریی و هەڵوەشاندنەوەو تیۆری وەرگرتن، باشترین نموونەن بۆ ئەم بۆچوونەمان.

رەخنەی بونیادگەریی، کەوا بە جۆرێکی رەخنەی نوێی ئەوروپایی لە سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، بەوە ناسراوە بایەخێکی تایبەت بە زمانی دەقی ئەدەبیی دەدات، بەڵام هەندێک لە لێکۆڵەرانی ئەدەب، بە رێبازێکی رەخنەیی دادەنێن

و هەندێکی دیکەیان بە میتۆدێکی رەخنەیی دایدەنێن، چونکە لە بوارەکانی زمانەوانیی و ئەدەبیی و فەلسەفی و ئەنترۆپۆلۆجیاش پیادەکراوە. ئەمجۆرە رەخنەیە نەک تەنیا بایەخی بە زمانی دەقی ئەدەبیی داوە، بەڵکو بایەخی بە لایەنی چێژی دەق و خۆشیی دەقیش داوە، لەم بوارەدا بۆچوونەکانی رۆلان بارت لە بارەی چێژی دەق و خۆشیی دەق دەخەینەڕوو.

لە ساڵانی (١٩٥٥-١٩٦٥)دا میتۆدی بونیادگەریی گەشەسەندنێکی زۆر باش و کاریگەری بەخۆیەوە بینی لە رەخنەی ئەدەبیی ئەوروپایی نوێی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، ئاڵای رێبازەکە لەو ساڵانەدا لەلایەن (رۆلان بارت)ەوە بەرزکرایەوە، ئەمجارەیان لە بواری دەقی ئەدەبیدا بوو، پاش ئەوەی فۆرمالیستە رووسەکان و دەستەی ئەڵقەی پراگی زمانەوانیی و هەندێک نووسەری دیکەی وەک لیڤی شتراوس و لۆسیان گۆڵدمان و... تاد، لە هەوڵداندا بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب و زمان و کۆمەڵناسی ئەدەبیی لە وڵاتانی خۆیاندا دەوری خۆیان بینی. بونیادگەریی بەلای هەندێک نووسەرانی ئەوروپا، وەک جۆرج لۆکاش - فەلسەفەیەکە، مردنی مرۆڤ رادەگەیەنێت لەڕێی جاڕدانی مردنی نووسەر لە پاش چاپکردن و بڵاوبوونەوەی بەرهەمە نووسراوەکەی، بەڵام بونیادگەریی بەلای هەندێک نووسەرانی دیکەی ئەوروپا، رێبازێکە هەوڵی گەشەپێدانی تیۆری ئەدەبیی دەدات. ئێمەش لەو باوەڕەداین بونیادگەریی میتۆدە نەک رێبازو فەلسەفە بێت، چونکە هەوڵی مامەڵەکردنێکی رەخنەیی دەدات لەگەڵ تاکە بنەمایەکی دەقی ئەدەبیی، ئەویش لایەنی زمانە لە پێکهاتەی گشتیی بینای دەقدا. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بونیادگەریی میتۆدێکی رەخنەیی تازەی رەخنەی ئەدەبیی ئەوروپایی پاش جەنگی دووەمی جیهانییە.

رۆلان بارت لە کتێبی (چێژی دەق)دا، کە لە ساڵی (١٩٧٣)دا بڵاوبووەتەوەو لە ساڵی (١٩٨٨)دا لەلایەن هەردوو وەرگێڕ (فوئاد صفا) و (الحسین سحبان) بۆ سەر زمانی عەرەبی بە ناونیشانی (لذة النص) وەرگێڕدرا، ئێمەش بیروبۆچوونەکانی ئەم بابەتەمان زیاتر لەم کتێبەوە گەڵاڵە کردووە. هەردوو وەرگێڕەکە لە پێشەکی کتێبەکەدا دان بەوەدا دەنێن کە وەرگێڕانی نووسینەکانی رۆلان بارت کارێکی ئاسان نییە، چونکە زمانی رۆلان بارت هەر لەو زمانی گوتاری پەخشانە شیعرە دەچێت کەوا زۆر بە ئاسانی بۆ زمانانی تر وەرناگێڕدرێت. ئێمەش لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا بۆ چەند جارێک بۆمان دەرکەوت جگە لە زمانی گوتاریی، پەخشانە شیعرییەکەی، زمانێکی فەرهەنگی و درێژدادڕیی وەهای تێدایە پێویستی بەوە هەیە بەلایەنی کەمەوە سێ جار دەقی ئەم کتێبە بخوێندرێتەوە، تا خوێنەرەکەی

بەڕادەیەکی باش لە ئاستی بەرزی دەربڕینی ڕۆلان بارت تێبگات، سوود لە ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریی ئەم ڕەخنەگرو بیرمەندە فەرەنسییە ببینێت، چونکە خوێنەری ئەم کتێبە بۆی دەردەکەوێت تا چەندێک بارت شارەزاییەکی فراوانی لە چەندین بیرو بۆچوونی هەندێک لە ئایینەکانی گەلاندا هەیە، بە تایبەتی بیروباوەڕی بودییەکان.

هەروەها خوێنەر بۆی دەردەکەوێت بارت چەند شارەزایە لە ئەفسانەی کۆنی جیهانیی، جگە لەمانە، بارت هەمیشە نموونە لە ڕستەکانی نێو ڕۆمانەکانی ستاندال و بلزاک و زۆلاو ئالان ڕۆب گریە وەک بەڵگە دەهێنێتەوە لە بارەی واتای چوار بنەمای تیۆری دەقەکەی: چێژی دەق، دەقی چێژدار، خۆشیی دەق، دەقی خۆشیی بەخش.

وەک دەزانین پرۆسێسی خوێندن دوو چەشنە: یەکێکیان خوێندنەوەی خێراییە، کەوا بەلای خوێنەرانی ڕۆژنامەو هەندێک گۆڤاردا دەردەکەوێت، چونکە پێویستی بەخۆ ئامادەکردن بۆ بیرکردنەوەیەکی ئاست بەرز نییە. جۆری دووەمیان: بەپێچەوانەوەیەو پێویستی بەوە هەیە خوێنەر کات و شوێنێکی گونجاو دابین بکات، تا بتوانێت بە ئاستێکی بیرکردنەوەی بەرز مامەڵە لەگەڵ سروشتی ناوەرۆکی هەندێک دەقدا بکات.

جۆری دووەم، زیاتر بەلای بارتەوە مەبەستە، چونکە بەلای بارتەوە: ((ئێمە هەموو شتێک بەهەمان ئارەزووی بەهێز ناخوێنینەوە... زانینی هەمان زانیاری وامان لێدەکات بفڕین بەسەر هەندێک پارچەوە (ئەوەی دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کەوا بێزاربەخشە)، هانمان دەدا بۆ بەجێهێشتنی، تا بەزووترین کات بگەینە شوێنە گرنگەکانی چیرۆکەکە... ل ١٩،٢٠))، لێرەوە بارت دەگاتە ئەو ڕایەی کە دوو جۆرە سیستمی خوێندنەوەمان هەیە: ((خوێندنەوەیەک ڕاستەوخۆ بەرەو لای چەمکەکانی چیرۆکەکە دەچێت و درێژیی دەق دەخاتە بەرچاو و فرتوفێڵی زمان نازانێت. خوێندنەوەی دووەمیش ئەوەیە هیچ لەبیر ناکات، بەڵکو دەقەکە کێشانە دەکات و پێوە دەلکێت و زۆر بەوردیی خەریکی کارەکەی دەبێت، لە هەموو خاڵێکی دەقەکە ئاگاداری دابڕانەکانە، کە زمانەکان نەک چیرۆکەکە دەردەبڕێت... ل ٢٠)).

کەواتە دوو جۆرە دەق و دوو جۆرە دەربڕین هەیە دەبێتە هۆی هەبوونی دوو جۆر نووسەر، یەکێکیان بۆ چێژبەخشین دەنووسێت و ئەوی دیکەیان بۆ خۆشیی بەخشین دەنووسێت، بەڵام باشترین دەق دەڵێت: ((لەگەڵ ئەوە بم کە خۆشمدەوێت و لە هەمان کاتیشدا بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە. ئا بەم شێوەیە

دەگەمە باشترین بیرەکان بەشێوەیەکی باشتر ئەوەی بۆ کارەکەم گرنگە دادەهێنم... ئا ئەمەیە حاڵی دەق، چێژێکی باشترم پێدەبەخشێت ئەگەر توانستی وام لێبکات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوێی لێبگرم... ئەگەر توانستی لە کاتی خوێندنەوەیدا هانم بدات زۆرجار سەرم بەرز بکەمەوەو گوێ لە شتێکی دیکە بگرم... ل٣١)).

ڕاستگۆیی لە دەربڕینی ڕاوبۆچووندا شێوازێکە بۆ زیاتر کارکردن لە هەست و هزری خوێنەرانداو ئەم لایەنە لە دوو توێی کتێبەکەی بارت-دا هەیە، لەم بارەیەوە دوو لایەن دەستنیشان دەکات: یەکەمیان پێوەندیی بە سروشتی ئاستی خوێندەواریی هاوڵاتییانی فەرەنساوە هەیەو لەوانەیە بارت هەندێک زیادەڕۆیی کردبێت کاتێک دەڵێت: ((وا دیارە لەناو هەردوو فەرەنساییەکدا یەکێکیان ناخوێنێ و نیوەی فەرەنسا لێی بێبەشەو خۆی لە چێژی دەق بێبەش دەکات... ل٤٨)). ئەم جۆرە بایەخدانە بەلایەنی چێژی دەق لە تیۆری دەقەکەیدا، بە راشکاویی راستییەکی زۆر، گرنگی نێو کتێبەکەی دەردەخات لە بارەی زاراوەی چێژی دەق و دەقی چێژدار، دەڵێت: ((ئەم دوو دەربڕینە تەمومژدارن، چونکە لە زمانی فەرەنسیدا وشەیەک نییە لە هەمان کاتدا چێژ (ڕەزامەندیی) و خۆشیی (لە ناوچوون) پێکەوە ببەخشێت. لێرەدا جارێک چێژ فراوان دەبێت، تا خۆشیش بەخۆیەوە دەگرێت و جارێکی دیکە دەبێتە نا هاوتەبایی... ل٢٦)).

بەپێی تیۆری (مردنی نووسەر)ی بارت هەموو دەقێک دەبێتە خاوەن کەسێتی سەربەخۆیی خۆی پاش چاپکردن و بڵاوبوونەوەی، ئەوسا نووسەرەکەی لە باوکسالاریی دەق دەکەوێت. لێرەدا پێویستە بۆچوونی بارت لە بارەی نووسەری جۆرەکانی دەق (دەقی چێژدار، دەقی خۆشیی بەخشین) دەربخەین پێش ئەوەی بچینە سەر ئەوەی بەوردیی باسی چوار زاراوەکەی تیۆری دەق لەلای بارت بکەین. بارت لەو باوەڕەدایە ((نووسەر لە کاتی نووسینی دەقەکەیدا زمانی منداڵی مەمکمژ وەردەگرێت، زمانێک، فەرمانێک فەرمانی پێدەداو هیچ سۆزی تێدا نییە... ل١٤)).

هەروەها (بلینیە)ش لەو باوەڕەدایە نووسەر لە کاتی نووسینی دەقدا وەک منداڵێک یاریی لەسەر جەستەی دایکی دەکات لە کاتی مەمکمژینەکەیدا. لێرەشدا کاری مژینەکە وەک ئیدیۆمێکە بۆ هەڵبژاردنی پەیڤی گونجاو لە گەنجینەی زمانی میللەتەکەی، کە وەک دایکە بۆ نووسەر. جۆری زمانەکەش بەلای بارتەوە گرنگی خۆی هەیەو سروشتی زمانەکە دەکاتە دوو جۆر: زمانی کۆن و زمانی تازە. بەلای بارتەوە ((هەموو زمانێکی کۆن لێتێگەیەنراوەو هەموو زمانێک

هەر کە دووبارە کرایەوە، کۆنە، ئەو زمانەی دەگاتە کەناری دەسەڵاتداریی (واتە، ئەو زمانەی پیکدەهێنرێت و بڵاودەبێتەوە لەژێر سایەی رژێمدا) بەپێی بارودۆخەکەی، زمانی دووبارە کراوەیەو هەموو دامودەزگا میرییەکانی زمان ئامێری دووبارەکردنەوەن: قوتابخانە، وەرزش، ناوبانگی، چالاکی جەماوەریی، گۆرانیی، راگەیاندن. هەموو ئەمانە هەمان بیناو هەمان واتا دووبارە دەکەنەوەو زۆرجاریش هەمان وشەکان دووبارە دەکەنەوە... ل٤٤)).

ئەمجۆرە زمانە دووبارەکراوە کۆنەیە بەلای بارتەوە نابێتە زمانی داهێنانی نووسەری دەقی چێژدار، تەنانەت بارت بە زمانی خوێنەری دەقی چێژدارەوە رای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت: ((ئەو زمانەی لە ناخەوە پێی دەدوێم، سەر بە سەردەمەکەم نییەو بەپێی سروشتەکەی لەگەڵ گومانی ئایدیۆلۆژیدا تووشی ململانێ دەبێت، جا دەبێت لە تەک ئەم زمانە ململانێ بکەین. من دەنووسم و دەسرمەوەو لە هەمان کاتیشدا ئەو زمانەی پێشی دەنووسم، خۆی زمانی چێژەکەمە... ل٤٣)).

تیۆری دەقی بارت لەسەر چەمکی هەردوو پەیڤی (چێژ) و (خۆشیی) چوار زاراوەی دەقی چێژدار، چێژی دەق، خۆشیی دەق و دەقی خۆشیی بەخش، لەم لایەنەشەوە دوو زاراوەی (نووسەری چێژە) و (نووسەری خۆشیی) دێنێتە کایەوە. بارت زۆر بەوردیی باسی هەردوو چەمکی چێژو خۆشیی ناکات، لەو هەوڵەی بۆ شرۆڤەکردنی چوار زاراوەکەی بنەمای تیۆرەکەی داویەتی. بۆ نموونە بەم کورتەباسە چەمکی چێژ دەردەخات کەوا ((چێژ شتێکی بێلایەنە (زۆرترین شێوەکانی لە رێ دەرچوونی دەستوەشاندنی شەیتانە)... ل٦٣))و ((شوێنی چێژ لە تیۆری دەقدا زۆر دیار نییە... ل٦٣)) و ((چێژ شتێکی ناڕاستەوخۆیە، دەخلیسکێ ئەگەر دروستە وەها بڵێین، و لەوانەیە تیۆری دەق بەبێ ئەو سەر لەنوێ سیستمێکی خاوەن مەڵبەندو فەلسەفەیەک بۆ واتا وەربگرێت... ل٦٣)). ئەوەی جێی سەرنجە بارت لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەگاتە ئەم ئەنجامەی کە تیۆری دەق بەبێ چێژ قەوارەیەکی خاوەن سیستمێکی باش و گونجاو وەردەگرێت...؟!. پێناسەی تیۆری دەقیش بەلای بارتەوە ئەوەیە: ((زانستی هۆنینەوەی جاڵجاڵۆکە Hyphos ل٦٣)).

بارت بۆ پێناسەی (خۆشیی) دوو خاڵ دەستنیشان دەکات، یەکەمیان: ((هەموو تازەیەک خۆشیی بەخشە ل٤٤))، دووەمیان: ئەوەیە ((بنەما بەربڵاوییەو بێ بنەما خۆشیی بەخشەل٤٤)). کەواتە بۆچوونی تازەو بێ بنەما خۆشیی بەخشە. بارت لە لاپەڕە (٢٧)ی کتێبەکەیدا هەندێک پرسیار لە بارەی چێژو خۆشیی ئاراستەی

خودی خۆی و خودی خوێنەران دەکات و دەڵێت: ((ئایا چێژ خۆشییەکە پلە نزمە؟ یا خۆشیی چێژێکی پلە بەرزە؟... ئایا چێژ هەر خۆی خۆشییەکە تووشی لاوازیی بووەو قبووڵکراو لەڕێی زنجیرەیەک لە پێکەوەگونجاندن دەستکاریی کرا؟ یان خۆشیی چێژێکی توندوتیژەو راستەوخۆیە بەبێ هەوڵبۆدان؟... پاش ئەم پرسیارانە بارت دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ((لەسەر وەڵامدانەوەمان بە (بەڵێ) یان (نەخێر) چۆنێتی باسکردنی مێژووی نوێخوازیمان بەرامبەر ئەم پرسیارانە رادەوەستێت. ل٢٧)).

لە رەوتی رەخنەی ئەدەبیی لە جیهاندا چەند میتۆدو رێبازێک تا ئەم رۆژگارە هاتوونەتە کایەوەو خودی میتۆدی بونیادگەریی زەمینەی خۆشکرد بۆ هاتنەکایەی رەخنەی بونیادگەریی، چونکە سروشتی میتۆدەکە ناتوانێت نووسەرێک یان ئەدیبێک بخولقێنێت لەسەر بنەمای بونیادگەریی دەقەکەی بنووسێت، بەڵام ئەم میتۆدە زۆر سەرکەوتووانە دەتوانێت رەخنەگر بخولقێنێت، چونکە شێوازی بیرکردنەوەی رەخنەگرانی هەموو رێبازەکانی رەخنە لایەنێکی سەرەکیی شیکەرەوەیی پێیانەوە دیارەو میتۆدی رەخنەی بونیادگەریش بەهەمان شێواز، بەدوای بنەماکانی پێکهێنانی بونیادی دەق دەگەڕێت. ئەمجۆرە لایەنە شیکەرەوەییە لە بیرکردنەوەی رەخنەگر لای نووسەری دەقدا نییە، چونکە نووسەران بە شێوازێکی بیناکاریی بنەمای دەقەکانیان دادەڕێژن. بەلای بارتەوە هەموو رێبازەکانی رەخنە، جگە لە رەخنەی بونیادگەریی، باسی دەقەکانی چێژ دەکەن و ((قەت باسی چێژەکانی خۆشیی ناکات...ل٢٨)). لەوەش دەچێت رەخنەی بونیادگەریی بەلای بارتەوە نەتوانێت سوود ببینێت و مامەڵە لەگەڵ چێژی دەقدا بکات، چونکە بارت دەڵێت: ((ئەگەر رازیبووم بەپێی لایەنی چێژ، بەسەر دەقێکدا بڕیار بدەم، ئەوسا ناتوانم بەدوای ئەوەدا بکەوم و بڵێم: ئەم دەقە باشەو ئەوە دەقێکی خراپە...ل٢١)).

رۆلان بارت لە سەرەتای کتێبەکەیدا دوو هاوکێشە دروست دەکات، یەکێکیان لەنێوان نووسەرو چێژی دەقداو دووەمیان لەنێوان خوێنەرو دەقی چێژداردا. ئەم دوو هاوکێشەیە لەگەڵ دروستکردنی شوێنێک بۆ چێژ سێگۆشەیەک دروست دەبێت، کەسێتی نووسەر خاڵی چەقە مەڵبەندەیی سێگۆشەکەیە. رۆلان بارت بۆ دروستکردن و شیکردنەوەی ئەمجۆرە سێگۆشەیە، دەڵێت: ((ئەگەر بە چێژەوە ئەم رستەیە، یان ئەم وشەیە، یان ئەم سەرگوزشتەیە، بخوێنمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بە چێژەوە نووسراوەو ئەم چێژەش بەپێچەوانەی سکاڵای نووسەر نییە، بەڵام ئایا پێچەوانەکەشی دروستە؟ ئایا منی نووسەر ئەگەر بەچێژەوە

بنووسم، چێژی خوێنەرم بۆ دابین دەکات؟ نەخێر، بەبێ گومان، ئەم خوێنەرە دەبێت بەدوایدا بگەڕێم (خۆمی بۆ دەرخەم) بێ ئەوەی بزانم لە کوێیە، ئەوساش شوێنێک بۆ چێژ دروستبوو، ئەوسا خودی کەسی تر بەلامەوە پێویست نییە، بەڵکو شوێنەکەیە...ل١٤)).

ئەو مەرجەی بارت دایدەنێت بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەری دەقی چێژدار لەلایەن نووسەری چێژبەخش بە شێوەیەکی دیکەش دەردەخـات، رووی دەمی لە نووسەرانی چێژبەخش دەکات و پێیان دەڵێت: ((ئەو دەقەی بۆمی دەنووسن دەبێت بەڵگە بەدەستەوە بدات کەوا حەزی لێمە، ئەو بەڵگەیەش هەیە: نووسینەکەیەو نووسینیش: زانستی خۆشییەکانی زمانە...ل١٥))، چونکە ((ئێوە مەبەستتان منە تا بتانخوێنمەوەو جگە لەمە هیچ شتێکی دیکە نیم بەلاتانەوە، لە چاوانتان جێگۆڕی هیچ شتێک نیم... ل١٥)).

بەلای بارتەوە ((توندڕۆیی ئەو شتە نییە کار لە چێژ بکات، هەروەها داڕووخانیش سەرنجی راناکێشێت. ئەوەی چێژ دەیەوێت شوێنی بزربوونە، درز تێکەوتنە، داپچڕانە، گرژبوونەوەیە، دەنگ هەڵبڕینە کەوا بەسەر چێژدا زاڵ دەبێت لە ناوجەرگەی خۆشیدا... ل١٦)). لێرەدا بارت زیاتر بەلای خۆشیی دەقدا پێچ دەکاتەوە، چونکە دەق بەلای بارتەوە ((دەستی لەوە هەڵگرت رستە بکاتە نموونەی خۆی و ئەو زیاتر شەپۆلێکی بە هێزی وشەکانە... ل١٧)). ئەم لایەنە وادیارە لە دەقی چێژدار بەدی ناکات، چونکە چێژی دەق بەلای بارتەوە ((وەک ساتی بێئاراممییە، ساتە گەلەک زەحمەتەکەیە، ئەو ساتەیە لەپاش زمان لێدانێکی ئازا تاوانبار دەیچێژێت لە کاتی پچڕاندنی ئەو پەتەی دەیخنکێنێت لە ساتی خۆشیی بینیندا... ل١٦)). هەروەها بەلای بارتەوە چێژی دەق ((لە هەندێک دابڕانەوە دێتەکایەوە، یان لە هەندێ بەگژداچووندا... ل١٦)).

هەروەها بەلای بارتەوە چێژی دەق ((ئەو ساتەیە جەستەم بەدوای بیرە تایبەتییەکانی دەڕوات، چونکە جەستەم هەمان بیرو باوەڕەکەمی نییە...ل٢٥)) هەروەها دەڵێت: ((چێژی دەق مەرج نییە لە چەشنی سەرکەتوو بێت... لەوانەیە چێژ وەرگرتنەکەم لە لەڕێلادان بێت...ل٢٦))، بەڵام لەڕێلادان بۆ نووسەر بایەخی چێژی نووسینەکەی بێ ئەرک دەکات و لەم بارەیەوە بارت دەڵێت: ((ئەگەر نووسەر لەڕێ دەرچوونی چێژی نووسین بەلایەوە هیچ ئەرکێکی نییەو ئەوسا رەخنەگر دوو ئەوەندەی ئەو لەڕێ دەردەچێت و خوێنەری رەخنەگریش لە سێیەمین لەڕێ دەرچوونەوە بەم شێوەیە دەبێت... ل٢٥)).

بەلای بارتەوە ئایدیۆلۆژیا سێبەرێکی سووکی کەسانی ناو دەقەکەیە،

بەڵام بارت چەمکی ئایدیۆلۆژیای چینی خاوەن دەسەڵات رەتدەکاتەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیا زاڵ ناکات بەسەر لایەنی دیکەدا...ل٣٦)). ئەوسا ئێمەی خوێنەران ((لە کاتی خوێندنی دەقی چێژداردا وەک مەگەزێکین لەناو بۆشایی ژوورەکە دەفڕێت...ل٣٦))، چونکە ((لە دەقی چێژداردا هێزە دژیەکان لە حاڵەتی بێدەنگی نین، بەڵکو لە حاڵەتی هەبوونیدان... ل٣٦)).

لە ئەنجامی ئەم هەموو تیشک ئاراستەکردنە بەسەر چێژی دەقدا، بارت دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ((هەمووان دەتوانن شایەتی بدەن کە چێژی دەق بەتەواوەتی روونادات، چونکە هیچ شتێک ئەوەمان پێ ناڵێت کە ئەم دەقە جارێکی دیکە چێژمان پێدەدا لە خوێندنەوەیدا، چونکە چێژ ئامادەیە بۆ لەتوپەتبوون و بەپێی میزاج و داب و بارودۆخ هەڵدەوەشێتەوە...ل٥٨)). رۆلان بارت زیاتر پەسەندیی دەقی خۆشیی بەخشین یان گەڕان بەدوای خۆشیی دەق دەکات، بەلای بارتەوە ((هەموو بنەمایەک دەست بەربڵاوییە، بەڵام بنەما شکێنەکە خۆشیی بەخشەکەیە))، هەروەها بەلایەوە ((هەموو دەربڕینێکی نا دووبارەکراو خۆشیی بەخشە...ل٤٤)). لەم دوو بۆچوونە بارت جەخت دەکاتە سەر پێوەندیی نێوان تازەکردنەوەو خۆشیی بەخشین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارت لەو باوەڕەدایە ((خۆشیی دەق خاو نییە، بەڵکو لەوە سەیرتر پێش کاتی خۆی دەکەوێت. لە کاتی خۆی نایەت و لەسەر پێگەیشتن راناوەستێت... ل٥١)). ئەو دەقەی لایەنی خۆشبەخشینی تێدایە ((زۆرجار دیمەنە باش بەراوردکراوەکان دەخاتە لاوە... ل٥٩)).

رۆلان بارت لە لاپەڕە (٥٩)ی کتێبەکەیدا پرسیارێک لە بارەی پێوەندی نێوان چێژی دەق و دامودەزگاکانی دەق دەکات و هەر خۆی وەڵام دەداتەوە، کە ((پێوەندییەکی زۆر لاوازە، بەڵام تیۆری دەق لەلایەن خۆیەوە دان بە خۆشیی بەخشین دەنێت، کەچی خاوەن داهاتوویەکی دامەزرێنەری ئەوتۆ نییە باسبکرێت... ل٥٩)). خۆشیی تیۆری دەقی رۆلان بارت لەوەدایە ((ئەم تیۆرە بەپێی خودی بنەماکانی لە تیۆردانەر زیاتر هیچی تر ناکات و هەرگیز پسپۆڕان دروست ناکات وەک (رەخنەگران، لێکۆڵەران، مامۆستایان، قوتابیان ) ل٦٠)).

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان چێژداریی دەق و خۆشیی بەخشینەکەی ئەوەیە ((لە توانایدا هەیە چێژ بووترێت، بەڵام لە توانایدا نییە خۆشیی بوترێت... ل٢٨))، چونکە ((دەقی خۆشیی پەرەسەندنێکی لۆجیکی و فسیۆلۆژیی و مێژوویی دەقی چێژە... ل٢٧-٢٨)). نووسەری چێژبەخش و خوێنەرەکەی بەلای بارتەوە ئامادەیە پیت وەربگرێت، بەڵام ((لەگەڵ نووسەری خۆشیی بەخش و خوێنەرەکەی ئەو دەقە دەستپێدەکات کەوا زۆر قورسە، دەقی لە توانا بەدەرە. ئەم دەقە لە دەرەوەی چێژەو، لە دەرەوەی رەخنەیە تەنیا ئەگەر تووشی

دەقێکی خۆشئامێزی دیکە بوو... ل٢٩)). دەقی چێژبەخش بەلای بارتەوە ئەو دەقەیە ((ڕەزامەندیی دەبەخشێت، شاگەشکە دەبەخشێت، ئەوەی لە ناواخنی ڕۆشنبیریی دێتە کایەوەو پێوەندیی لەگەڵدا ناپچڕێت، ئەم دەقەش پێوەندیی بە خوێندنەوەیەکی پشوودارەوە هەیە)). کەچی دەقی خۆشیی بەخشین ((ئەو دەقە دەتخاتە حاڵەتی سەر لێ شێواوییەوە. ئەوەی خوێنەر ماندوو دەکات لەوانەشە بگاتە ڕادەی بێزاریی))، ئەوەی بناغەی مێژوویی و ڕۆشنبیریی و سایکۆلۆژیی خوێنەر جێ لەق دەکات و سەقامگیربوونی چێژەکانی و بەهاکانی و یادگارەکانی جێ لەق دەکات و پێوەندیی لەگەڵ زماندا ئاڵۆز دەکات... ل٢٢)). بەلای بارتدا هیچ خوێنەرێک نییە بتوانێت ببێتە خاوەنی کۆنترۆڵ بەسەر ئەم دوو جۆرە دەقە، چونکە ((ئەو خودەش لەچاو سەردەمەکەی دواکەوتووە، کە کۆنترۆڵی هەیە بەسەر هەردوو دەقەکە لە کێڵگەکانیان و ڕەشمەکانی چێژو خۆشیی پێکەوە بەدەستەوە بگرێت... ل٢٢)) ئەم گەشتەی ڕۆلان بارت بەنێو چەمکەکانی چوار زاراوەی تیۆری دەقدا وەهای لێدەکات لایەنگیری دەقی خۆشیی بەخشین بێ و لەپێش کۆتایی کتێبەکەی ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت، ئەگەر بە وشەیەک باسی چێژی دەق لە شوێنێکدا بکەیت، یەکسەر دوو پۆلیس ئامادەن هێرش بەرنە سەرت: پۆلیسی ڕامیاریی و پۆلیسی شیکردنەوەی دەروونـی، چونکە چێژ بەلایانەوە بێ کەڵکە، یان بیرێکی چینایەتییە، یان خەیاڵێکی پووچە... بۆیە چێژ وەک ڕاستی و مردن و پێشکەوتن و ململانێی و شادیی و... تاد، بێ ئۆمێدو کورتکراو و بەتاڵکراوەیە لەپێناوی سوودی بەها هێزدارە خانەدانەکان، کەچی ڕکابەرە سەرکەوتووەکەی، کەوا ئـارەزووە، هیچ شتێک لەم بارەیەوە باس ناکرێت... ل٥٧)).

ئەگەر بەپێی ئەم بۆچوونانەی ڕۆلان بارت ئاوڕێک لە ڕەوتی ڕۆشنبیریی و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیمان بدەینەوە، دەتوانین بڵێین تا ساڵانی هەشتاکانی ئەم سەدەیە زۆربەی هەرە زۆری خوێنەران و نووسەرانی خۆمان زیاتر خەمی چێژی دەق، بوونە هەرچەندە دەستەی ڕوانگە لە ساڵانی هەفتاکاندا ویستیان گۆمی ئەم دیاردەیە بشڵەقێنن، ئایدیۆلۆژیای میسالی یان ماتریالیزمی دیالکتیکی نەبێتە مۆتەکەی سەر دڵی نووسین و خوێندنەوەکانمان، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکانەوەو لەڕێی نووسینە ڕەخنەییەکانی نێو ژمارە کەمەکانی گۆڤاری (پرۆژە)ەو (سەراب)، هەندێک لە ژمارەکانی ئێستای گۆڤارەکانی (ڕامان) و (بیاڤ) و (پەیڤ) و (ئێستا) و (گەلاوێژی نوێ) و (پەیڤین) دیاردەی بایەخدان بە خۆشیی دەق وەک ڕۆلان بارت پەسەندی دەکات زیاتر پەرەیسەندووە...

himdad_center@hotmail.com



# ئینگەبۆرگ باخمان
# ١٩٢٦-١٩٧٣
# شاعیری وشە و خۆشەویستی

سیروان رەحیم

**کە وشـــەمان هەبـوو، زمانمـــان دەبێت،**
**کەواتــە پێویســـتمان بــە چــەک نابێت.**
**ئینگەبۆرگ باخمان**

ئینگەبۆرگ باخمان بەوجۆرە بیری لە وشە و زمان کردووەتەوە (کە وشەمان هەبوو، زمانمان دەبێت، کەواتە پێویستمان بە چەک نابێت). باخمان لە هەناوی زمان و لە ناخی وشەدا هەستی بە هەبوونی هێزێکی وا گەورە کردووە. ئەو پەی بە هێزی نهێنی وشە بردووە، پەیبردن بە نهێنی وشە کارێکە لە کردنەوەی تەلیسم دەچێت. هەرکەسێک ناتوانێت نهێنی وشە بدۆزێتەوە و لەگەڵیدا دەست بە گەمە بکات. دیارە هەموو کەسێکیش هەست بە بوونی ئەو هێزە لە هەناوی زماندا ناکات، هێزێک خاتوو باخمان باسی دەکات. ئەو باس لە وشەیەکی خاڵیی لە دەسەڵات ناکات، هێزی وشە لە لای ئەو، هێزێکە لە هەموو هێزەکانی دی کاریگەرترە بۆ بارهێنان، بارهێنان و راهێنانی مرۆڤ بۆئەوەی دوور لە هەڵچوون

و هێرش گرێکان بکاتەوە.

کەمن ئەوانەی دەتوانن لە زماندا بژین و ئاوێتەی مێرگە پڕ لە نهێنی و تێکەڵ بە تەلیسمەکانی ببن، بۆیە تا ئێستایش مرۆڤەکان لە ئاستی پێویستدا ناتوانن سوود لە زمان ببینن و زمان نەبووە بەو ئامرازەی مرۆڤ لە گرنگی بەکارهێنانی حاڵیی بێت و لە زەمینەی لێک تێگەیشتن و خۆدانە تێگەیشتندا سوودی لێوەربگرێت.

باخمان شاعیر و نووسەرێک بووە، نرخی زمانی لەلا گەورە بووە. ئەو بە زمان واتاکانی خۆشەویستی و لێکحاڵیبوونی شیکردووەتەوە. باخمان شاعیری وشە و خۆشەویستی بووە.

خۆش بە حاڵی ئەدەبیاتێک کە قەڵەمی وەکو ئینگەبۆرگ باخمان دەبێت بە یەکێک لە دارە بەردارەکانی. بێگومان ئەدەبیات بە بەرهەم و بە وشەی وەکو ئەم، نووسەرانی وەکو باخمان بەردەوام لە جووڵەدا دەبێـت. ئەو نووسەرانەی دەنووسن و هاوکات پەی بە نهێنی و نرخی وشە دەبەن. ئەو نووسەرانەی ئەرزشی وشە ناشکێنن.

خاتوو باخمان لە ١٩٢٦/٦/٢٥ لە کلاگەنفورت- نەمسا وەکو نۆبەرەی دایک و باب دێتە دنیاوە. ئەو دەمە باوکی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێت. لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٠ خوێندنی زانکۆ لە بوارەکانی فەلسەفە، دەروونزانی و ئەڵمانناسی لە زانکۆی ئینسبروک، گراتز و ڤییەننا تەواو دەکات. پاشتر دکتۆرا سەبارەت بە ئەدەبیات تەواو دەکات، نامەی دکتۆراکەی بەم ناونیشانەیە: ((تۆماری ڕەخنەیی فەلسەفەی بوونگەرایی لە لای مارتین هایدیگەر)). تێزەکەی سەبارەت بەو بابەتەیە لە لای فەیلەسوفی ئەڵەمانی مارتین هایدیگەر (١٨٨٩-١٩٧٦).

پاش تەواوکردنی خوێندن و دەستبەکارکردن، خاتوو باخمان لەنێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٣ دەبێت بە بەڕێوەبەری نووسین لە بەرنامەیەکی رادیۆ- تەلەفزیۆنی ڤییەننادا. لەوێ، لە ساڵی ١٩٥٢-دا یەکەمین دەقی شانۆیی بۆ رادیۆ بە ناوی (دووکانێک لەگەڵ خەون یان دووکانێک بە خەونەوە) دەنووسێت.

ساڵی ١٩٥٣ خەڵاتی ئەدەبیی ((گرووپی ٤٧)) دەدرێت بە کۆمەڵە شیعرێکی باخمان. لە کۆتایی ژیانیدا باخمان لە ئیتاڵیا دەژیا، ئەو شوێنەی ماوەیەک، لە دەستپێکی کاریدا وەکو پەیامنێری بەشی سیاسیی بۆ ((رۆژنامەی گشتیی رۆژئاوای ئەڵەمانیا)) کاری دەکرد.

دوابەدوای بڵاوکردنەوەی ((ئەوکاتانەی دوادەخرێن))، کە کۆمەڵێک دەقی رادیۆیی و ئۆپێرایین، پاشان بڵاوکردنەوەی کۆشیعری ((نارەزایی گەورە ورچ))، ساڵی ١٩٥٦ کۆمەڵێک بابەتی زۆر، خوێندنەوە، هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی گرنگ

سەبارەت بەوکارانەی دەنووسرێن.
باخمان خەڵاتی شانۆیی رادیۆیی لەساڵی ١٩٥٩-دا بۆ دەقێکی شانۆیی وەردەگرێت.
ماوەیەکیش وەکو پرۆفیسۆری میوان لە ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ لە زانکۆی فرانکفۆرت- ئەڵمانیا سەبارەت بە کێشە نوژەنەکانی شیعرسازیی وانە دەڵێتەوە.
لە ١٩٦١-دا کۆمەڵە چیرۆکێک بڵاودەکاتەوە و بە دوایدا خەڵات وەردەگرێت.
باخمان پاشان وەکو شانۆنووس کاردەکات. لەو بوارەدا و بەگشتیی لە بواری نووسیندا چەندین خەڵاتی تر وەردەگرێت. هەروەها لەلایەن ئەکادیمیای ئەڵمانی بۆ شیعر و زمان لە دارمشتاد-ئەڵمانیا خەڵات دەکرێت.
ماوەیەک لەگەڵ نووسەری سویسری ماکس فریش (١٩١١-١٩٩١) دەژی، هەردووکیان لەنێوان رۆما-ئیتاڵیا و زویرخ-سویسرادا دێن و دەچن.
پاش ئەوەی ساڵی ١٩٦٥ وتارەکانی لە کتێبێکدا بڵاودەکرێنەوە، خەڵاتی گەورەی دەوڵەت لە نەمسا بۆ ئەدەبیاتی پێدەبەخشن. ساڵی ١٩٧١ یەکەمین رۆمانی بە ناوی مالینا بڵاودەکاتەوە. رۆمانەکە سەبارەت بە ژنە. پاشانیش کۆمەڵێک چیرۆک. خاتوو باخمان لەو کارانەیدا باس لە سەربەخۆیی ژنێک دەکات کە دەتوانێت بە تەنیا بڕیار لە ژیانی خۆی بدات. ژنێک خۆی نەکات بە قوربانی هاوسەرییەکی ناسەرکەوتوو.
باخمان ١٩٧٣/١٠/١٧ لە رۆما-پایتەختی ئیتاڵی، دواکۆچ دەکات. دوا چیرۆکی بە ناوی (گیر)* واتە پیسکە، بە نیوەناچڵیی دەمێنێتەوە و تەواوی ناکات.
باخمان کە هەمیشە گرنگیی بە جوانیی شیعر، واتای نووسین و جوانکاریی داوە، ئەدەبیاتی ئەو لەناو ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا، دادەندرێت بە بەشێکی گرنگی ئەدەبیاتی پاش شەڕ. شەڕ بۆ ئەو کارەساتێک بووە ترسناک. باخمان لە بیرەوەریی خۆیدا بە قوڵیی باسی لە رەهەندە ترسناک و لایەنە دژوارەکانی شەڕ کردووە. بۆیە ئەو باس لە گرنگی وشە دەکات، نرخی قسە، گفتۆگۆ و نووسین، بۆیە ئەو پێیوایە لە کاتێکدا مرۆڤ وشە شک دەبات، ناچار نییە پەنا وەبەر شەڕ و هەڵچوون ببات. بۆچوونی باخمان سەبارەت بە زمان و بەکارهێنانی زمان سەرنجڕاکێشە. وشە لە کن وی تێگەی قووڵی خۆی هەیە. ئەو کەسێک بووە بە خۆشەویستییەوە دەستی بۆ وشە بردووە و بە مەبەستەوە وشەی بۆ خۆشەویستی بەکارهێناوە.
لە کن باخمان شیعر و پەخشان کەشێکی زەلال و ناسک دەخولقێنن. زمان بۆ ئەو کەرەستەیەکە دەبێت بە شایستەیی بەکاربهێندرێت. ئەو ناخوازێت تەنها

شته باوەکان بکات بە شیعر، بەڵکو دەیەوێت دەستکەوتێک لە شیعر و جوانیی پێشکەش بکات. ئەو دەخوازێت شتێک پێشکەش بکات کە هێشتا چی لە ناودا نابیندراوە. ئەو دەیەوێت رووبەری نەبیندراو بدۆزێتەوە. رووبەری نوێ تا وشە لەو رووبەرانەدا بخاتە سەما. لەناو شیعردا بریسک و باسکی مەراقی پەیڤەکانی باخمان هێزی تاسە دەجووڵێنن و لە ناخدا جێگیر دەبن. پەیڤەکانی باخمان بە جۆرێکی ئەوەندە ناسک و پڕ وردەکاریی بەکارهێندراون کە گرژبوون بە شێوەیەکی سەرسامکار خاودەکەنەوە. ئەو ئاگادارمان دەکاتەوە، بە شێوەیەکی ناسک نزیکبوونەوە لە زمان چ دەگەیەنێت. لە لای ئەو وشەگەلی شیعرساز بەسەر واقیعدا سەردەکەون، بەردەوام وشەکانی و زمانێک ئەو بەکاری هێناوە لە ئاسۆیەکی یۆتۆپی دەگەڕێن بۆئەوەی خۆیان بخەنە ئامێزی جوانییەوە. زمان لە لای باخمان ئەرکی فەیلەسوفی و شیعرسازیی خۆی بە جێدەهێنێت. دیارە لە وتارەکانیشیدا ئەوە باش دەبیندرێت. لە داڕشتنیدا ئەوە چڕکراوەتەوە و خراوەتە بەردەست. کارەکانی باخمان وا دەکەن ئاسۆکانی یۆتۆپیای زمان سەرسووڕهێنەر بن. ئەو نیشتمانێک لە وشە ئاوا دەکات. نیشتمانێک ئاوس بە جوانیی.

باخمان دەڵێت: ((دەوڵەمەند ئەوەیە شتێک شک ببات بەنرختر بێت لە شتگەلی مادیی)). شارەزایان و خوێنەرانی ئەدەبیاتی ئەڵەمانی بەگشتیی و ئەدەبیاتی باخمان بە تایبەتی لەسەر ئەوە کۆکن کە باخمان ئەدەبیاتێکی هەیە زۆر بەنرخ و بۆ هەمیشە ناوی ئەو وەکو دەوڵەمەندێکی خاوەن وشەی جوان دەهێڵێتەوە. باخمان کە بە یەکێک لە شاعیر و نووسەرە بەنرخەکانی سەدەی بیستی ئەدەبیاتی ئەڵەمانی دەژمێردرێت، لە سایەی سەرمایەی پڕ وشەی جوانەوە، ناوی بەردەوام لە یادەوەرییدایە.

هەرچەندە وەرگێڕانی بەرهەم و دەقگەلێک کە زمان ستوونی بنەڕەتییان بن، کارێکی دژوارە، بەڵام وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی لە چەشنی کارەکانی باخمان، بەتایبەتی بۆ زمانێک مینا زمانی ئێمە، کارێکە پێویست و گرنگ.

((خۆشەویستیم بۆ روونکەوە)) یەکێکە لە شیعرە بەناوبانگەکانی باخمان. ئەو شیعرەی باخمان کە، هەوڵمداوە بیکەم بە کوردی، بە زمانێکی بڵندی ئەدەبی و هاوکات بە شێوەیەکی ناسکی ئەڤیندارانە بەرهەمهێندراوە. شیعرێک شوێنی تایبەتی خۆی لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا هەیە و بەردەوام لە باسی خۆشەویستیدا ئاماژەی پێدەکرێت.

## خۆشەویستیم بۆ روونکەوە

کڵاوەکەت بە هێمنی بڵند دەبێ، سڵاو دەکا، لە بادا خامۆش دەبێ،
سەری دانەپۆشراوت هەڵسوکەوت لەگەڵ هەوراندا دەکا،
دڵت لە شوێنێکی دی سەرقاڵە.
زارت زمانێکی نوێ ئاوێتە دەکا،
بە لەنجەی گیا خاک جۆش دەسەنێ
هاوین گوڵئەستێرە پێدەکات و
هاوین گوڵئەستێرە خامۆش دەکات،
لە پەڵە کوێرەکانەوە سیمات بەرزکردەوە،
تۆ پێدەکەنی و تۆ دەگری و وێرانیی ئاوێتەت دەبێت،
دەبێ چی دیکەت بەسەر بێ!

## خۆشەویستیم بۆ روونکەوە

تاوس، لە سەرسامیی شادیدا، لەنجە دەکا،
کۆتر چەپکە بەهار بەرزدەکاتەوە،
جەنجاڵی گمە، هەوا بەرین دەکا،
نێرە مراوی هاوار دەکا، لە هەنگوینی کێوی دەبا.
هەموو زێدەکە، لە باغەکاندا
هەموو نوێنێک لە ململانێی تۆزی زێریندایە.
ماسی سورهەڵدەگەڕێ و پۆل بەجێدەهێڵێ
بەرەو ئەشکەوتەکانی نوێنی مەرجانی هەڵدەخزێ
دووپشک شەرمنانە بەرەو موزیکی زیوینی لم سەما دەکا
خاڵخاڵۆکە خۆشترین بۆن لە دوورەوە دەخەمڵێنێ
ئەگەر منیش ئەو هەستەی ئەوم هەبایە،
باڵەکانم تژە دەکرد
وام دەکرد باسکەکان بدرەوشێنەوە و
بەرەو دارتووە دوورەکان وەڕێ کەوم!

## خۆشەویستیم بۆ روونکەوە

ئاو دەزانێ بکەوێتە قسە
شەپۆل دەستی شەپۆل دەگرێ
لە رەزدا ترێ دەگا، باز دەدا و دەکەوێ،
ئاوا ساکارانە کرمۆکە لە ماڵەکەی دێتە دەرێ!
بەردێکی سپی باری یەکێکی دی سووک دەکا!

خۆشەویستیم بۆ روونکەوە، ئەوەی من ناتوانم روونی کەمەوە

ناچارم دەمێکی تیژتێپەڕی سەرسامکەر
تەنها هەڵسوکەوتم لەگەڵ ئەندێشە هەبێ و
هەر خۆشەویستێک نەناسم و
نە ئازیزێکیش بدوێنم؟
دەبێ یەکێ رامێنێ؟ ئەو بزر نابێ؟

تۆ دەڵێی: روحێکی تر لەسەر وی دێتە ژماردن...
هیچم بۆ روون مەکەوە.
من بەنێو هەموو ئاگرێکدا
رێکردنی سەمەندەر دەبینم
رێژنە راوی نانێ و هیچ شتێ ئازاری نادات.

* "Gier"

گیر وشەیەکی ئەڵەمانییە و بە واتای پیسکە دێت. دەست تەنگ. شایستەی گوتنە کوردیش گیر بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنێت. کابرایەکی گیرە. ژنێکی گیرە. زۆر گیرە.

سەرچاوە:

- دیوانی شیعر- ئینگەبۆرگ باخمان
- کتێبی بیرەوەریی شەڕ-ی ئینگەبۆرگ باخمان
- ماڵپەڕی فەرمی ئینگەبۆرگ باخمان

٢٠١٠/٦

# حەمە دۆستان
## ئەو نووسەرەی ئازارو کارەساتەکانی کـورد دەنووسێتەوەو کوردیش نایخوێنێتەوە!

حەمە کاکەڕەش

خوێنەری هێژا، نامەوێت بەپێچ و پەنا وەک ئەمڕۆ باوە درێژدادڕیی بە نووسینەکەم بدەم، بۆیە ڕاستەوخۆ دەچمە سەر ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە بڕوا ناکەم یەکێک لە ئێمە ئەوە نەزانێت کە زۆر ناڕازیین لە بەختی کوردو بەردەوام پێمان وابووە لە هەموو بوارەکاندا غەدرمان لێکراوەو کەسایەتییەکانمان ناوبزرکراون، ئەگینا ئێمەی کوردیش لە هەموو بوارەکاندا خودان کەسانێکین کە لە یەکێک لە کایەکاندا بۆخۆی ئەستێرەیەکەو بە تەواویی دەنگ و ڕەنگی تایبەت و داهێنەرانەی هەیە، بەڵام بەهۆی کوردبوونەوە ڕێگەی پێنەدراوەو پشتگوێخراوەو دەرفەتێک نەبووە کە دەرکەوێت و وەکو داهێنەرەکانی نەتەوەکانی تر بناسرێت و لە بەرامبەر ئەو ماندووبوون و شەونخونیی و ڕەنجەیدا ڕێزی لێبگیرێت و دەستخۆشیی لێبکرێت و بکرێتە نموونەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە هەرکەسێک وەکو حەمە دۆستان ئاوا بەو عەشق و خولیایەوە بەیەکێک لە کایەکانی هونەرو ئەدەب خزمەت بە خاک و نەتەوەکەی بکات، هەوڵی ناساندنی ئەو کارەساتانە بدات کە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتوون، ئاوا لە بەرزاییدا ڕایدەگرین و ستایشی ئەو هەموو دڵسۆزیی و خەمخۆریی و داهێنانەی دەکەین.

لێرەدا من ناڵێم: ئەو ڕێگیرییانە لەبەردەم نووسەرو ئەدیب و هونەرمەندەکانماندا نەبووەو نییە، بەڵێ، بەدرێژایی مێژوو ئەو لەمپەرانە هەبوون و ئێستاش هەن و بەکۆتا نەگەیشتوون، بەڵام ئایا ناکرێت ئێمە بپرسین ئەی تاچەند خۆشمان

خەمساردو دەستەوەستان دانیشتووین و بەردێکمان نەخستووەتە سەر دارێک، بۆئەوەی لەو پێناوەدا ئەو کەسانەی کە لە یەکێک لە کایەکاندا بەتواناو پڕبەرهەمن تەواو بناسرێن و لە هەمبەر ئەو هەموو بەرهەمەی پێشکەشیان کردووەو هەوڵی ئەوەیانداوە ئازارو کارەساتەکانی کورد بە دەرەوەی کورد بناسێنن، دەستخۆشییان لێبکەین و هەموو دەرگاو پەنجەرەیەکی کۆمەککردنیان بۆ بخەینە سەرپشت، بۆئەوەی زیاترو زیاتر بەردەوامبن و دڵگەرمانەتر کاربکەن و بۆ چرکەیەک تووشی ساردبوونەوە نەبن.

بەڵام بەداخەوە لەمپەرە دەرەکییەکان چەندە کاریگەریی و رێگیرییان کردووە لەبەردەم ئەوەی کە نووسەرو ئەدیب و هونەرمەندەکانمان لە بازنەیەکدا بخولێنەوەو دەرفەتی دەرکەوتن و ناساندنیان نەبێت، ئێمە خۆیشمان رۆڵێکی خراپمان بینیوەو هێندەی لەمپەرە دەرەکییەکان بووینەتە هۆی ساردبوونەوەو دڵشکان و پشتگوێخستنی ئەو دەنگ و ناوانەی کە دەروێشانە شەویان خستووەتە سەر رۆژ و دڵگەرمانە هەوڵی ئەوەیانداوە کە بتوانن لە رێگای رۆمان و شیعرەکانیانەوە ئازارو مەینەتی و کارەساتەکانی نەتەوەی کورد بگەیەننە دونیاو لە گۆشەیەکەوە بە زمانی خەڵکی ئەو وڵاتەی لێی دەژین و بە خەیاڵی کوردیی ئازارەکانی کورد بنووسنەوە.

بەداخەوە خۆشمان چ وەک تاک و چ وەک دەسەڵاتی کورد تەواو ئەو کەسانەمان پشگوێخستووەو بەهیچ شێوەیەک ئاوڕیان لێنادەینەوە و بۆ جارێکیش بە دێڕێک ناوی خۆیان و کتێبەکانیان ناهێنین. کەچی لە بەرامبەردا وەک شتێکی باو... وەک ئەوەی نیشانە و بەڵگەی رۆشنبیریی ئەوەبێت کە بەردەوام هەر خەریکی ئەوەبین کاوێژی ناوی ئەم نووسەرو ئەو رۆماننووسی ئەوروپایی و ئەمریکایی بکەین لە هەندێک گفتوگۆو نووسیندا، گومانی ئەوە دەکرێت کە ئەو کەسە بێئاگایانە تەنها بۆ فووکردنە خۆ پەنا بۆ ناوی نووسەرو فەیلەسوفەکانی دونیا دەبەن، چونکە هیچ گاریکەرییەک نابینین کە دەرئەنجامی ئەوەبێت لە دوای خوێندنەوەی ئەو ناوانەوە چنگی کەوتبێت، ئەوکات تێدەگەین ئەمە لەلای زۆرێک تەنها مۆدەیەو بۆ خۆنوواندنە.

من ناڵێم: خوێندنەوەو ناوهێنان و باسکردنی ئەو نووسەرو فەیلەسوفانەی دونیا بڤەیە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە هەر بۆ خۆدەرخستن بێت. با زۆر لە باسەکەم دوور نەکەومەوە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەک زۆرێک لەژێر ناوی نووسەردا کەسانێک کە سەرو سەختێکی وایشیان نییە لە گەڵ فیکرو ئەدەبدا، کەچی ئەوانەیش فێری ئەوە بوون کە لە بەینی قسەکانیادا بڵێن: فۆکۆ وایوت و دریدا وایوت و گابریل گارسیا مارکیز وایوت و کێ و کێی تر وایانوت و

زۆری تر. لێرەدا دەپرسم، ئایا ئێمە بەناوخوێنەرەکانمان ئاوا سەروکاریان لەگەڵ نووسەرو فەیلەسوفەکانی دونیادا هەبێت. ئەی بۆ دەبێت کەسمان هێندە خۆمان ماندوو نەکردووە تا ئەو نووسەرە کوردانە بناسین کە کەم و زۆر لە دەرەوەی کوردستان ناسراون و چەندین کتێب و رۆمانیان لە هەمبەر کێشەو کارەسات و ئازارەکانی کوردەوە بە زمانی بێگانە نووسیوەو تا رادەیەکی باش ناسراون و توانیویانە بەرچاو روونییەک بدەنە ئەو خوێنەرە بێگانانەی کە کتێبەکانیان دەخوێننەوەو قسەو گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، وەک نووسەرێکی کورد توانیویانە جێگای خۆیان بکەنەوەو بە زمانی ئەوانی دی حیکایەتی ئازارەکانی کورد بگێرنەوەو هەوڵێکی بەردەوامبن بۆئەوەی ئازارو کارەساتەکانی کورد هەر بە زمانی کوردیی باس نەکرێت و نەنووسرێتەوە، چونکە گەلێک زەحمەتە بتوانیت تەنها لە رێگای زمانی کوردییەوە قورسایی ئەو کارەساتانە بگەیەنیتە دەرەوە کە بەسەر کورددا هاتوون، بۆیە ئەو نووسەرانەی کە هەوڵیانداوە بە زمانی وڵات و نەتەوەیەکی تر ئازارو کارەساتەکانی کورد بنووسنەوە لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو بوون و زیاتر کاریگەرییان هەبووەو توانیویانە دەنگ و سەدایەکی باش بدەنە کارەساتەکان و سنووری سۆز تێپەرێنن و لە دەرگای عەقڵی دەرەوەی کورد بدەن و وابکەن لە گەلێک جێگای گرنگدا بتوانن گوێیان لێبگیرێت.

بۆ نموونە لەم باسەمدا دەمەوێت سەرنجتان بۆ لای نووسەرێکی کورد رابکێشم کە بە زمانی سویدی چەند رۆمان و کتێبـێکی تری چاپکردووە... ئەویش (حەمە دۆستانە). لێرەدا بۆئەوەی ئاشنایەتییەکتان لەگەڵ ئەم نووسەرەدا هەبێت، خۆم پرسیارێک دەکەم و هەر خۆشم وەڵامیدەدەمەوە، دەپرسم؟ حەمە دۆستان کێیە؟ چونکە دڵنیام لەلای کورد تایبەت لە کوردستان حەمە دۆستان هێشتا هێندەی فەریکە گۆرانیبێژێک نەناسراوە، کە لەسەر تەکلیفی بابایەکی بەرپرس دەکرێتە گۆرانیبێژو کلیپ و زۆر شتی تریشی بۆ دەکەن...

حەمە دۆستان کێیە، ناوی حەمە دۆستان قەرەداغییە، لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری هەڵەبجە لە دایکبووە. لە زانکۆی سلێمانی لە کۆلێژی کشتوکاڵ موعید بووە، نزیکەی ٣٠ ساڵ دەبێت لە سوید دەژی. لە سەرەتای هەشتاکاندا وەک مامۆستاو مورشیدی خێزان و وەرگێرو فەرمانبەری سۆسیال کاریکردووە. لە ساڵی ١٩٩١-دا بەکالۆریۆسی لە سۆسیۆنۆمدا وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٩٩ دوای دوو ساڵ خوێندنی باڵای تەواوکردووەو بووە بە (کارسازی دەروونیی) شایەنی باسە حەمە دۆستان لە سەردەمی منداڵییەوە خەریکی شیعرنووسین بووە، بەڵام

ئەوە تەنها بۆ خودی خۆی بووەو پیشانی کەسی نەداوە. دواتر کە لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوەو فێری زمانی سویدی بووە، چەندین شیعری بە زمانی سویدی لە بارەی ئازارو کارەساتەکانی کوردەوە نووسیوەو لە رۆژنامە بەناوبانگەکانی سوید بڵاویکردوونەتەوە.

لەوانە، من بۆ خۆم شیعرێکیم بینیوە سەبارەت بە هەڵەبجەو مەعەسکەری نازییە لە ١٧ رۆژنامەو گۆڤاری سویددا بڵاوکراوەتەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ وازی لە کارکردنی (راوێژکار) هێناوەو خاوەنی بێروی نووسینی خۆیەتی و وەک رۆماننووس و کارزانی دەرونیی بەردەوام کاردەکات. هەروەها بۆ رۆژنامە بەناوبانگەکانی سوید دەنووسێت، تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ وتاری بە زمانی سویدی بڵاوکردووەتەوەو لە شارە جیاکانی سوید محازەرە دەڵێتەوەو لە چەندین دێباتی تەلەفزیۆنیدا بەشداریی کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٠-دا وتارێکی لە رۆژنامەی ناوەندی سوید بڵاوکردەوە کە لەو وتارەیدا داوای ئەوەی کردبوو بۆچی سەدام نادرێت بە دادگای نێودەوڵەتیی، وتارەکەی کێشەی زۆری بۆ نایەوە، بەلای حەمە دۆستانەوە گرنگترین وتارو خۆشترین کاتی ئەو کاتەبووە، کە داوەتکراوە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی بەشی مافەکانی مرۆڤ، لەوێ وتارێکی سەبارەت بە هەڵەبجە خوێندووەتەوە. خوێنەری ئازیز هیوادارم بەو دەستپێکە توانیبێتم کەمێک ئەم نووسەرەتان پێ ئاشنابکەم، ئێستاش بەرلەوەی دوایین قسەی خۆم لە




وولاتی صەدام
رنەشر: ئینبیپێندت پۆبلیشەر
زمان: ئینگلیزی
لاپەرە: 361




جێگەیەك لە بەهەشتا
دارنەشر: مۆسکیتۆ
زمان: دانیمارکی
لاپەرە: 329



کۆمەڵ وسیستێمی دیموکراتی
زمان: کوردی
240 لاپەرەیە



پێکەوە ژیان
دارنەشر: فۆرفاتەرهیوسیت
زمان: سویدی
لاپەرە: 110




12 بابەت و هەزار بیر
دارنەشر: بۆنیەش
زمان: سویدی
لاپەرە: 135




سەدام کێیە
دارنشر: یونیڤێشیەل
زمان :ئەڵمانی
لاپەرە:361




رەشەبایەك لە شاخەکانی کوردستانەوە
دارنەشر: ئینبیپێندت پۆبلیشەر
زمان: ئینگلیزی
لاپەرە: 498



جێگەیەك لە بەهەشتا
دارنەشر: فۆرفاتەرهیوسیت
زمان: سویدی
لاپەرە: 359

بارەی نووسەرەوە بنووسم، پێمخۆشە ناو و وێنەی هەندێک لە کتێبەکانی نووسەر بخەمە پێشچاو، ئەم کتێبانە بەدەر لە کتێبی (کۆمەڵ و سیستمی دیموکراتی) کە بە کوردیی نووسراوە باقی کتێبەکانی تر بە سویدی نووسراون و هەندێکیان دواتر بۆ ئینگلیزی و ئەڵمانی و دانیمارکی وەرگێڕدراون.

بەدەر لەو کتێبانە کە بە وێنەکانەوە لە بەرچاون حەمە دۆستان ئەم کتێبانەشی ئامادەی چاپکردنن.




**وەرگێڕان لە سویدییەوە:**

گۆرانی ٣ رۆمانی ئەستريد لینگرێن.

ئێمەی منالانی دێ بچکۆل ئاوایی گرمەگرم.

بەسەرهاتەکانی تری منالەکانی ئاوایی گرمەگرم.

هەر شادیە لە دێ بچکۆل.

**بە زمانی سویدی:**

رۆمانی (مندالانی گەشتی شازادە داڤید) بە زمانی سویدی

(زەردەخەنە) شیعر زمانی سویدی.

رۆمانی تاوان (بە تەڵەی خۆبوونەوە) بە زمانی سویدی.

رۆمانی (وڵاتی سەدام) بە زمانی ئەڵەمانی لە سێبتەمبەری ٢٠١٠ بڵاو دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم: حەمە دۆستان ئەو نووسەرە کوردەیە کە توانیویەتی بە زمانی سویدی لە رێگای چیرۆک و کارەکتەرو رووداو و پێکهاتەی رۆمانەکانییەوە بە سەلیقەیەکی ئەدەبی ناوازەوە ببێتە دەنگ و رەنگی ئازارو کارەساتەکانی کورد و لە هەرکوێیەک بووبێت هەڵەبجەو ئەنفالی لەگەڵ خۆیدا بە دونیادا گێڕاوەو نووسینەوەی هەڵەبجە و ئەنفال پانتاییەکی زۆریان لە کتێبەکانی حەمەدۆستاندا بۆ تەرخانکراوە. حەمە دۆستان لە رۆمانێکیدا بەناوی (وڵاتی سەدام) تەواوی ئەو کارەسات و مەینەتییانەی لە بەرگێکی پڕ لە فەنتازیدا نووسیوەتەوە، کە سەدام حسێن بەسەر گەلانی عێراقیدا هێناوە. یەکێک لە کتێبەکانی کراوە بە پرۆگرامی خوێندنی ئامادەیی، هەروەها کراون بە سی

دی. هەر دەنگدانەوەو کاریگەریی ئەم رۆمانە بوو وایکرد لە ساڵی ٢٠٠٠-دا کونگرێسی ئەمریکا بە داوەتنامەیەک حەمە دۆستانیان داوەتکرد تا بچێت لەوێ لە بەشی مافەکانی مرۆڤ وتارێک سەبارەت بە هەڵەبجە بخوێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەواڵی داوەتکردنی ئەو نووسەرە کوردە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکاو خوێندنەوەی وتارەکەی سەبارەت بە هەڵەبجە لە کوردستان بڵاونەبووەوە.

بەڵێ، ئازیزان حەمە دۆستان خاوەنی چەند رۆمان و کۆمەڵێک کتێبی ترە کە هەر کتێبەو قسەی لە بابەتێکی گرنگ کردووە، بە نموونە کتێبی (کۆمەڵ و سیستمی دیموکراتی) کە بە کوردیی نووسراوە. شایەنی باسە ئەم کتێبە لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی و زانکۆی هاوارددا هەیە، بەداخەوە بڕوا ناکەم ئەم کتێبە لە کتێبخانەکانی کوردستاندا هەبێت، باقی کتێبەکانی تری بە سویدی نووسراون و هەندێکیان دواتر بۆ ئینگلیزی و ئەڵمانی و دانیمارکی وەرگێڕدراون. شتێکی تر کە جێگای لەسەر وەستانە، هەرکەسێک حەز بکات بزانێت کتێبەکانی حەمە دۆستان لە چ ئاستێکدان، تایبەت مەبەستم رۆمانەکانییەتی، با بۆ جارێک سەردانی سایتی کتێبفرۆشە بەناوبانگەکانی دونیا بکەن وەک نموونە یان سەردانی ماڵپەڕی حەمە دۆستان بکەن کە بە زمانی کوردی و سویدی و ئینگلیزییە. رۆمانی وڵاتی سەدام لە بەشی کتێبی سیاسیدا شانزەیەمە لەنێوان ١٦٠٠٠٠ رۆماندا.

بەڕاستی ئەمە بۆ کورد جێگای شانازییە کە ناوی کتێبێکی نووسەرێکی کورد لەو ئاستەدابێت کە بە یەکێک لەوکتێبانە دابنرێت کە خوێنەرێکی زۆری هەبێت، کەچی بەداخەوە لەلای خۆمان هێشتا دوو قسەی لەبارەوە نەکراوەو کەسێک خوێندنەوەیەکی بۆ کتێبێکی نەکردووە، کەچی لێرە، لە سوید زیاد لە ١٢٥رۆژنامەو هەفتەنامە و مانگانە و وەرزانـە لە بارەی بەرهەمەکانی حەمە دۆستانەوە وتاریان بڵاوکردووەتەوە زۆر بە بایەخەوە بەرهەمەکانیان هەڵسەنگاندووە. لە لایەکی ترەوە من خۆم نامەکانم بینیوە، نزیکەی ٣٠٠٠ خوێنەری سویدی دوای خوێندنەوەی رۆمانەکانی حەمە دۆستان نامەیان بۆ ناردووەو دەستخۆشی لێدەکەن و سەرسامیی خۆیان دەربڕیوە بەوەی کە توانیویەتی بەو ئاستە بەرزە ئەو رۆمانانە بنووسێت و ببێتە ئاوێنەی ئازارو کارەساتەکانی کورد. دڵنیابن خوێنەری سویدی هەروا بەگاڵتەو بۆ موجامەلە ئامادە نییە نامە بۆ نووسەرێک بنێرێت ئەگەر بەرهەمەکەی سەرنجڕاکێش نەبێت. لێرەدا دەبێت ئەوەبڵێم: ئەگەر ئەوەم پێ بوترێت کە خوێنەرو نووسەری کورد چۆن ئاگاداری بەرهەمەکانی حەمە دۆستان بن کە نووسەر بە زمانی سویدی دەنووسێت. لە وەڵامدا دەڵێم؛ بەڵێ، راستە بە زمانی سویدی دەنووسێت، بەڵام ئەوە کێشەیەک نییە زۆر

نووسەرو خوێنەرو وەرگێڕمان هەن کە بە باشی زمانی سویدی دەزانن و دەیانتوانی ببنە پردێک بۆ پەڕینەوەی بەرهەماکانی حەمە دۆستان.

بۆ دەبێت بەرهەمەکانی لە زمانی سویدییەوە بکرێنە ئینگلیزیی و ئەڵمانی و دانیمارکی، کەچی بە کوردی نەبن. زانکۆی ئەکادیمی سەربازیی ئەمریکی سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردی نووسیوە، بەشی هەرە زۆری نووسینەکە لە ((رەشەبایەک لە شاخەکانی کوردستانەوە)) وەرگیراوە. ئەم رۆمانەو رۆمانی وڵاتی سەدام لە سەرانسەری کتێبخانەی زانکۆکانی ئەمریکادا هەیە. خۆ ئەگەر بڵێین؛ بەڵێ، ئەوا پێویستی بە وەرگێڕە تا بەرهەمەکانی نووسەر بکرێنە کوردیی، ئەی خۆ داوەتکردن و کۆڕبەستن و گفتوگۆی تەلەفزیۆنی پێویستی بە وەرگێڕ نییە! تا ئێستا بە هیچ جۆرێک لەلایەن هیچ دەزگایەکی رۆشنبیرییەوە حەمە دۆستان بۆ هیچ چالاکی و کۆڕو فێستیڤاڵێک رووی لێ نەنراوە.

لەکاتێکدا دەبینین خەڵکانێک کە هیچ هونەرێکیان پێ نییە داوەتی کوردستان دەکرێنەوەو چەندین بەرنامەی تیڤی و کۆڕو کۆبوونەوەیان بۆ سازدەکەن. لە کۆتاییدا ئەوە دووپاتدەکەمەوە حەمە دۆستان ئەم کتێبەی بەکوردیی نووسیوە (کۆمەڵ و سیستمی دیموکراتی)، ئەم کتێبەشی وەک کتێبە سویدییەکانی هەر هیچ قسە و خوێندنەوەیەکی بۆ نەکراوە، لە کاتێکدا دەبینین لە زۆر نووسین و گفتوگۆدا بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە دووبارە دەکرێنەوەو هیچ ئاماژەیەکیش بەم کتێبەی حەمە دۆستان نادرێت کە بە ئاشکرا دیارە بۆ کۆمەڵێک نووسەرو خوێنەر بووەتە سەرچاوە لە بارەی کۆمەڵ و سیستمی دیموکراتی و بابەتی تر.

**حەمە دۆستان بە حەمە قەراغی ناسراوە**
**١٩٥٢ لەهەڵەبجە لەدایک بووە**
**١٩٧٨ موعید لەزانکۆی سلێمانی**
**١٩٩١ بەکالۆریۆسی لەکۆمەڵناسیدا**
**١٩٩٢ کتێبی ژیانی پەناهەندەی نوسیوە**
**١٩٩٩ خوێندنی باڵا لەدەروونناسیدا**
**١٩٩٩ یەکەم رۆمانی بەسویدی نووسیوە**
**٢٠٠٠ بانگکراوە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکای**
**کارسازی دەروونی لەعیادەی گەنجان**
**شاعیرو رۆژنامەنووسی ئازادە**
**ئیمەیل: dostdn@dostan.se**
**ماڵپەڕ: www.dostsn.se**

# باڵەخانەی یاقوبیان

## لەنێوان ژیان و مردندا




هەرێم عوسمان

خوێندنەوەی هەر تێکستێکی ئەدەبی لە دیدی مندا ئازادییەکی فرە بەخوێنەر دەدات، بەتایبەت ئەو خوێنەرانەی خۆیان دەخوێننەوەو رەچاوی بڕیاری پێش خوێندنەوە ناکەن، بەواتا پێش خوێندنەوە هیچ حکومێکی پێشوەخت بەگرنگ نازانن، بڕیاردانی پێشوەخت بۆ هەر تێکستێکی ئەدەبی لەلایەک کوشتنی تێکستەکەیە، لەلایەکی دییەوە بۆ ئەو جۆرە لە خوێنەر خۆ فریودانە، هەر لەم روانگەیەوە خوێندنەوەی من بۆ رۆمانی باڵەخانەی یاقوبیان، خوێندنەوەیەکی تایبەتە، لەبەرئەوەی سروشتی تێکستە ئەدەبییەکان ئەوە دەخوازن هەر خوێنەرێک خوێندنەوەو راڤەیەکی تایبەتی بۆ هەر تێکستێکی ئەدەبی هەبێت، لەبەرئەوە پێم

گرنگە خوێنەری ئەم نووسینە خۆی ڕۆمانی ناوبراوی خوێندبێتەوە، نەوەک لە ڕوانگەی ئەم نووسینەوە حکوم بداتە هەم ڕۆمانەکە و هەم ئەم نووسینە، گرنگی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەش پێش ئەم نووسینە گرنگی خۆی هەیە، بۆچی گرنگە پێش خوێندنەوەی ئەم ڕاڤەیە بۆ ڕۆمانی ناوبراو خوێنەر ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە؟ چونکە خوێنەر گرفتی بۆ دەسازێت، لەلایەک گرفتی تێگەیشتن بۆ خۆی دروستدەکات، لەلایەکی تر، ئەگەر ئەو خوێنەرە بڕیاری دابێت، دوای خوێندنەوەی ئەم نووسینەم ئەوکات ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە، ئەوا پێموایە ئەوکات گرفتی چێژی بۆ دەسازێت، لەبەرئەوەی ڕەنگە من لەم نووسینەدا ئاماژە بە هەندێک نهێنی بکەم، کە خوێنەر خۆی لە خوێندنەوەدا چێژ لەو ساتە دەبینێت کە نهێنییەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت، ڕۆمانی باڵەخانەی یاقوبیان یەکێکە لەو ڕۆمانانەی خوێنەر دەتوانێت چەندین دەروازەو ڕەهەندی نوێ ببینێتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، ئێمە لەم نووسینەدا لەسەر چەند ڕەهەندێک کارمانکردووە، کە خۆی لەم تەوەرانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە.

### (نەبوونی خەونی جیاواز)

سەرەتا گرنگە چەند خەسڵەتێکی تایبەتی چەند کارەکتەرێکی ڕۆمانەکە دەستنیشان بکەم، دواتر کاری ئێمە لێکدانەوەی ئەو خەسڵەتانە دەبێت.

تەها شازلی، بوسینە سەیدی، دوو کەسێتی ناو ڕۆمانەکەن، ئەم دوو کەسێتییە، خۆشەویستی یەکدین، هەروەها خودانی (خاوەنی) ئیرادەی بەهێز نیین (بە تایبەت تەها)، ئەم دوو کارەکتەرە دۆگمابوون لەنێو تاک خەونی و پێویستی ژیاندا (پارە پەیداکردن)... تەها شازلی خەونی ئەوەیە ببێت (بە ئەفسەری پۆلیس)[١]. ئەگەر ئەم خەونەی بەدیبێت ئەوکات، خەونێکی دی هەیە ئەویش، گەیشتن بە خۆشەویستەکەی و ژیان لەگەڵیدا (وای دەهاتە بەرچاو بوسەینە سەیدی خۆشەویستی خواستووەو گواستوویەتییەوە بۆ ئەپارتمانێکی شیاو لە گەڕەکێکی زۆر چاک)[٢] دیارە کۆی ئەم ویستانەی تەها بە بۆچوونی من پەیوەستە بە ویستێکەوە ئەویش بوون بە (بە ئەفسەری پۆلیس)ە. ئاشکرایە تەها خۆی زۆر کۆششی دەکرد بۆ گەیشتن بەم خەون و ئاواتەی، بەڵام لەبەرئەوەی کەسێکی ئیماندارە، بڕوای بەوە هەیە کە (خوا یەکەمین شت هەموو خەونەکانی بەدیدێنێت)[٣]. تەها بەدیهێنانی خەونەکانی بەخودا سپاردووە، واتە بە پشتبەستن بە خودا خەونی تەها دێتە دی، خەون و ئاواتی تەها بوون بە پۆلیسە، ئەم یەک خەونییە بۆمان دەردەخات تەها، کەسێتییەکە خەونەکانی لە ژیاندا فرە کەمن،

ئەگەر خەونی زۆریشی هەبێت، بەڵام دواجار یەک خەون راکێشەرو دەستگرو موگناتیسی خەونەکانی ترن بۆ تەها، لەبەرئەوە شکست بۆ ئەم کەسێتییە زۆر ئاسانەو فرە نزیکە، هەرکاتێک مرۆڤ ژیانی خۆی بینا کرد لەسەر خەون و ئاواتی کەم و مەحاڵ، یان تاک خەونی، هەروەها تەنیا دەروازەیەکی دیت بۆ بەدیهاتنی خەونەکەی، ئەوکات دەبێت چاوەڕوانی کارەساتی گەورە لەو مرۆڤە بکرێت، چونکە بێهیوایی و بێئومێدیی بەردەوام دۆستییەتی و کۆڵی لێنادات، مرۆڤ نابێت لە خەونبینین بکەوێت، ژیان هەوڵ و گەڕانە بۆ بەدیهێنانی خەونەکان، ئەگەر خەونمان نەمێنێت، واتە دەبێت لەهەر دەروازیەکەوە بێت چاوەڕوانی (ئیزرائیل) بکەیت، کەسێتی تەها تەنانەت بەئامادەبوونی لە ژیاندا مەترسی دروستدەکات، واتە لەلایەک دەبێتە مەترسی بۆ خود، ئەوجا بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵگە، چونکە لەڕووی دەرونییەوە ئەم کەسێتییە ئامادەیە بۆ رووخان و هەرەسهێنان، تەها لەبەرئەوەی دەیویست بینای خەون و ئاواتەکانی دی لەسەر هاتنەدی ئەو تاکە خەونەی (بوون بە ئەفسەری پۆلیس) بینابکات، هەرئەمەش بە شکست لەو خەونەی، شکستە لە ژیان و لە خەون و ئاواتەکانی دی، بەردەوامی ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بەبوونی خەون و ئاواتی فرەوە، هەرکاتێک خەون و ئاواتت نەما ئەوکات ژیان هێدی هێدی ماڵئاوایت لێدەکات، یان مرۆی بێ خەون، خواستی ژیانی نامێنێت، هەریەک لە ئێمە گوێی بەو قسە خۆشە بووە کە دایکان دەیکەن (خۆزگە نەمردمایە ئەوەم بۆ نەوەکانم بکردایە، یان داممەزراندنایە... ئەوسا بشمردبام قەیدی نەدەکرد) دیارە گوتنی لەمجۆرە گوزارشتە لە بوونی ویست و خواست و ئاوات، ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت، بەهاتنە دی خەون و ئاواتەکان، ماڵئاوایی دەکات و داوای مردن دەکرێت.

خوێندنەوەی لاپەڕەی (٧١-٧٢) گرنگی زۆری هەیە، چونکە تێدەگەین، تەها بە نزیکبوونەوە لە هاتنەدی خەونەکەی (بوون بە پۆلیس) چەند دڵخۆش دەبێت، بەڵام بە تەنیا پرسیارێک، لەلایەن لیژنەی وەرگرتن، کۆی خەون و ئاواتی ژیانی تەها بەرەو هەڵدێر دەبەن، تەها تەواو هەست بەبێ هیوایی و بێزاریی دەکات، چونکە ئەو پرسیارە بەربەستێکی گەورە بوو بۆ تەها، (هەرکاتێک بەربەست بەهێز بێت، ئەوا هەستکردنی تاک بەبێهیوایی و پەستی بەهێزتر دەبێت و بەپێچەوانەشەوە)[٤]. تەها کاتێک دەبینێت، لیژنە راستییە شاراوەکە دەزانن (باوکم دەرکەوانە)[٥]. ئەوکات بێئومێدیی تەواوی بوونی تەها داگیردەکات، (پیشەی باوکی دەبێتە بەربەست لە بوون بە ئەفسەری پۆلیس) تەها دەکەوێتە سەرکۆنەکردنی خۆی، دەبوو وامبگوتایە یان ئەوەم نەگوتایە، تەنانەت خواستی

ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی تاقیکردنەوەکەی ئەنجامداوە، سروشتی مرۆڤ وایە کاتێک رووبەڕووی کارێک یان شتێک دەبێتەوە کە بەلایەوە گرنگ و بایەخدارە، ئەو کارەی کە بەشێکی زۆری بەردەوامی بوون لە ژیان پەیوەستە بەسەرکەوتن بەو کارەوە، دوای تێپەڕبوون بەسەر ئەو کارەدا، لە هزری خۆدا دەڵێین دەبوو ئەوەم بکردایەو ئەوەم نەکردایە، (گونجاترین نموونە، خوێندکار لە کاتی تاقیکردنەوەدا، دوای ئەوەی تاقیکردنەوە ئەنجامدەدات لەو حاڵەتەدا دەژی، دەبوو ئەوەم بنووسیایەو ئەوەم نەنووسیایە... هەتاوەکو نمرەی بۆ دێتەوە، لەم گومان و دڕدۆنگییەدا دەژی)، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین شکست لەو کارەدا پتر کاریگەریی دانا لەسەر تەها، لەبەرئەوەی تەنیا خەونی بوو، تەنیا دەروازە بوو بۆ خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی، جگە لە بوون بە(ئەفسەری پۆلیس) خەونێکی دی نەبوو هەتاوەکو هاوسەنگی ژیانی رابگرێت، بەڵام کاتێک مرۆڤ خەونی زۆری هەبێت، دۆگما نابێت بەتەنیا خەونێکەوە، ئەگەر شکست بێنێت لە خەونێکدا بێئومێد نابێت، بەڵکو لە دەروازەیەکی دییەوە، لە گۆشەنیگایەکی دی لە ژیان دەڕوانێت، ویستی جودا جودای هەیە، کۆشش دەکات بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی دی... دیارە ترس و بڕوا نەبوون بەخۆ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت، وەک باسمانکرد تەها کەسێکی بڕوادارە، لەبەرئەوە بۆ هاتنە دی خەونی بوون بە ئەفسەری پۆلیس، خودا کەسی یەکەمە کە خەونەکەی بۆ بەدیبهێنێت و پشتی پێ ببەستێت، بەڵام تا ئەو رادەیە تەسلیمبوون بەهێزێکی غەیبی خۆ ونکردنە، لەدەستدانی تواناو هێزی خودە، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردنە، شکستی تەها لەخەون و ئاواتەکانی بۆ خودای ناگەڕێنێتەوە، یان خودا ناکاتە هۆکار بۆ پێنەگەیشتنی خەون و ئاواتەکانی، بەڵام ئەگەری سەرکەوتن و گەیشتن بەئاوات و ویستەکانی تەنیا بۆ خودا دەگەڕێنێتەوە، لەلایەکی ترەوە، خودا ئەگەر کەسی یەکەم بێت ئیدی تەها موسڵمانە بۆ بترسێت؟ موسڵمان نابێت جگە لە خودا لە کەسی تر بترسێت، دەبێت ئەوە بڵێین ئیماندار بەگشتی، بە پشتبەستن بەخودا کارەکانی ئەنجامدەدات، لەلایەکی ترەوە ئایا ئەو خودایەی تەها و ئیمانداران پشتی پێدەبەستن بۆ گەیشتن بە ویستەکانیان، هەر ئەو خودایە نییە کە بەلۆژیکی باوەڕ بەخودا، تەهاو ئیماندارەکان شکست پێدێنێت؟ نابێت کەسی ئیماندار (تەها بە نموونە)، باوەڕی بەوە هەبێت کە خودا خۆی وای ویستووە کە تەها نەبێت بە(ئەفسەری پۆلیس)؟ لەلایەکی دییەوە، لە روانگەی فیکری ئیسلامییەوە، خودا بەندەکانی تاقیدەکاتەوە، هەتاوەکو بزانێت تاچەند خۆگرو هێمنن، لەڕوانگەی منەوە هزری تەها پڕ گرفتە، چونکە ئەو بڕوای وایە، خودا یاریدەدەرە بۆ پێڕاگەیشتن بە خەونەکانی، بەڵام

کاتێک شکست دێنێت، نەگەیشتنی بە ویست و خواستەکانی، خودا تاوانبار ناکات لە سەرنەکەوتنی و نەبوون بە ئەفسەری پۆلیس، تەنانەت ئەو هزرە دیینیەش نابینرێت، کە ئەمە تاقیکردنەوەیەکە خودا لەگەڵ بەندەکانی دەیکات، یان ویستی خودا وابووە کە تەها نەبێت بە(ئەفسەری پۆلیس)، بەڵکو راستەوخۆ دەسەڵات تاوانباردەکات، گڕی تۆڵە سەندنەوەو رقلێبوونەوە لە دەسەڵات لای تەها پەرەدەسێنێت، راستە دەسەڵاتێکی گەندەڵ بوونی هەیە، بەجۆرێک سوکایەتی بە تەها دەکرێت، لەلایەن سەرپەرشتیارانی لیژنەی وەرگرتن بۆ ئەفسەری پۆلیس، چونکە گەندەڵی هەیە، ئەوا وەرگرتنی کەسێک بۆ ئەفسەری پۆلیس کە (نەوەی دەرکەوانان قەدەغەیە)[٦] ئەم جیاکردنەوەیە لەنێوان نۆکەرو خاوەنکار، کرێکارو خاوەنکاردا، دەرکەوان سەرمایەدار... راستەوخۆ هەستی نامۆیی و خۆبەکەمزان. هاوکات رقلێبوونەوەو تۆڵەسەندنەوە، لای کەسی ژێر دەستە دروستدەکات، جیاوازی لە مافدا (تەها) مافی ئەوەی نییە ببێتە ئەفسەری پۆلیس، بەڵام کەسێکی دەستڕۆیشتوو بە سانایی دەتوانێت ببێت، بەهەر شتێک کە خۆی بیەوێت، ئەو وڵاتەی تەها لێی دەژی (میسر/قاهیرە) لێوانلێوە لە گەندەڵی و نادادپەروەریی، لەبەرئەوەیە تاکەکانی ئینتمایان بۆ خاک و نەتەوەو نیشتمان و عەشق نەماوە، ئامادەن بە پارەیەکی کەم نیشتمانیان بفرۆشن، کاتێک نیشتمان لای مرۆڤەکان هێند بێبەها دەبێت، ئەوکات دەبێت ژیان جوانی لەکوێدا بێت بۆ مرۆ بێدەرامەتەکان؟، یاخود پارێزگاریکردن لە نیشتمان لەکوێی بیرکردنەوەی تاکدا جێگەی دەبێتەوە؟ تەها ئەو کەسێتیەیی کە تەنیا خەونی بە بوون بە ئەفسەری پۆلیسەوە دەبینی، دەبێتە کارەکتەرێکی وێرانکەر، چونکە خەونەکەی نایەتە دی، دیارە بوون بە کەسێکی وێرانکەرو تیرۆریست تەنیا هۆکاری خودی نییە، بەڵکو هۆکاری دەرەکیش هەیە، کە لەدەرەوەی تەها بەسەر تەهادا سەپێنراوە، ئەویش جیاوازیکردنە لە مافدا لەنێوان مرۆڤەکاندا کە سیستمی حکومی وڵاتێکی وەک میسر ئەم جیاوازییە دەکات لە مافدا، کە دەتوانین وێنەی وڵاتانی خۆرهەڵات لەم وێنەی جیاوازییە لە مافدا ببینییەوە، هەر بۆیە کارەکتەرە دیارەکانی گروپە تیرۆریستیەکان زۆرینەیان لە رۆژهەڵاتدا پەروەردەبوون.

## (خەونی جیهاد یان تۆڵەسەندنەوە)

باسی خەونی یەکەمی تەها شازلیمان کرد کە دەیویست ببێت بە (ئەفسەری پۆلیس)، بەڵام ئێستا دەمانەوێت باسی خەونی دووەمی تەها بکەین ئەویش (جیهاد)کردنە، خەونی یەکەم پارێزگاریکردن و رێگریکردنە لە تیرۆرنەکردنی

مرۆڤ، خەونی دووەم راستەوخۆ بەستراوە بەکوشتن و تیرۆرو تۆقاندنەوە.

ئەو تەهایەی سەرەتا هەموو خەونەکانی لەسەر بوون بە(ئەفسەری پۆلیس) بیناکردبوو، ئێستا لە رێگەی خوێندن لە زانکۆوە، هەروەها ناسینی (خالید عەبدولرەحیم)ەوە، دەروازەیەکی نوێی بۆ کرایەوە، خەونەکانی بەدیبهێنێت، بەڵام چ جۆرە خەونێک؟ خەونی بوون بە ئەفسەری پۆلیس یان خەونی زەماوەند لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا؟ نەخێر خەونی (جیهاد، جیهاد، جیهاد...)[٧] گۆڕان لە خەونی بوون بە ئەفسەری پۆلیسەوە بۆ خەونی جیهاد، پێوستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە لە تەهادا، چونکە ئەم دوو خەونە، لەسەر کوشتنی یەکتر دەژین، بەواتایەکی تر خەونی یەکەمی تەها کوژرا، هەنووکە دەیەوێت لەم خەونەدا، (جیهاد) تۆڵە لە بکوژی خەونی بوون بە (ئەفسەری پۆلیس)(کە خەونی یەکەمە) بکاتەوە، بەواتایەکی تر خەونی دووەمی تەها، ئەوەیە، تۆڵە لە خەونی یەکەم بکاتەوە، واتە لە دەروازەیەکی مرۆڤدۆستییەوە بۆ دەروازەیەکی ئەنتی مرۆڤدۆستی، لە ویستی پاراستنی مرۆڤەوە، بۆ ویستی کوشتن و تیرۆرکردنی مرۆڤ، وەک گوتمان ئەم دژوازیە پێویستی بە گۆڕانی رادیکاڵ هەیە لە تەهادا ئەوانەی لە پێشدا تەها شازلییان دەناسی ئێستا زۆر بەزەحمەت دەیناسنەوە، بەتەواوی گۆڕابوو، وەک ئەوەی کەسایەتییە لە پێشینەکەی بە کەسێکی تری تازەیان گۆڕیبێتەوە.[٨] ئەم کارەکتەرە بەهاندان و هاوبەشی چەند کەسێک دەبێتە رقگیرێکی ئەکتیڤ لە حکومەت و دەسەڵات، لەبەرئەوەی رێگریان کرد لەهاتنە دی خەونەکەی، واتە بەپێچەوانەی هەموو وڵاتێکی دیموکراسییەوە لەجیاتی هاوکاریکردنی تاکەکانی وڵات لە بەدیهێنانی خەونەکانیان، بەربەست لەڕێی هاتنە دی ویست و ئارەزووە رێگەپێدراوەکانی تاکەکان دادەنێن، کە تەهاش یەکێکە لە قوربانیانی ئەم نادادپەروەریەی قاهیرە، بەڵام تەها رقی تۆڵەسەندنەوە تەنگی پێهەڵدەچنێت، هەر بۆیە لەڕێگەی خالیدی هاوڕێی کە لە زانکۆ ناسی، شێخ شاکر دەناسێت، لێرەوە سەرەتایەکی باش دەستپێدەکات بۆ هەنگاونان بۆ تۆڵەسەندنەوەی تەها لە دەسەڵات، خالید بەتەها دەڵێت (گوێ بگرە تەها، بڕیارمدا خێرێکم لەدەست تۆوە دەست بکەوێت... سبەی... چاوەڕێم بکە... پێکەوە لە مزگەوتی ئەنەسی کوڕی مالک نوێژدەکەین و بە جەنابی شێخ شاکرت دەناسێنم)[٩]. دیارە مەبەستی دەستکەوتنی خێر لەوێدا، واتە هێنانی خۆبەخشێکی نوێ، یان جیهادکارێکی نوێ، تەها بە شێخ شاکر دەناسێنێت، شێخ دەڵێت: (پێویستم بە مزگەوتەکەیە، تاکو گەنجان کۆبکەمەوە بۆ ئەوکاتەی جەنگ دەستپێدەکات)[١٠]. ئەم کەسێتیە هاندانی گەنجان و خوێندکارانی زانکۆ بۆ جیهاد گەورەترین ئامانجییەتی، تەنانەت ماڵەکەی

خۆشی بۆ ئەو خزمەتە بەکاردەهێنێت، یان ئامادەیە لە پارەکانیشدا دابنیشێت بە مەرجێک خزمەتی ئیسلام و خودا بکات و ویستی جیهاد لای تەهاو خەڵک بەرز رابگرێت، تەها هێدی هێدی ویستی جیهاد لای دەبێتە بەنرخترین خەون و ئاوات، شێخ بەجۆرێک کاریگەریی لەسەر تەها دادەنێت، کە خۆشەویستەکەی تەواو لا کاڵ بێتەوە، ئەو خۆشەویستەی پێش شێخ ناسیوییەتی و خۆشیویستووە، بەڵام شێخ خاوەنی دەسەڵاتێکی ئایینی (قورئان+فەرمودە)، بەواتا قسەکانی شێخ بە کەلامی خودا بەهێز دەکات، بەجۆرێک شێخ کاتێک داوایەک لە تەها دەکات لای تەها فەرمانی خودایە، شێخ بۆ هەر قسەیەکی ئایەتێک یان فەرموودەیەک دێنێتەوە، شێخ بە تەها دەڵێت: (ئەو کیژە لەبیرخۆت بەرەوە تەها... کوا جیهاد تەها؟... خودای گەورەو میهرەبان لە رۆژی قیامەت پرسیاری بوسینەت لێ ناکات، بەڵکو لێپرسینەوەت لەسەر ئەوە لێدەکات، کە چیت لە پێناوی سەرخستنی ئیسلامدا کردووە)[١١]. دیارە، داواکاری شێخ سەنگ و قورسایی هەیە لای تەها، لەبەرئەوە بەبینی بەردەوامی شێخ، ژیانی تەهاش گۆڕانێکی بەردەوامی بەسەردا دێت. ئاشکرایە کاریگەریی شێخ سنوورێکی فراوانی گرتۆتەوە لای تەها.

چونکە شێخ شاکر دەسەڵاتێکی ئایینی باشی هەیە بۆ ئەوەی خوێندکاران و گەنجان رام بکات، چونکە لەگەڵ هەر داواکارییەک بە ئایەتێکی خودایی، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) داواکەی لە خوێندکاران پشتڕاستدەکاتەوە، کە ئەمە داوای خودایە، نەک هی بەندەیەک، راستگۆیی گوتن و هەندێکجار تووڕە بوون... لە دۆستان زیاتر یاریدەدەر بۆ گوێڕایەڵبوونی خوێندکاران، کە شێخ ئەم تەکنیکەشی بەکاردەهێنا. بەڵگەنەویستە، بۆ دەستگرتن بەسەر هزرو هەست و سۆزی خەڵک و گەنجاندا فاکتەری ئایین و کەسێکی تێگەیشتووی وەک شێخ، کارئاسانی باشدەکەن بۆ ئەنجامدانی کردارێکی لەم چەشنە، بەپێچەوانەی ئەو بیروڕایانەوە کە پێیانوایە ئەوانەی رێگەخۆشکەرن بۆ کەسەکان هەتاوەکو بیانکەنە کەسی تیرۆریست، کەسانی بێمێشک و نەزانن، ئەم بۆچوونە هەڵەیە لای من، چونکە ئەوە هۆشیاریی و لێهاتوویی ئەو کەسانەیە کە دەتوانن مرۆڤەکان رام بکەن، لەسەر ئایدۆلۆژیایەک یان هەر فکرو بۆچوونێک بێت کە ئەو کەسە خۆی دەیەوێت، وەک چۆن شێخ دەسەڵاتی هەیە بەسەر رامکردنی ئەو هەموو خوێندکارە لە زانکۆدا، دیارە شێخ یاریدەدەری سەرەکییە بۆ کۆنترۆڵکردنی موسڵمانەکان لەسەر فکرەی تیرۆرو جیهاد، پێویستی بەچەند رێگەیەکە بۆ داگیرکردنی فکری موسڵمان و گەنجەکان (پێویستم بە مزگەوتەکەیە تاکو گەنجان کۆبکەمەوە بۆ ئەوکاتەی جەنگ دەستپێدەکات)[١٢] لێرەدا مزگەوت دەتوانێت

زۆر کارئاسانی بکات بۆ گەیاندنی پەیامەکەی شێخ شاکر، ڕێگەیەکی تر بۆ ڕامکردنی گەنجان بەتایبەتی، شێخ بەکاریدەهێنا (ئەمە) (پەیمانی کاری ئیسلامی) یە، دەمەوێت بەتەنێ بیخوێنیتەوە[١٣]. دەبینین بە پێدانی پەرتوک بۆ خوێندنەوە، کە یەکێکی دیە لەو تەکنیکانەی شێخ بەکاریدەهێنا لای گەنجانی وەک تەها بۆ خولقاندنی ئارەزوو بۆ خۆبەختکردن (جیهاد)، وەک پێشتر گوتمان شێخ ئامادەیە بچێتە بارەکانەوە، هەتاوەکو فکری جیهادکردن لە هزری تەها بەنمونە توندبکات، شێخ لەڕێگەی مزگەوتەوە هزری پێنج هەزار خوێندکاری زانکۆ کۆدەکاتەوە، ئەمە تواناو لێهاتووی شێخ دیاردەخات، زانکۆ دەبێتە شوێنگەی داگیرکردنی هزری چەندان مرۆڤ و تەهاش بەتایبەتی بۆ بیری جیهاد، هەر بۆیە بە گرنگی دەزانم ئیستێک لەسەر گۆڕانی ئەرکی زانکۆ بکەم، سەربەخۆ نەبوونی زانکۆ لەدەسەڵاتی دەرەکی مەترسییەکی گەورەیە لە هەموو شارو وڵاتێک، هەروەک چۆن ئەم مەترسییە لەم زانکۆیەی قاهیرە بە باشی دیاردەکەوێت، زانکۆ بۆ تەهاو سەدان خوێندکاری دی یاریدەدەرە بۆ بوون بە تیرۆریست، ئەمەش گۆڕانی ئەرکی زانکۆیە، زانکۆ لەشوێنێکی زانستپەرستییەوە دەبێتە شوێنی خوداپەرستی. لە بڵاوکردنەوەی هزرگەلێکی بەم چەشنەیە کە زانکۆ سەربەخۆی لەدەستدەدات، هەرکاتێک زانکۆ دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی لەدەستدا لە دەڤەرێکدا، ئەوکاتە زۆر ئاسانە خوێندنەوەمان بۆ کۆی پێکهاتەکانی ژیان لەو دەڤەرەدا تێگەتیڤانە بێت، چونکە زانکۆ بنچینەی زانست و پێگەیاندنە، ئەگەر دەسەڵاتی زانکۆ کۆیلەی دەسەڵاتی حزبی و ئایینی... بوو ئەو کات دەبێت چاوەڕوانی کارەساتی گەورە بکەین.

دەبینین زانکۆی قاهیرە دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی خوێندکاران بۆ کارێکی ناپێویست و نامرۆڤانە (نزیکەی پێنج هەزار خوێندکاری کوڕوکچ... ڕیزیان بەست... ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، برا تاهیر پێشنوێژی دەکردن... تاهیر... لە مایکرۆفۆنەکەوە دەنگی بەرز بووەوە:

-برایان...

دەنگتان بە وشەی حەق هەڵبڕن... لەهەموو لاوە هۆتاف بەرز بووەوە...

ئیسلامی... ئیسلامی... نە ڕۆژهەڵاتی و نە ڕۆژئاوایی)[١٤].

کاتێک زانکۆ دەبێتە شوێنی هۆتافکێشان و کۆبوونەوەی ئایینی، ئەم تێکەڵبوونی ئایین و زانکۆیە گەورەترین زیان دەگەیەنێتە ژیانی کۆمەڵ و زانست... لەلایەک زیان بە سەربەخۆی ئایین دەگەیەنێت، لەلایەکی تر سەربەخۆی زانست و زانکۆ، بەئامادەبوونی دەسەڵاتی حزبی و ئایینی... زانکۆ ئەرکی خۆی

لەدەستدەدات، لەجیاتی بەرهەمهێنانی زانست، جەهل و نەزانین بەرهەمدێت، لەجیاتی بڵاوکردنەوەی ئاکاری مرۆڤانەو خۆشەویستی، رق و توندوتیژی دوور لە ئاکاری مرۆڤانە بڵاودەکرێتەوە، زانکۆ فەرهەنگی خوێندکاران داگیردەکات، لەبەرئەوە گشت هاوکێشەکان پێچەوانە دەبنەوە، پێویستی سەربەخۆی زانکۆ پێشمەرجە بۆ بوونی کۆمەڵگایەکی ئازادو تەندروست و بەرهەمهێن و هزردۆست و زانستدۆست... بەپێچەوانەشەوە راستە ناسەربەخۆی زانکۆ تەنگ بەگشت کایەکان هەڵدەچنێت، کۆمەڵگە لە بازنەی نەزانی و یەکدی قەبوڵ نەکردن و دواکەوتوویدا دەسوورێتەوە. ئەوەی لە رۆمانی باڵەخانەی یاقوبیاندا دەیخوێنینەوە، دواکەوتووی و نەزانی و یەکتر داگیرکردن و خۆفرۆشتن و رەتکردنەوەی یەکدیە، ئامانەش هاوسەنگی ژیان لەقدەکات، ئیدی ناهاوسەنگی ژیان، تەواوی ئەم رۆمانەی داگیرکردووە، دەکرێت بپرسین بۆچی ئەم وڵاتە دەبێتە ویستگەی تیرۆرو تۆقاندن؟ دیارە هزری ئیسلامی کەسی تیرۆریست بە کەسی جیهادکار یەکسان دەکـات، تەها موسوڵمانە، لەبەرئەوە تەها جیهادکارە، واتە ئەگەر کەسێک خۆی بتەقێنێتەوە ئەوە جیهادی کردووە، تەها ئەو کەسێتییەی لە جیاکردندا خەونەکانی خۆی دەبینییەوە، لەبەرئەوە زیاد لە پێویست خۆشەویستی بۆ جیهاد هەیە، ئەوەی وادەکات حەزی جیهاد لای تەها پەرەبسێنێت چییە؟ چی وا لە تەهاو تیرۆریستان دەکات کردەی تیرۆریستی و تۆقاندن ئەنجام بدەن؟ بێگومان فاکتەر زۆرن، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێک دەدەین. لەم چەند خاڵەدا رۆ دەچینە ناو رۆمانەکەو ناساندنی زێدەتری کەسێتیەکان، بەڵام ئەم رۆچوونە زێدەتر بە مەبەستی ئەو ئامانجەیە چی وا لە تەها دەکات ببێتە تیرۆریست؟

**١/ گۆڕان لە خەونی ژیانی دنیایی بۆ خەونی بەهەشتی.**

لەسەرەتاوە زۆر لەسەر تاک خەونی قسەمان کرد، تەها لەبەرئەوەی خۆشبەختی ژیانی لەبوون بە ئەفسەریدا دەبینییەوە، لەبەرئەوە نەگەیشتن بە خۆشبەختی ژیان، ئاسانە وابیربکرێتەوە ژیان ئەگەر بۆ من نەما ئیدی بۆ مرۆڤەکانی دی بۆ هەبێت؟ یان بۆ ئەو خۆشبەخت بێت من دڵتەنگ، بۆچی ئەو پارەدار بێت من هەژار، بۆ ئەو دەسەڵاتدار بێت من بێدەسەڵات، لەبەرئەوە زۆر بەئاسانی تەها دۆڕاندنی خۆی هەستپێکرد، ئەمەش دەروازەیەکە بۆ لەدەستدانی بیرکردنەوەی خودو خۆدانە دەست بیرکردنەوەی شێخ شاکر، لەم رۆمانەدا زۆرێک لە کەسێتییەکان، لە نیشتیمانی خۆیان رادەکەن، رقیان لە نیشتمان

دەبێتەوە، لەبەرئەوە زۆر ئاسانە وێرانبوون و زەبوونبوونی نیشتمان لەدیدی ئەو کەسێتیانەدا، کاتێک خۆشەویستی پارەو جیهاد جێگەی خۆشەویستی ژیان و نیشتیمانی خود دەگرێتەوە ئەو کات مەترسی تووڕەبوون و تووڕهەڵدانی زۆر شت چاوەڕوانکراوە. هەروەک چۆن مرۆڤە ئاساییەکان، لە دۆڕاندن و رقلێبوونەوەدا بەشدارن، ئەوا مرۆڤە عاقڵەکانیش بەهەمان شێوە، دەبینین ئەم کەسێتیانە هەریەکەو بەشێوازێک لەم رۆمانەدا گەندەڵن، ئیدی گەندەڵی سیاسی بێت یان گەندەڵی ژیانی تاک بێت. یان کۆمەڵ، تەنانەت مرۆڤە عاقڵەکانیش گەندەڵن (کەمال فولی- حاتەم رەشید-بوسەینە-تەها- عەبدە-ئەبسەخرۆن-مەلاک...) ئەم کەسێتیانە کە لە رۆمانەکەدا دەیانخوێنیتەوە، تێبینی ئەوە دەکەیت دوالیزمی مرۆڤ بەگشتی و ئەو کەسێتیانەت بۆ روونەدەبێتەوە، چونکە هەریەک لەو کەسێتیانە خاڵیی نیین لە جوانیی، بەڵکو لایەنێکی ئاکاری جوانیان هەیە، بەڵام دواجار (جوانی و ناشرینی، باشی و خراپی...) هاوبەشی ژیانی ئەو کەسێتیانە دەکات، تەها کاتێک جیهادکردن دەبێتە پیشەی یان خەونی، ئەوکاتە جیهادکردن بەرەهایی بۆ تەها دەبێتە ژیان، چونکە ئەو نایەوێت لەم ژیانەدا بژی، دەیەوێت بەهەشت بەدەستبهێنێت (لە بەهەشت بژی)، دیارە لای تەها بەدەستهێنانی بەهەشت جیهادکرنی گەرەکە، خواستی بەدەستهێنانی بەهەشت گرنگترە لەژیانی دنیایی، لەبەرئەوە خەونی تەها لە دنیادا خەونی گەیشتنە بە بەهەشت، کە جیهادکردنی پێویستە، ئەمەش هاندەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی تەها ببێتە تیرۆریست و جیهاد بکات، هەروەک ئەمە لە فکری دینی و بەتایبەت ئیسلامیدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە موسڵمان دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی بەهەشت و خۆشییەکانی بەهەشت بدات نەک خۆشییە تێپەڕو راگوزەرەکانی دنیا، کە ئەم دیدە لای تەها بەئاشکرا هەستپێدەکرێت و فاکتەرێکی بەهێزو دیاریشە بۆ بوون بە تیرۆریست.

### ٢/ دەسەڵاتێکی گەندەڵ

تەها لەبەرئەوەی باوکی (دەرکەوان) بوو نەکرا بە ئەفسەری پۆلیس، تەنیا هۆکار ئەمەبوو، چونکە تەها کۆی مەرجەکانی تێدایە بۆ ئەوەی ببێتە ئەفسەر، بەڵام ئەگەر تەها باوکی پۆستێکی هەبوایە، ئەوا بوونی بە ئەفسەر زۆر سانا دەبوو، کاتێک دەبینین جیاوازی و مافی مرۆڤەکان کورت دەبێتەوە بۆ هەژاری و دەوڵەمەندی-دەسەڵاتدارو بێدەسەلات... ئەوکاتە گەندەڵی ژیانی مرۆڤ داگیردەکات، هەنووکە لە هەرێمەکەی خۆشمان ژیان بەوشێوەیە دەگوزەرێت، ئەگەر دەوڵەمەند بیت وەک حاجی عەزام کارەکانت بەباشی دەڕوات بەڕێوە،

هیچ هێزێک ڕێگر نییە لە بەرامبەر خواستەکانتدا، دەروازەکـان هەمووی کراوە دەبن بۆت، بەڵام هەژاریی و بێدەسەڵاتی داخستنی دەروازەکانە. ئەگەر هێزێکی فکری گەندەڵیشت هەبێت، وەک کەمال فولی ئەوا دەسەڵات و هێز بۆ بەرژەوەندیی و فێڵکردن بەکاردەبەیت (کە ئەمە زۆر مەترسیدارە، چونکە خەڵک چاوەڕوانی بیرکردنەوەی مرۆڤدۆستانە لەم ڕۆشنبیرە دەکات، نەک بیکردنەوەی مرۆڤ کوژانە) ئەگەر هەژاریش بیت وەک تەها ئەوکات بێهێزیت لە نەهاتنەدی خەونەکانت، بەواتایەکی تر لەم ڕۆمانەدا بەهێزیی ژیان لە دەوڵەمەندی و پلەداریدایە، لەنگ بوونی ژیانیش لە قەلەندەری و بێدەسەڵاتیدا خۆی دەبینێتەوە، بەداخەوە لەوساتانەدا خواستی ژیان لەو دەڤەرە ئاوادەبێت و دەداتە کزی و لاوازی، خواستی سەفەرکردن و جیهاد... لای گەنجان خێرا دەبێتە هاودەمی ژیانی گەنج، بوسەینەو عابد... ئامادەن لە ئایینەکەیان سەرپێچی بکەن تەنیا لەبەر گەیشتن بە پارەو دەستکەوتنی پارەدا، گەندەڵی دەسەڵات هۆکارە بۆ ئەوەی ئینتیمای گەنج بۆ پارە لەپێش نیشتمانەوە بێت، واتە تا ئەوکاتە ئەم نیشتمانە نیشتمانی منە کە من پارەدار بم، (بڕوانە. ل.٥٩-١٦١). یان تا ئەوکاتە ئەم نیشتمانە بە نیشتمانی خۆم دەزانم کە جیاوازی نێوان دەوڵەمەندو هەژار یان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتێک نەمێنێت، مافی گشت مرۆڤەکان وەک یەک بن، گەندەڵی دەسەڵاتە کە تەها نابێتە ئەفسەری پۆلیس لەبەرامبەردا دەبێتە تیرۆریست، کە ئەمەش هۆکارێکی دەرەکییە وادەکات تەها ببێتە تیرۆریست.

**٣/ گەنج و نائامادەیی بیرکردنەوەی دروست.**

هەریەک لەو خوێندکارانەی زانکۆ کە شێخ شاکر ڕامیکردوون، پابەندی بیروباوەڕی ئیسلامن، لەهەمان کاتدا گەنجن، ئەم گەنجانە بەهۆی نەبوونی هۆشیارییەکی تەواوەوە بۆ ئایینەکە، ئەوا شێخ شاکر دەتوانێت، هەرکام لەو ئایەت و فەرموودانەی بۆ جیهاد پێویستن لە قسەو وتارەکانیدا دەیهێنێتەوەو بە چەشنێک راڤەی بکات گەنجان ژیان نەویست بن، بەهەشت دۆست بن، لەلایەکی ترەوە تەها بەهۆی وەرنەگیرانی بۆ ئەفسەری پۆلیسی، زۆر جارس دەبێت، بەجۆرێک وەک کەسێکی رووخاو دێتە بەردیدە، کاتێک شێخ دەزانێت تەها بەم چەشنەیە، ئیدی زۆر ئاسانە ئەم تەها رووخاوە لەسەر پەروەردەی جیهادویستی بینا بکاتەوە، تەها گەنجێکە لەلایەک بەهۆی سستی پەیوەندی لەگەڵ بوسەینە و لەلایەکی تر بەهۆی نەبوونی بە ئەفسەر، زۆر لاوازە بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی، خۆی بینا بکاتەوە، بەواتایەکی دی تەها خودییەتی و سەربەستی

خۆی لەدەستدەدات، شێخ شاکری گوێگرو عاقڵ دەتوانێت بە چەند رێگایەک بیرکردنەوەی خۆی بە نرخێکی کەم بداتە تەها، تەهاش ئامادەیە لێی بکرێت بە نرخی گویێ لێگرتن، کاتێک مرۆڤ قەهرێکی دەبێت زۆر پێویستی بە کەسێکە گوێی لێبگرێت، شێخ شاکریش گوێگرو قسەکەرێکی بەتوانایە، هەر ئەمەشە پاپەندی شێخ شاکری دەکات و شێخیش پەروەردەی خۆشویستنی جیهاد لای تەها جێگیر دەکات.

ئەوەی کە رێگەخۆشکەرە بۆ شێخ شاکر بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانێت گەمەکانی خۆی بکات لەناو مزگەوت و زانکۆدا... توانای رامکردنی تەها و خوێندکارانی دی ئاسان بێت لەو وڵاتەدا، لەسەر دوو پایە وەستاوە، (دەسەڵاتی سیاسی- لایەنی کۆمەڵایەتی).

دەسەڵاتی سیاسی خۆی گەندەڵەو دەسەڵاتی ئەوەی نییە، زانکۆ سەربەخۆ بکات و نەهێڵێت دەسەڵاتی ئایینی و حزبی دەست وەردەنە زانکۆوە، ئەمە گەورەترین هەڵەی دەسەڵاتە کە وادەکات متمانەو هێزو بڕیارەکانی دەسەڵات بێنرخ سەیر بکرێت و رێزی بۆ دانەنرێت.

لەلایەکی ترەوە لایەنی کۆمەڵایەتی، ئەوەی رێگە بەتەها دەدات لە جیهادکردن دڵخۆش بێت، لەلایەک هۆکارە سیاسییەکەیە لەلایەکی تر تێکشکانە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەیە، لەڕووی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە تەها تێکشکاوەو هەستی خۆ بەکەمزانین لەناو کۆمەڵدا زاڵە بەسەریداو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی داویەتییە کزی لەگەڵ دۆستەکانی. (بگەڕێوە بۆ. ل.١٠٩)

شێخ شاکر ئەم هەستی خۆ بەکەمزانینەی تەها بەهەندوەردەگرێت و کاردەکات بۆ ئەوەی لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە تەواو تەها تێربکات، کە هیچ هەستێکی خۆ بەکەمزانین و ترس لای نەمێنێت، تەنیا شتێک کە پێویستە جێگەی ئەوانە بگرێتەوە جیهادکردنە (بۆ یەکجاری ئەو خۆ بەکەمزانین و ترس و بەخۆداشکانەوەیەی لە بەرانبەر خەڵکیدا نەمابوو)[١٥].

تەها گەنجێکە نەیتوانیوە خاوەنی بیرکردنەوەو بۆچوونی خۆی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا پابەندی ئایینێکە رێگەی زۆرە بۆ ئەوەی شێخ سوود لەم ئایینە وەربگرێت، بۆ رامکردنی گەنجان و تەها بەتایبەتی، شێخ داوایان لێدەکات کە جیهادبکەن، چونکە خودا فەرزیکردووە بەسەریاندا، ئەو ئایەت و فەرموودانەی شێخ دەیهێنێتەوەو بەجۆرێک راڤەی دەکات بۆ گەنجان کە راستەوخۆ جیهاد بکەن، ژیانی دنیا پێویستییەکی کاتییە، جیهادو بەهەشت پێویستییەکی هەمیشەییە بۆ گشت موسڵمانان، (بڕوانە.ل.١١٣). بەمجۆرە ئەو گەنجانە بەهۆی نەخۆشی

دەسەڵات و لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هەروەها خاوەنی خۆنەبوون لەلایەن گەنجانەوە، دەسەڵاتی شێخ بەهۆی ئایینەوە زۆر زاڵەو دەتوانێت تەها پەلکێشی جیهاد، دنیای تیرۆربکات.

### ٤/ داگیرکردنی موسڵمان و هەوڵێک بۆ تۆڵەسەندنەوە.

موسڵمانبوونی تەها لەلایەک، هاندانی شێخ لەلایەکی ترەوە، شێخ رێگە نیشاندەری تەهایە بۆ جیهاد، ئەو تەکنیکەی شێخ بۆ رامکردنی تەها بەکاریدەهێنێت، ئەوەیە وا لە تەها بکات کە هەستبکات داگیرکراون و زوڵم لێکراون و سوکایەتیان پێکراوە وەک موسڵمانێک، واتە لەلایەک تەها سەرەتا هەست بەسوکایەتی دەکات لەوەی کورە گەنجێکی دەسەڵاتدار دەکرێتە ئەفسەری پۆلیس، بەڵام ئەم ناکرێت، ئەمە پاڵنەری یەکەم، پاڵنەری دووەم، شێخ مەبەستییەتی هەستی خۆبەکەمزانین و زاڵبوونی دەسەڵاتێکی نادادپەروەرو ناموسڵمان لای تەها دروست بکات، واتە تەها هەست بکات لەلایەن دەسەڵاتێکی ناموسڵمانەوە داگیرکراون، پێویستە دژی ئەو دەسەڵاتە جیهاد بکەن، هەروەها کۆمەڵگەکەیان بەهۆی دەرچوون لە فەرمانەکانی خوا کافرو نەزانن... (کۆمەڵگەی میسری کۆمەڵگەی نەزانییە نەک کۆمەڵگەی ئیسلامی... چونکە دەسەڵاتدار دەستووری خوا لەکار دەخات... دەوڵەتیش رێ بە خواردنەوەو زینا و سووخۆری دەدات)[١٦]. (نامانەوێت کۆمەڵگاکەمان سۆسیالیستی و دیموکراسی بێت... دەمانەوێت ئیسلامی و ئیسلامی بێت)[١٧].

(ئەرکی لاوانی موسڵمان لە ئەمرۆدا ئەوەیە، بەسەر چەمکی جیهاددا بچێتەوەو بیخاتەوە هزرو دڵی موسوڵمانانەوە، هەر ئەمەشە زراوی ئەمەریکاو ئیسرائیل و فەرمانرەوا ناپاکەکانمانی بردووە... لەرێگەی خودادا بجەنگێن و ئەم دنیایە سێ بەسێ تەڵاق بدەن"[١٨]. دەبینین موسوڵمانان بەجۆرێک لە خۆیان دەروانن وەک ئەوەی داگیرکرابن یان بەردەوام هەست بەمەترسی بکەن، پێویستە هەموو کاتێک ئامادەبن بۆ جیهاد، هەتاوەکو دەسەڵاتی ئیسلام لەگشت جیهان باڵادەست بێت، لەسەرەتادا داوا لەلاوان دەکات، ئەوانەی زێدەتر هەست و سۆز زاڵە بەسەریانداو لایەنی بیری (هزری) کەمتر، لەلایەکی تر پێوستی جیهادو دنیای تیرۆریست پێویستی بە دەستبەرداربوون لە دنیاو ژیانی ئەم دنیا هەیە، کە پێویستە کەسی جیهادکار دنیا وەک بێزرخترین و کۆتایترین ویستی ئەو لاوە بێت کە ئامادەیە بۆ جیهاد، جیهادکارێک ئامادەیە بێئەوەی بۆ ساتێک تۆی بینیبێت، یان بتناسێت خۆی بەخت بکات لە پێناوتدا، تەنیا لەبەرئەوەی دەزانێت تۆ موسڵمانیت،

هەروەها بەپێچەوانەشەوە جیهادکارێک بێئەوەی تۆی بینیبێت دەتکوژێت تەنیا لەبەرئەوەی کافریت، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە رێگەنادات موسوڵمان لە هەر شوێنێک بێت بچەوسێنرێتەوە یان وڵاتی موسڵمانێک داگیربکرێت، هەروەها رێگەنادات کافرێک لە هەر شوێنێک بێت ئارام بێت و هەست نەکات کەسێک نییە رقی لێی نەبێت، کاتێک شێخ لە میسر دەبینێت لە عیراق برا موسڵمانەکانیان لەلایەن ئەمریکییەکانەوە سوکایەتیان پێدەکرێت و وڵاتیان داگیردەکرێت، ئەمان لێرەوە هەوڵی تۆڵەسەندنەوەو گڕی رقیان بەرزدەبێتەوە بۆ جیهادکردن، چونکە نایانەوێت زەلیلی دەستی کافران و دەسەڵاتداران بن کە رێگە بەکاری کوفر دەدات. کاتێک برا موسوڵمانەکانیان لە عیراق بەدەست کافرەکانەوە دەکوژرێن، ئەمە وادەکات بۆ ئەوەی لە کافرەکان رزگار بن دەبێت جیهادبکەن، موسڵمانەکان ببنە تیرۆریست، چونکە لەلایەن کافرەکانەوە سوکایەتیان پێدەکرێت (زەلیلبوون... لای موسڵمانەکان بینادەکات و جۆرێک لە ئامادەباشی رۆحیان بۆ نزیکبوونەوە لە گرووپە تیرۆریستەکان بۆ دروستدەکات)[١٩]. شێخ لە قسەکانیدا ئەو هەستە لای قسەبۆکراو دروستدەکات، کە موسڵمانان خەریکە زەلیلی دەستی کافران و دەسەڵاتداران دەبن، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر موسڵمان زەلیلی دەستی کافران نەبێت، لێرەوە هەستی خۆبەکەمزانین یان سوکایەتیپێکردن لای تاکی موسڵمان دروستدەبێت، دیارە موسڵمانێک هەست بکات سوکایەتی بەخۆی و ئایینەکەی دەکرێت، ئەوکات زۆر ئاسانە کە خەون و ویستی جیهادو خۆتەقاندنەوە ببێتە ئارەزووی ئەو گەنجە موسڵمانە، ئەوە بۆ کەسێکی وەک تەها کە گرفتاری هەژارییە، کە رێگەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی گرتووە، لەلایەکی تر تەها رق ئەستوورە بەرامبەر بە دەسەڵات، چونکە دەسەڵات گەندەڵە رێگە نادات کوڕی دەرکەوان ببێتە ئەفسەری پۆلیس، لەبەرئەوەیە کەسێکی وەک تەها بەبێ بەرهەڵستیکردن بۆ کردەیەکی وەک جیهاد، کردەیەک بۆ گەنجێک کە گەورەترین دوو خەونی ژیانی نەهاتۆتە دی، لەبەرئەوە زۆر ئاسانە لەوە تێبگەین تەها بۆ حەز بە جیهادکردن دەکات، تەها لە رێگەی خوێندنەوەی بەردەوامی ئەو پەرتووکانەی کە هەستی جیهادی لا نەمرو باڵا دەکەن، هەروەها بەردەوام وتارو کۆبونەوە تایبەتەکانی شێخ لەگەڵ تەهادا، لەلایەکی تر ئەو ئەشکەنجەدان و مامەڵە ناتەندروستەی بەندینخانە کە تەواوی هزری تەها داگیردەکات بۆ هزری جیهادو تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانەی بەو چەشنە ئەزیەتیان دەکردو لاقەیان دەکرد (دواتر باس لەم مامەڵە نادروستە دەکەین) لەبەرئەوە کاتێک موسڵمان هەستی نامۆی و داگیرکراوی لەلایەن دەسەڵاتێکی کافر زاڵدەبێت بەسەریدا هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدات، کە جیهادە.

**٥/ دروستکردنی ترس لای شوێنکەوتوانی شێخ.**

لێرەوە دەمەوێت ئاماژە بەلایەنێک یاخود میکانیزمێکی دی بکەم، کە شێخ هەروەها تیرۆریستان بەگشتی بەکاری دەهێنن بۆ رامکردنی مرۆڤی دیندارو هەروەها بۆ خۆشەویستکردنی بەهەشت و رقلێبوونەوە لەم ژیانە، واتە لەلایەک ترس دروستدەکات، لەلایەکی تر هێزو توانای تۆڵەسەندنەوە، مەبەست لە ترس دروستکردن ئەوەیە کە شێخ ترسێکی زۆر لای ئەو گەنجانە گەڵاڵە دەکات، بەو جۆرەی کە برا عیراقییە موسڵمانییەکانمان لەلایەن دژەکانمانەوە (ئەمریکا) ئەزیەت دەکرێن و سوکایەتیان پێدەکرێت، شێخ وێنە بۆ تەها دەهێنێت، هەتاوەکو لە رێگەی دیتنی وێنەکانەوە، ترسی داگیرکردن و هێزی تۆڵەسەندنەوەی تێدا زیندو و بەهێز بکات (سەیری ئەو وێنانە بکە، باش لێیان وردبەرەوە... ئەمە برا موسڵمانەکانتن لە عیراق، کە ناپاڵمی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان پارچە پارچەی کردوون)[٢٠]. لە خوێندنەوەی تەواوی لاپەڕە (١٤٦-١٤٧) تەواو ئەو راستییەمان بۆ روونده‌بێتەوە، کە ترس لای تەها دروستدەبێت، بەرامبەر هاوپەیمانەکان و دەسەڵاتدارانی وڵاتی میسر کە چەند مەترسیدارن، بۆ سەر ئەم ئیسلامە، لەلایەکی تر هەستی بەرپرسیاریەتی لای تەها دروستدەکات بەرامبەر بە پاراستنی موسڵمانان و ئاینی ئیسلام، یان هێزی دەداتێ بۆ تۆڵەسەندنەوە (لە رووخساری ئەم منداڵە عیراقییە ورد بەرەوە بزانە چۆن ناپاڵمی ئەمەریکی شیتاڵ شیتاڵی کردووە... باشە لێپرسراویی ئەم منداڵە وەکو خوشک و دایکت لەئەستۆی تۆدا نییە... تۆ بۆ پشتیوانیان، چیدەکەیت؟)[٢١] دەبینین چۆن بەو وێنانە چ هەستێک لای تەها دەوروژێنێت، هەستی ترس بەرامبەر بە سەپاندن و فراونکردنی دەسەڵاتی کافران بەسەر موسڵمانەکاندا، ئەم هەستە گوڕوتینێک بە لاوانی موسڵمان دەبەخشێت بۆ تۆڵەسەندنەوەو رێگەگرتن لە کافران، لێرەوە دەتوانین بڵێین هەستکردنی تەها و موسڵمانان لەترسی داگیرکردنی وڵاتێکی ئیسلامی بەدەست کافران فاکتەرێکی بەهێزی توندوتیژی تیرۆرە، چونکە لە بوونی ئەم ترسەدا تەنێ هەستی تۆڵەسەندنەوەو تیرۆرو تۆقاندن زاڵە نەک هزری مرۆیی و ژیاندۆستی، تەهاش نەبوونی هۆشیاری ئاینی و رۆشنبیری پاڵنەری دەبێت بۆ بە تیرۆریستبوون.

**٦/ نەبوونی سیستمێک بۆ پەروەردەکردنی کەسی تیرۆریست.**

کاتێک مرۆڤێک چەندان گرفت رووبەڕوی دەبێتەوە، پێویستی بەهاوکاری و رێنیشاندانە نەک ئەزیەتکردن و ئەتککردن، بەڵام هەندێکجار ئێمە

لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێچەوانەکەی دەبینین، بەتایبەت لە رۆژهەڵات، کە کوردستانیش بەدەر نییە، لەم مامەڵە ناتەندروستە لەگەڵ کەسانی ناتەندروست (تیرۆریست بە نموونە)، واتە بەندکراوێکی ناتەندروست لەلایەن سیستمێکی دەسەڵاتی ناتەندروستەوە، هەمیشە ئایندەیەکی مەترسیداری لێدەبینرێت.

دەسەڵاتداران کاتێک بەدگومانن بەرامبەر بە کەسێک یان تیرۆریستێک، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن؟ چ میکانیزمێک بەکاردەهێنن بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم مرۆڤانەدا؟ ئایا دەبێت ئەو ئاسایش و زێرەڤانی و پۆلیسە رەق و توندەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن یان سۆسیۆلۆگ و سایکۆلۆژیستەکان؟ بێگومان کاتێک مرۆڤێک بەشێک لە بیرکردنەوەی لەدەستدەدات ئیدی نابێت دەستبەرداری ئەو مرۆڤە بین، یان تەواو سەرلێشێواوی بکەین، هێندەی تر رق ئەستووری بکەین، لەوکاتەدا ئاسایش و لێپرسراوان جیاوازییەکی فرەیان نابێت لەگەڵ تیرۆریستاندا، کاتێک ئاسایش تەها بەند دەکەن مامەڵەکردنی ئاسایش لەگەڵ تەها دا، هێند جودا نییە لەو توندوتیژییەی تیرۆریستەکان. (سەگێکی پۆلیسی زەبەلاح پڕی پێدا کرد و دای بە زەویدا، بە کەڵبەکانی کەوتە سەر سینگ و ملی، تەها خۆی وەرگێڕا تاکو دەموچاوی لە کەڵبەی سەگەکە بپارێزێت، بیری لەوە کردەوە... خۆ ئەگەر مردیش بەهەشت بەدەستدەهێنێت... ئینجا سەربازەکان سەرلەنوێ هەڵیان کوتایە سەریان و بێبەزەییانە بەربوونە گیانیان)[٢٢]. ئەگەر بە وێنە ئەو دیمەنە بهێنینە پێشچاو، جگە لەوە کە ئەمە کارێکی نامرۆڤانەیە، تەواو رق و توندوتیژی تێدا دەبینرێت، ئایا چاوەڕوانی چی لە تیرۆریستێک دەکرێت دوای رزگاربوون لەدەست تۆی توندوتیژ، وەڵامی ئەو کردەوە نابەجێیانەت نەداتەوە؟ بێگومان وەک دەڵێن: (بە خوێنت تینووە) دەزگاکانی لێپرسراو لە تیرۆریستان دەبێت کردارگەلێک بنوێنن، کە پێویست بێت بۆ هاوکاریکردن و راستکردنەوەی کردارە نابەجێیەکانی تیرۆریستان، نەک ئەوەی مرۆڤێکی موسڵمان لاقە بکەن، دیارە تەها تەواو کاریگەر بوو بەو دەستدرێژییە (ئەتکردن)ە، تا تۆڵەی خۆی لەو کەسە نەکردەوە کە فرمانی بەو کردارانە دەدا، کە بەرامبەر بە تەها دەکرا کۆڵی نەداو لێنەگەڕا (ئەو بوو سەرپەرشتیاری ئەشکەنجەدانی کرد، کە فەرمانی بە سەربازەکان دا... داری تێ ببرن... تەها ئاوەزی لەدەستداو بەرەو لای تەکانی دا... ئەفسەرەکە بە دووچاوی پڕ لە ترسەوە ئاوڕی لێدایەوە، رووخساری لە ترساندا گرژ بووەوە، وەک ئەوەی درکی پێکردبێت، دەمی

داپچڕی تاکو شتێک بڵێت، وەلی نەیتوانی، لەپڕ گوللەی بەسەردا باری)[٢٣].

ئەو بارە دەروونییەی بۆ تەها دروست ببوو لەدوای لاقەکردن، زۆر گران بوو نەیدەتوانی بە سانایی لەبیری بکات، لەبەرئەوە تەنیا بە تۆڵەسەندنەوە هەستی بە ئارامبوونەوە دەکرد، هەر ئەوەشی کرد، تەها باسی لاقەکردنەکەی بۆ شێخ شاکر کرد، هەروەها مکوڕ بوو لەسەر ویستی تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانە، بەڵام شێخ زۆر بەگژیدا چووەوە، چونکە ئامانجی تیرۆریستان و شێخ زۆر لەوە گەورەترە کە لە تیرۆرکردنی چەند کەسێکدا کورتبکرێتەوە، بابەتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆریستاندا، لە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکان بەشێوەیەکی گشتی تەندروست نییە، بەڵکو هەتاوەکو خودا حەزبکات مامەڵەکردنێکی ناتەندروست و سلبیە، ئەو مامەڵەکردنە وەک ئەوە وایە نەخۆشێک ببەیتە لای دکتۆرێک، بەڵام دکتۆرەکە لەباتی چارەسەری نەخۆشەکە بکات، دەیکوژێت یان هێندەی تر نەخۆشییەکەی کوشندە دەکات و دەیکاتە ئەرک و بارگران بەسەر نەخۆشخانەوە (کۆمەڵگە)، پێویستە ئەو نەخۆشە راستییەکی پێ بگوترێت، کە ئەو دەیەوێت چ کارێک بکات، بەواتە بەکاوەخۆ راستییەکی پێ بگوترێت کە بتوانێت هەزمی بکات، ئەویش وتنی کارەکەی خۆیەتی، کە خۆتەقاندنەوەو مرۆڤ کوشتنە، بەڵام ئایا هەموو کەسێک دەتوانێت ئەم راستییە بەم مرۆڤە بڵێت؟ بێگومان نەخێر، چونکە تەکنیک و شێوازی گوتنی ئەو راستییە بەو کەسەی کە لەنێو هزرو بیرکردنەوەی بۆ ئەو راست و بۆ زۆرینە هەڵەو کوشندە زۆر گرانە، واتە تیرۆریست کرداری خۆتەقاندنەوە بە هەڵە نازانێت، بەڵکو بەڕاستیەکی رەهای دەزانێت، ئەرکی سۆسیۆلۆگ و سایکۆلۆژیستەکانیش ئەوەیە ئەو راستییە رەهایەی تیرۆریستان هەڵوەشێننەوە، راستییەکی نوێ بنیاد بنێن کە مرۆڤدۆستانە بێت، ئەو تەکنیکەی ئاسایشێک بەکاریدەهێنێت بێگومان زۆر جودایە لەو تەکنیکەی دەروونناسێک یان کۆمەڵناسێک، بێگومان ئەو نەخۆشە پسپۆری دەوێت بۆ هێنانە سەر رێگەی دروست نەک ئاسایشێکی توند. هێزی هزری دەوێت بۆ چارەسەر نەک هێزی دەمانچەو سەگ و لاقەکردن و توندوتیژی نواندن، بەڵام بەپێچەوانەوە دەزگانی دژە تیرۆر لە رۆژهەڵات بەگشتی زۆرجار خۆیان گەرای تیرۆر دادەنێن بۆ گەشەکردن و زیادکردنیان نەک چارەسەرکردنیان، ئەوەی لای تەها و تیرۆریستانی دی زۆر گرنگە سارێژکردنەوەی ئەو رق و هەست بە داگیرکردنەیە کە کەسی تیرۆریست هەستی پێدەکات، لە بیرکردنەوەی تیرۆریستاندا باوەڕی پتەو

هەیە کە زۆر ئەستەمە خۆیان باوەڕی خۆیان بگۆڕن و بەئاگابێنەوە لەو کارەی دەیکەن، واتە هیچ کاتێک پێیان وانییە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیان هەیە، لەبەرئەوە سەپاندنی بیرکردنەوەیەک جودا لەبیرکردنەوەی خۆیان ئەستەمە قبوڵ بکرێت، ئەوەی دەتوانن ئەو کارە بکەن پسپۆڕانن (شێخ شاکرە بەهێزی قورئان و فەرمووده توانی بیرکردنەوەی چەندان گەنج رامبکات)، ئەگەر بەزەبروزەنگ بیرکردنەوەی هەڵەی کەسێک چارەسەربکرێت، ئەوا ئەو کارە بکرێت ئاکامێکی باشی نابێت، لە ئەنجامدا مرۆڤێکی نامۆو رقگیرو زاڵبوونی هەستی تۆڵەسەندنەوە لەهزریدا لەهەر زەمەنێکی دی بێت سەر هەڵدەدات، تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، وەک ئەوەی تەها ئەنجامیدا.

تەها کاتێک زیندانی دەکـەن، لە زینداندا لاقەی دەکـەن، ئەم کردارە رێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی تەها هەستی خۆبەکەمزانین بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دی، لادروست ببێت، ئەمەش بەردەوام مایەی پەژرارەو قەهرە بۆ تەها، شتێک بتوانێت لەم قەهرەی فریاد بکات تەنیا تۆڵەسەندنەوە لەو ئەفسەرەیە، تەهاش هەر ئەوەدەکات تۆڵەی خۆی لە ئەفسەرەکە دەکاتەوە، واتە ئەوەی لە دڵ و هزریدا هەیە تۆڵەسەندنەوەیە، تەهاش تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، گرنگی ئەم رۆمانەش لەوەدایە، کە بەرامبەر بەم کردارە نامرۆڤانەی تەها خۆشەویستەکەی تەها (بوسەینە) کردارێکی مرۆڤانە ئەنجامدەدات، کە ئەویش پەشیمانبوونەوەیەتی لەو پەیمانەی کە بڕیارواییە کردارێکی نامرۆڤانە بەرامبەر بە دۆستێکی بکات لە بەرامبەر بڕێک پولدا، کە ئەمەش تای تەرازووی رۆمانەکە بەلای مرۆڤدۆستیدا دەشکێنێتەوە.

لەم کۆتاییەدا دەمەوێت باسی ناونیشانی ئەم نووسینەو هەندێک شتی دی بکەم (باڵەخانەی یاقوبیان، لەنێوان مردن و ژیاندا) ئەم نووسینە لە لێکدانەوەم بۆ مردنی تەها، هەروەها (ژیانکردن) شووکردنی بوسەینە (خۆشەویستەکەی تەها)، بە زەکی بەگ دسوقی، بەواتا تەهای جیهاد دۆست و دنیا نەویست بەرامبەر بە بوسەینە ژیان ویست و جیهاد نەویست.

رۆمانی (باڵەخانەی یاقوبیان) یەکێکە لەو رۆمانانەی کە خوێنەرو رەخنەگر دەتوانێت چەندین خوێندنەوەو راڤەی جودای بۆ بکات، رۆمانی باڵەخانەی یاقوبیان ئەو رۆمانەی وەک شیعری (کۆڵان)ی دلاوەر قەرەداغی، جێگەی هەموو شتێکی تێدادەبێتەوە، (خودا بە تورەیی، خودا بە هێمنی- سێکس کردنی مرۆڤانە، نامرۆڤانە - جێگای رق- جێگای خۆشەویستی-

ژیان- مردن- خوداپەرستی-خودانەویستی- نائومێدی- ئومێد- داگیرکردن- فریادکردن- راستی- درۆ- ناکۆکی- تەبایی- دەوڵەمەند- هەژار- جێگەی پلاندانان بۆ جوانکردنی ژیان، جێگەی پیلان دانان بۆ ناشرینکردنی ژیان...) تەکنیکی نووسینی ئەم رۆمانە پێویستی بە توێژینەوەی سەربەخۆ هەیە، لەبەرئەوە هیچی لەسەر ناڵێم، ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم دەستخۆشییە لە وەرگێڕان و چاپکردنی ئەو رۆمانە، چونکە قەبارەو شێوازی چاپەکەی زۆر جوانە، هەروەها لەڕووی زمانی وەرگێڕانیشەوە زۆر باش کراوە، ئەوەی سەرنجی راکێشام لە زمانی وەرگێڕانی ئەم رۆمانەدا، بەکارهێنانی زۆر وشەی کوردییە کە فەرامۆشکراوە ئەو وشانە لە ئێستادا، سوپاس و دەستخۆشیم بۆ وەرگێڕو دەزگای ئاراس.


سەرچاوەکان:

١/عەلا ئەسوانی، باڵەخانەی یاقوبیان، وەرگێڕانی، سەباح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس-هەولێر، ٢٠٠٩.ل٢٨.

٢/هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨

٣/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨

٤/ سازگار کەمال/ رووخاندن-هەرەسهێنان، گۆڤاری زانستی سەردەم/ژ٨/ دەزگای سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠١.ل.٢٢٠.

٥/ /عەلا ئەسوانی، باڵەخانەی یاقوبیان، وەرگێڕانی، سەباح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس-هەولێر، ٢٠٠٩ .ل٧٢.

٦/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣

٧/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦

٨/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩

٩/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١١

١٠/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠

١١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥

١٢/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠

١٣/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧

١٤/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٠-١٧١
١٥/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٩
١٦/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١١١
١٧/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١١٥
١٨/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١١٦
١٩/ عادل باخەوان. تیرۆریستم وەک بیناکردنی کۆمەڵایەتی. چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٧، لا٦١
٢٠/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٦
٢١/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٦
٢٢/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٣
٢٣/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٩٨

harem_o@yahoo.com

# دەق



دوو شیعری کورت
**محەمەد کوردۆ**

پەنجەکانم دەمگرێنن
**زانا سامان**

ئەی ژن... بە دوعا
**بێستون حەسەن**

ماڵئاوا شەڕ ماڵئاوا نیشتمانی غەریبی...!
**ئەحمەد مستەفا نەجمەدین**

چی دەکەی بە کۆشێک پەڕەسێلکەوە
**سدیق عەلی**

گوریسەکانی وشە
**کلارا**

گەمەکان
**عومەر جەلال**

کێ مام تۆفیقی دەنگزل دەناسێت؟
**ئارام کاکەی فەلاح**

هاوڕێ ئاکادیمییەکەم دووجار تووڕە دەبێت
**محەمەد حسێن**

دیدار لەگەڵ تەرزە جاف



**سازدانی: رابەر فاریق**



# دوو شیعری کورت

**محەمەد کوردۆ**

## وەرە خەمناکییم بدە بە ئاوا

**ئەی شۆخی شیرین،**
**یاری دڵئاوا**
**گەردی خەمناکیی ڕوحی تەنییوم**
**وەرە خەمناکیم بدە بە ئاوا**
**ماڵی تەنیاییم تەفروتونا کە**
**ژینی بێ تۆییم بدە دەم باوە**
**وەرە وەک لافاو لەگەڵ خۆت بمبە**
**بەڵام توبی خوا**
**گەر دایکم گریا، دڵ نەرم نەکەی**
**گەر جنێوی دا، لێی زویر نەبی**
**بڵێ پورێ گیان ئەمە لافاوە**
**لافاو سروشتی خۆی بۆ ناگۆڕێ**
**کە هات ناپرسێ،**
**کە ڕۆشتیش ئیتر**
**ئاوڕدانەوەی نییە بۆ دواوە!**
**دەوەرە گیانە**
**ماڵی تەنیاییم تەفروتونا کە**
**ژینی بێ تۆییم بدە دەم باوە!**

# خەیاڵم بۆتە کۆترە باریکە

**کات هەڵکشاوە.. و**
**شار لە ئامێزی گەرمی خەوایە**
**من خەوم نییە**
**خەیاڵم بۆتە کۆترە باریکە.. و**
**لە دارستانی پرچی ئەوایە**
**پێی دەڵێم گیانە**
**بۆ بێ من خەوتووی؟**
**لەو دیو نازەوە**
**بە هەڵچوونێکی بێ نیازەوە**
**دەڵێ: کەی وایە؟!**
**دەڵێ: بەخوا من**
**لە ئێوارەوە**
**دڵم کەوتۆتە ناو پەژارەوە..**
**لە ئێوارەوە**
**هەر تەپ و تلمە.. و**
**بەردەوام هەستم لەلای دەرگایە..**
**لە ئێوارەوە**
**زیاتر لە سەدجار وتوومە خوایە:**
**کوردۆ لە کوێیە**
**لە پڕ پەیدابێ.. و**
**ئەم تەنیاییەم بدات بە (با)یا!!**



# پەنجەکانم دەمگرێنن



**زانا سامان**

**ئێستا ماڵەکەم**
**لای نزیک ماڵی (با)وەیە،**
**هەموو بەیانییەک لە حەوشەکەی خۆیەوە**
**پرچی شۆڕەبییەکان دادەهێنێ،**
**کە ئەزانێت لە بەرامبەری وەستاوم**
**شەرمنییەک دایدەگرێت و**
**پەنجەکانی لە شنینەوە دەکەون.**

***

**رۆژێک ویستم**
**لەناو جەرگەی ئەڤیندا**
**سەرەتاتکێی عیشق بکەم،**
**بەڵام لەوپەڕی دنیاوە**
**ژنێک**
**داگیریکردم و**
**بە ئاوێنەی ژوووورەکەیەوە**
**هەڵیواسیم،**

**ئیتر لەو رۆژە بەدواوە**
**گشت نووزەنووزی شیعرێکم**
**بێ خواستی خۆم**
**دەچن بۆ ئەو.**

***

**ماوەیەکە ژنە شیعرێک**
**دێتە ناو تەنیایمەوەو**
**گۆرانییەکی عەنتیکە دەچڕێ،**
**بەڵام کاتێک تەواو دەبێت**
**تەنیاییم دەزریکێنێ و**
**شەڕی دنیام پێدەفرۆشێ،**
**هێندە حەسوودە تەنیایم**
**نایەوێ ئەو ژنە شیعرە**
**تا مردن لە تەنیشتم بێ و**
**گۆرانیی عیشقم بۆ بچڕێ.**



***

**زۆرجار**
**بە بەرپەنجەرەی ژوورەکەدا**
**رەتدەبێ**
**جاری واش هەیە**
**لە دەرگاکەوە دێتە ژوورێ،**
**لە پڕمەی گریاندابم**
**یان خۆخواردنەوە**
**دەستێک دێنێت و رامدەگرێت،**
**هەر بە گاڵتەوە باوەشم پێدا دەکات،**
**لە هەندێک کاتدا**
**ئاشنام دەکاتەوە بە زەردەخەنە،**
**وادەی هاتنت هێشتا زووە**
**(خۆشبەختی)**
**من**
**بیری کچەکانم دەکەم.**

٢٠١٠/٥/١٤
سلێمانی

# ئەی ژن... بە دوعا



**بێستون حەسەن**

**نا... هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم**
**ئەو هەموو بزە شیرینە بەیتەوە دەست**
**ئێوارە سوورەکانی (با)و ممارەسەکانی سەفەر...**
**گلەیی بێ... هێندە نەبوو**
**ئەم سەفەرە پڕ عیشقەمان چووبوویە ژێر هاژەو هەناسەی یەکەوە.**
**کە دەتزانی سێوە ژنێکی پاییزەی بۆ رێت پێدام**
**تێکەڵ بە نهێنییەکانی پەنجەت بم و**
**لە تریقەی سەرنجێکتا**
**خۆم و شیعر و کوڕێنیشم خاو ببنەوە...؟**
**ئاخر ئێستەش دڵم مەیلی نیشتمانی باوەشتەکا،**
**مەیلی مەرحەباییەکتەکا لەسەر رێگە**
**تا پێم بڵێی:**
**ئاخر شێتە کوا ئێرە شوێنی شەپۆلی خوڕەمی عیشقی دڵدارە!**
**نا... ئێستەش لەو بڕوایەدا نییم**

غەریبی دڵی گرتبـی... دەشێ لە بۆنم تێر بووبی
دەنا چۆنە بە بەرسیلەیی ئەمرنی کە هێشتاکە
وەرزی مێو و ترێ باران نەهاتووە.
کە پێشمەڵێی بۆ سبەینێ نوێژی سەفەرم لەبەرە
لە عەزرەتا شیعر دەڕژێتە سەر جادە و
وەک هەتیوێک دەستی پڕدەبێ لە دوعا...
بۆیە دەڵێم: خۆت دوور بگرە
لە گوناهەکانی بینین و لە حەشری سێبەری دارێک
خۆت دوور بگرە لە رەهێڵەی رەنگەکانی شیعر و
شەڕ لەتەک پێکەنینی پیرە گوڵێک.
چاوت دوورخەوە لەو مەخلوقانەی
یاریی بە نوێژی جوانیتەوە دەکەن و
زەنگوڵ زەنگوڵ پەنجەکانت پڕ دەکەن لە تۆزی ماچ
فریاکەوە... فریای دۆزینەوەی خۆت و
بەیتە شیعرەکانی دەستم و دەنکە هەنارەکانی حورمەت کەوە
ئەوان گەمەیان دێ بە بارانی تەڕوپڕی ئەو کچانەی
باوەشی مەرجانە کوڕێک
عەتر ڕێژ دەکەن... ئەوانن گەمەیان دێ
بە سەفەری چڵ بە چڵی تەماشاکانی پێکەنین...
بیرتە ڕۆژێک چاوت بڕییە قووڵایی گلێنەکانم و
پێت وتم:
چاوەکانت دەمی تەڕی بەهارێکن
گوڵە مۆرەکانی من و
شیلانەکەی سەر تەنیایم سەوز بۆن دەکا!
دەتوت قریوەی پەنجەت و ئاونگی قەڵەمەکەشت
میوەی سەر خوانی ژەمێکە ئایەت ئایەت
ساڵی بێ تۆیی پڕەکا!
بیرت نەچێ... شەنگە ڕۆژیش لە درزی حەوشەکەمانەوە
دواین هیجرەتی بۆ ئاسمان کرد.
ئەی شووشە شکاوەکەی دەستی (با)...
غەدرێک لە من کراوە

له ڕێحانەی دەست قەرەجەکانی سەرجادەش ناچێ
گەورەترە... گەورە بەقەد
سووتاندنی ئەو پەڕە شیعرانەی کە تەڕتەڕ بوون
بە تەنافی کچێنییەوە و کە ماسی بوون
لە بەحری نووقڵانەی کوڕان...
ئەی شووشە گوڵ...
کەس وەکو من لە لیمۆی ئەو لێوانەت تێناگا
کەس چەشنی من لە سیحری پەنجە و دەردەکانی دڵت ناگا...
با نەبیتە دێڕەکانی دەم پەروانە و
لە هەر باخێ تاڵی قژت بدۆزنەوە.
تا هەنووکەش خەڵکی هەموو
ئیرەیی بەو کلوە بەفرانە دەبەن نیگا نیگا دەیهاویتە چاوانی شار
هەر ئێمەین بەرگەی پاییزی ئەو گوناهانە دەگرین،
خوا هەڵناگرێ... چ زوو دواییت هێنا
بە شەپۆلەکانی موحیببەت و خەرمانەکانی بیرەوەریی...
چ زوو رووتنا بە تریفەی ئاوێنەکانی روومان و
بە لۆکەی ئەو سەرینانەی کە شەوانێ
بە گەمەوە شەڕی ماچمان دەفرۆشت بەیەک.
بەس جارێتر فریو مەخۆ،
زۆر گرانە حەسرەتێک بێ و لە کۆڵت نێ
تورە تورە دڵت بڕنێ...
چیت کردووە هێشتا ماوتە دەستی قژت
گوڵ و با و قردێلە بگرێ!
گیای لەشی پیاوێکی ماندوو
بئاڵێتە باخی پەنجەو ترێی گیانت...
شکۆفەیەک چاوی لێتە برۆ دەستی بنێرە دەست
لەگەڵ خۆتا هەلێژەنە لە چۆڕاوی پەشیمانی.
وەرەوە نێو چەمی رۆحم
با چیدی کەس پێ نەزانێ (با)ی ئەوینمان لەکام خاکەوە شەن دەکا
عومرێکە خاڵیم لە ختوکەی پەنجەکانت و لە هەرێزی تامی قژت.
زەمەنێکە نەچووینەتەوە لای بەرماڵەکەی نالی و

نوێژی گوناه لەباوەشی
نیشتمانەکەی خاک و خوڵ کەین.
گوزەشت بەرسیلەکانی بەر قاپی رق و فتواکانی دەمی ئەوان
دەبێ دەستی سڕی من و ئیلهامی لیمۆی چاوانت
جارێکی دی لەسەر مێزی عیشقێکی نوێ
لە یەکتر مارەکەینەوە...
دەبێ ئاگر بەرینەوە دۆزەخ و تف لە حوزن و گەلا بکەین
خۆمان بەینە دەست باران و
شیعر تەڕکەین لە ڕێواسی خۆشەویستی.
منالیمان سێوە سوورێکی کرچ و کاڵ... گەورەیشمان
نیشتمانێک پڕ ئەندێشە و
پڕ گێلاسی بیر و هزرو تاجی خەیاڵ.
کە ڕۆیشتی هەر بە جارێ منت نەکوشت،
بەیەکەوە لێوی شیعر و مینای قەڵەمەکانیشت وەراند
بۆیە سیمای وێرانەیی و پێخاوسی
بە هەناوی دێر بە دێری هۆنراوەکانیشمەوە دیاربوو...
ئەمن خۆم و ماڵی شیعر و سەمای باران
پەیکەری تەڕی بالات بووین،
وەک شۆڕەبی گەورە دەبووی... هەنگاوتەنا
لەنێو حەشری ڕەنگەکاندا بە تەنیا تۆ پێشەنگیان بووی
بەبێ ئەوەی هیچ ڕەنگێکیان لەتۆ بکا...
ئەمن خۆم و چرای تەڕی وشەکانم
دەستی هانامان درێژ بوو... درێژ درێژ
بۆ چەمینەوەی ڕێکە بەژنی
هەموو ئەو کچە عازەبانەی شەتڵی گریان چاندبوونی...
منێک بە قەد هاژەو خوڕەی چەمی سیروان
هاوارێک ڕۆحی گرتووم و
دەستی وەنەوشەم لێ دوورە... تۆ چۆن توانیت
مەیل بدەیتە حەرامترین چێژی ئەوێ؟
ئیدی ئەبێ چۆن پێناسەی خیانەتت بهۆنمەوە
بە چ تەرزێ بتبەمەوە کۆلانەکانی مەحشەر و

ژیان بەینەوە دەست تەمەن!
گوڵم لێرە گوێت لە قیژەی چەمەکانی جوانی نابێ
گوێت لە حەشری قژڕنین و مەنفابوونی عیشقی ژن و
حەڵاڵ بونی حەرام نابێ...
بەدەم حوزنی هەڵبجەوە لەنجەو لاری
عاتیفە کچێک دەبینی... پڕاو پڕ لەژیانەوە
لێوانلێو لە نیشتمانی لەززەت و
لە بەخشندەیی ئەو بەیتانەی حەبیبە دەیدایە گوڵێک...
دەبێ چ ململانێیەک بێ
سەری رقمان نایێتە سەرو ناچینەوە وێستگەکانی ئاسوودەیی
دەشێ چ مەخمورە هەورێکی تەمگرتوو بێ
دەستیمان کردووە بە چەتر و
لە دووکەڵی خەمەکانیا وا نقوومبووین...
من تێناگەم لە خوڕەمی ئەو پەنجانەی
پڕن لە پیاسەی تەنیایی...
تۆ کە پرچت بە تافاوی گریانێکم بشۆیتەوە و
لە مرواری هاتنێکما خەندە بگریت،
گوناهتەگا ئەم حەرفانەم هەڵوەرێنی
کەی شایەنی ئەم خەمە بێ سارێژانەم... ئاخر کچێ؟
کوانێ ئێستە وەختی دووریی و وەختی نووسینەوەی نازە
ئێرە مەزرای ناسکترین حیکایەت و
سەدان شیعری لانەوازە...

Bestoon1617@yahoo.com

# ماڵئاوا شەڕ
# ماڵئاوا نیشتمانی غەریبی...!

**ئەحمەد مستەفا نەجمەدین**

**فلوت بە با پێدەکەنێ**
**کرێوە بە گریان**
**مەرگ دەمی بەنێو جوانیدا دەگوزەرێ و**
**کۆچ بەنێو بەفرینەکانی شیعر**
**پەنجە بەسەر لێوی چەقۆدا ماچ بەجێدەهێڵێ و**
**پیریش تەنکەبەفرێکی پایزیی بەسەر رووخسارمدا پۆشیوە**
**لەودیو شووشەی چاویلکەدا**
**بینینێک، هەور دەبینێ لەسەر برینی ئەحمەد خوناوی داوە**
**ماڵئاوا نیشتمان، بەیانی باش غەریبی**
**تاوی ئاوابوونەم لێ**
**لەنێو تاریکاییەکی درەنگدا پەرێشانی بسکی داوە**
**خەوێک خەیاڵم دادێنێ**
**گۆرانییەکی خالقی هاویشتمییە سەفەرێکی درێژخایەن**
**خەو بە بەژنی دارمێوێکی مەکربازم هەڵدەکێشێ و**
**لە خۆیم رەتدەکات بەنێو کەوانەی وەرزە ژاکاوەکانی عەدەم**

هێواره جوانەکانی بسکی خۆرهەتاو چوون
بەیانی باش نەهامەتی شۆڕش
ماڵئاوا جوانیی...
پاش رووتبوونەوەی بەفر لە ئەستێران و
دوای پچڕانی ئەتارەکانی (ئارماوان)و
سوهرەمەکانی گەڕەکی ژان
من و زەردەشت ئایەتەکانی ئاوێستامان لە رەنگ کرده تابلۆ
سوهرەم گیان- ئەتارەی غەریبی دڵی ئاوارەم مەشکێنه
ئێره تێر شەڕابی نیگەرانیم ناکات
پەنایەک لە موحیبەت نامگرێته خۆی و
بێگەردیی شەوێکی هەولێرییانه بانگم ناکات:
ئەحمەد پەنجەکانت بکە قەڵەم و
هێڵەکانی سەفەر سوورن و
جوانییەکانیش بۆ شەڕن
ئێره گۆزەیەکە لە ناکۆکی و ئەفارەت
ئاسک لەنێو گوڵە بەفرینەکان تۆران و
رێگاکانی رەتبوون بەنێو پەنجەرەکانی شیبا ئەخشێنێ
شەهلا و بێترمە
شیباو وەرین
من و ناکاری و بێ دەرەتانییەکی درێژخایەنتر
ئای خەنینە وەریوەکانی با
بەیانی باش غەریبی
ماڵئاوا بارین
چەندم دەست بەو ئێوارەیەوە گرت ئاوابوون نەیژەنێ
فلووت تۆش ماڵئاوا
شەڕ هەمیشە بەیانی باشمان لێدەکەیت
رایەخی گریانت تادێ رازاوەتر دەبن لەنێو ماڵی هەنیچکۆکەی شیعرم
ئاسمان پێدەشتی کۆچم بەو تاریکییە و

**ناکامڵیی تەقە لە تەقە و**
**گوللە بە گوللەوە نێین و**
**ئەو ئەفارەتە گشتمانی راداو**
**کەژەکانی ئەودیوی بیرکردنەوەی شەڕێک**
**شەقامە جوانەکانمان دادەپۆشێ**
**باحیس نەبوون ئەو پەپوولانەی**
**مەملەکەتێکیان نییە بۆ رەنگرتن**
**هەرێمێک سپیتر لە بەفر من ناپێچێتەوە**
**ماڵئاوا شەڕ**
**ماڵئاوا نیشتمانی غەریبی...!**

١٩٩٨/٧/٧
رانیە







# چی دەکەی
# بە کۆشێک
# پەڕەسێلکەوە



**سدیق عەلی**

لێرە لەوبەر هەیوانی گومڕاییەدا
لەو کوشتارگەی شەرابو
خنکاندنی بادەدا
بە کۆشێک پەڕەسێلکەوە چی دەکەی
بەشی باخچەیەک تەماشا
بەشی لە ڕێسمەبردنی دەرگا برسییەکان شنەبا
لەو شارە ریشنەدا نادۆزییەوە
شوێن پێی کام سنەوبەری چاوبەکلو
کام هەناری دڵ بریندار
لێرە بە دەستێکی پڕ پەنجەی
هەتیوەوە



لەو کۆڵانی عەشق هەڕاجەدا
ڕەشەبای چ ڕووبارێک هەڵیگرتووی
لەو پەرێزی بە هەڵمبوونەدا
چیتداوە لە گرگرتنی پەنجەکانی جگەرەیەکی چڵکن
منداڵانی ئێرە لەوسەری کۆلارەوە
تا ئەوپەڕی گڕووگرتن
لەمدیوی چەکەرەییەدا تا ئەودیوی هەڵوەرین
لێرە لەو ئاواییە بێ جریوەیەدا
تاریکیی بەرپا دەکەن
مانگ کۆدەکەنەوەو



ئەستێرە لەسەر جۆلانەکانیاندا پاڵ دەخەن
تێنەگەیشتین بۆ لەم بەردەمە
تەمەنی پەپوولەیەک کورتترە لە میزاجی گورگێکی خوێنڕێژ
کوندێک بەدبەختترە لە هەڵۆیەکی داوێن پیس
لەو بەردەمە بۆ پێکەنینمان بەشی ژێرکردنەوەی
فانۆسێکی بە عیشوە ناکا



دڵمان لە هەورازەکانی ترپەدا
بۆ نەگەیشتە خەڵوەتی دۆستانی هەتاو
نەمانزانی
بۆ لە کۆبوونەوەی ئەو هەموو یەئسەدا
چرایەک خۆی ئاگر نەدا
گیتارێک خۆی نەژەنی
زریانێک خۆی پاڵ نەنا
دەرگایەک خۆی نەکردەوە
کەسێک خۆی نەهێنایە ژوورەوە
من کۆڵانێک پێ دەزانم
بێئەوەی تەماشام بە سیلەی سوێبانەکانیدا هەڵواسم
بێئەوەی نیگام بگرمە داوێنی دەرگایەکی
زیاتر لەو ئەستێرانەی شەو بە دیارییەوە هەڵدەکورمێن
زیاتر لەو دەستانەی چارەنووسی پەنجەرەکانی قفڵ دەدەن
من هەر لەوێم
چاوەڕوانیی لە تەنیشتمەوە وەستاوەو مەرگ بەرپا دەکا
تاریکیی لە بەردەمم دانیشتووەو زەمەن بە رووبارەوە گرێ دەدا
بێئەوەی بەخۆم بزانم
بەو ئاخیری عومرەوە
هەر لەو کۆڵانەو چاوەڕوانیش بە تەنیشمەوە هەر لاودەبێتەوە
چی دەکەی بە کۆشێک پەڕەسێلکەوە چی
بەیانیانی ئێستا وەک هی ئەو زەمەنە پەمەییەی ئەودەم نەماون
نیوەڕۆیانی ئێستا
وەک جاران بە سکی برسییەوە خەو نایانباتەوە
عەسرانی ئێستا سێبەرێک نەماوە بۆ پیاسەی پشیلەیەکی توکن

ئێواران کەس عەشق ناباتە پشت ماڵ
شەوانە کەس دڵی دەرگا ناداتەوە
کەس لەگەڵ ئومێددا پاڵ ناکەوێ
کەس بە دیار تریشقەکانی چاوەڕوانییەوە خەو نایباتەوە
من ماڵێک پێدەزانم
زیاتر لەو کۆترانەی دەنووکی لێدەگۆڕنەوە
زیاتر لەو تاریکییەی لە گەردنی دەئاڵێ
زیاتر لەو جریوانەی بە سوانەکانییەوە دەمرن
من هەر لەوێم
تۆش بە باوەشێک نازانم چییەوە
نەمای لێرە
نەمای تا لە هاتوچۆی نێوان ئەوسەری دارهەنجیرێکەوە
بۆ ئەوپەڕی دارتوویەکی پەرچەم خۆڵاوی
دیقەت لە زەوقی پەڕەسێلکەیەکی خانە خەراب بگری
نەمای تا تێبگەی گوژاڵکی چاوەڕوانی تاڵترە
یان پەشمەکی بن سێبەرەکانی فیراق
من کۆڵانێک پێدەزانم
ماڵێک پێدەزانم
نەخێر من هیچ شتێک پێ نازانم
لەوەتەی هەم لەگەڵ پەڕەسێلکەیەکدا باران نادۆزمەوە
بەفر ون ناکەم
لەوەتەی هەم ئاگرم بەرنەداوەتە کۆڵانێک
سەربانێکم بە زیکر تەڕ نەکردووە
پەنجەم نەخستۆتە نێو پەنجەی دارهەنارێک
قێزی قالۆچەیەکم نەکردۆتەوە
لە دەرگای شعوری هیچ کانییەکم نەداوە
من هیچ شتێک پێ نازانم
لە کەپری ریشۆڵەیەکی بە دەستنوێژەوە
تا دەواری دوعایەکی خنکاو
لە مەزرای شیعرێکەوە
تا بێشکەی خەمێکی چاو گەش

هیچ شتێک ناخزێتە ناو پەڕاوەکانی شعوری من
چی دەکەی بە کۆشێک پەڕەسێلکەی برینداروەوە
ئەو هەموو جریوەیە لەکوێ دەڕژێنی
لەو ئاواییە بێ مروەتەدا هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر بەجێهێشتن
هەموو ڕێگاکان بۆ ڕۆیشتنن
هەموو دەروازەکان بۆ نەکرانەوەن
هەموو چراکان بۆ ئاگر نەدانن
هەموو گیتارەکان بۆ نەژەنینن
هەموو کەسەکان بۆ نەهاتنە ژوورەوەن
من کۆلانێک شک دەبەم
ماڵێک شک دەبەم
ئێستا بۆنی چایەکی عاشق سەمای تێدا ناکات
هەڵمی شۆربایەکی ئێسک سوک
نائاڵێتە یادەوەریی پەنجەرەکەی
کچێکی لێ نییە چاوەڕێی تێپەڕینی دێوەرەیەکی بازنفرۆش بێ
هەیداد هەی بێداد
برین کەوتۆتە مێژووی
ئەم ئاواییە ریشنەی من
لەوەیە ئێستا مردبام و
زەفەرم بە کردنەوەی پەنجەرەکی دی نەبردبا
لەوەیە ئێستا مردبام و
فریا نەکەوتبام دەردەدڵ لەگەڵ دەرگایەکی دیدا بکەم
بەهێواشی حەیای ڕێواسێکم خستبایە بەرچاوی باران
چاوی کانییەکم لە هەتاو شاردبایەوە
لەوەیە ئێستا نەبام و
نەمتوانیبا لەو ئاهەنگەدا وێنەیەک لەگەڵ سنەوبەردا بکشێم
لەگەڵ سێبەردا گۆوەند بکەم و
لەگەڵ تەنیاییدا بگەڕێمەوە بۆ ماڵ
لەوەیە ئێستا مردبام و
ئەو کتێبەم لەدەست نەکەوتبایە رووبار
ئەو چیرۆکەم لەچاو نەخزیبایە خوار



ئەو بەسەرهاتەم نەگەیشتبایە دەمی پاسارییەکانی کۆڵان
هەیداد هەی بێداد
ئاستەنگ کەوتۆتە بەردەم پیاسەی دوو هەنار
گومان دەکرێ لەوەی پەنجەرەکان لە هێنانە ژوورەوەی تیشکدا
دزی بکەن
تۆش بە کۆشێک پەڕو باڵی وەریوەوە
چیتداوە لە خاپووربوونی باڵەخانەکانی تەمەن
بەو هەموو یەئسەوە
قەبری ئەژدادی کام پەڕەسێلکە
پڕدەکەی لە هەتاوی نەعلەت
بەو بەیانی زووە
ئاگر لە سوچی کام بیابانی زەمەن بەر دەدەی
دەتەوێ ئەو منداڵانە لە سێبەری کام باخچەدا خەو بڕوێنن
لە سێبەری کام درەختی تووکندا
تاریکیی رابخەن‌و تیشک بوەرێنن
منداڵ بۆ ئەوەیە دارستانەکان بە تەنیا نەمرن
منداڵ بۆ ئەوەیە پەپوولە بە تەنها نەوەرێ
ئەستێرە بە تەنیا نەکوژێتەوە
باران بەبێ کەسی دانەکا
کۆتر بەبێ مرازی هێلانە نەگرێتە کۆڵ
هەتاو لە خۆیەوە گرێبەستە سپییەکانی بەفر هەڵنەوەشێنێتەوە
منداڵ بۆ ئەوەیە
لە رەشنووسەکانی زەمەندا
کەسێکی تر هەبێت بۆ عاشقبوون
ماڵێک هەبێت بۆ بەخێوکردنی گومان
کۆڵانێک هەبێت بۆ لە یەکدابڕینی دوو چەتر
بەو عەسرە درەنگەوە
بە کۆڵێک دەنووکی وەریوەوە
لەو ئاوەدانییە ریشنەی من چی دەکەی
کام شنەبای بۆن دووکەڵو
کام رووباری دڵبریندار هەڵی گرتووی

# گوریسەکانی وشە



**کلارا**

-١-

**لەگەڵ هیچ پیاوێک بەیانیم نەبینی**
**ئەمە وای لێکردم**
**شەوێ بە دزی خۆت**
**لەگەڵ تۆدا خەوتم**
**ئیدی هیچ بەیانییەکیش نەهاتەوە.**

-٢-

**رقم لە شەوە**
**چوون لە خۆم ئەکات**
**چۆن من هەموو جارێ خۆم**
**لەژێر چاکەتەکەت ئەشارمەوە**
**ئەویش ئاوا هەموو جارێ خۆی لە پاڵ تاریکاییدا**
**حەشار ئەدات.**



-٣-

((با)) قژی ئەم پەڕانەم ئەفڕێنێ
کە باس لە تۆ ئەکەن
ڕەنگە ئەو منی پێ جاسووس بێ...

-٤-

هەموو بەیانییەکانم
کردۆتە ئێوارەیەک
نیوەڕۆکان
ش...
ئێوارەن
ئێوارەیەک جوانترە لەلام
لە هەموو ئەو بەیانییانەی
کە بەیانیم تێدا ماچکردووە.

-٥-

من گۆرانیی نووسم
خەریکی نووسینەوەی گۆرانیم
کەس گۆرانیی نەڵێ...

-٦-

دەریاچەکەم
ئیبلیس لە تۆوە فێری (نا) بوو.

-٧-

بڕینەوەی درەختەکانی ئێرە
فێرم ئەکەن
بۆ بینینی دەم و چاوێ مانگ بتۆرێنم.

-٨-

ناگریم
ئەو پێکەنینەی لەنێو گریانەکانمە
ترسناکە...

-٩-

چ سیحرێکی لە دواوەیە!
دەستم هێندە فێری گرتنی قەڵەم بووە
هەر بۆ ئەوەیە ترسی لە نووسینەوەی قەڵەم هەیە
-قەڵەم ئەنووسرێتەوە؟
+ وتم نا
نانا

-١٠-

کە بووکەشووشە ئەدرێتە دەست مناڵ
من دوو هێندە
عاشق ئەبمەوە.

-١١-

ژیان
جگە لە راکردنی کیسەڵێک هیچی تر نییە.



-١٢-

بارانەکە بۆنی خۆڵی لێدێ
بۆنی وەرینی دار،
حەرفێ
گیرۆدەی نووسینەوەی بووە.

-١٣-

حورمەتی هاتنم بگرە کاتێ دێم
تەماوییم
زنجیری ملم پچڕاوە
کورسییەکەی خۆمم لە خۆمەوە شکاند
وامزانی لە کورسییەکەی ئەوان
ئەکات.

-١٤-

هێندە عاشقی شەراب بیت
لە دوایین قوما زیندووت ئەکاتەوەو هیچی تر
پێ بکەنە
پێ بکەنە و پێ بکەنەو پێ بکەنە و
هەموو شتێ
با زەرفەکە شڵپە بکات لە قاقا
قاقای تر بخەرە نێوی
ئاسمانێکی بۆش ئەبینم
وەک بە حەرفبوونێک
ئاخر ئەم بە حەرفبوونەش جۆرە زۆڵییەکە
بۆخۆی.

-١٥-

من بەو منە بسپێرە
من ئەو منە نیم
من لە قەپێلکی ئەو منە هاتوومەتەدەر
شکانی قەپێلکیشم خولْقاندووە.



-١٦-

**که ئاوێنەکەی تۆ هیچ حیکمەتی نەبێ**
**ئەی بۆ ئەبێ**
**دەستگرتنێکی من پڕ لە حیکمەت بێ؟**
**که ئاوێنەکەت تەنیا ئیشی ئەوەبێ خۆت نیشان دا**
**ئەی لە کوێوەی ئەم ئاوێنە**
**شکانت ببینم.**

-١٧-

**پێڵاوەکەم ویستوویەتی بگەڕێتەوە ئێرە**
**تا بزانێ ئێرە لە کوێ حەشاردراوە**
**تۆ قینت لە هەر شەقامێکی خۆڵاوییە**
**ناسینێکی دیکەت پێ ئەناسێنێ**
**پێڵاوەکەم ئەڕوات**
**چوون بیرکردنەوەیەک نەخولقێندراوە.**

زستانی ٢٠٠٩

KLARA_EWARE@YAHOO.COM



# گەمەکان

عومەر جەلال

با گەمە بە درەخت دەکات
درەخت بە گەڵا
گەڵا بە زەوی
زەوی بە ڕۆحی من
ڕۆحی من بە ژیان

ئاسمان گەمە بە ئەستێرە دەکات
ئەستێرە بە چاوی تۆ
چاوی تۆ بە من
من بە مەرگ
مەرگ بە جوانیی

باران گەمە بە پرچت دەکات
پرچت بە دەستی من
دەستی من بە جگەرە
جگەرە بە هەناسەم
هەناسەم بە ونبوون

**سەفەر گەمە بە نیشتمان دەکات**
**نیشتمان بە وێرانبوون**
**وێرانبوون بە عەشق**
**عەشق بە فڕین**
**فڕین بە ناکۆتا**

**رابردوو گەمە بە رانەبردوو دەکات**
**رانەبردوو بە ئایندە**
**ئایندە بە ئاسوودەیی**
**ئاسوودەیی بە چارەنووسی من**
**چارەنووسی من بە تەنیایی**

**ئاوێنە گەمە بە رووخسارم دەکات**
**رووخسارم بە تەمەنم**
**تەمەنم بە بێهودەیی**
**بێهودەیی بە شیعر**
**شیعر بە ئاوەزم**

**ئاو گەمە بە ئاگر دەکات**
**ئاگر بە شاعیر**
**شاعیر بە وشە**
**وشە بە خوێن**
**خوێن بە خۆکوشتن**

**ژووان گەمە بە شوێن دەکات**
**شوێن بە نامۆیی**
**نامۆیی بە مەستیی**
**مەستیی بە چاوەڕوانیی**
**چاوەڕوانیی بە من**



فێبریوەری و ئاپریلی ٢٠١٠
omerjelal@yahoo.com

چیرۆک:

# کێ مام تۆفیقی دەنگزل دەناسێت؟



ئارام کاکەی فەلاح

من ئەو ڕۆژەی هاتمە ژووری سەرەوەی ماڵی کاک تۆفیقی دەنگ زل و ژوورە بێکەڵکەکەیم بەکرێ گرت، قەت ئەوە نەدەهات بە خەیاڵمدا کە سێ ساڵی تر نابات من دەبمە خاوەن ماڵ. من تازە لە زانکۆ وەرگیرابووم، بەڵام لەبەر سەرهێشەکەم (میگرێن) نەمدەتوانی لە ژوورەکانی ناوخۆ لەگەڵ چەند هاوتەمەنێکمدا بژیم، ئێمە لە تەمەنێکدا بووین کە بەهەموو شتێکی دونیا پێدەکەنین و گاڵتەمان بەهەموو کەسێک دەهات، بۆیە سەرهێشەکەی منیش دەبووە مایەی فشقیاتی هاوڕێکانم و بە قسەی دوکتۆر بەرەو خراپتری دەبردم، بۆیە پێشنیاری ئەوە کرا کە دوور لە دەنگە دەنگ و جڕت و بەزمی شەوان، من لە ماڵێکدا بتوانم ژوورێک بەکرێ بگرم و بە هێمنی بژیم و خوێندنەکەم تەواو بکەم. بە هۆی خزمێکمانەوە کە کاک تۆفیقی لە دوورەوە دەناسی و وتی زۆر پیاوی چاکە، ئەی بۆ پێی دەڵێن دەنگزل؟ تۆ حەقت چییە بەسەرەوە، دوایی خۆت پێی دەزانی. کەمێک دەنگی زلە و هیچی تر، ژوورێکی هەیە، گەر دەتەوێ بچۆ بۆلای، بزانە دەیدا بە قوتابی تەمەنی تۆ؟

جا من چونکه مانگی یەکەمم لە ژووری ناوخۆ بردبووە سەر و لەناو چەقەنەو فیکە و دووکەڵی جگەرەدا نەمدەتوانی هیچ بخوێنمەوە، بۆیە یەکسەر چوومە لای کاک تۆفیق و وەک پەپوولەیەک لەبەر دەمیدا وەستام، پەپوولەیەک کە هیچ گوڵ و چیمەن و درک و باخ و خاشاکێک دڵی نەیەت دەری بکات. پەپوولەیەکی بێ باوک و دایک کە ئەگەر پەنایەکی نەبێ گوڵەکان دەیماشنەوەو سروەی شەماڵ دەیڕفێنێت، من قەت کوڕێکی فێڵزان نەبووم، بەڵام چونکە پێویستم بە ژوورێک بوو، زۆر فەقیر خۆم پێشان دا. ئەویش هەر سەیری کردم و سەیری کرد، سەری هێنا و سەری برد، وتی باشە وەرە پێشم کەوە.

من کوڕێک بووم، تەواو بڕوام بە زانست بوو، بۆیە ئەو کاتەی کە هاوڕێکانم بەزۆر منیان خستە بەردەمی ئەو ژنەی کە لە نزیک زانکۆوە دەستی خەڵکی دەگرتەوە، لە پێکەنیندا سەرم خەریک بوو وەک شووتییەک قاش بێت، هەر دەمی هەڵهێنایەوە قسەکەم لە دەمی وەرگرت و وتم دەزانم دەڵێی چی خانم! من سەفەرێکم لەبەردەمدایە، قیتارەکە ئەو هەموو ڕێگەیەی بڕیووەو هاتۆتە بەر دەرگا، هەندێ کەس ڕقیان لێمەو حەسوودیم پێ دەبەن، ماوەیەکی تر دەوڵەمەند دەبم و پارەکانم وەک دیوار هەڵدەچنم، کچێکم خۆشدەوێ و یەکێکی تر دەبێ بە نسیبم و دوای چوار منداڵ هەمیشەش خەون بەوەی یەکەمەوە دەبینم. لەگەڵ هەر دێڕێکیش لەمانە هاوڕێکانم وا قاقایان لێ دەدا، وەک تەماتە سوور ببوونەوە، خانمیش وەک قسەکانمی پێ خۆش بێ، وتی چی تر؟ وتم: دەبم بە خاوەنی باخچەی ئاژەڵان، مەیموون و پڵنگم لە ئەفریقاوە بۆ دێ، هەر بە هەلیکۆپتەر بۆم دادەبەزێنن، زەڕافەم بە پەڕەشووت بۆ شۆڕ دەکەنەوە، پڕی دەکەم لە مارو دووپشک، شەوێک کەسانێک کە حەسوودیم پێ دەبەن، دەرگاکانی دەشکێنن و هەموویان بە شاردا بەرەڵا دەکەن، ئەوانیش خەڵک دەخۆن و پێیانەوە دەدەن، تەلەفۆنم بۆ دەکەن و منیش ئەمر دەکەم تەقە لە ئاژەڵەکان بکەن، ئەوەی دەکوژرێ، دەکوژرێت و ئەوەشی دەگیرێ، لەبەر پێکەنین هیچ وشەیەکم بۆ نەهات، تا هاوڕێیەکم بۆی تەواو کردم و وتی ئەوەشی دەگیرێ هەر دەکوژرێ، ئیتر هەموومان دامانەوە قاقای پێکەنین و لەناو ئەم پێکەنینانەدا خانم بە دەنگێکی کزەوە وتی، نا، تۆ لەوە دەچێ بەم نزیکانە خانوویەک ببێ بە نەسیبت، هەر تەواو بە هیچ و خۆڕایی. ئیدی دوای ئەوەش کە خانمی دەستگرەوەمان بە جێهێشت تا نیوسەعاتیش پێکەنینەکە بەری نەدابووین.

جا ئەو کاتەی کە بۆ یەکەم جار کاک تۆفیق منی بەسەر قاڵدرمەکاندا سەرخست تا ژوورەکەم پیشان بدات و کلیلەکانی سەرەوەم پێ بدات، نەمدەزانی

سێ ساڵ نابات من ئەو بەسەر هەمان قاڵدرمەدا بەرەو خوارەوە ڕایی دەکەم و کلیلەکانی خوارەوەشی لێ وەردەگرم. ژوورێک بوو، دەتوانم بڵێم پەڕپووتترین ژووری دونیا. من بەهۆی نابووتی ژیانمەوە ژووری پەڕپووتم زۆر بینیووە، هەر لە ماڵی خۆمان و زۆربەی خزمەکانمەوە، تا دەگاتە هاوڕێ نزیکەکانم کە هەیانبوو دە کەس لە تەنها ژوورێکدا، بەڵام بەم جۆرەی ژووری سەرەوە نا. هەموو جارێک کە ئاو دەهاتەوە و دەڕژایە تانکییەکەی سەرەوە، سەقفەکەی بە جۆرێک دەلەرایەوە دەترسام بەسەرمدا بڕووخێت. دیوارەکانی وەک حەسیر تەنک، بە ڕەشەبایەکی قایم وەک ژوورێکی لە مقەبا دروستکراوی منداڵانە دەچوو بە ئاسماندا، پەنجەرەی تیا نەبوو، بەڵام کۆمەڵێ درزی تیا بوو وەک پەنجەرە بەکاردەهێنرا، ژوورەکەم تێکەڵییەک بوو لە بەرد و خشت و کارتۆن و نایلۆن و سیکۆتین و پووش و تەپاڵەو سابوونی ڕەقی. من خۆشم سەرم لەوە دەرنەکرد کە بۆ کلیلی دامێ، خۆ دەرگاکەی داتبخستایە و داتنەخستایە وەکو یەک بوو. هەفتەی یەکەم دەستێکی باشم پێدا هێناو کردمە شوێنێک بتوانم نیمچە ژیانێک تیا بژیم. من هەموو ڕۆژەکە لە زانکۆ بووم و تەنها ئێواران درەنگ بۆ نووستن دەگەڕامەوە. لە ماوەی سێ ساڵدا تەنها شتێک کە زۆرتر بێزاری دەکردم دەنگی زلی کاک تۆفیق بوو، بە تایبەتی بەیانیان زوو کە خەبەری دەبووەوە و لەگەڵ ژنەکەیدا قسەی دەکرد، هەر شتێکی دەوت، هەر دەتووت لە ژوورەکەی مندا دەیڵێت، نەک ئەوە، بەڵکو بە قسەکردنی هەموو گەڕەک خەبەری دەبووەوە. من لە ژیانمدا خەڵکی دەنگ زلی زۆرم بینیووە، ئێمە خۆمان هەر میللەتێکین بە دەگمەن بە دەنگی نزم قسە دەکەین، بەڵام بەو جۆرەی تۆفیقە فەنی بڕوا ناکەم هەبێت. کە لە حەوشە بە ژنەکەی دەوت: بەیانیت باش، گوێم لێ بوو بە دەیەها کەس لە گەڕەک هاواریان دەکرد، کاک تۆفیق جارێ زووە، ماڵت ئاوا بێ، وازی لێ بێنە با نیو سەعاتی تریش بخەوێت، من ماوەی سێ ساڵ هەوڵی زۆرم دا ئەو شوێنە بەجێبهێڵم و ژووری تر بگرم، بەڵام هەموو کاتێ کە دەیانزانی گەنجێکی تەنیام، یەکسەر بیریان بۆ شتی قۆڕ دەچوو، بۆیە ژووریان نەدەدامێ. لای ئێمە مرۆڤ ناتوانێ نە منداڵ بێ، نە گەنج، بۆئەوەی کۆمەڵگا قبووڵت بکات دەبێ زوو گەورە بیت و ژن بێنیت و ببی بە پیاو، یان زوو دەوڵەمەند بیت، من هیچیان نەبووم، بۆیە دەبوایە بە هەورەگرمەکانی کاک تۆفیق ڕازی بم. هەرچەند دەنگی وا بوو، بەڵام خۆی تا بڵێی پیاوێکی باش بوو، بەڵام دڵڕەقی بازاڕ و گۆڕانی کتوپڕی خەڵکی و مەیلی زۆریان بۆ دەوڵەمەندبوونێکی خێرا، کەمێک ئەویشی گرتبووەوەو لەو دواییەدا ئەویش فێربوو بوو نرخی لەسەر جلەکان نەدەنووسی، بەڵکو سەیری

موشتەرییەکەی دەکرد و هەندێ جار دووقاتی دەوت و ئینجا تۆزێکی لێ دادەشکان و بە قازانجێکی زۆرترەوە دەیفرۆشتەوەو لەدوای هەمووشتێکیشەوە پێش ئەوەی پارەکە وەربگرێت، فێربوو بوو دەیوت تووخوا با لەسەر خۆمان بێت. ڕۆژێ من بەلای دووکانەکەیدا تێپەڕیم، گوێم لێ بوو یەکێ لەمانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دێنەوە، شتێکی لێ دەکڕێ، بەڵام کاتێ کاک تۆفیق دەڵێ، با لەسەر خۆمان بێ، ئەویش دەڵێ، بەڕاستە، ئێ دە باشە، ئەویش شەقام بە شەقام بە دەنگە زلەکەیەوە دوای دەکەوێ و دەڵێ وەڵڵا کوڕە! درۆم کرد، گاڵتەم کرد، سوعبەتم کرد، تۆ گاڵتە نازانی؟ ئەویش بەناچاریی پارەکەی دەداتێ و دەڵێ، دەنگت وا زل نەبوایە، پارەکەم نەدەدایتێ، بەس بۆیە پارەکەت دەدەمێ تا بچی نەشتەرگەرییەکی قوڕگت بکەیت و ئەو موکەبەرەیەی لێ دەربکەی. کە هاتەوە دووکان و منی بینی، وتی، ئەم سمێڵ تاشراوانەی ئەوروپا سوعبەت نازانن، منیش وتم، منیش سمێڵم نییە، ئەویش وتی، تۆ جارێ مووت لێ نەهاتووە، قسە مەکە، سەر زل! ئەوە یەکەم جار و دووا جار بوو، شتێکی وا بە من بڵێ، دەنا منی زۆر خۆشدەویست و وەک کوڕی خۆی سەیری دەکردم. لە ماوەی سێ ساڵدا هەچ کاتێ خواردنێکی خۆشیان بکردبایە کەمێکیان بۆ دەهێنامە سەرەوە، چەندەها جار پانتۆڵ و تێ شورت و کراسی بە دیاری بۆ هێناوم. تا ئێوارەیەکیان هاتمەوەو لە دوورەوە دراوسێکانم بینی و پێیان وتم کە پیرێژن کۆچی دوایی کردووە، منیش وتم ئەی بۆ لەم دوورەوە وەستاون؟ وتیان ئەوە دوو سەعاتە دەگری، زۆر بە دەنگی بەرز دەگری و گوێچکە تەحەمولی ناکات، دووکەس پەردەی گوێیان تەقیوە، چاوەڕێ دەکەین ژێر بێتەوە، تا بچین بۆ لای.

کوڕی خۆم! من زۆر منداڵ بووم، ڕۆژێک لە دێیەکەی خۆمان بوومە شوانی کۆمەڵێک مەڕ و ماڵات، لەگەڵ مەڕ و بزنەکاندا ڕاکە ڕاکەو یاریم کردووە، چەند ڕایان کردووە، منیش ئەوەندە، چییان خـواردووە، منیش ئەوەم خواردووە. هەرچەند من خۆم یادم نەماوە، بەڵام شتێک دەدۆزمەوە وەک فیکە، کە فووی پیا دەکەم دەنگێکی زلی لێ دێ، لە ڕاکردنمدا دەپەڕێتە قووڕگم و لەشوێنێک جێگیر دەبێت، لە دووری دوورەوە دەمتوانی مەڕەکان بانگ بکەم، ئیتر هەموو کەس باسی دەنگی منیان دەکرد، من خۆم ئەوەم بیرە دایکم لە ژوورەوە هەمیشە دەنگی زلی منی کە بۆ ژنان و میوانان دەگێڕایەوە، دەیوت، کوڕەکەم لەگەڵ بزنەکاندا گیایەکی خواردووە کە وای کردووە دەنگی وا زل بێت، پاش ماوەی چەند ساڵێک کە منیان پیشانی دوکتۆر داوە، وتوویەتی کە شتێکی تیایە، لەگەڵ قووڕقووڕاگەو گۆشت و ماسوولکەو کرکراگەدا وا چەسپیوەو بووە بە یەک،

ناتوانێ بە ئاسانی دەریبێنێ، گەر دەریبێنێ مەترسی ئەوەی هەیە کە ژێکانی دەنگی بڕووشێنێ و بۆ هەتا هەتایە دەنگی لەدەست بدات. بۆیە باشترە وازی لێ بێنن، نانی باش بۆ قووت دەچێ و ڕێگریش نییە لە هەناسەی. ڕۆژێ دێت و وەک هەموو ئامێرێکی تر پەکی دەکەوێت و دەنگی ڕاستەقینەی خۆی بۆ دێتەوە.

دوکتۆر ڕاستی کرد، هەر دوای مردنی ژنەکەی، کاک تۆفیق وەک ڕادیۆیەک کز بوو، بە حاڵ نووزەی دەهات، کە قسەی دەکرد، دەبوایە هیچ خشپەیەک نەیەت تا بزانی چی دەڵێ، هەفتەیەکی نەبرد، تەواو پووکایەوەو وەک پارچە سەهۆڵێک لەبەر قرچەی هەتاودا بەجێمابێت، ئاوا توایەوەو زەعیف بوو، ژیانی بەجۆرێک گۆڕا، کەس نەیدەناسییەوە. تەواو بووە مرۆڤێکی تر، مرۆڤێکی وا ترسنۆک، کە زیڕە لە سێبەری خۆی دەکات. من دەمزانی پیاوانی ئێمە بە بێ ژنەکانیان تەواو دەبنە منداڵێکی گەورە کە گۆرەوییەکی خۆیان بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵام بەم جۆرەی کاک تۆفیق قەت نەمبینیبوو، چەندەها جار بە شەو ڕایدەکردە سەرەوەو دەیوت کە خوارەوە شتێکی لێیە، کە دەچووم، هیچ نەبوو، دەیوت یەکێک بە ژوورەکاندا هاتوچۆ دەکات. ماوەیەکە نازانێ پشتێنەکەی لە کوێیە، تەلەڤیزیۆنەکەی هەندێ جار لە خۆیەوە کەناڵەکانی دەگۆڕێت، ئەمشەو پیرێژن هاتۆتە خەونم و وتوویەتی دەبێ هەموو تێ شێرتەکانی دووکان بە نیوەقیمەت بفرۆشمەوە، ڕۆژی تر دەهات و سەد هەزاری لەسەر کورسییەکەم بەجێدەهێشت و دەیوت، پیرێژن وتوویەتی، ئەوە دیاری ئەوە، جارێ منی بردە خوارەوەو وتی بە گۆڕی ئەو ژنە ئازیزەم، ئەو گوڵدانە، هەفتەیەکە سەیری دەکەم، لەلای چەپی تەلەڤیزیۆنەکە بوو، ئێستا دەبینی لای ڕاستە. گوڵەکانم یەکێ دێ ئاویان دەدا، تاکە پێڵاوێکم بە سێ سەعات بۆ نەدۆزرایەوە، دوایی لە ئاودەست بوو، من بە پێڵاوەوە ناچمە ئاودەست. یەکێ دێ و خواردنەکانم لە سەلاجەکە دەخوات. ڕۆژێ هاتمەوەو ئەم ناوە پیس بوو. ئیدی ئەو ڕۆژە هات، کە قەت چاوەڕێم نەدەکرد، ئەو ڕۆژەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە شوێنێکی خەیاڵمدا مابووەوە، ئەویش قسەی دەستگرەوەکە بوو، کاک تۆفیق، هات و وتی کوڕم گوێ بگرە! ئەمشەو پیرێژن هاتۆتە خەوم و پێی وتووم، ڕۆڵە تۆفیق! تۆفیقی دەنگخۆش! ئەوە چی دەکەیت؟ بۆ ژیانی خۆت، ئەوەی کە ماوە فڕێ دەدەیت؟ بۆ ناچیتەوە بۆ دێکەی خۆمان؟ لەوێ ئێستەش کەسانێکی لێن کە خۆشیاندەوێیت، کچی مامەکەت ئێستاش چاوەڕێیت دەکات، بچۆ بیهێنە، زەماوەندێک بکە، ئەو هەموو زەوی و زارەت هەیە، دووکانەکە بفرۆشەو ئەمماڵەش بدە بە کوڕەکەمان. منیش وتم، بۆ کێ؟ بۆ من. نا خاڵە حاجی سوپاس، من خانوو ناکڕم، کوڕم گوێ بگرە ،

تۆ دەزانی من ئەم خانووەم بەچەند کڕیوە؟ بە ٨ پارچە، بڕوا بکە، ئەو کاتە کڕیم کە هەموو کەس لە تاو گیانی خۆیان ڕایاندەکرد، هەر کاتی ڕاپەڕینەکەی ٩١، بڕوا بکە، ٨ پارچە. من دەیدەم بە تۆ، پیرێژن وتوویەتی، ئاخر من نامەوێ، من ٨ پارچەشم بۆ پەیدا ناکرێ، کوڕم من پارەم لە تۆ ناوێ، بەس هەر وا دەنووسین ٨ پارچە. دڵم مەشکێنە، ئەوە داوای پیرێژنە. بەیانی دەچین بۆ تاپۆ، وەرەو حەقت نەبێ. چووم لەگەڵیا، تا دووسەد ژوور خۆم گرت و هێزم پێ نەما، وتم کاک تۆفیق زۆری ماوە؟ پێکەنی و وتی سێ سەدی تری ماوە، ئەمانە بۆیە وا دەکەن تا نە کەس زەوی بکڕێ و نە کەس موڵک بفرۆشێت. چەند ڕۆژێکی پێ چوو تا تەواوبوو، چووینە بەر دەمی مودیری تاپۆ و سەیرێکی کرد نووسراوە ٨ پارچە، وتی ئێوە گاڵتەمان پێ دەکەن، کاک تۆفیق وتی، نا قووربان، حەدمان چییە؟ بەڕێوەبەر وتی، بە ٨ پارچە، تۆ تێکچووی، ئەویش وتی جارێ نا، بەڵام کەمێکم ماوە، بەڕێوەبەر سەیرێکی کرد و هەموو فایلەکەی دڕاند و وتی گەر عاقڵیت و تێک نەچوویت، هەموو مەعامەلەکەم لە سەرەوە بۆ بکەرەوە. کاک تۆفیق وتی بەسەر چاو، هاتینە دەرەوەو وتم خاڵە حاجی با وازی لێ بێنین، من خانووم ناوێ، من جارێکی تر هەزار کۆشکم بدەنێ تاقەتی ئەو هەموو ژوورەم نییە، وتی کوڕم! تۆ حەقت نەبێ، هەمووی خۆم دەیکەمەوەو دێم بە شوێنتا، دوای چوار ڕۆژ چووینەوە بەردەمی بەڕێوەبەری تاپۆ.

پێکەنی و وتی ئەوە تۆی؟ سەیرێکی فایلەکەی کردەوەو دیسان نرخەکەی بینییەوە و وتی، هەر بە ٨، لەوە زیاتر نا؟ بەڵێ هەر بەوەندە، بە منی وت، تۆ پارەت داوەتێ، وتم نەخێر، بەوی وت، ئەی تۆ پارەی خۆت وەرگرتووە، کاک تۆفیق وتی بەڵێ، پێکەنی و ئیمزای کرد و هاتینە دەرەوە، وتی پیرۆزت بێ، فرمێسک لە چاومدا بوو، وتم، سوپاسی تۆ و پیرێژن دەکەم، وتی سوپاسی ناوێ کوڕم، بچۆوە بۆ ماڵەوە، من کەمێک ئیشی دووکانم ماوەو دێمەوە کلیلەکانت دەدەمێ، دوای نیوەڕۆ هاتە سەرەوە و خواحافیزی لێ کردم و لەسەر قاڵدرمەکان کە بەرەو خوارەوە دێین، کلیلەکانی خوارەوەشی پێ دام و ئیتر من کاک تۆفیقم نەبینییەوە.

ئەوە ئێستا بۆ ساڵێک دەچێ، من زانکۆم تەواو کردووە، هەر بەدوای ئیشدا دەگەڕێم و دەستم ناکەوێت، لەم شارەدا زانکۆش تەواو بکەی، بێ واستە هیچ شوێنێک ناتگرێتە خۆی، منیش کەس ناناسم. ماوەیەکە سەرهێشەکەم پیس زیادی کردووە، هەندێ جار دونیا بە بەرچاومەوە دەخولێتەوە. ئاگام لە خۆم نییە و هەمیشە دەڵێی سەرخۆشم. بڕیارێکم داوە خانووەکەم بفرۆشم و ئەم شارە

جێ بهێڵم، بە تەماشم زۆر بە هەرزان بیفرۆشم، بێگومان بە هەشت پارچەکەی مام تۆفیقی دەنگخۆش نا، بەڵام وا بە هەرزان دەیفرۆشم کە هەر یەکەم مشتەری پارەکە بخاتە مشتمەوەو خۆشم هەموو ئیشەکانی تاپۆ دەکەم، هۆکەشی ئەوەیە کە ماوەیەکە هەست دەکەم هەندێ شتی سەیر لەوماڵەمدا ڕوودەدەن، هەست دەکەم کەسی تر لێی دەژی، نا من تێک نەچوومە، بەڵام ئێستا دەزانم کاک تۆفیق لە دەست چی دەیناڵاند، هەندێ جار دێمەوەو فەرشی هۆڵەکە وەک یەکێ بە پێڵاوێکی قوڕاییەوە بەسەریدا ڕۆشتبێت، ئاوا پیسە، جێگای نووستنەکەم وا تێکچووە دیارە یەکێکی تری لێی خەوتووە. سابوون دەکڕم و بەشی دوو ڕۆژ ناکات، شامپۆکەم سێ جار سەری پێ دەشۆم و بەتاڵە. ڕۆژێکیان جلەکانم شت، هەڵمخستن و ڕۆشتمە دەرەوە، کە هاتمەوە کراسەکانم ئوتووکرابوون، دۆلابەکانم کرابوونەوە. من کەسێکم بێ ئیش و بێ پارە، بەڵام کوڕێکی فێڵزان نیم، ئەم قسانە بۆیە دەنووسمەوە تا ئەو کەسانەی لە داهاتوودا، داهاتوویەکی نزیک و دووردا، دەبنە خاوەنی ئەم ماڵە، شتێک هەرچەند کەمیش بێ، لە ڕابردووی ئەم ماڵە بزانن. من خۆم زۆر گەڕام و پرسیارم کرد، سەرم کرد بەهەزار کوندا، بە تایبەتی دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانە کە لەم ماڵەدا ڕۆژانە ڕوودەدەن، هیچ کەسێ مێژووی ئەم ماڵە قەدیمە نازانێ و لە مام تۆفیق زیاتر کە بیست ساڵ نابێ کڕیویێتی، تەنها بە هەشت پارچە کریویێتی، کەس خاوەنەکانی پێشووتر ناناسێ، لەو بڕوایەشدام گەر مام تۆفیق دەنگی وا زل نەبووایە، ئەویش کەس نەیدەبینی. هەرچەند من کوڕێکم وەک وتم بڕوای تەواوم بە زانست هەیە، بەڵام لەوە دەچێ ئەم ماڵە کاتی خۆی هی کەسانێک بووبێت کە بە زۆر دەرکراون، یان کوژراون، نا من باسی جنۆکە ناکەم، بەڵکو باسی کەسانێک دەکەم کە غەدرێکی گەورەیان لێ کراوەو لەبیر کراون. من دەزانم مام تۆفیقی دەنگزل، ئەویش دە ساڵی تر کەس بیری ناکەوێتەوە، ئەویش وەک ئەوانی تر بیردەچێتەوە، من بۆیە ئەمە دەنووسمەوە، تا مام تۆفیقمان هەمیشە لە یاد بمێنێت.

ستۆکهۆڵم،
تەمووزی ٢٠١٠

# هاوڕێ ئاکادیمییەکەم

# دووجار تــووڕە دەبێت

محەمەد حسێن

دواجار بڕیاری سازکردنی کۆڕەکەمان هەر دا...
دوای گفتوگۆ و راوێژێکی دوورودرێژ، دوای ئامادەکاریی و خۆسازکردنێکی باش، لە ئێوارانێکی رۆژی پێنجشەممەدا، کۆڕێکی فیکریمان بۆ مامۆستای هاوڕێم رێکخست، کۆڕێک کە بە حسابی خۆمان بەشدارییەکی سەرکەوتووانە دەبێت لەو چالاکییە رۆشنبیرییانەی هەموو ساڵێک و لە سەرەتای پشووی هاوینی وەرزی خوێندندا ئەنجامدەدرێت.

رێک بەو شێوەیەی خۆمان دەمانویست و پلانمان بۆ دانابوو کۆڕەکە دەستیپێکرد، هەم ئێمە کارەکانمان بەباشی رایی کردبوو، هەم بەدەنگەوەهاتنی خەڵکیش گەرموگوڕ و باش بوو... هەردووکمان بەختەوەربووین بەو سەرەتا باش و دڵخۆشکەرەی کە دەستمانپێکرد.

تکایە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵماندا بە، وابزانە تەمەنێکە تۆیش مامۆستای هاوڕێم دەناسیت، ئەو پیاوەی کە دواتر لەبەر تورەبوونێکی هەموو خەڵکی ولأت ناسییان... بەڵام تورەبوونەکەی ئەو نە وەک تورەیی پێغەمبەران و سەرکردە مێژووییەکان بوو، نە لە خێسەی ئەو پیاوکوژ و جەلادانەیش دەچوو کە بە بێدەنگیی بڕیاری کۆتاییهێنانی ژیانی قوربانییەکانیان دەدەن، تەنها لە تورەیی پیاوێکی شپرزە و کۆڵەوار دەچوو، پیاوێک ئارەزووی خۆدەرخستن و نیشاندانی توانایيە رۆشنبیرییەکەی، بێ توانایشی لە تێرکردنی ئەم ئارەزووانەی، کردیە گاڵتەجاڕی بەردەم قوتابییەکانی خۆی...

هاوڕێ ئاکادیمییەکەم: هیچ گرنگ نییە ناوی سیانی و ناونیشانی تەواوی بزانیت، بابەتی پسپۆڕیی و وانەبێژیی و خوێندکارە خەواڵوەکانی بناسیت، باڕو کافتریا دڵخوازەکانی بزانیت، کە ئەم چیرۆکەیت خوێندەوە یەکسەر دەوروبەرە نزیکەکەی خۆتی بۆ بگەڕێت... ئەو مامۆستایەکی پۆشتەو پەرداخی بەئەتەکێتە، ناوێکی دیاری نێوەندی زانکۆیە و لەم ساڵانەی دواییدا ئەستێرەی بەختی لە هەڵکشاندایە... بەردەوام باسی پرۆژە دواڕۆژییەکانی خۆی دەکات، گفتوگۆیەکی نییە (دواڕۆژپەرستی) خۆی تیا دەرنەبڕێت، هەر ئەمەیش وایکرد یەکێک لە خوێندکارەکانی خۆی بۆ زۆڵی و رابواردن، ناوی بنێت (مامۆستا دواڕۆژ).

گرفتێکی تری ئەم هاوڕێیەم ئەوەیە یەکلایەنە خۆی بە دۆستی سیاسییەکان دەزانێت، جارجار گلەیی دۆستانەیشیان لێدەکات... وەک خۆی دەڵێت (بەپێی پێویست گوێی لێ ناگرن و ئاوڕی لێ نادەنەوە...)، بۆیە بڕیاریداوە لەم رۆژانەدا وتارێک بنووسێت لەژێر ناونیشانی:

(لەو شوێنەی عەقڵ هەیە دەسەڵاتی بڕیاردان نییە، لای ئەوانەیش دەسەڵاتی بڕیاردان هەیە، عەقڵ نییە). دیارە ئەو هەمیشە ئاراستەی وتارەکەی روو لە کاربەدەستانی ولأتە، هەر خۆی نایشارێتەوەو بەڕاشکاویی دەڵێت:

(تەنها خوێندنەوەی ئەوانم مەبەستە، نەک خوێنەرانێکی بێ دایک و باب، کە هەمیشە چاوەڕێن نووسەران دنیایان بۆ بگۆڕن).

ئەم حەزو ئارەزووەی مامۆستای هاوڕێم بۆ دۆستایەتی سیاسییەکان لە ماوەیەکی کورتدا بە خراپی فێری خەڵات و پاداشت وەرگرتنی کرد، زۆری پێ نەچوو هەر خودی ئەو سەرکردانەی کە فێریان کرد دواتر فەرامۆشیانکرد، بۆیە ئێستا واهەست دەکات کەوتۆتە کەناری لەبیرکردن و فەرامۆشییەوە،

لەوانەیە هەر ئەم هەستەیش پاڵنەری پێشکەشکردنی ئەم وتارەی ئەمڕۆی و چالاکی کۆڕەکەیشی بێت... لە یادمە جارێکیان لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا، سەرکردەیەکی سەربازیی کە بەهۆی تۆپبارانکردنی شارۆچکەیەکی دورەدەستی سەرسنوورەوە ناوبانگی دەرکەوتبوو، دەمانچەیەکی بەدیاری پێ بەخشی... ئەم دیارییە هەرایەکی گەورەی لێکەوتەوە، تەنانەت رۆژنامەنووسێکی تازەکار نووسیبووی:

(ئەگەر مامۆستا خۆی بە ئەهلی فیکر دەزانێت دەمانچەی بۆچییە...؟ ئەو سەری زمان و بنی زمانی (ئەفلاتون و میشال فۆکۆ)یە، چی داوە لە دیاری سەرکردەیەکی سەربازیی کە...).

ئیتر مامۆستای هاوڕێم کردبوویە رۆژی خۆی، زنجیرەیەک وتاری نووسی لەسەر هەستیاری بارودۆخەکە، هەستی نیشتمانپەروەریی و رۆحی بەرپرسیارێتی لای سەرکردە سەربازییەکە، گرنگی تێزە فیکرییەکانی خۆی، زەرورەتی ئەم جۆرە ئاوڕدانەوەی کاربەدەستانی وڵات بۆ رووناکبیران و...

بەڵام لەوەتەی پلە زانستییەکانی ماستەرو دکتۆرای بڕیوە، سەرباری خەمە نیشتمانی و ئاکادیمییەکانی، خەمێکی دیکەی زیادیکردووە... خەمی چاوتێبڕین و ئێرەیی ئەوانی تر... بەردەوام بەو ترسەوە دەژی کە هەموو خوێندکار و مامۆستاکانی هاوڕێی حەسودی پێ دەبەن، چاڵی ملشکاندنی بۆ هەڵدەکەنن...

***

بەهەرحاڵ، هەرچی رۆیشت تازە ناگەڕێتەوە، رابردوویش تەنها بۆ ئەو کەسانە باشە شەڕ بەکۆنە قین دەکەن... مامۆستای هاوڕێمان هەموو رۆژێکی نوێ لاپەڕەیەکی تازە هەڵدەداتەوە، هەر رۆژێکی تازەیش لە ژیانیدا هەنگاوێکی ترە بەرەو دوارۆژە پرشنگدارەکەی...

**رۆژی کۆڕەکە**

وەک هەر ئێوارانێکی تری مانگی تەمموز، ئەو رۆژەیش هەروا گەرم بوو، کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقە لە هۆڵی سیمینارە مەدەنییەکان کۆڕەکەمان دەستپێکرد... گرووپێک گەنجی خوێنگەرم پێشتر هاتبوون و بەئارامییەکەوە لە ریزەکانی پێشەوە دانیشتبوون، من وەکو کۆڕگێڕ بە ئەدەبێکەوە داوام لێکردن:

(تکایە مۆبایلەکانتان بکوژێننەوە، ئێستا کۆڕەکەمان دەستپێدەکات).

بەشێکی زۆری ئامادەبووان خوێندکاری مامۆستا خۆی بوون، تاک و تەرا خەڵکانی تری دەرەوەی زانکۆ هاتبوون، کە وەک دەموچاوە نامۆکان بەئاسانی

مامۆستای هاوڕێمان دەیتوانی جیایان بکاتەوە.

وەک چۆن هەمیشە پێکەوەبووین، هاوڕێی ساتە خۆش و ناخۆشەکانی بووم، ئەو ڕۆژەیش شان بەشانی خۆی و بەرامبەر خوێندکارەکانی، هەموو ئەو هەڵچوون و توڕەیی و شەڕە جنێوانەم بردە ڕێوە کە بە هۆی ناکۆکییەکی فیکرییەوە سەرچاوەی گرت و و زۆری نەما هەرچی دار و بەردی ئەو ناوە هەیە بیگرنە یەکتری... ئەو لە مندا پاڵپشتێکی دەروونی گەورەی بۆخۆی دەدۆزییەوە، منیش لە ئەودا شانازیی هاوڕێیەکم هەبوو کە سەرکەوتوو بووە لە بڕینی پلە ئاکادیمییەکانی زانکۆ و زانستی کۆمەڵناسیدا... چونکە هاوڕێی ڕۆژانی منداڵی و گەڕەک و کۆڵانم بوو، بەخۆشیی و ناخۆشیی تەمەنێکی زۆرمان پێکەوە گوزەراندبوو، تەمەنێک تا گەیاندمانە ئێوارەکۆڕێکی پڕ لە هەرا و ئاژاوە.

گەرمای ناوهۆڵەکە، گەرموگوڕی گفتوگۆی ئامادەبووانی کۆڕەکە، هەمووومانی خستبووە کۆمەستییەکی سەیرەوە، وەک ئەوەی ڕاسپێردرابین هەر ئەو ڕۆژە تـەواوی دیدوبۆچوونەکانی (هابرماز) شەنوکەو بکەین، بەڕاست و چەپدا کەڵلەی فەلسەفاندنمان گەرم دەبوو، نە فێنکی هەوای ئامێرە ساردکەرەوەکان، نە هەوڵ و تکای من بۆ پاراستنی هێمنی ناو هۆڵەکە، هیچیان پێ نەدەکرا بەرامبەر ئەو خوێندکارە بزێوانەی کە بڕیاریان دابوو هەڵەکانی مامۆستای هاوڕێم ڕاستبکەنەوە، هەر بۆیە بە تێپەڕینی کات مشتومڕەکە گەرمتر دەبوو... گەرموگوڕیی ئامادەبووانیش مامۆستای هاوڕێمی شپرزەتر دەکرد...

کابۆ تەسکێکی زنجیر لەمل هاتە سەر مینبەرەکەو گوتی:

– (مامۆستا تۆ پێمان بڵێ لەچ سەرچاوەیەکەوە ئەم زانیارییانەت هێنا).

مامۆستاش بەتوڕەییەکی بێ کۆنترۆڵەوە پێی گوت:

– (تۆ هێشتا ماوتە بۆئەوەی لەم مەسەلە فیکرییانە تێ بگەیت... ئەمە تێزی ماستەرەکەمە...).

– (دەزانم مامۆستا گیان، بەس ناشێت هابرماز قسەیەکی وای کردبێـت، چونکە تێگەیشتن و دیدی ئەو بۆ ڕۆڵی (کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمۆنیکەیشنی هاوچەرخدا) زۆر لەوە دیارتر و ناسراوترە، کە تۆ وا بەهەڵە...، من بە عەرەبی و ئینگلیزیش کتێبەکانیم خوێندۆتەوە... باوەڕ بکە زۆر سەیرە بوترێت قسەیەکی وایکردووە...).

ئاگام لێبوو ئارەقەی شەرم و ترسی دەسڕی، لە دەروازەیەک دەگەڕا خۆی لێوە دەربازبکات... هەر چەندە دەیگوت:

(دەی کاکە قەیدی چییە، هەریەکە و بۆچوونی خۆمانمان هەیە... مەگەر دیموکراسی نییە، با لەسەر ئەم بابەتە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی جیاوازمان هەبێت...).

بەڵام ئەوان وازیان نەهێنا، سوربوون لەسەر ئەوەی هەڵەکانی بۆ راست بکەنەوە... چەندە مامۆستای هاوڕێم دەیویست بچێت بۆ تەوەرێکی تری بابەتەکە، ئەوان هەر دەگەڕانەوە بۆ ئەو خراپ تێگەیشتن و سادەگۆییەی کە لە سەرەتاوە نیشانی دابوون...

لە راستیدا ئەوانیش بۆخۆیان کۆمەڵێک گرفت بوون، پێڕێک خوێندەواری زرنگ و کتێبی بوون، کە لەتاو شەهوەتی سێکسی و فزوڵی مەعریفییان، بە یەک (بەڵامی دوای خاڵی کۆتایی) تووشی دەمارگرژیی و سوربوونەوە دەبوون... دووانیان کە بە چاکی هەڵەکانی مامۆستا تێگەیشتبوون هاتنە سەر مینبەرەکەو بە ئاگاییەکی وردەوە بەڵگەو تێگەیشتنی خۆیانیان دەخستەڕوو لەسەر ئەو بابەتانەی لە تێزەکەی مامۆستادا ببووە جێگەی ناکۆکی... بەڵام مامۆستا خۆی بە جۆرێکی تر لەم گفتوگۆ و بەشدارییانەی ئەوان تێ دەگەیشت، کە دوو هەفتە دوای تەواوبوونی هەموو کێشەکان باسی رووداوەکەی بۆ دەکردم، دەیگوت: (دەیانویست بمشکێننەوە... خۆ کفرم نەکرد، گریمان هەڵەیەکم کرد، دەشێت ئەوان بە پەنجاو حەوت شێواز بۆم راست بکەنەوە... دایکی خۆیان و هابرمازیشیان بگێم...).

لەگەڵ زیاترگەرمبوونی مشتومڕدا، توڕەیی و شلەژانی مامۆستای هاوڕێم زیاتر دەردەکەوت، ئاگام لێبوو خەریکبوو لە پێستی خۆی دەردەچوو... کە خوێندکارێکی تر هاتە سەرەوەو پێی گوت:

– مامۆستا هەڵەکانی تۆ لەئاوی پایزی زێی گەورە روونترە.

دەنگی بەرزکردەوەو وتی:

– (بێ ئەدەبی مەکە هەتیوو، باوکت بخەمە ناو زێی گەورەوە... تۆ چیت تا هەڵە لە من بگریت، دەمت داخە).

من هەر سەرەتا زانیم ئاراستەی کۆڕەکە بەرەو ئاژاوەیەکی پێکەنیناویی دەچێت، دەمزانی ناتوانین بە عاقیبەت خێری بێینە دەرەوە... بەڵام ئێجگار بەو جۆرەش کارەساتبار نا... تائێستاش کە بیر لەو ساتە دەکەمەوە بە هەموو

تواناوە قەڵەمەکەی دەستی تەقاندە شەیدا چاوشین، بێگومانم دەبوایە ئەو شەڕەمان بکردایە... شەڕێک بۆ هاوڕێ ئاکادیمییەکەم زیانی تەمەنێک لە کۆشش و قوربانیدانی تیا بوو... چونکە هەم خۆشەویستی شەیدای دۆڕاند، کە سێ ساڵی رەبەق خۆی بۆمەلاس دابوو. هەم ئاژاوەیەکیشی دروستکرد کە ناوبانگی ئاکادیمی خۆی پێ لەکەدار کرد... ئیتر هەر هەمان ئێوارە و پێش ئەوەی لە هۆڵەکە بێینە دەرەوە، هەواڵی توڕەبوون و جنێودانەکەی لە میدیاکاندا بڵاوکرایەوە:

(مامۆستایەکی زانکۆ دوای جنێودانێکی زۆر، قەڵەمەکەی دەستی تەقاندە ناوچاوی یەکێک لە خوێندکارەکانی خۆی و...).

ئەمە سەردێڕی هەواڵێکی لاپەڕە دووی یەکێک لە رۆژنامە پڕفرۆشەکانی پایتەخت بوو.

مامۆستای هاوڕێم دەیگوت:

(ئەمانە ئاژاوەگێڕن، هەر پێشتر داوی خۆیانیان ناوەتەوە، خۆیان ئامادەکردووە چۆن یاریی بەمیزاج و توڕەیم بکەن... هێمنیی جێبەجێکردنی پلانەکەیان بەڵگەی ئەوەیە، چەندین رۆژ لە کافتریا دانیشتوون و رێوشوێنی ئاژاوەکەیان داناوە).

ئەو کچەش کە مامۆستای هاوڕێم لەسەر مینبەرەکەوە قەڵەمەکەی دەستی تێتەقاند و لاچاوی وەک قۆخی گەیشتوو سوورکردەوە، سوێندم بۆ دەخوات کە هیچ پیلان و بەرنامەیەک نەبووە بۆ شکاندنەوەی مامۆستا، تەنها ویستوویەتی گفتوگۆیەکی لەگەڵ بکات، گفتوگۆیەک بە چەمک و زاراوە فیکرییەکان وەڵامی بدرێتـەوە، نەک قەڵەم تێگرتن و لاچاو سوورکردنەوە... بەڵام بۆ نەگبەتی جامی تووڕەیی مامۆستای هاوڕێم بەسەر ئەودا رژا...

لەلای خۆمەوە منیش کۆڕگێڕێکی خراپ نەبووم، دڵنیام بوونی من وەک کۆڕگێڕ لە تەنیشتیدا ئارامییەکی دەروونی پێ بەخشیوە... بەڵام کە تووڕە بوو ئیتر کار لەکار ترازا، هیچ بەمن پینە نەدەکرا... نە شپرزەیی و شێواویی وتارە فکرییەکەی، نە غروورو نەڕەنەڕی قوتابییەکان، نە قیژە و دەم لە چەرخدانی شەیدا چاوشین کە لەناو ئاپۆرەی دانیشتووانەوە هەڵدەسایە سەر پێ و لاچاوی خۆی نیشان دەداو دەیگوت:

- (ئەمە ئەخلاقی مامۆستای زانکۆ نییە...).

مامۆستاش لەتوڕەیدا تورک دەبوو و چاوی زاق دەکردەوە و بە پەلەپەل

دەیگوت:

– (دەمت داخە کچەتیو... من هەڵەم وەڵامی هەمەجییەکی وەک تۆ دەدەمەوە).

ئیتر وردە وردە ئامادەبووان کەوتنە جێهێشتنی هۆڵەکە، من کۆتایی کۆڕەکەم راگەیاند و داوای لێبووردنم کرد لەهەر شتێکی نەشیاو کە وترابێت و کرابێت...

لە دواییدا کە چۆڵیی و خامۆشیی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، تەنها خۆم و مامۆستای هاوڕێم لەناو هۆڵەکەدا ماینەوە، بەبێ هۆیەکی دیار و ئاشکرا جارێکی تر مامۆستا لە منیش تووڕە بوو... بە هەردوو دەستی توووند باڵی راستمی گرت و هەتا ئەودیوی دەرگای هۆڵەکە بەری نەدام، کاتێک منی خستە دیوی دەرەوە خۆی لەناو دەرگاکەدا راوەستاو زەق زەق تەماشایکردم، یەک دوو جار هەوڵی دا شتێکم پێ بڵێت، بەڵام پەشیمانبووەوە و هیچ قسەیەکی نەکرد.



دیدار لەگەڵ تەرزە جاف



## من لە شیعرەکانمدا ئیشم لەنێو مەودایەکدا نەکردووە، تا مەودایەکی تر فەرامۆش بکەم؛ من ئەوەم کە لە شیعرەکانمدا هەیە

**سازدانی: رابەر فاریق**

لەم دواییانەدا دەزگای ئاراس هەستا بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کۆی شیعرەکانی تەرزە جاف، لە بارەی ئەو کتێبەوە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا سازکردووە. ئەم نووسەرە ئافرەتە، جودا لە ئافرەتەکانی دیکە، بەبێ زۆر لەخۆکردن و قسەی قەڵەو، ئەوەی هەیەتی، لە بەرابەر پرسیارەکاندا وەک وەڵام دەیانخاتە روو، بەبێ ئەوەی لە هیچ کاتێکدا زۆر لە خۆی بکات، یان خوێنەر بە هۆی روانینگەلی دوور لە شیعرەکانی، سەرسام بکات...

**له شیعری تۆدا هەست بەوە ناکەین بە میوزیک چێژ بئافرێنرێت، بەڵکو بەچێژبەخشین، میوزیک دەئافرێنرێت. له شیعری کوردیدا میوزیک توخمێکی زاڵە، بەڵام لە کن تۆ هەست بەمە ناکرێت. هۆکردی ئەم جیاوازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

من پێشتریش وتوومە و دەیڵێمەوە: خۆشبەختانە ئەوەی نەیزانم و پێم گرنگ نەبێت کە بیزانم، ئەوەیە: کامە توخم لە شیعری کوردیدا زاڵە، جیاوازییەکەش هەر لەوێدایە: من هۆگری خوێندنەوەی شیعری کوردی نیم، ئەو شاعیرانە کەمن کە شیعریان دەخوێنمەوە و چێژیان لێ وەردەگرم، بۆ خۆیشم زۆر لە شیعر نزیک ناکەومەوە و هۆیەکەیش ئەوەیە، کە نامەوێت کاریگەریی کەس بە سەرمەوە هەبێت، چونکە زۆرجار ئەو کاریگەرییە لە نائاگاییەوە دروست دەبێت. ناسینی من بۆ شیعر لە چێژەوە هاتووە، شیعر بۆ من عەترێکە و لە خۆمی دەدەم، بیر لەوە ناکەمەوە: کێ پێی خۆشە؟ کێ پێی خۆش نییە؟ شیعرەکە منم، بەشێکە لە بوونی من، بە هەموو کەمی و کورتی و جوانییەکانمەوە و شتێکە تا دوایین رادده هەڵقولاوی ناخی خۆمە و وەک هەموو شتەکانی تر، لە کەسی تر ناچێت، دەبێت جیاواز بێت.

**لە ئافرەتە شاعیرە کوردەکاندا، تەنیا تۆ و نەزەند بەگیخانی لە شیعردا بایەخ بە ((گێڕانەوە)) دەدەن، کە توخمێکی گرنگە و کەمن ئەو شاعیرانەی توانیویانە سەرکەوتووانە بە کاری ببەن، بەڵام ((گێڕانەوە)) لە شیعری تۆدا پێوەندیی بەو ((گێڕانەوە))یە هەیە، کە لە شیعری دکتۆر فەرهاد پیربالدا دەبینرێت، ئەمە وەکو سوودوەرگرتن، نەک کاریگەریی ناشیرین. ئایا هەست ناکەیت - بە جۆرێک لە جۆرەکان- پێوەندیی لەنێوان شیعری تۆ و دکتۆر فەرهاد پیربالدا هەبێت؟**

من شیعری نەزەند بەگیخانیم کەم کەوتووەتە بەرچاو. بۆ ئەو بەشەی پێوەندیی بە فەرهادیشەوە هەیە: من لە فەرهادەوە زۆر شت فێربووم: هونەری شێوەکاریی، پەیکەرتاشی، لە فەرهادەوە فێربووم؛ کە تابلۆ، یاخود پەیکەرێک ببینم و خاوەنەکەی بناسمەوە. فەرهاد مۆنێ و تۆپۆغ و مۆنش و جیاکۆمێتی و مۆندلیانی... و ئەمانەی بە من ناساند، بەڵام لە بارەی شیعرەوە، زۆر بە هەست و فیترەوە تەعامول دەکەم، هەرچی فەرهادە، شارەزایە لە فۆڕم و تەکنیک و مێژووی شیعر و... هتد، ئەو بە شارەزاییەوە دەنووسێت، هەرچی منم، بەبێ هیچ شارەزاییەک دید و هەستی خۆم دەخەمە سەر کاغەز، بەڵام ئەگەر ئەو پێوەندییەی کە تۆ باسی دەکەیت، هەبێت، پێم سەیر نییە؛ فەرهاد پڕە لە جنۆکەی شیعر، دەبێت لە ڕێی ماچەوە ئەو پێوەندییە دروست بووبێت، چەند جارێکیش بە خۆیم گوتووە، کە من لە کاتی ماچدا شیعری لێ دەدزم.

**لە شیعری دوو –روو دا لا١٨ تا لا٢٠، ئاماژە بۆ پرس– دیاردەیەکی ترسناکی نێو کۆمەڵی کوردی دەکەیت، ئەویش ئەوەیە کە قسەی ((رۆشنبیر))ێک و پیرەژنێکی بەردەرگە، – کە لە هەندێک لە گەڕەکە میللییەکاندا ئافرەتان لە سەروەختی ئێوارانیدا دێنە بەردەرگە بۆ بژاردنی برنج و...– بەراورد دەکەیت؛ لێرەدا کێشە گەورەکە ئەوە نییە کە ئافرەتە بە تەمەنەکان بە شێوەیەکی ناشیرین باس لە کۆمەڵێک دیاردە و حاڵەت و شتی جوان دەکەن، بەڵکو کێشە روانگەی ئەو کەسانەیە، کە وەک رۆشنبیر و نووسەر... ناسراون. ئەو دیاردە دواکەوتووانە تا کەنگێ دەمێننەوە و لە روانگەی تۆوە چارەسەرەکان کامانەن؟**

چارەسەر؟ ئیشی من چارەسەر نییە، چونکە من لێکۆڵینەوەم نەنووسیوە. شیعر بۆ من ئەوەیە، ئەو دیاردەیە، یاخود ئەو گرفتەی کە ناتوانم چارەی بکەم، لانیکەم بتوانم بڵێم ئەم گرفتە هەیە، هەربۆیە دەڵێم: شیعر نووسینەوەی بێدەسەڵاتییە، من شتێکم نووسیوە کە لە ساتێکدا کاریگەریی هەبووە لەسەر ژیانم. من هەستم نووسیوەتەوە و چارەسەر لای من نییە. هەموو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە زۆر زەحمەتن، بەڵام هەژاندنیان بە نووسین و باسکردنیان باشترە لە بێدەنگبوون بەرامبەریان. ئەم دیاردەیەش کە لەم شیعرەدا باسیم کردووە، لەو ساتەوە چارەسەرەکەی دەست پێدەکات، کە تۆ قەناعەتت بەو قسەیەی من هەبێت، بە تۆ راستە کە جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەو دوو کەسە؟ ئەوە بۆ خۆی چارەسەرە! چونکە تۆ چیتر حساب بۆ ئەو بەناو رۆشنبیرە ناکەیت، کە وەک نەنکی بیر دەکاتەوە و رۆشنبیرایەتی بە خەڵکە سادەکە دەفرۆشێتەوە.

**لە شیعری فریشتەیەکی سەرگەردانداا لا٩ تا لا١٧، تیشک بۆ سەر پێوەندیی نێوان دایک و کچ دەگوازیتەوە و گەلێک وردەکاریی تری نێو ئەم کۆمەڵە، کە دایک بە هەر شێوەیەک بێت هەوڵدەدات شەرەف و... کچ بپارێزێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە: کاراکتەر و گێڕەرەوەی رووداوەکان، کە پێشتر کچێکی چکۆڵە بووەو لەدوا دێڕەکانی شیعرەکەدا بۆمان دەردەکەوێت ئێستا دایکە و دەیەوێت بە هەمان شێوە منداڵەکانی پەروەردە بکات؛ روانینی تایبەت و جیاوازیی نییە. هۆکار چییە کە کچەکانیش هەمان ئەو شتانە ئەزموون دەکەنەوە، کە پێشتر دایکانیان ئەزموونیان کردوون؟**

ئەو شیعرە بۆ خۆشم نەمدەزانی لە کۆتاییەکەیدا چیی بەسەردا دێت، کەچی دیتم دایکەکە خۆم دەرچووم!

کچەکان درەنگ، کاتێک دەبن بە دایک، ئەوکاتە دەزانن کە دایکیان دیکتاتۆر

نەبووە، بەڵکو قوربانیی بووە. دایکم لە دەمی دایکی خۆی دەیگێڕایەوە: ((دایک کە پێی ناخۆشە کچی ببێت، هۆیەکە ئەوە نییە کە کچەکەی خۆشناوێت، هۆکار ئەوەیە کە دەزانێت چ نەهامەتییەک چاوەڕوانی ئەو کچە دەکـات!))، دایکم ژنێکی خوێندەوار و سفور و کراوە بوو، لە هەمان کاتیشدا دایکی خۆی دەبارە دەکـــردەوە. من ئەگەر ((هەندێک)) و جەخت دەکەمەوە لەسەر ((هەندێک)) لە هەڵەکان، یان بڕیارەکانی دایکم دووبارە دەکەمەوە، ئەوە بۆ پاراستنی کچەکەمە لە کۆمەڵگە، لەو کوڕەی کە ئەو ئازادییەی من دەیدەمە کچەکەم، ناو دەنێت بەڕەڵڵایی و دەیەوێت بە شێوەیەکی ناشیرین ئیستیغلالی ئەو جوانییانە بکات، کە کچەکەم هەیەتی. لەو بڕیارانە لە دایکم دەچم، کە پێوەندیی بە ((ئەویتر))ەوە هەیە. هەرچی ئازادیی و جوانییەک (تنۆک)ی کچم هەیەتی، من حەز دەکەم تەنیا بۆ خۆی بێت و نەبێت بە چەکێک لە دژی ئەو، حەز دەکەم ئازاد بێت، بە جورئەت و جەربەزە و نەترس بێت؛ باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەبێت، بەڵام وەک ئەستێرەیەک دوورەدەست بێت و وەک جیوە بێ ئۆقرە بێت؛ هەتا بتوانم وا فێری دەکەم.

**لە شیعری سیساڵیدا: ((زێڕەکانت ببەوە و/ دەرگایەکم بدەرێ لا٣٦)). رووی دەم لە پیاوە لە کاتێکدا ئازادیی هەر کەسێک پێوەندیی بە خودی ئەو کەسەوە**

> شیعر گوتارێکی ئەخلاقی نییە، خوتبە نییە و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی نییە، تا من باس لە راست و هەڵە بکەم

**هەیە. تۆ، وەکو شاعیرێک بۆچی داوا لە بەرامبەرەکەت دەکەیت ئازادیت پێ بدات، لە کاتێکدا مرۆڤەکان تەنیا بۆ ئازادبوونی خۆیان هەوڵدەدەن، پێت وایە پیاو بتوانێت ئازادیی بۆ ئافرەت بگەڕێنێتەوە؟**

پێم وانییە. شیعر گوتارێکی ئەخلاقی نییە، خوتبە نییە و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی نییە، تا من باس لە راست و هەڵە بکەم. من ئەو شتانە دەخەمە سەر کاغەز کە رۆژانە بەرەو رووبان دەبمەوە و تێکەڵ بە ژیانم دەبن. شیعر دروشم و ئیدیعا نییە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش: حەقیقەتێک لێرەدا هەیە بە سەرپۆشێکی تەنک شاراوەیە، ئەو ژنەی کە وەزیرە و ئەندام پارلەمانە و سەرنووسەرە، تەنانەت ئەوەی کە مامۆستای زانکۆیە، پیاو ئەو خەتانەی بۆ دەکێشێت، کە بۆی هەیە، یان بۆی نییە بیانبەزێنێت. ئەمانە بەڵگەن و بە بەرچاومانەوە هەن. پیاوەکان هەتا ئازادانەتر بیر بکەنەوە، زیاتر ئەو ئازادییە دەبەخشنەوە ژنەکان، ئەوە بۆ خۆی پێوەرێکی گرنگە، ئەگەر ژنەکە لەو خەتانە لابدات، دەبێتە عینادیکردن و خێزان وەکو کیانێکی زۆر موقەدەس لە کۆمەڵی ئێمە دەکەوێتە مەترسییەوە، کە ئەوەیان ئیتر ماڵوێرانییە و کۆمەڵ زۆر بە توندیی رەفزی دەکاتەوە و ژنەکە دەخاتە بەر گومان و پرسیارەوە، بەڵام بێگومان من کە شیعرەکەم نووسیوە، بیرم لەوە نەکردووەتەوە و زۆر بێ ئاگا چوومەتە سەر ئەو خاڵە.

**لە هەمان شیعردا دەڵێی: ((من هەموو تەمەنم سیزیف ئاسا تەنیا سەرقاڵی دوو شت بووم: / چاوشارکێ کردن لەگەڵ شەڕ و/ حەیا کۆکردنەوە لا٢٨)). هەڵبەتە هەموو لەوە ئاگەدارین کە ئێستا شەڕ -بەو شێوەیەی پێشتر هەبوو- نەماوە، تەنیا باسی شەرەف نەبێت. لە روانگەی تۆوە، پێویستە ئافرەتان و پیاوان چی بکەن بۆ ئەوەی شەرەف تەنیا لە ئەندامی مێینەی ئافرەتدا قوت نەکەنەوە، بۆ پیاوان کە پێوەندیی سێکسی لەگەڵ ئافرەتێکی جودا لە ژنی خۆیان دەگرن، بەمە ناگوترێت شەرەف لە دەستدان و بە پێچەوانەکەی دەگوترێت؟**

بۆ من ئەمانە گرفتی کۆمەڵایەتی نین و گشتیی نین، دووبارە دەیڵێمەوە: ئەمە لێکۆڵینەوە نییە، ئەمە هەموو ژنەکان نین، ئەمە خودی منە، منم کە بارم قورسە بە حەیا و سەرم گێژە بە چاوشارکێ، هەقم لەوانی دی نییە. تۆ چوزانی ئەو شەڕە چییە کە من باسی دەکەم؟ چۆن دەزانیت کۆتایی هاتووە؟ چۆن دەزانیت بۆ من شتەکان گۆڕاون؟

بەڵام من بە سوعبەت و پێکەنینەوە وەڵامی بەشی کۆتایی پرسیارەکەت دەدەمەوە، چونکە پیاو ئەو ئەرکە گرانەی ناوی شەرەف و ناموسە لە کۆڵ

خۆی کردووەتەوە و کردوویەتی بە ئەمانەت و لای ژن دایناوە، هەربۆیە ئەگەر ژنەکە نەیپاراست، دەکوژرێت؛ ئەسڵەن هەمان هۆیە ژنەکانیش ڕووبەڕووی ئەو کوشتنە دەکاتەوە، چونکە هەستی ئەوەیان لە کن دروستکراوە، کە ئەو جەستەیە هی خۆی نییە: هی براکەی، مێردەکەی و باوکیەتی، هەربۆیە ئەگەر لەوان تووڕە بێت، تەسەروفێکی غەڵەت بەو لەشەوە دەکات، ڕەنگە ئەگەر هەستی ئەوەی هەبێت کە ئەوە لەشی خودی خۆیەتی، نەیکات. لە هەمان کاتیشدا لەم کەین و بەینەدا پیاو وەکو مرۆڤێک غەدری لێکراوە و لە جوانیی دابڕاوە، وەک ئەوەی پیاویش خاوەن جوانیی و جەستە نەبێت و تەماع ڕاینەکێشێت بۆ خۆی، ئەوەی لە مەسەلەی شێخ زانادا ڕووی دا، زەنگێکی خەتەر بوو بۆ ئەو خێزانانەی پێیان وایە ئەگەر نەشزانن کوڕەکانیان لە کوێیە، هیچ مەترسییەک لە کوڕەکانیان نییە، لە دەرەوە.

**کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین ڕووبەریان لە شیعری تۆدا بردووە، لە کاتێکدا ئافرەت گەلێک کێشە و شتی تری تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەکرێت بۆ ئەزموونی شیعریی خۆی، سوودیان لێ وەربگرێت. هۆکار چییە کە تا ئەو ئاستە بەرفراوانە ئیشت لەنێو ئەو مەودایەدا کردووە؟**

لێرەدا من دەڵێم نەخێر، هەموو پیتێک لە شیعرەکانی من ئازار و کێشەی ناخی خۆمن، مەگەر تەنیا بەوە کێشەی کۆمەڵایەتی بن کە من بەشێکم لەم کۆمەڵگایە.

من وەکو لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس کارم نەکردووە، من شتەکانی ناو خۆمم هێناونەتە سەر کاغەز و لای تۆ کێشەی کۆمەڵایەتین، بەڵام من وا بیرم نەکردووەتەوە، کە ئازارەکە تەنیا ئازاری نێو خۆمە و فینگەفینگی بێ دەسەڵاتیی منە. من لە شیعرەکانمدا ئیشم لەنێو مەودایەکدا نەکردووە، تا مەودایەکی تر فەرامۆش بکەم؛ من ئەوەم کە لە شیعرەکانمدا هەیە، هیچ ماکیاج و پیلانێکم نەبووە، ئەوە نەبێت کە دەنووسم و دواتر ئەو شتانە لە تۆ دەبیستم، ئینجا بیریان لێ دەکەمەوە.

**لە شیعری خەنجەردا لا١٣١ تا لا١٣٢، باس لە ئافرەتێک دەکەیت، لە بری ئەوەی بە کردەوە کار بۆ مافەکانی خۆی بکات و کێشەکانی بەرەو چارەسەر بە کێش بکات، شیعر دەنووسێت، شیعریش جگە لە نائومێدکردن، بەرهەمێکی تری نییە... نەک ئافرەتەکان، بەڵکو لە کۆمەڵی کوردیدا پیاوەکانیش بە هەمان شێوەن؛ تەنیا شیعر دەنووسن، لەوێوە هەرچی بیانوویەک باسی دەکەن. ئەو ئەلتەرناتیڤانەی پێویستە**

**کاریان تێدا بکرێت و چیدی شیعر وەک چەک بەکار نەبردرێت، چین؟ شیعر، کە جگە لە نووسینەوەی چەندچرکەساتێکی تێژتێپەڕ، شتێکی تر نەبێت، بۆ-تایبەت ئافرەتان و تایبەتتریش لە کۆمەڵی کوردیدا - هەوڵ نادەن بە دوای ئەو شتانەوە بن، کە دەکرێت لێیانەوە چارەسەر بەرهەم بهێنرێت؟**

ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارەم زانیبا، لە بری ئەو کتێبە شتێکی ترم دەکرد، تۆش ئەگەر وەڵامەکەت زانی، بە منیشی بڵێ.

**لە شیعری سەفەری نۆ مانگدا لا١٢٢، دیدێکی تەواو فەلسەفی- تراژیدیت بەرابەر بە لەدایکبوونی منداڵ هەیە؛ باس لەوە دەکەیت: منداڵ بەبێ ئەوەی بزانێت بۆ لەدایک بووە- دەبێت، لەدایک دەبێت! ئەمەش بە تەواویی پشتکردنە لە شادمانی. ئینسان کاتێک کە دێتە بوون و لەو بوونەدا -ئەگەر خۆی نەکوژێ- مەجبوورە بژی؛ ژیانی باش لەنێو ئەو ((قەرەباڵغ))ییەدا، کە لە شیعرەکەدا باسیت کردووە، چۆن مەیسەر دەبێت؟ ئایا نەبوونیش تراژیدیا نییە، بەوەی کە نییە؟**

لە بارەی ئەو قەرەباڵغییەوە، من مەبەستێکی ترم هەیە: قەرەباڵغیی نێو ئەندامی زاوزێی دایکە، کە ملیۆنان حەیمەن بەرەو هێلکەکە دەڕۆن و تەنیا یەکێکیان من، یان هەرچ کەسێکی تر دروست دەکات، ئەو حەیمەنەی کە دەتوانێت رێگاکە ببڕێت و نەمرێت و سیفەتەکانی منی داوە بە کۆڵیدا و منی هێناوەتە ژیان، بەبێ هیچ ئیرادەیەکی کەسی تر، چونکە لە یەک جوتبووندا ملیۆنان ئیحتیمال هەیە بۆ دروستبوونی مرۆڤ، ئەوە بۆ خۆی زۆر سەرسامکارە بۆ من، هەروا جێی پرسیاریشە.

**زۆرینەی شاعیرانی کورد -بە دەگمەن نەبێت- بە قەد ئەوەی دەیانەوێت دێڕی شیعری بنووسن، نایانەوێت، یان ناتوانن ئیش لە نێو رووداو- گێڕانەوەدا بکەن، بەڵام هەرچی ئەم کتێبەی تۆیە، پێچەوانە دەکەوێتەوە: لە بری بەرهەمهێنانی دێڕی شیعری، پتر رووت لە رووداو و گێڕانەوە کردووە، ئەمەش لە شیعری ئەورووپیدا زۆر ئیشی تێدا کراوە.. هۆکار چییە کە هێندە لەسەر گێڕانەوەی دیمەن و دیاردە و رووداو و شتەکاندا لەنگەر دەگریت؟**

شیعر بۆ من پلانێک نییە، سەنعەت نییە، من حەز دەکەم، ئەگەرچی نەمتوانیبێت شتەکان بەو رەوتەدا ببەم کە دەمەوێت، بەڵام لانیکەم بتوانم ئەو تاسەیە بنووسمەوە پێش ئەوەی بمخواتەوە، ئەو حەزانەیە کە نایانگەمێ، ئەو شتانەیە کە لە هیچ جێیەک چیتر نەماون و من لەسەر کاغەز زندوویان دەکەمەوە: دایکمە،

جیهانێکە بۆ خۆم دروستی دەکەم و دەیڕمێنمەوە، دێڕی شیعریی و وێنەی شیعریی و شیعری ئەورووپی و گێڕانەوە و ئەم شتانە، کاتێک لەنێو ماڵەوەش، لە مەجلیسێکدا، باسی ئەم شتانە دەکرێت، من دەچم چایەک لێدەنێم، بۆیە هۆکارەکە تەنیا ئەوەیە کە من وەها شیعر دەناسم، وەها دەینووسم و هەر ئەوەندەی لێ دەزانم.

**لە شیعری ئێوارەیەکی نارنجی گۆرانییەک بۆ ئاگر دەچڕمدا لا٨١ تا لا٨٣، تیشک بۆ سەر حاڵەتێکی هەمدەمیی ئافرەتانە دەگوازیتەوە: ئافرەتەکان کە هیچ دەرکەیەک شک نابەن بەرەو خۆشبەختی، خۆسووتاندن وەک یەکەم و دواپەنا هەڵدەبژێرن، پێت وا نییە هەوڵدان بۆ باشترکردنی هەندێک لە ڕەهەندەکانی ئەو ژیانە، هەلی کەمتر ئازارکێشان، بڕەخسێنێت، بۆچی ئافرەتانی کورد لە زۆربەی ساتەوەختەکاندا، تەنانەت هەندێکیان کاتێک بچووکترین کێشەیان دەبێت، خۆیان دەسووتێنن، پێت وایە خۆسووتاندن چارەسەری ئاریشەکان بکات، لە کاتێکدا ئەو کەسەی بەو کردەیە هەڵدەستێت، چیدی نامێنێت؟**

ئەگەر ژن بیت، تەنیا ئەوکاتە هەست دەکەیت: لەوانەیە، لە ساتێکدا تانکەرە نەوتەکەی ناو سۆپاکە خۆی بە باشترین و ئاسانترین چارەسەر نیشان بدات، دەبێت ژن بیت، بۆئەوەی بە چاوی ژن تەماشای نەوت بکەیت... ئەوەی تۆ ناوی دەنێیت کەمترین کێشە، ئەوەیە کە عەرەب پێی دەڵێن: ((**القشة التي قضمت ظهر البعير**)).

کاکی من: بۆ تۆ ئاسانە بە ئیسراحەتی باس لە باشترکردنی ژیان بکەیت و بڕیار بدەیت، بەڵام بۆ ئەو ژنەی لەنێو چواردیواردا دەنگی ناچێتە دەرێ و کەی ئەو هەوڵەش بدات خێزان و کۆمەڵ و یاسا لە دژی دەوەستنەوە و سوور دەزانێت کە کەس بە هانایەوە نایەت و لە ژیانی خۆی رازی نییە؛ نەوت شتێکی ترە.



دیدار لەگەڵ قەبانی

**ئومێد تۆفیق**

لە ئورشلیم
داپیری عاموس عوز

**شێرزاد هەینی**

ئەرستۆ وەک رەخنەگری ئەدەبی

**عوسمان ئەحمەد**

میوانداریی

**دلاوەر قەرەداغی**

دایە ببوورە
کە لە تاوانەکەت خۆش نەبووم...

**جەواد حەیدەری**

بینینی کچی لە سەداسەد ئیدەئال
لە بەیانییەکی بەهارییدا

**سلێمان دڵسۆز**

خنکاو

**رەفعەت مورادی**

هاوسەنگیی

**شەریف فەلاح**

پەنجەرەکان

**سەڵاح جەلال**



وەرگێڕان

دیدار لەگەڵ قەبانی



# من شیعرم لە ئاسمانی سەردەستەکانەوە بۆ سەر زەوی مرۆڤ دابەزاند

**ئەم گفتوگۆیە، تەیب ساڵحی رۆماننووس لەگەڵ شاعیری مەزن نزار قەبانی لە ئێزگەی بی بی سی، لەوکاتەی تەیب ساڵح نووسەری ئەدەبی ئێزگەکە بووە لە ساڵی ١٩٧٣، ئەنجامیداوە. دواتریش لە گۆڤاری ((ئێرە لەندەنە)) هەر لەوکاتەدا بڵاوبووەتەوە.**

**گفتوگۆی تەیب ساڵح**
**وەرگێڕانی: ئومێد تۆفیق**

**بەڕێز نزار قەبانی، لە شوێنێکدا ئەوەت وتووە کە شیعر دەکەیتە نانی رۆژانەی هەموو خەڵک، پێمـوایە ئەگەر شاعیرێکی سەردەم هەبێت ئەو کارە بکات، ئەوە بێگومان تۆیت... دیارە ئەمە روونە: چونکە هەر کاتێک شیعرێک بڵێیت، خەڵکی بە پرتاو بەرەو لات رادەکەن. ئایا سەبارەت بە خۆت ئەمە چۆن دەبینیت؟**

بابەتەکە زۆر سادەیە، من شیعرم لە ئاسمانی سەردەستەکانەوە دابەزاند بۆ سەر زەوی مرۆڤ، هەر لە سەرەتای شیعر نووسینمەوە باوەڕێکی رەهام بەوە هەبوو شیعر نووسین بۆ خەڵکەو هەر خەڵک دەبنە سەرەتاو کۆتایی هەموو ئیشکردنێکی شیعر. ئەفسانەی نووسینی شیعر بۆ توێژێکی تایبەت، بۆ پاشاو سەردەستەکان، تێکشکا، ئێستا لە سەردەمێکدا دەژین پێویستە ئەوانەی لە شیعر سودمەند دەبن خەڵکبن... راستییەکەی بڵێم توانیومە بە شەڕکردن ئەو دەرەنجامە

دەستبخەم. لە ساڵی١٩٤٨یشدا توانیومە لە دیوانی منداڵێتی مەمک، ئاماژە بەوە بدەم و بگەمە ئەو هاوسەنگییە شیعرییەی کە خەڵک تێیدا ببنە بەشێکی دانەبڕاو لە شیعر.

**ئەم زانینەت هەروا لە پڕ دروستبوو، یاخود زانینێکە بە هاوژیانیت لەگەڵ بیرۆکەکاندا گەشەی کردووە، دەکرێت شیعرێک هەبوو بێت و تۆ بەرپەرچیت دابێتەوە.. مەبەستم شیعری شاعیرە عەرەبەکانی ترە؟**

هەر لە سەرەتاوە هەستمکرد کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان شاعیرو جەماوەر، دیوارێکی پتەوی زمانەوانی هەبوو بۆئەوەی خەڵک چێژ لە شیعر نەبینن. ئەو شیعرەی هەمانبوو کە هەر لە سەردەمی جاهیلییەتەوە بەردەوام بوو تا سەرەتای بیستەکان، شیعرێک بوو کاری لەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکان و نەخش و جوانکاری دەکرد، بۆیە من ویستم شیعر لە دیواری ئەکادیمیەوە بێتەدەرو بەرەو باخچە گشتییەکان پەرواز بکات، لەگەڵ خەڵکدا بژی و لەگەڵیاندا بدوێت.

**کەی یەکەم دیوانت دەرچوو؟**

یەکەم دیوانم بە ناوی (کچە ئەسمەرەکە پێی وتم) بوو کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە دیمەشق دەرچوو.

**لەو دیوانەدا چامەیەک هەیە بە ناوی (کاغەزێک بۆ خوێنە)، پێموابێت دەتەوێت لەو چامەیەدا جۆرێک لە (بەیان – یاسا) لە ئەزموونی خۆت و ئەوەی دەتەوێت بیدەیت بە خوێنەر ئاشکرا بکەیت، ئایا تا ئێستاش هەر پابەندی ئەو (بەیان – یاسا)یە هەیت لە نێوان خۆت و خوێنەرەکانتدا؟**

من باوەڕم بە شتە جێگیرەکان نییە. بۆ نموونە ناتوانم بڵێم ئەوەی پێش سی ساڵ لەمەوبەر وتومە، یاسایە. من لەگەڵ ژیاندا گەشە دەکەم، یاخود ئەگەر ڕێگەم پێبدەیت دەمەوێت بڵێم: (لە هەموو ساتێکدا من پێستی خۆم دەگۆڕم)، بەڵام کۆمەڵێک شتی گشتی هەیە پێموابێت مرۆڤ دەستبەرداریان نابێت. نموونەی ئەوەش هەمان ئەو تیۆرەیە کە لێیەوە دەستمان بە قسەکردن کرد دەربارەی گشتاندنی شیعر، یاخود بە نەتەوەییکردنی. بەڕای من ئەو تیۆرەیە تا ئێستاش دروستە، بۆ خۆشم هەموو ڕۆژێک دەمەوێت دیوارێکی نوێ بشکێنم و لە پەنجەرەو دەرگاکانەوە بچمە ناو ماڵی جەماوەرەوە.

**ئەگەر بکرێت دەستنیشانی بکەیت، مەبەستت چییە پێستی خۆت دەگۆڕیت؟**

من باوەڕم بە بوونی شتگەلی ڕەها و فۆرمگەلی ڕەها نییە. پێدەچێت قەیرانی شیعری عەرەبی لەو سەردەمانەدا کە رووی لە دارمان کردبوو، ئەوە بووبێت هەموو چامەکان گوزارشت بووبن لە یەک چامەو لەسەر کاغەزی کاربۆن لەبەری گیرابێتەوە، واتە شاعیر لە سەردەمی خۆی یاخود لە کێشەی مرۆڤ تێنەگەیشتووە. پرۆسەکەش تێکڕا سەبارەت بە شیعری عەرەبی لە ماوەی هەزار ساڵی ئەم دواییە، تەنها گوزارشتێک بووە لە جۆرێک لە دۆزینەوە، واتە دۆزینەوەی شتێک کە پێشتر دۆزراوەتـەوە، ئەوەش تەنها جۆرێک کیمیای زمانەوانی بووەو هیچی دیکە. ئێستا ئێمە وەک وشەیەکی ناو فەرهەنگ کە ناتوانێت چامە بهۆنێتەوە بیر لە شیعر ناکەینەوە، بەڵکو پێمانوایە، ئەوە مرۆڤە دەبێت چامە بنوسێت. لەبەرئەوە فەرهەنگ رووخا، دەڕوخێت بە هەموو سنورە کۆنەکانی وەک واژەو دارشتەو یاسا زبرەکانی، کە سەرپێچی قبوڵ ناکەن. لەمڕۆدا ئێمە پێچەوانە بە فەرهەنگ کار دەکەین، چونکە پێویستە لەگەڵ ژیاندا بین نەک لەگەڵ کۆمەڵێک دەقی مردوو.

**وا بە خەیاڵمدا دێت تۆ یەکێک بیت لەو شاعیرە سەردەمییانەی کە زۆر گرنگی بە زمان دەدەیت. راستە تۆ زمانێکی سەردەمی بە کۆمەڵێک چەمکی سەردەمەوە بەکاردەهێنیت، بەڵام ئەوەندەی بەدەردەکەوێت لە شیعرەکانتدا، گرنگییت بە ماددەیەکی خام داوە کە زمانەو لەوێوە گوزارشتت لە هەستەکانی خۆتکردووە؟**

مامۆستا تەیب... پێویستە سەرەتا لەسەر چەمکی زمان ڕێکبکەوین... مەبەستم هەر ئەو زمانەیە کە سەردەمێکی زۆر لە زانکۆو قوتابخانەو وانەکانی زمانی عەرەبی و وانەکانی فیقە، نەفەسی لێچنیبووین.

**بە پیرۆزییەکان چواردەوری درابوو؟**

بە جۆرێک لە پیرۆزی چواردەوری درابوو... هەمیشە پێیان دەوتین ئەم زمانە وەک سندوقێکی جادوویی وایە کە نابێت دەستی لێبدرێت، یان ئەو سندوقەی لەناویدا شاراوەتە نەکرێتەوە، ئەگینا جنۆکەی گڕداری ناوی پەلامارمان دەدا. ئەو زمانەی من لێی تێدەگەم ئەو زمانەیە کە خەڵک نەفەسی پێدەدا، بۆیە لێرەدا دەتگەڕێنمەوە بۆ سەر بیرۆکەی پێست داماڵینەکە.

**منیش دەتگێڕمەوە بۆ سەر بیرۆکەی پێست داماڵینەکە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە قەسیدە کاتێک تەواو دەبێت بە نسبەتی تۆوە مانایەکی نابێت، دەبێتە جیهانێک بەدەر لە تۆ، دەینووسیت و لە بیری دەکەیت؟**

کاتێک چامەیەک دەنوسم، دەبێتە لایەنگری قۆناغێکی مێژوویی. پێموابێت مانەوەی شاعیریش لە قۆناغێکی مێژوییدا کە تێیدا قەسیدەیەکی نوسیووە، دەیوەستێنێت و لە جوولەی دەخات. من هەمیشە پێمخۆشە دێرینەکانی خۆم تێبپەڕێنم. هەڵبەت ئەمەش بێوەفایی نییە، بیرۆکەی پێست داماڵینەکە، بەڵکو ئەوپەڕی وەفایە بۆ هونەرەکەم. وەفا بۆ هونەر هەمیشە بە تێپەڕاندن و قەڵەمباز دەبێت. بۆ نموونە خەڵکێکی زۆر هەیە دەتوانن وەک ریکۆردەر چامەیەک بگێڕنەوە کە بیست ساڵ لەمەوبەر نوسیویانە، بەڵام راستییەکەی بڵێم من لە بەرامبەر ئەو سەرەڕۆییەدا هێجگار بێ توانام.

من لە ماڵێکی کۆنی دیمەشقیدا گەورە بووم، کە گوزاشت بوو لە چەند باخچەیەکی شاراوە لە پشتی دەرگا بچکۆلە دارینەکانەوە، کاتێک دەچوویتە کۆڵانێکی تەنگەبەرەوە هیچ هەستێکت بۆ دروست نەدەبوو، بەڵام کاتێک دەرگا دارینە یەک لەدوای یەکەکانت دەکردەوە، چەندەها باخچە لە بەردەمتدا شنەیان دەهات و یەکسەر دەیانبردیت بۆ ناو بەهەشتێکی خەیاڵی، دارو درەخت و گوڵی یاسەمین و خوڕە خوڕی ئاو و ماسی و چۆلەکەکان تێکڕا، وەک دەلاقەیەک دەکرانەوە. بۆیە هەموو ئەو باکگراوندانە رۆڵێکی گرنگیان بینیووە لە پێکهێنانی زمانی شیعری من. لە دیوانەکانی سەرەتامدا (کچە ئەسمەرەکە پێی وتم، منداڵێتی مەمک، تۆ بۆ منی) تێبینی ئەو حونجە دیمەشقییە دەکەیت کە پێم نوسیووە. لەو پێنج چامەیەشدا کە بۆ دایکمم نوسی، زۆرێک واژەی فۆلکلۆری سوریم بەکارهێناوە، لەوێدا ناوی گوڵە سورییەکانی وەک شمشێرو وەنەوشەم... هێناوە کە بە سەراپای جیهانی عەرەبی نامۆن... لێرەدا مەبەستم ئەوەیە پەیوەستبوون بە زەوییەوە بنەڕەتەو هەستدەکەم زەوی هیچ نییە جگە لە شانۆی شاعیر. ئەم واقیعە وای لێکردم زۆر نزیک ببمەوە لە کێشەکانی مرۆڤ، زیاتر لە شاعیرەکانی تر.

**ئەو ماوەی منداڵییەی خۆت کە نەخشت کێشا، شیمانەی ئەوی دەدا سەرەنجام تۆ دەبیت بە شاعیر؟**

دەمەوێت سەرنجت بۆ خاڵێکی گرنگ رابکێشم، ئەم یاخیبوونە هونەرییە، لە

ڕێگەی باپیرمەوە، ئەبو خەلیلی قەببانی بۆم مایەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لەناو شانۆی عەرەبیدا گێڕا... بە مانای وشە ئەبو خەلیل هونەرمەندێکی ئاست بەرز بوو تارادەیەک دەتوانم بە چارلّی چاپلّنی بچوێنم. لە سەردەمی خۆیدا توانی شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ باوی بقەی دیمەشقدا بکات بەو مەبەستەی بۆ یەکەمجار شانۆیەکی ئاسۆ روون پێشکەش بکات. باپیرم لە کاتی خۆیدا توانیبوی هەموو بۆماوەکان تێپەڕێنێت تا سەرەنجام دوورخرایەوە بۆ دەرەوەی شوراکانی دیمەشق و ڕۆشت بۆ میسر. تەنانەت لە میسریشدا توانی ڕۆڵێکی پێشەنگ ببینێت و لەوێ ببێتە یەکێک لە دەمڕاستەکانی ئەو شانۆیەی میسر کە دواتر پێی ئاشنابووین.

**هەست ناکەیت بە هاوڕێیەتی پەیوەست بیت بە شاعیرگەلێکەوە کە هەزار ساڵ پێش تۆ ژیابن؟**

تەنها لەگەڵ ئەو کەسانەدا دێمەوە کە لە بیرکردنەوەدا وەک یەکین. بە نموونە شیعرەکانی عومەری کوڕی ئەبی ڕوبەیعە وەربگرە، لە هێڵەکانی واقیعییەتی زەمینی و مرۆڤبوندا هاوڕاین. تۆ دەزانیت کە عومەری کوڕی ڕەبیعەش وەک من خۆشەویستی لە کون و کەلەبەری کتێب و یاساغەوە دەرهێنا بۆ ناو هەوای سازگار. ڕاستییەکەی بڵێم من باوەڕم بە شاعیرێک هەیە ئەوە بڵێت کە خەڵک دەیەوێت. جا ئەگەر من شاعیرێکی دووڕوو بوومایە هەرگیز دەرگای نەفرین و هێرش و تەنگوچەڵەمەم بە رووی خۆمدا نەدەکردەوە، بەڵام پێموایە تاسەی شاعیر شەرەفە: چونکە ئەرکی شاعیر ئەوەیە بۆمبێکی تەوقیتکراو بخاتە ژێر ئەو شەمەندەفەرە رزیوەی کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ سەردەمدا نەیەتەوە.

**تارادەیەکی زۆر سەرم سوڕماوە لە پەیوەندی شاعیر بە ژنەوە لە دیوانەکانتدا. هەمیشە شاعیر بەشدارییەکی بەردەوامی هەیە لەگەڵ ژندا. ئەم پەیوەندییەش ناکۆکی و ململانێیەکی گەرموگوڕی زیاتر لە پێویستی تێدایە؟**

سەیرکە مامۆستا تەیب... خاڵێکت وروژاند پێمخۆشە روونی بکەمەوە: دوژمنایەتی لەگەڵ ژن، سەرچاوە ڕاستەقینەکانی هەموو شیعرێکن. کۆتاییەکانی خۆشەویستیش وای لێکردم شیعری باشتر لە سەرەتاکانی خۆشەویستی بنووسم.

جا کاتێک هێڵەکە دەبچڕێت و زریان لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا دەستپێدەکات، ئەوکات دەست دەکەیت بە نووسینی شیعر. هەر ئەمەشە وای لێکردووم بڵێم دراما

له خۆشەویستیدا، شیعری راستەقینەیەو شادی له خۆشەویستیدا هیچ مانایەکی نییە... شادی پرۆسەیەکی زۆر سادەیە: کاتێک لەگەڵ کچە خۆشەویستەکەتدا ئاسودەیت ئیتر بە ئاسودەبوونەکەت وازدێنێت...، چونکە شادی و بەختەوەری پرۆسەیەکی زۆر زۆر نەرجسییە. بەڵام کاتێک هێڵەکە دەبڕدرێت، یان دوو خۆشەویستەکە دەچنە ناو ناوچەی دراما، ئەوکات شیعر دەستپێدەکات.

**یەکێک لەو چامانەت کە زۆرترین دراماو توندوتیژی تێدایە، چامەی (نیگارکێشان بە وشە)یە؟**

ئەو چامەیە گوزارشتێکی توندوتیژ لە قەیرانەکە دەکات... هەر ئەو قەیرانەی قوڵپەقوڵپی دەگاتە شاعیر، کاتێک لە شوێنێکی داخراودایە، واتە رێگایەکی یەک ئاڕاستە... ئەو چامەیە خراپ کەوتوەتە بەرگوێ، بەداخەوەم بۆ ئەمە. هەندێک کەس، ئەو کەسانە مەبەستمە کە بە سادەیی دەیخوێننەوە، یان ئەو کەسانەی لە ناونیشانەوە ناوەرۆک دەخوێننەوە... پێیانوایە چامەکە نا ئەخلاقییە. بۆ خۆشم لە لایەک پێموایە ئەو چامەیە لە باشترینی شیعرەکانمە، لەلایەکی تریشەوە پاکیزەترینیانە، چونکە بەو چامەیە دەمەوێت ئەو دژانە دەربخەم کە شاعیر لەسەری رێدەکات لەگەڵ ئەو سەرەنجامەی پێیدەگات... لەو چامەیەدا بەرچاو رەشییەکی ترسناک هەیە، لەو چامەدا جۆرێک لە بێ هیوایی و (هەوانتەیی) هەیە کە ئێستا ئەو ناوەیان لێناوە.

من لەوەدا هاوڕام لەگەڵتدا کە ئەو قەسیدەیە خاڵی وەرچەرخانە لە شیعرەکانتدا،

((لا تطلبي مني حساب حياتي
إن الحديث يطول يا مولاتي
كل العصور أنا بها فكأنما
عمري ملايين من السنوات
تعبتْ من السفر الطويل حقائبـي
وتعبتُ من خيلي ومن غزواتي))

سەرچاوە:

روزا ياسين، الاوان، ١٢ ايار ٢٠١٠.

# لە ئورشلیم
# داپیری عاموس عوز



**وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی**

چەندینجار ڕووداوەکـان هەڕەشەیان لە ڕاستیی کردووە. من جارێکیان لەسەر هۆکاری دروستی مردنی داپیرم، نووسیبوم: داپیرەم شلۆمیت ڕاستەوخۆ لە (ڤیلنا)وە لە ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٣٣ هاتبوو. ئەو سەیرێکی بازاڕەکەی کردبوو کە تەژی بوو لە ئارەقە، ئەو فەرشانەی بەرەنگ و ڕوو، بەهیچ شێوەیەک لەیەکتریان نەدەکرد، لە کۆڵانەکاندا دەنگی بازرگانەکان و زەڕینی کەرو مشەی وەڵسات و دەنگی ئەو پەلەوەرانەی کە بە قاچەکانیانەوە هەڵواسرابوون بینیبوو، لەگەڵ دیمەنی ئەو مریشکانەی خوێنیان لە ملیان دەچووڕایەوە، تووشی شۆک ببوو. داپیرەم دیقەتی دابووە شانوپیلی پیاوە خۆرهەڵاتییەکان، سەیری ڕەنگی میوەو سەوزە زەقەکانی دەکرد. داپیرەم کە هاتبوو سەیری شاخەکانی چواردەورەمانی کردبوو، نشێووە بەردینەکانی دیبوو، بۆیە یەکسەر حوکمی دوایی خۆی لەسەر ئەو دەڤەرە دابوو و وتبووی:

(خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەژییە لە میکرۆب).

داپیرەم بیست و پێنج ساڵ لە ئورشلیم ژیا، ڕۆژانی تاڵی زۆرو کەمێک شیرینیشی تێدا بەسەربردبوو، تا مردیش حوکمەکەی لەسەر دەڤەرەکە سووک نەکردبوو، هەتا دوارۆژەکانی ژیانیشی لەسەر حوکمەکەی هیچ نەگۆڕا. دەگێڕنەوە کە داپیرەم ئەو ڕۆژەی گەیشتبووە ئورشلیم هەموو ژیانی بەیانیانی، هاوین و زستانەکانی لە ئورشلیم داوای لە باپیرم کردبوو: هەموو ڕۆژێک بەیانیان سەعات شەش یان شەش و نیو لە خەو بەئاگابێت، هەموو گۆشەکانی ماڵەکەیان بە پاککەرەوەیەکی شل، ڕووبــەڕووی میکرۆبەکان ببێتەوەو هێرشەکانیان تێکبشکێنێت. ئەو داوای کردبوو بن سیسەمەکەو پشت دۆلابەکەو ناو کەلوپەلەکان و نێوان پێچکەی دۆلابی کەرەستەی خوانەکە، جێو باڵینگان و لێف و بالیفەکان داتەکێنێت.

من لە منداڵییەوە دەمبینی (ئەلکسندرا)ی باپیرم بەیانیان زوو بە قەمیسە سپییەکەی بنەوەی و لەسەر باڵکۆنەکەوە شەپەشەپی دەهات و بەهەموو هێزێکییەوە تەپەی لە دۆشەکەکانەوە دەهێنا، وەک چۆن (دۆنکیشوت) هێرشی بردووتە سەر گۆزەی شەرابەکان. چەندجارێک ئەو دۆشەکەکانی دادەوەشاندو تەپەی لێوەیان دەهێنا، کە هەموو حەسرەت و نائومێدییەکانی پێوە دیاربوو. شلومیتی داپیرم کە لە باپیرم کورتتربوو، بە ڕۆبە سوورە حەریرییە بەقۆپچەکانییەوە کە تا دوگمەی سەرەوەی دادەخست، پرچیشی بە قردێلەیەکی کەسک لە شێوەی پەپوولەیەکی ئامادە بەستابوو، چەند هەنگاوێک لە پشتی دەوەستا. لەو حاڵەتەدا داپیرەم لە بەڕێوەبەرێکی بەشی ناوخۆی کیژە نەجیبزادەکان دەچوو، وەک سەرکردەیەک لە گۆڕەپانی شەڕدا هەتا سەرکەوتن لەو ململانێیەدا سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد.

داپیرم بەپێی ڕۆژانەی شەڕە درێژخایەنەکەی دژ بە میکرۆبەکان، فێر ببوو هەموو میوەو سەوزەکانی زۆر دەکوڵاندو کوڵی نەدەدا. نانیشی بە پارچە پەڕۆیەکی تەڕکراو بە مادەیەکی شیماویی ڕەنگ پەمەیی پاککەرەوە کە ناوی (کالی)بوو، جارێک یان دووجار دەسڕییەوە.

داپیرەم وەک چۆن بۆ جەژنی بەڕۆژووبوون قاپ و ئامانەکانی دەکوڵاند، ئەو لەجیاتی شووشتنیان پاش هەموو ژەمێک، ئامانەکانی یەک سەعات و لە سەعاتێکیش زۆرتر لەسەر ئاگر دەکوڵاند. ئەو ڕۆژانە خۆشی سێجار دەکوڵاند، هاوینان و زستانیش ئەو خۆی لەناو حەوزی ئاوەکە وەردەدا، تا میکرۆبەکان

بکوژێت بەئاوی گەرم، خۆی دەکوڵاند. ئەو تەمەنێکی درێژ ژیا، لە ژیانیدا میکرۆب و ڤایرۆسەکانی دووربەدووری بۆی دەهاتن، بەڵام ئەو لەدەستی ئەوان لە شەقامەکان دەپەڕییەوەو دووردەکەوتەوە. ئەو لەبەرئەوەی کیژێکی تەمەن سەرووی هەشتا ساڵان بوو، لەبەر ئەو تەمەنە درێژەو لەبەرئەوەی دووجار یان سێجار دڵەکوتەی گرتبوو، بۆیە دکتۆر (کرۆمهۆلتس) هوشیاری کردبووەوەو پێی وتبوو:

خاتوونە ئەزیزەکەم، ئەگەر بە ئاوی گەرم واز لەو کوڵانە نەهێنیت، خۆت بەرپرس دەبیت لەوەی چ رووبەڕووت دەبێتەوە.

بەڵام داپیرەم وازی لە حەوزی ئاوە گەرمەکە نەدەهێنا، ئەو زۆر لە میکرۆب ترسابوو، بۆیە هەر لەناو حەوزی ئاوەکەشدا مرد.

دڵەکووتە، واقیعەکەی ئەو بوو.

داپیرەم بە دڵەکوتە نەمرد. بەڕاستی، پاکوخاوێنی ئەوی کووشت. رووداوەکان ئەوە دەڵێن، بەڵام راستییەکان شتێکی تریان بەچاوان بینیبوو. خاوێنی ئەوی کووشت. ئەو دروشمێکی هەبوو دەیووت (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەژی میکرۆبە). ئەو شاهیدی حەقیقەتێکی کۆنە، لە ناخەوە بوونی هەبووەو کە پاکوخاوێنییەکەی داپۆشیوە، کە حەقیقەتی خنکاوی شاراوە لەبەرچاواندا دیارنییە، ئەویش ئەوەیە کەوا شلومیتی داپیرم لە باکووری خۆرهەڵاتی ئەوروپاوە هاتبووە ئورشلیم، لەو شوێنەی ئەو لێوەی هاتبوو، میکرۆبەکانی ئەوێ لە ئورشلیم کەمتر نەبوون، میکرۆب و چەندین ئافاتی تریشی تێدابووە.

دەکرێت لە درزێکەوە چاومان بکەینەوەو هەندێک دیمەنی خۆرهەڵاتی و بۆن و رەنگەکان لەناو دڵی داپیرم و دڵی کۆچبەرەکانی تری (ئەوانەی کە لە وڵاتانی تاریکەوە هاتبوون) لە پاییزی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپاوە دەستنیشان بکەین، کە بە شەهوانییەتە تیژەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرسام بوون، بۆیە (گیتۆ) یان بۆ خۆیان سازکردو تێیدا خۆیان لە ترسی هەڕەشەکان حەشاردا.

هەڕەشەکانیان؟ لەڕاستیدا ترسی داپیرەکەم لە هەڕەشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو، داپیرەکەم بە بگرو بە پارێزبوو، هەتا لە ئورشلیم لە ژیاندا مابوو بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێوارانیش جەستەی خۆی لەناو حەوزە گەرمە سووتاوەکان دەکوڵاند، ئەو رێک لە سیحری شەهوانییەتە بەسۆزەکە دەترسا. جەستەکەی ئەو وابوو، ئەو لەناو بازاڕە سەرەنجبەرە قەرەباڵغەکە کە لە هەموو

لایەکەوە ڕۆحیان تا دوا پەراسووەکانی سەرسام کردبوو، میوە زۆرو بۆرو بەتامەکان، پەنیرە تەڕو بەبۆنە تیژەکان، خواردەمەنییە بەهێشووە سەیرەکان سامیان کردبوو. ئەو دەستە برسییانەی لەناو بازاڕەکاندا میوەو سەوزەکانیان هەڵگێرو وەرگێڕ دەکرد، بیبەری سوورو زەیتونە بە ئاوەکە، یان گۆشتە رووتە هەڵواسراوە بەخوێن و سوورەکان، کە لە پێستەکانیان کردبوونەوەو بەبێ شەرم و بەبێ پەردەو بە چەنگاڵەکانیان وەکردبوون، بەهارات و دەرمان و وردەواڵەو تۆزو کارییەکان کە توانای توانەوەیان تا رادەی لەخۆچوون تێدابوو.

ئەوانەی نیشاندرابوون تام و بۆنی تاڵ و تفت و سوێریان پێوە بوو، ئەوانە لەگەڵ بۆنی قاوە وەحشییەکە ئاوێتە ببوون، کە بەناو هەناودا پێچاوپێچیان دەکرد، لەناو شووشە گەورەکانیش شلەی زۆر لەگەڵ پارچە بەفرو کەرتە لیمۆ تێکەڵ ببوون. عەتارە فرۆشیارەکان لەناو ئارەقەدا شەلاَل ببوون و ماسولکەکانیان لە ماندوویيدا دەلەرینەوەو پێستەیان لەبەر تیشکە بەپرشنگەکەی خۆر بریسکەیان دەهات، ئارەقەشیان لەسەر جەستەیان جۆگەلەیان بەستبوو. داپیرەم لەو رۆژەی هاتبووە ئەو ولاَتە خۆی لەناو بەدلەیەکی خاوێنکراو کردبوو، بە حەوت کلیلیش دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو، تا دەرگاکەش نەکرێتەوە کلیلەکانیشی شوێن بزر کردبوو، وەک کەشتیوانییەکانی فەزای کردبوو.

لەدواییدا داپیرەکەم بە دڵەکوتە مرد، واقیعەکە وابوو دڵە کوتەکە نەیکوشتبوو، خاوێنییەکەی بەکوشتنی دا. خاوێنییەکەی نەبوو، بەڵکو ویست و ئارەزووە شاراوەکانی کووشتبووی... یان وانەبوو، ئارەزووەکانیشی نەبوو، بەڵکو ترسە ئەستوورەکەی لە ئارەزووەکانی بە کوشتنی دا. داپیرەم خاوێنییەکەو ئارەزووەکان و ترسی لە ئارەزووەکانیش نەیکوشت، بەڵکو تووڕەبوونە بەردەوام و نهێنییەکەی لە ترس کوشتی، تووڕەبوونە خنکاوەکە. تووڕەبوونەکەی ئەو ئەستوور دەبوو، وەک دوومەڵێکی ئەستووربووی نەتەقیوو، تووڕەبوون لە جەستەکەی، تووڕەبوون لە هەوەسەکانی، ئەوەو تووڕەبوونی تر، لەوانەش قووڵتر، تووڕەبوون لە شاردنەوەی شەهوەتەکانی، تووڕەبوونە لێڵەکە، تاڵەکە، تووڕەبوون لە پاسەوان و گیراوەکە. ئەو چەندین ساڵ خەفەتی لە سەردەم و کاتە بێ ئومێدەکان دەخوارد، کە تەمەنێکی زۆر بەسەر جەستەکەی گوزەری دەکردو رۆژبەڕۆژ جوانیی جەستەکەی دەبرد، ئەو جوانییەی هەزارەها کەڕەت دەشۆرایەوەو لەناو خەفەتا نقووم ببوو، ئەوەی پاک دەکرایەوەو دەکولاَو دەبرژا. جوانیی ئەو خۆرهەلاَتە، ئەوەی پیسکرابوو، وەحشی و ئارەقەڕێژبوو، ئەوەی تا رادەی لەخۆچوون، هەمووی پڕ میکرۆب بوو.

**ئەوە بەشێکە لە بیۆگرافیای ڕۆماننووسی ئیسرائیلی ئاموس عوزە، کە لە ڕۆمانی (چیرۆکێک لەسەر ئەڤین و تاریکی) بڵاوکراوەتەوە. عاموس عوز چەندین ڕۆمانی نووسیوەو ماوەیەکە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاداب ناوی هاتووەو یەکێکە لەو ئەدیبانەی کە بەرهەمەکانی بە چەندین زمانی جیهان هەیەو کتێبەکانی زۆر فرۆشن. لەبەرئەوەی ئەو کتێبە بیۆگرافیای خۆیەتی، سەربردەی ئیسرائیل و جوولەکەو ژیانی خۆیەتی، بۆیە وا بەش بەش ڕۆمانەکە دەکەمە کوردی. دەقە عەرەبییەکەی زاراوەو وشەی نامۆی زۆرە، بۆیە من وەک بەراوردو ئاسانکردنەوە کەمێک سوود لە دەقە سویدییەکەش وەردەگرم.**




بەرگی ڕۆمانەکە بە زمانی ئینگلیزی



# ئەرستۆ*
# (٣٩٤-٣٢٢ پ.ز)
# وەک رەخنەگری ئەدەبی

**ریچارد دەتۆن**
**و: لەئینگلیزییەوە: عوسمان ئەحمەد**

کتێبی (هونەری شیعر)ی ئەرستۆ گرنگترین کتێبە دەربارەی رەخنەی ئەدەبی، کە لەکۆندا نووسرابێت، ئەم کتێبە بیرۆکەیەکە هەتا ئەمرۆ کاریگەیی لەسەر بیرکردنەوە هەیە، بەڵام پێویستە خۆمان لەهەڵەی لێکدانەوەیەکی گشتیی دەرباز بکەین کە هەیە: ئەمە بەواتای جێگیرکردنی (یاساکان) نییە دەبارەی ئەدەب، وەک ئەوەی هەندێک لە هاوڕێیانی ئەرستۆ لەچاخی رێنیسانسدا باوەڕیان پێی هەبوو، ئەمەش تاڕادەیەک کاری لێکۆڵینەوەو وەسفکردنە، کە لەناو هەمان رۆحی زانستیدا ئەنجامدراوە، وەک ئەوەی مرۆڤێک لەناو فێربوونی ئینسکلۆپیدیادا هەموو شتێک فێر دەبێت: ئەرستۆ بەشێوەیەکی بەرایی گرنگیداوە بەپرسیارکردنی ئەم تێزانە: (نموونەی باڵاو تەواوی ئەدەب چییە؟) فرمانی ئەم نموونەیە چییە لەپێکهێنانی بەشە سەرەکییەکانی ئەدەبدا؟ مامۆستاکەی ئەرستۆ

واتە ئەفلاتون، بەشێوەیەکی فراوان جەختی لەسەر ئەم پرسیارە کردۆتەوە: (بەهای ئەدەب لەچیدایە؟) لەهەندێک لایەنەوە (هونەری شیعر) وەڵامدانەوەیەک پێشکەش دەکات بۆ ئەو ڕەتکردنەوەیەی ئەفلاتون دەربارەی بەشێکی گەورەی ئەدەب هەیەتی، لێرەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەرستۆ ڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبی هەڵدەبژێرێت، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگای لێکۆڵینەوەی تەواوکارییەوەیە (چۆن بەتەواوەتی ئەم کارە ئەنجام دەدرێت؟)

دەستپێکی کارەکەی ئەرستۆ پۆلێنکردنی سێ جۆری سەرەکی شیعرە، کە لەیۆنانی دێریندا ناسرابوون و بریتین لەمانە: داستان، شیعری دراماتیکی (کۆمیدی و تراژیدی)، شیعری لیریکی یان گۆرانیی و جیاکاریی لەنێوانیاندا، وەک ئەوەی ئەفلاتون کردوویەتی لەناو دەستەواژەکانی گاڵتەجاڕی یان لاساییکردنەوەدایە کە ئەمەش شاعیرەکان پێشکەشی دەکەن، ئەفلاتون دەڵێت: هەرچەندە شیعر لاساییکردنەوەی مرۆڤەکانە لەناو کارکردنیان (بۆ نموونە، مێژووی سروشتی لەناو دێڕە هۆنراوەدا، کە ئەمە هۆنراوەی ڕاستەقینە نییە) هەر یەک لەمرۆڤەکان جا ئایا باشتر یان خراپتربن لەخۆمان، ئەم خاڵەی دواتر، کە ئەرستۆ پێشنیاری دەکات، ڕوونکردنەوەی جیاکاریی نێوان تراژیدیاو کۆمیدیایە: (چونکە مەبەستی کۆمیدیا نیشاندانی مرۆڤەکانە وەک ئەوەی خراپ بن، تراژیدیاش نیشاندانی مرۆڤەکانە وەک ئەوەی باشترن لەوەی کە لە ژیانی واقیعیدا دەیگوزەرێنن)، ئەرستۆ بەبایەخەوە، گرنگی نەداوە بەمیتافیزیای گاڵتەجاڕیی، وەک ئەوەی ئەفلاتون کردوویەتی، ئەرستۆ ڕازییە بەوەی لێوردبوونەوەی وردبکات لەو ڕێگایەی کە مرۆڤەکان بەشێوەیەکی سروشتی لاساییکردنەوەی تیادا دەکەن، لەم لاساییکردنەوەیە خۆشیی وەردەگرن و بەهۆیەوە فێردەبن.

تەنانەت ئاماژە دەکات بۆ لاساییکردنەوەی ڕووخساری ناشرینی شتەکان، وەک لاساییکردنەوەی ئاژەڵە نزمترەکان، دیارە ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسان خۆشییمان پێدەبەخشێت بەهۆی تۆمارکردنی وردو ڕاستەوە، بەگوزارشتێکی تر، ناوەرۆکی ئەدەب هەموو شتێک نییە، دیارە ئەمە بەقووڵی بیری لێکراوەتەوە بەهۆی شێوازی ئەم لاساییکردنەوە یان نیشاندانەوە، ئەمەش بریتییە لە فۆرم، ئێمە ناتوانین بەئاسانی بەرپەرچی ئەوە بدەینەوە وەک ئەوەی ئەفلاتون دەیخەملێنێت، بەڵام تا ڕادەیەک دەتوانین بەرپەرچی چۆنیەتی ئەوە بدەینەوە کە نیشانمانداوە، دیارە ئەمەش جیاکارییەکی ڕەخنەییە کە جەختدەکاتەوە لەسەر تیۆری ئەدەبی ئەرستۆ بەگشتیی و ڕەتکردنەوەی ڕوون و ئاشکرای ئەفلاتون بۆ ئەدەب.

لەم خاڵەوە، ئەرستۆ لەسەر ئەو هێڵە سەرەکییە دەڕوات کە گەشەپێدانی فۆرمە سەرەکییەکانی شیعرو هێزی لاساییکردنەوەیە، ئەمەش دابەشبوونی شیعر بۆ کۆمیدی و تراژیدی لەخۆدەگرێت لەشیعری درامیدا: (شاعیرەکان) عەقڵێکی زۆر پتەویان هەیە، کردارو کردەوەی خانەدانانەی خانەدانەکانیان دەرخستووە، لەکاتێکدا ئەوەی نووسیویانە مەیلێکی زۆر بێبایەخە دەربارەی جۆری خەڵکی نزمتر). وادەردەکەوێت ئەرستۆ دژی ئەو جیاکارییە بێت کە لەنێوان فۆرم و ناوەرۆکدا دەکرێت و رەخنەی لێدەگرێت، بەڵام دیارە لەم خاڵە بەردەوام نابێت، تەنها ئەو گەشەکردنە دەخاتەڕوو کە وەک راستییەکی مێژووییە، ئەرستۆ دواتر زۆر بەچڕیی تاوتوێی کۆمیدیاو تراژیدیا دەکات، بەڵام سەلماندنەکانی ئەرستۆ یان ئەوەی نووسیویەتی دەربارەی ئەم مەسەلەیە نەپارێزراون، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین کەموکوڕییەکان لەمێژووی رەخنەی ئەدەبیدا، هەریەک لە رەخنەگرانی تری رابردوو هیچ شتێکی گرنگیان نەوتووە دەربارەی کۆمیدیا، ئەمەش بەرەنجامێکە بووەتە هۆی باری سەرنج، بەشێوەیەکی وەها، کە ئەرستۆ هەرگیز بەڕوونی مەبەستی نەبووە، کە کۆمیدیا بکاتە فۆرمێکی بێبایەخ، کە لە زنجیرەی بەدواییەکداهاتنی هەڵوێستەکاندا گرنگی نییە، دواتر، لەچاخی مەسیحییەتدا، ئەمە شتێکی قورس بوو بۆ پۆزشهێنەرەوەکانی کۆمیدیا: وەک ئەوەی ئێمە دەربارەی فرمێسکی مەسیح (د.خ) وتوومانە، بەڵام ئینجیلەکان هیچمان دەربارەی زەردەخەنەکانی مەسیح (د.خ) پێناڵێن. تەنانەت ئەمڕۆش بەهۆی پاشماوەی ئەم گومانکارییەوە، کۆمیدیا بەبنچینەی فۆرمێکی نزمتر لەبوارەکانی تری ئەدەب دادەنرێت، بەشێوەیەکی وەها بوارەکانی تر هۆکاری راستەقینەن لەگریمانەکردندا، لەڕاستیدا، درامانووسەکانی وەک، ئەرستۆفان، جۆنسۆن، مۆلێر، کۆنگریڤ، شیردان، ئۆسکار وایڵد، وەک درامانووسە پلە نزمەکان دادەنرێن، چونکە بەشێوەیەکی سەرەتایی کۆمیدیا زیاتر لە تراژیدیا هەڵدەبژێرن لە نووسیندا؟

لێرەدا ئەرستۆ خۆی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانە سەرەکییەکەی بە تراژیدیا، ئەمەش زیاتر لەو داستانانەدا رووندەکاتەوە کە هەڵیبژاردوون و گرنگییان پێدەدات، (چونکە هەموو سەرەتاکانی داستان نووسین لە تراژیدیادا دەدۆزرێتەوە، بەڵام هەموو تایبەتمەندییەکانی تراژیدیا لەناو داستاندا نادۆزێتەوە) لەکۆتایی کتێبی (هونەری شیعر)دا، ئەرستۆ راڤەکردنێکی کورت بۆ داستان دەخاتەڕوو، بەڵام لە ئەنجامی کۆتاییدا تراژیدیا فۆڕمێکی لەپێشتر وەردەگرێت، پێناسەی ئەرستۆ بۆ تراژیدیا زیاتر لەهەر پارچە نووسینێکی تری رەخنەیی لە بەراوردکارییەکی

درێژدا کاردانەوەی زۆری ورووژاندووە.

لاساییکردنەوە کردارێکی زنجیرەییە، لە دڵنیاییەکی تەواو و گەورەدایە، بەهۆی جۆرێکی جوانکاریی هونەرییەوە لەناو زماندا رازێندراوەتەوە، لەناو بەشە جیاوازەکانی ئەم گەمەیەدا جۆرە هەمەچەشنەکان دەدۆزینەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ترس و بەزەییدا بەرەنجامی پاککردنەوەیەکی گونجاوی دەبێت (یان ئاسوودەیی) زاخاوی مێشک و دەروون بەدەربڕینی هەست و نەست، واتە (Catharsis) کە وشەیەکی یۆنانییە، ئەو وشەیە لای ئەرستۆ واتای زاخاوی مێشکە بەهۆی شانۆوە بەکاردێت لە هەستەکاندا.

زاخاوی مێشک لای ئەرستۆ (Catharsis) واتای چییە؟ چەندین کتێب لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە، وا دەردەکەوێت ئەمە گونجاوبێت لەگەڵ ئەو چەند (واتا)یەی ئەرستۆ ئاماژەی پێدەکات لە تایبەتمەندییەکانی رەفتاردا، وەک تایبەتمەندی فزیک، عەقڵی، ئەتیکی و بناغەیی لە بەرهەمەکانی تریدا دەربارەی مرۆڤ تاوتوێکراون، هەروەها ئەرستۆ پێیوایە، تراژیدیا، یارمەتیدەرە بۆ هێشتنەوەی ترس و بەزەیی لە گونجاوکردنی ناهاوسەنگییەکاندا، ئەمەش بەهۆی رەچاوکردنی جۆری نەریتی پاککردنەوەی سۆزەکانەوە.

لەم رەوشە زۆر گشتییەدا، چەمکی (پاککردنەوە) نەمرە، هەر واتایەک کە ئەرستۆ بەڕوونی دەربیبڕێبێت بەهۆی ئەمەوەیە لە هەندێک شوێندا ئەفلاتون هێرشی کردووەتە سەر شاعیرەکان، چونکە باوەڕی وابووە، شیعر بەشێوەیەکی هاکەزایی هەست و سۆزمان دەجولێنێت، شیعر جۆشدانی هەستەکانمانە، زیاتر لەوەی قسە لەگەڵ عەقڵماندا بکات، ئەرستۆ ئەو روانگەیە دەخاتەڕوو، لانیکەم لەبارەی تراژیدیاوە، لەکاتێکدا ئەمە دەربارەی هۆنراوەش هەر راستە، پێویستە ئەمە لەتاوتوێکردنی ئایدیاڵی چاکەی خەیاڵی ئەدەبیشدا تاوتوێبکرێت، لەوانەیە ئەمە بەرەنجامەکانی سوودبەخش بن لەناو ئەو دەستەواژانەی رێنیشاندەری سۆزە شاراوە خراپبووەکانن.

لەسەر وەستانی ئەم پێناسەیە بەقورسی کەمێک زیندوویەتی هەیە، چونکە ئەمە دەستپێکی روونکردنەوەیەکی باشە دەربارەی بیرۆکەی هاوچەشنی لە ئەدەبدا، دیارە ئەمەش شتێکە کە لە ئەدەبدا هەیە، لەگەڵ قەبارەی تەواو و تایبەتمەندیی جیاکراوەی تەواوی ئەو شتەی کە لە لاساییکردنەوەدا ئەنجامدەدرێت، ئێمە هەست بەوە ناکەین چ شتێک لە ئەدەبدا بەئاسانی لەناو دەستەواژەکاندایە، بەڵام پێویستە رەچاوی ئەو دەستەواژانە بکەین کە لەناو فۆرمدا بەرجەستەکراون، هەروەها ئەرستۆ لەسەر ئەوە دەڕوات ئایا لێکۆڵینەوەی سەرەتاکانی دامەزراندنی

فۆڕمی تراژیدیای نموونەیی، چی: گرێ، کاراکتەر، شێوازی ئاخاوتن و نووسین، هزر، دیمەن هەورەها گۆرانیوتن، بێت. لەم جەختکردنەوانەدا (گرێ گرنگترین شتە... ئەمە لەکاتێکدا تراژیدیا تەنها نیشاندانی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو نیشاندانی ژیان و کرداریشیانە... لێرەدا تراژیدیا لەناو کرداردا نییە، بەڵکو لایەنێکە لەناو کاراکتەردا)، ئەمەش واتای ئەوەیە، تاکەکان چ کارێکی دڵنیایی دەکەن، یان چ کارێک ئەنجامدراوە بۆیان، دیارە ئەمانە گرنگترین شتن، ئەمەش پێویستە بەشێوەیەکی تیۆری گونجاو بێت بۆ ئەم تاکانە لە مانەوەیان لەناو ئەو کردارە هاوبەشییەی کە دەیخوازن و لە بوارێکی نەناسراودا پێناسەکراوە، ئەمە کرداری گرێیە، هەرچۆنێک بێت، پێویستە ئەم کردارە لە ناوخۆیدا تەواو بکرێت، بەشێوەیەکی وەها پێویستە ئەمە لە واتاکاندا دەستپێکردن و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، پێویستە ئەمانەش بناغەیەکی یەکسانیان هەبێت لەکۆی گشتیی کارەکەدا، ئەمەش لەبەرئەوەی بیر لەوە نەکرێتەوە ئەم بەشە لاببرێت و زیان لەکۆی گشتیی کارەکە بدات، بۆیە پێویستە هەموو بەشەکان بەشێوەیەکی گونجاو ڕێکبخرێن، لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنە گرنگەدا، دیارە پێویست ناکات درامانووسی بەشێوەیەکی ئاسان ئەمە بەدەستبهێنێت، چونکە ئەوەی درامانووسی دەیڵێت چیرۆکی تاکەکەسییە.

وەک زانراوە هەمیشە ئەم پەیڕەوانە بریتین لە پرەنسیپی یەکێتیی ئۆرگانی لە ئەدەبدا، ئەرستۆ خۆی وێنەی لێکچووی نێوان تراژیدیاو خولقاندنی زیندووی کێشاوە ئەمانە تاڕادەیەک قەوارەکانیان لێکچووە، بۆیە دەکرێت بەهۆی تایبەتمەندییەکانیانەوە بناسرێنەوە، لەمەوە گونجاو نییە بەش شێوەیەکی لێکچووی هەبێت لەشێوە پێداندا بەبێ زیان لێکەوتنی گشت، لەو قەبارەو پەیوەندییەی هەموو بەشەکە هەیەتی لە نموونەیەکەوە بۆ نموونەیەکی تر، دیارە ئەمە بەنرخییەکی تایبەتییە، چونکە لەم جەختکردنەوەیەدا ئەرستۆ تەنها وەسفی پرنسیپە گشتییەکان دەکات، سوورنەبووە لەسەر یاساکان: ئەرستۆ جەخت لەوە ناکاتەوە کە پێویستە دوو تراژیدیا بەتەواوەتی هەمان شت بن لەناو دەستەواژەکانی فۆرمدا، ئەمەش واتای ئەوە نییە ئەم دوو تراژیدیایە هەمان شێوەی لێکچوویان هەبێت وەک ئەوەی دەوترێت دوو پشیلە یان دوو ماسی هەمان شێوەی لێکچوویان هەیە.

لەم خاڵەدا ئەرستۆ لەبابەت دەردەچێت لە ڕەچاوکردنی جۆری ئەو حەقیقەتەی کە شاعیرەکان دەیڵێن لەناو نووسینەکەیدا، دیارە نووسینی ئەرستۆ پێچەوانەیە لەگەڵ نووسینی مێژوونووسێک:

ئەمە جیاوازییەکە یەکێک دەینووسێت دەربارەی ئەوەی بەکردار ڕوویداوە،

لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکانی تر دەربارەی ئەوەیە کە روودەدات، لەمەوە شیعر زیاتر فەلسەفییە وەک لەوەی زنجیرەیەکی دوورو درێژی تێبینیکراوی جۆراوجۆر بێت لە مێژووەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی لەکاتێکدا شیعر پەیوەستە بەخودی خۆیەوە پەیوەستە بەحەقیقەتە گەردوونییەکانیشەوە، دیارە مێژوو تەنها رەچاوکردنی حەقیقەتە تایبەتییەکانە.

ئەمە حاشا لێکردنی مێژوو نییە، وەک ئەوەی ئەفلاتون رێگریی لێکردووە، لەو شوێنەدا کە ئەفلاتون سکاڵای لە شاعیرەکان کردووە، تەنها لەوەی کۆڵیوەتەوە کە لە واقیعدا هەیە ئەمەش جیاوازە لەوەی شاعیرەکان گواستوویانەتەوە، وەک ئەوەی دەربارەی حەقیقەتی راستەقینەی کەشتی و عەرەبانە وتوویانە زۆر کەمترە لەوەی عەرەبانچی و کەشتیوان لەم بارەیەوە دەیزانن، ئەرستۆ جەخت لەوە دەکاتەوە، شاعیرەکان لەناو جۆرە جیاوازەکانی حەقیقەتدا لێکۆڵینەوە دەکەن، (حەقیقەتی گەردوونی) تێڕامانی خەیاڵفراوانانەیە لەسەر گریمانەو گونجاوییەکانی ئەزموونی مرۆڤ، دیارە شاعیرەکان لەناو حەقیقەتی مێژوویی یان تەکنیکی یان حەقیقەتی راستەقینەدا لێکۆڵینەوە ناکەن، هەروەها لە (بارێکی تایبەتی)ش لێکۆڵینەوە ناکەن، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە هەندێک شتدا دەکەن لەگەڵ تایبەتمەندیی جیاوازی ئەو شتانە، دیارە ئەرستۆ باشتر جەختی لەم مەسەلەیە کردووە.

بەهۆی ئەم جێگیرکردنەوە ئەرستۆ دەگەڕێتەوە بۆ تاوتوێکردنێکی تەکنیکیتر دەربارەی فۆرم لەناو تراژیدیادا: ئەمە جیاوازییەکانی نێوان گرێ سادەکان و گرێ ئاڵۆزەکانن، لەمەوە سروشتی پاش و پێشخستنی کارەساتەکان دەدۆزرێتەوە، لەکاتێکدا ئەرستۆ دێت وەسفی کرداری تراژیدی دەکات، ناچار بووە رەچاوی جۆری کاراکتەری سەرەکی بکات، دەشێت ئەمەش زۆرترین نرخاندنی بۆ بکرێت لەم کاتەدا ئەم کردارە پێویستە ئیلهام بەخشی ترس و بەزەیی بێت لە بینەردا، لەمەوە ئەرستۆ ئەم ئەنجامە وەردەگرێت (پێویست ناکات مرۆڤە باشەکان وانیشان بدرێن کە لە کامەرانی گشتییەوە تێپەڕیون بەرەو مەینەتی، لەکاتێکدا ئەمە تەنها بێزاری ئێمەیە (مرۆڤە خراپەکانیش لەمەینەتی و کوێرەوەرییەوە تێدەپەڕن بەرەو کامەرانیی و خۆشیی، دیارە ئەم دوو بارودۆخە لێکچوونێکی نابەجێ و نەشیاون، لەکاتێکدا تەواو بێسوودە مرۆڤەکان پۆلێن بکەین لە کامەرانیی و خۆشگوزەرانییەوە بۆ مەینەتی و کوێرەوەریی، دیارە ئەمە ئیلهامێک نییە بەپێی پێویست گونجاو بێت بۆ بەرەنجامی ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، بەڵام ئەم پاشماوانە هۆکارن لەنێوان ئەم پەرگیرییانەدا، ئەمە

جۆری مرۆڤێکە کە بەشێوەیەکی روون بلیمەت نییە، کەسێکە دادوەرییەکانی بلیمەتانە نین، بۆیە لەناو بەزەییدا دەڕووخێت، ئەمەش نەبووەتە هۆی رەوەشت نزمیی و بەدڕەفتاریی ئەو کەسە، بەڵکو تاڕادەیەک ئەمە بەهۆی هەندێ خەوش و هەڵەوەیە: ئەمە نموونەی مرۆڤێکە کە خۆشیی لە سیفەتی ناوبانگ و ناسراوی وەردەگرێت، وەک: ئۆدیپۆس و زیستیس.

ئەم مەسەلەیە لەلایەن رەخنەگرەکانی دواتر وەک پێناسەی (پاڵەوانی تراژدیدی) وەرگیراوە (دیارە ئەرستۆ ئەم دەستەواژەیە بەکارناهێنێت): ئەم مرۆڤە لەسەر هەندێ ناوبانگی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی دەوەستێت، بەڵام کاتێک بەشێوەیەکی لێهاتووانە لەناو دەستەواژەکانی رەخنەگردا دەیبینینەوە، ئەمە کێماسییەکی تراژیدییە زیاتر لەوەی کاری خراپ بن و هۆکاری شکستی ئەوبن، ئێمە ئەمڕۆ سەرنجی ئەو خەملاندنە دەدەین کە شکستی پاڵەوان لەخۆ دەگرێت، هەرچەندە ئەمە لەناو دەستەواژەکانی ئەرستۆدا بەپێی پێویست نییە، لەوانەیە ئەمە هۆکارێکی باش بێت ئەگەر گشتگیری بکەین دەربارەی کاراکتەری سەرەکی، لەوانەیە ئەوەی دەریدەبڕین پێویستییەکی فراوان بێت بۆ کارکتەرەکانی تر لەناو تراژیدیادا، پێویستە ئەم کاراکتەرانە کاراکتەری باش بن، چونکە تراژیدیا ئەو مرۆڤانە نیشانی ئێمە دەدات باشتر لەوەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەیانبینین، ئەمەش بەهۆی پێچەوانەیی تراژیدیا لەگەڵ کۆمیدیادا، ئەم مەسەلەیە بەتەواویی لەگەڵ جۆری پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا کتومت گونجاوە، (بۆ نموونە، نابێت ژنان شێوەیەکی پیاوانەیان هەبێت، یان کۆیلە دەسەڵاتدار بێت)، (ئەمە چەند هەڵبەستێکی کورتن) کە بناغەیە بۆ تیۆری دیکۆر لەناو شێوە وەسفکردنێکی وەهای کاراکتەردا، وەک ئەوەی ئەرستۆو نووسەرەکانی دواتریش، لەهەندێ شوێندا، بۆ فراوانکردن و پێکهێنانێکی توندو پتەو ئەم کارەیان کردووە، ئەرستۆ بەتەنها تێبینی ئەوە دەکات، ئەو ترسە پاشایانەی کە پاشاکان هەیانە، ترسێکی ئاسایی و ترسنۆکانەی باوە، ئەرستۆ راڤەی باشترین جۆری ئەدەب دەکات و وەسفی دەکات، چ ئەوەی کە زانیویەتی و چ ئەوەی کە نەزانراوە، لە ئەدەبدا بەگشتیی. ئەوەی لەلایەنی تراژیدیا بۆ ئەرستۆ واتاداربووە، بریتیبووە لە سۆفۆکلیس (٤٩٦-٤٠٦ پ.ز)، زیاتر لەمەش بۆ نموونە، پێشتر ئەسیخلۆسە (٥٢٥-٤٥٦ پ.ز) و دواتریش یۆرپیدس (٤٨٤-٤٠٧) کە هەردووکیان گرنگییان هەبووە، بەڵام دیارە ئۆدیپی ستەمکار (ئۆدیپ پاشا)ی سۆفۆکلیس گرنگییەکی تایبەتی هەبووە لای ئەرستۆ، بۆیە هەندێ جار ئەرستۆ وەک نموونەیەکی باشی جۆری تراژیدیا سەیری ئەم بەرهەمە (ئۆدیپ پاشا)ی کردووە، وەک

نموونەیەکی باشتر لەهەر نموونەیەکی تر (بەرهەمێکی تر) بەنموونە دەیهێنێتەوە، بەڵام لەکاتێکدا ئەرستۆ پێشنیاری سۆفۆکلیس دەکات وەک نموونەیەکی باش لەناو نووسەرەکانی تردا، هەرگیز ئەرستۆ کەسێک بەکارناهێنێت کە بەتەواوەتی بنووسێت وەک ئەوەی سۆفۆکلیس دەیکات، یان ئەو (یاسایانە)ی کە لەوانەیە لە شانۆکانی ئەوەوە بەدەستهاتبن بەشێوەیەک کە دەبێت کەسەکانی تریش بەهەمان ئاراستەدا بڕۆن، بەداخەوە، نووسەرەکانی دواتر، ئەم خەملاندنەیان لەناو مەبەستەکانی ئەرستۆدا کردووە، هەندێ لەو تێبینیانەی ئەرستۆ لەسەر (یاساکان) هەیبووە، ئەم نووسەرانە توندیان کردوون.

ناوزڕاوترین نموونەی ئەم توندکردن و قورسکردنە، ئەو مامەڵەکردنەیە کە پێیدەوترێت، یەکێتیی دراماتیکی کات و شوێن و کردار، یان وەک هەندێک جار پێشی دەوترێت (شێواز) لە کۆتاییدا، ئەمانە تەنها دەتوانرێت بەشێوەیەکی واقیعی بدرێنە پاڵ ئەرستۆ: ئەمەش پرەنسیپی ئۆرگانی یەکێتییە کە پێویستە تیایدا هەموو کاراکتەرو دیمەنەکانی شانۆ بەشدارییەکی سەرەکی بکەن لە پێکهێنانی هەموو گرێ گرنگەکاندا، ئەمە لەکاتێکدا هەڵبژاردنی هەر یەک لەتراژیدیا یان کۆمیدیا لە نووسیندا ڕێنیشاندەریمان دەکات بۆ نووسین دەربارەی کاراکتەرەکان چ باشتر یان خراپتر بن لەوەی کە ئێمە دامانناون، ئەمە لەسەر ئەو بناغەیە گونجاوە کە کرداری کۆمیدی لەگەڵ تراژیدی ئاویتە دەبن، لەکاتێکدا ئەم یەکێتییە ڕاست و دروستەی فۆڕم لەناو هەڵبەستدا خەوشە، بۆیە پێویستە لەناوبچێت. دەربارەی کات لە دراما‌دا، ئەرستۆ تەنیا ئەوەندە دەڵێت: (تراژیدیا هەوڵدانە بۆ مانەوە لەناو گەورەترین بەشی شۆڕشی خۆردا، یان هەوڵدانی بێباکانەیە لە سنووربەزاندنەکانی خۆیدا، بەهۆی ئەمەوە لەناو کارەکەیدا سنووری (کات)ی نییە، ئەمە تەنها تێبینییەکە بە شێوەیەکی بەدوای یەکداهاتووی ئاسایی لەسەر تراژیدیاو داستان جێبەجێ دەکرێت وەک زانراوە، ئەمە بەو واتایەی (یاسا) نییە کە ئەرستۆ زانیویەتی. ئەرستۆ هیچ شتێکی نییە بۆ وتن دەربارەی کات و شوێن. بۆ نموونە ئەرستۆ هیچ شتێک ناڵێت دەربارەی کردارێک ئەگەر تەنیا لە شوێنێکی لۆکاڵیدا ڕوویدات، هێشتا، ڕەخنەگری ئیتاڵی (کاستیلڤیرتۆ) لێکدانەوە بۆ (یاسا ئەرەستۆییەکان) دەکات دەربارەی یەکێتیی کات لە کردارو شوێنداو فراوانیان دەکات، کە لە چاپی (١٧٥٠)ی (هونەری شیعر) بڵاوکردووەتەوە، ئەم بابەتانە کاریگەرییان زۆرە، بەتایبەتی لە فەرەنسا، هەروەها سەرچاوەیەکی پەسەندکراویش بۆ ڕەخنەگرانی دواتری ئینگلیزی، شکسپیرو زۆربەی درامانووسە ئەلیزابێسییەکانی تر لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا ڕووبەڕووبوون و لێدوانیان لە بارەوە نەداوە.

پەراوێزەكان:

*ئەرستۆفان (٤٤٥-٣٨٠ پ.ز) درامانووسێکی سەتیری و کۆمیدیانووسێکی یۆنانییە، مۆلێر (١٦٢٢-٧٣) درامانوووسێکی کۆمیدی گەورەی فەرەنسییە، ولیان کۆنگریڤ (١٦٧٠-١٧٢٩) درامانووسێکی کۆمیدی ئینگلیزییە، لەماوەی گەڕانەوەی پاشایەتی چارلس دووەم، ریچارد برێنسلی شیردان (١٧٥١-١٨١٦) درامانووس و سیاسەتمەدارێکی ئینگلیزی ئیرلەندییە، ئۆسکار وایلد (١٨٥٤-١٩٠٠) درامانووسێکی کۆمیدی و رۆماننوسی و وتارنووسێکی ئینگلیزی ئیرلەندییە.

#پەیکەری رێـژەی داستان و تراژیدیا هەتا دەوروبـەری ١٨٠٠ وەکو سەریکیترین بەشی سەرنجی رەخنەیی ماوەتەوە.

سەرچاوە:

AN IN TRODUCTION TO LITERARY CRITICISM. RICARD DVTON

*ئەمە بەشێکە لە فەسڵی دووەمی کتێبی (سەرەتایەک دەربارەی رەخنەی ئەدەبی) ریچارد دەتۆن.

ئەم کتێبە لە ئایندەدا هەمووی دەکرێتە کوردی و لە (پرۆژەی وەرگێڕان)ی گرووپی رۆشنبیری سەربەخۆ بڵاودەکرێتەوە.

# میوانداریی

**گوڵی تەرەقیی**
**و: دلاوەر قەرەداغی**

کەس نازانێت کە هەر لەم ڕۆژانەدا دەمرم- ڕەنگە هەر ئەمشەو، هەر ئەم عەسرە لە گەرمەی میوانداریییەکەدا، بەو جلکە تازانەوە کە بۆ سەفەرەکەمم کڕیوە، یان لەسەر مێزی فراوین لەکاتی قووتدانی پارووپەکی خۆش و بەتامدا، یاخود هەر ئێستا بەر لە بیرکردنەوە، بەر لە حاڵییبوون، بەر لە تەواوکردنی ئەم ڕستەیە بمرم.

مەزەندەکردنی مردن، مەزەندەکردنی هیچ، هیچی ڕەهام پێ شتێکی گێلانەیە. باوەڕم بە شتێک نییە کە نەکرێت بیری لێبکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە قووڵایی دڵمدا دەزانم کە ناکرێت نکوڵیی ئەم شتە نەبینراو و بەدەر لە مەزەندەیە بکرێت و لە بەرامبەریدا خۆت بە نادان پیشان بدەیت و گەلۆرانە پێبکەنیت.

حەپەساو بەملاولادا دەنۆڕم، لە درەختەکان دەنۆڕم کە لە لێواری دیوارەکەوە بەرزبوونەتەوە، لەو خانووە نیوە تەواوکراوەی بەرامبەر، لە پەردە خەتخەتەکان، لە دەر و دیوار و دەستە زلە تووکنەکانم دەنۆڕم. باوەڕ ناکەم، هەر بەڕاست لە جاران لەش ساغتر دیارم - پێستم پرشنگدار و گەرم، قامکی پڕ لە خوێن، نەبزی چالاک و تۆکمە. خۆزیا بە کەسێکم دەگوت، بۆ نموونە بە باوکم، یان لانیکەم بە

مونیژە، بەڵام کەڵکی چییە؟ چۆن دەکرێت لەگەڵ کەسێکدا کە چاوەڕێی سبەینێیە باسی بێ سبەینێیی بکرێت و لەگەڵ کەسێکدا کە سبەینێی هەیە باسی نەبوونی سبەینێ بکرێت؟ نازانم لەمەودوا چی دەکرێت. چاوەڕوانیی مردن لە پەلوپۆم دەخات.

مەحموود دەڵێت: من لەدایکبووی بورجی شێرم، تایبەتمەندییەکانی من تایبەتمەندی خۆر و شێرە. ئێمەی لەدایکبووانی بورجی شێر خەڵکانێکی ئاسایی نین. ئێمە لە هەڵبژێردراوانین. پێشەوایەتیکردنی دونیا لە دەستی ئێمەدایە. (مەحموود دەست بە شانمدا دەکێشێ و پێدەکەنێت، بۆنی دەمی دێت).

باوکم دڕدۆنگیی میوانەکانە. گڵۆپەکان تاقیدەکاتەوە. کورسییەکان دەژمێرێت. فوارەکە دەکاتەوە و دەیگرێتەوە. دەستی بە تەواوی قورسایی جەستەی دەنێتە سەر سەرم و هەوڵدەدات پێبکەنێت، دەڵێت: (هەر دەڵێی شایی خۆمە، هەر دەڵێی هەمدیس گەنج بوومەتەوە. هەر دەڵێی چل ساڵ بۆ دواوە گەڕاومەتەوە. جیاوازی چییە؟ باوک... کوڕ).

تەماشای دەکەم و دەزانم درۆدەکات. دەزانم کە حیسابی بەختەوەریی من جودایە لە حیساباتی بەختەوەریی ئەو. ناتوانێت لەجێی من بێت و خۆیشی ئەمە دەزانێت و لە قوڵایی دڵییەوە بە نەفرەتم دەکات.

دەڵێت: (من ئیدی پیربووم، ئێستا ئیتر نۆرەی ئا ئەمانەیە)، بەڵام من بینیومە کە بە چ حەسرەتێکەوە تەماشام دەکات، بە چ حیرسێکەوە پێستی چەور دەکات، مووی لاجانگەکانی بۆیاخ دەکات، قەترە دەکاتە چاوییەوە، ددانەکانی پڕدەکاتەوە، دەڕزن و دەیانگۆڕێت. من بینیومە کە بە چ پێچەقێنییەکەوە وەرزش دەکات، دەچێتە گەرماوی هەڵم، جەستەی ماساژ دەکات، حەپ دەخوات، شرینقە لە خۆی دەدات، خۆی بەهێز دەکات و بە چ دڵتەنگییەکەوە هەموو بەیانییەک دەست بە شانماندا دەکێشێت و پێدەکەنێت.

ژنەکەی مەحموود دەترسێت، دڵی ختوورەی شتێکی خراپی کردووە. لە بارەی کارەساتی سروشتییەوە قسان دەکات، لە بارەی مەترسیی بوومەلەرزە و گڕکانی کێوی دەماوەندەوە، لەبارەی بەیەکداکێشانی ئەستێرەکان و کزبوونی رووناکیی خۆرەوە. ئەو دڵنیایە کە شتێکی ترسناک چاوەڕوانی هەموو ئێمەیە و نازانێت رێگەچارە چییە و دەبێت مرۆڤ چ بکات.

دایکم بەردەوام دەگری و بە دزییەوە لە خۆی دەدات، مەولووی قەرار داوە، نەزری کردووە، دوعا و نووشتەی کردووە کە من واز لە رۆیشتن بهێنم. بە سادەیی و بە مەنتیقێکی ساکار من بە هیی خۆی دەزانێت و نایەوێت بە ئاسانی لە

دەستم بدات. خۆی بە ملمدا هەڵدەواسێت و دەڵێت: (مەگەر ئێرە چ عەیبێکی هەیە؟ مەگەر ئەم هەموو ساڵەت خراپ لێ ڕۆیشتووە؟ مەگەر دەکرێت لەپێناو کچێکی غەریبەدا ئێمە جێبهێڵیت و بڕۆیت؟)

پوورەکانم بە جلکی ڕەش و پێڵاوی نووک تیژی کارەباییەوە، پێکەوە دەگرین و لەژێر لێوەوە شتگەلێک کە مرۆڤ لێیان حاڵی نابێت، بەگوێی یەکتریدا دەچپێنن. دەستی دایکم دەگرن و هەوڵدەدەن دڵنەوایی بکەن. بۆی ڕاڤەدەکەن کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێک هەروا بووە، بۆی ڕاڤەدەکەن کە ئەمە یاسای سروشتە و هیچی بەرامبەر ناکرێت، بەڵام دایکم فڕی بە یاساوە نییە، فڕی بە سروشت و حیسابی دوو زائید دوو دەکاتە چوارەوە نییە. سەر با دەدا و دەپرسێت بۆچی؟ دەستم دەگرێت و بە چاوە تەڕ و نیوە تاریکەکانییەوە پرسیارە ساکارەکەیم لێ دووبارەدەکاتەوە.

مونیژە پێدەکەنێت، دەست دەنێتە سەرچاوی و جێگەی خاڵیی ئەڵقەی بووکێنییەکەیم پیشاندەدات، دەڵێت: (تا دەستم گرت فڕێمدا. توورمدایە تەنەکەی خۆڵەکەوە. ئیتر تەواو. ئیسراحەتم کرد. دە ساڵ وەک ئەڵقەی سیحر ژیانی لێ حەرام کردبووم. تا دەستم گرت تووڕمدا و ئیدی بۆ خۆم ئیسراحەتم کرد. سبەینێ لەسەرەوە دەستپێدەکەمەوە. سبەینێ بەخۆم دەڵێم: مونیژەخان وەرە، ئەمە ئەو شتەیە کە دەتویست. بینیت کە دواجار بەخت یار و یاوەرت بوو). دادەنەوێتەوە و لاملم ماچ دەکات. مونیژە بۆنی نانی تازەی لێدێت. بۆنی گۆشتی کاڵ و ساغ. جەستەی وەک نەبزێکی بەتاو لێدەدا. پێستی هێشتا بۆنی مێردەکەی پێشووی لێ دێت، بۆنی منداڵ و بۆنی ماڵەکەی، بۆنی دە ساڵ ژیانی ڕابردووی لێدێت. بە گوێمدا دەچپێنێت: (خۆشتدەوێم؟)

من بەرامبەر خاترجەمیی و پێداگرییە ساکارەکەی شەرم دەکەم و حەزم دەکرد هەر ئێستا هەموو شتێکم بە هەمووان بگوتبا. تەنها دەترسم ئەوان هەراسان و زەندەقچوو بەدوای ڕێگەچارەدا بگەڕێن، مل نەدەن و تەسلیم نەبن. دەترسم بیانەوێت بەرگریی بنوێنن، بجەنگن و بەرگریی لە بەشی خۆیان بکەن. دڵم شپرزە پێیان دەسووتێت. نامەوێت لەمە زیاتر فریو بخۆن و زیاتر لەمە کڵاو بچێتە سەریان.

مەحموود لەبارەی تایبەتمەندییەکانی شێرێکی بەرجەستەوە قسان دەکات، لەبارەی ڕزگارکەرانێکەوە کە چارەنووسی مێژوویان گۆڕیوم. دەڵێت: (ئێوە تێمناگەن، ئێوە نامناسن. هەمووتان فریوی ڕووکاری دەرەوەن. فریوی ژیانە بێ قڕە و بڕەکەم دەخۆن، بەڵام هەموو شتێکی من لەگەڵ ئێوەدا جیاوازی هەیە.

جیاوازی نێوان من و ئێوە جیاوازی نێوان خۆر و ئەستێرەیە، جیاوازی نێوان مەزنیی و حەقارەتە. من تەنها چاوەڕێی دەرفەتم. من تەنها چاوەڕێی رۆژ و دەقیقەی خۆیم. هەر بەڕاستی هێشتا وادەی نەهاتووە، بەڵام دواجار پیشانتان دەدەم).

ژنەکەی مەحموود نیگەرانە. دەیەوێت تا کار لە کار نەترازاوە بڕوات. بەردەوام دەترسێت کە منداڵەکانی ون نەبن، کە نەکەونە حەوزەکەوە، نەبن بەژێر ترومبیلەوە، نەبوورێنەوە، گێل و گەمژە و کەڕ و لاڵ نەبن. دەترسێت کە نەبا ئوتووەکە بە وایەری کارەباکەوە مابێ، کە سەماوەرەکە دوکەڵ بکا، کە تەباخەکە گڕ بگرێت. دەڵێت: (قەزا و قەدەرە. شتەکە لەپڕ دەقەومێت. دەبێت بنیام ئاگادار بێت. دەبێت بنیام وریا بێت).

چاکەتەکەم دادەکەنم، پەنجەکانی دەستی چەپم بێ ئەندازە سڕبوون، خۆزیا دەکرا قسان بکرێت، بەڵام ئێمە چیدی لە زمانی یەکدی حاڵی نابین. من هەر بەڕاستی شتێکی هەڵپەسێردراوم – شتێکی بێچارە و سەرگەردان، شتێک لەنێوان بوون و نەبووندا، لەنێوان ئێرە و ئەوێدا.

مونیژە خۆشحاڵتر لە هەمیشە دێتە بەرچاو. پێنج ساڵی تەواو ئارامی گرتووە، نەخشەی کێشاوە و بەرگەی زۆر گرتووە. پێنچ ساڵی تەواو سەری بە نیشانەی نکوڵیی راوەشاندووە و وتوویەتی نەو، قەبووڵ ناکەم، نامەوێت... پێنچ ساڵی تەواو بە دەستە بچکۆلە و فریوخواردووەکانی لەبەردەم یەک رەوشی نەبینراودا راوەستاوە و پێچەقێنیی کردووە کە خۆم هەڵدەبژێرم، ژیان هی خۆمە، مافی خۆمە و مەسەلەی سەرەکی خۆمم.

حاشییەی نایلۆنی لە جلکە بووکێنییەکانییەوە پێچاوە و گوڵی رەنگاوڕەنگی بۆ دەوراندەوری سەری کڕیوە. پێدەکەنێت و پرچی دادێنێت. لەبەر ئاوێنەکەدا رادەوەستێت و پۆدرە لە دەموچاوی دەدا، دەستی بە کرێم چەور دەکات. عەتر لە لاملی دەدا و نەرمیی پێستی پیشان دەدات، باریکیی نێوقەد و سپێتیی ددانی. لەبارەی رۆژە تاڵەکانی رابردوویەوە قسان دەکات و لەبارەی ئەو رۆژە خۆشانەوە کە پێکەوە دەبین، لەبارەی هەموو ئەو شەوانەوە قسان دەکات کە لەیەکدی دوور بووین و لەبارەی ئەو شەوانەشەوە کە پێکەوە دەنووسێین، لەبارەی تەواوی ئەو کارانەوە قسان دەکات کە بە تەنها کردوومانن و لەبارەی ئەوانەشەوە کە پێکەوە دەیانکەین، لەبارەی تەواوی ئەو نەخشانەوە کە بە تەنها کێشاومانن و لەبارەی ئەوانەشەوە کە پێکەوە دەیانکێشین. تەماشای دەکەم و هیچ ناڵێم. ئەو نازانێت کە من ئیدی نە بیر لە رابردوو دەکەمەوە و نە لە ئایندە، نە

بیر لەو لەحزانە دەکەمەوە کە توند و لەخۆڕا تێپەڕین و نە بیر لەو لەحزانەش کە توندتر و لەخۆڕاتر دێن. ئەو نازانێت کە لەپڕێکدا هەموو شتێک لای من لە جووڵە وەستاون و چیدی زەمەنێک لەمیاندا نییە.

باوکم لە سلامەتی من دەخواتەوە. لە سلامەتی خۆی، لە سلامەتی ئادەم و پێداگرییەکەی، لە سلامەتی لەدایکبووانی بورجی شێر و هەڵبژێردراوان. پوورەکانم بەردەوام بە گوێی یەکدیدا دەچرپێنن و پێکەوە بێدەنگ فرمێسک دەوەرێنن. من بە درێژایی تەمەنم ئەم دوو ژنەم بەهەمان رووخسار و لەهەمان جلکدا بینیون کە پێکەوە هۆن هۆن دەگرین، وەک بڵێی هەزاران ساڵە خەبەریان لە نهێنییەک هەیە کە ناکرێت بوترێت و تەنها هەر ئەوانیش بن کە لە زوبانی یەکتر تێدەگەن.

مونیژە خەیاڵی لای سەفەرەکەی سبەینێیە. جانتاکانی لەپاڵ یەکدا ریزکردوون و بە هەناسەبڕکێوە دێت و دەچێت، وێنەی کوڕەکەی ماچ دەکات و دەیخاتە سەر مێزەکە. لە پاڵمدا دادەنیشێت و هەمدیس حیسابی رێگە دەکاتەوە، حیسابی خێرایی ترومبێل و زۆریی کیلۆمەترەکان – حیسابی گردەکان، خانووەکان، درەختەکان، چیا و دۆڵەکان– حیسابی حەرەکەت و مەودا و سووڕانەوەی زەمەن دەکات و بە دەستە بچکۆلەکانی و بە بست مەودای خۆی تا ژیان و بەختەوەریی دەپێوێت. هەموو شتێک جارێکی تر بە وردیی دەپشکنێت و دەترسێت کە نەبادا شتێک جێبمێنێ یان شتێک کەم بهێنێت. حیسابی هەموو شتێک دەکات: سۆڵ، جلکی خەو، رووپۆش، میسواک، دەرمانی ددان، کرێمی ریش تاشین، قەمسەڵەی باران، جزمە، نینۆککەر. پێدەکەنێت. پووکی سوور و ساخە، قژی بۆنی گوڵی لێدێت، بۆنی خاکێکی کێڵراوی بەپیت. دەپرسێت: (ئەو رۆژانەت لە یادە؟ بینیت دواجار هەموو شتێک رێک بۆوە؟ راستیت دەوێت ئەوە من بووم کە کارەکەم رێکخست. من بووم کە بڕیارمدا، ئەوە من بووم کە ویستم. هەموو وایاندەزانی گاڵتەدەکەم. درۆ دەکەم. شێت بووم. دەیانگوت مونیژە مەحاڵە منداڵەکەی جێبێڵێت. دەیانگوت مەحاڵە مونیژە واز لە مێردەکەی بهێنێت و بڕوا. ئەدی بۆچی وازی لێ نەهێنم؟ بۆچی بە قسەیان بکەم؟ ئەدی بەختەوەریی کێ گرنگترە؟)

دایکم زەندەقچووانە تەماشام دەکات و مەلوولانە دەڵێت: (لانیکەم دە هەر لێرە بن، لەلای خۆمان). دایکم تەواوی عومری ئەرکی بە منەوە کێشاوە، ئەرکی گەورەکردنم، ئەرکی پاراستن و پارێزگاریی لێکردنم. وەک بڵێی من هەر لە هەمان لەحزەی پیتانی نوتفەوە، تەواوی بوونیم بە نەفرەتێکی ئەبەدیی مەحکوم کردبێت. دەبوو هەر یەکەم رۆژ لە پەنجەرەکەوە فڕێیدامایە دەرەوە، دەبوو

هەمان ساتی لەدایکبوونم بیخنکاندمایە، سەری بخستمایە ژێر پێی و پێکەنیبا، لە رووی هەمووواندا پێکەنیبا، لە رووی زەوی و ئاسماندا. دەبوو هەر یەکەم رۆژ شانی با دابا و بیگوتبا: (نە گیانم، کڵاو ناچێتە سەرم. من دەزانم چ بەزمێکتان بۆ ناومەتەوە، ناکرێت کەڵەک لە من بدرێت). دەبوو تفی لە رووخساریان کردبا و ئانیشکی بادابان.

وردە وردە میوانەکان دێن. دەستم دەگوشن و بە شانمدا دەکێشن. مونیژە ماچ دەکەن و بە دوودڵییەوە تەماشای دەکەن. پیرۆزبایی لە هەردووکمان دەکەن و دوعای خێرمان بۆ دەکەن. ژنەکەی مەحموود بەدوای تەلەفۆندا دەگەڕێت. دەیەوێت تا دونیا تاریک نەبووە بڕوات. دەڵێت: (نابێت ماڵەکە جێبهێڵرێت. منداڵەکان بە تەنیان. دوایی شتێک دەبێت. نابێت هێندە بێ باک و کەمتەرخەم بین).

باوکم تەوقە لەگەڵ هەمووواندا دەکات. بەخێرهاتنی هەمووان دەکات. لەگەڵ هەمووواندا رەسم دەگرێت. قژی بریقە دەداتەوە. ورگی هێندە هەڵاوساوە کە خەریکە خەفە دەبێت. دەڵێت: (نەخێر، نا، بەو جۆرە نییە کە ئێوە دەڵێن. ئێوە هەڵەن. لێگەڕێن من پێتان بڵێم. ئێوە بە دروستی نازانن. لە خۆم بپرسن).

جۆری داخستنی دەرکی کامێراکە فێری وێنەگرەکە دەکات و لەبارەی یادەوەرییە خۆشەکانی رابردووییەوە قسەی بۆ دەکات. رەخنە لە ناڕێکوپێکی جلەکانم و تۆزوخۆڵی سەر پێڵاوەکانم دەگرێت و بە گوێمدا دەچرپێنێت: (بۆ خۆت باش بوویتە خاوەنی ژنی خەڵک، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها یەک تۆزقاڵ زرنگیت).

من بەرامبەر زرنگیی خۆم هەست بە خۆشحاڵیی دەکەم، بەرامبەر قودرەتی سەرکەوتن و داگیرکارییم. من خۆم بەسەر مێردە شەکەت و غەمگینەکەی مونیژەدا بادەدەم و بە یادی قارەمانانی دێرین قاچ بە زەویدا دەکوتم. من بە هەموو ئەوانەی کە بە ئیرەییەوە تەماشای ژیانم دەکەن، هاوڕێیانە پێیاندەڵێم چاوتان کوێر و خۆشحاڵم کە بەخت یاوەرم بووە. حەز دەکەم پێبکەنم، سەمابکەم، تاجی شانازییم بنێمە سەر سەرم و زووتر بمرم.

مونیژە پێدەکەنێت و سەرکەوتووانە دەستم دەگوشێت. پێچەقێنیی دەکات کە پێکەوە رەسم بگرین، لە وەزعی جیاواز جیاوازدا رەسم بگرین، بە دانیشتنەوە، بە پێوە، لە حەوشە، لە ڕاڕەوەکە، لەبەر پەنجەرەدا، لای گوڵەکانەوە، لە هەموو شوێنێک و هەموو شوێنێک. وەک ئەوەی لە قووڵایی دڵیدا بزانێت کە ئەمشەو بە هەموو شانازییەکانییەوە لەبیر دەچێتەوە و دەبێت یادەوەرییەکەی بەزۆر و بە هەزار یادگاریی رابردوو بە زیندوویی بهێڵرێتەوە. من بەهەر سازێک کە بۆم بژەنرێت میهرەبانانە دەرەقسم و ئیدی ناپرسم بۆچی.

دڵم ژان دەکات و پێستم ختوولکە دەکات. پێموایە یەکەمین پەلامار دەستی پێکردووە. لە سەرمدا بە پەلە حیساب دەکەم کە دەتوانم تا چەند سەعاتی تر بەرگە بگرم. لەپاڵ پەنجەرەکەدا رادەوەستم و رووخسارم بە تاریکیی شەوەوە دەنووسێنم. هەست دەکەم کە جەستەم بە قورسایی یەک چیایە. هەست دەکەم لە دوورەوە بانگم دەکەن، لە جێگەیەکی نادیار و نەبینراوەوە. وەک بڵێی دەمێک بێ چاوەڕێم بن و هەموو شتێکیان ڕێکخستبێت.

لە کۆڵان حەسحەسەکە دادەنەوێتەوە و سڵاو دەکات. چاوەڕێی بەخشیشە. شەوانە تا ڕۆژ دەبێتەوە ئاگای لە ماڵی ئێمەیە. فیکە لێدەدا و دزەکان دەترسێنێت، تێلاکەی بە مشت دەگرێت و بەدوای سێبەرگەلی نادیاردا رادەکات. هەمووان لەبیری ئێمەدان، لە خەیاڵی ئیسراحەت و مانەوەی ئێمەدا، لە خەیاڵی پارێزگاریی و بەختەوەریی ئێمەدا.

مەحموود خەریکە قاوە دەگرێتەوە. لە بنی فنجانەکەدا وێنەی تاج و شێر و چرا دەبینێت و خۆشحاڵە. دەستی لەپاڵ دەستمدا دادەنێت و دەڵێت: (ئەم هێڵە دەبینیت؟ ئەم هێڵەی کە تا لای سەری پەنجەم گەیشتووە؟ ڕەنگبێت تەنها دە نەفەر لە دونیادا دەستی وەک دەستی منیان هەبێت. ئەم هێڵە پیشانی دەدا کە من خاوەن ئایندەیەکی پرشنگدارم. بەم دەستەوە من وەک گەدایەک وەهام کە لەسەر خەزنەیەک دانیشتبێت. هەرکاتێک تەماشای ئەم هێڵە دەکەم بە خۆم و بە ژیانم ئومێدەوار دەبم. ڕاستیت دەوێت ئەم هێڵە سەنەدی شانازیی منە).

مونیژە لە دوورەوە تەماشام دەکات و بە خۆشحاڵییەوە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. دەڵێت: (بینیت کە دواجار هەموو شتێک ڕێکبۆوە؟ بینیت کە ئەگەر مرۆڤ شتێکی بوێت دواجار بەدەستی دەهێنێت).

سەرم گێژ دەخوات و خەریکە بڕشێمەوە. بێ قرە خۆم دەگەیەنمە ژووری نووستن و دەرگەکە لە دوای خۆمەوە کلیل دەدەم. لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دادەنیشم و چاوەڕێ دەبم. زەینم بەتاڵە لە هەموو شتێک، لە بیر، لە هەست، لە وەهم، لە چاوەڕوانیی، لە زەمەن، لە شوێن و لە ژیان.

لە ڕاڕەوەکەوە دەنگی پێگەلی سەرگەردان و چپەچپی دوورودرێژ دێت. دەنگی زڕینگە زرینگی پەرداخ و تەقەتەقی چەقۆ و چنگاڵ. گوێم لە دەنگی مونیژەیە کە ئەمسەر و ئەوسەر دەکات و بە دوامدا دەگەڕێت. مەحموود لە دەرگەی ژوورەکە دەدات و بە خۆشحاڵیی بینەرێکی جیددییەوە دەڵێت: (وەرە دەرەوە، وەرە دەرەوە بزانە کێ هاتووە. مێردەکەی مونیژەیە و کۆڵ نادا، هاتووە تێکی بدا. دەی زووکە وەرە دەرەوە).

مونیژە پێمەوە دەلکێت. دەستم دەگرێت. تـووڕە و کلاّفەیە. خۆی بۆ زۆرانێکی گەورە ئامادەکردووە و دڵنیایە کە سەرکەوتن هی خۆیەتی. پەڕەی کەپووی دەلەرێت. دەستمی بە جۆرێک گرتووە کە وەک بڵێی تەواوی ژیان لەم کوتە گۆشتە سارد و بێ هەستەدا کۆبووبێتەوە و چ بەدیلێکی نەبێت و دەرەوەی خولگەی ئەم دەستە، تاریکیی و عەدەم بێت.

دایکم وەک کەسێک کە کتوپڕ ئومێدی بە پەرجۆیەکەوە گرێدابێ، لە پاڵمدا دادەنیشێت و بە خۆشحاڵیی دەڵێت: (حەق بەو پیاوەیە. ئەم ژنە ئەسڵەن حەلاڵ نییە. ماڵی ئەو پیاوەیە. ناکرێت مرۆڤ بە بەدبەخت بوونی کەسێکی تر بەختەوەر بێت. وازی لێ بێنە با وەل بێ). پوورەکانم کە تازەکیی بێدەنگ بوون، هەمدیس دەکەونەوە گریان و لەژێر لێوەوە قسەگەلێک دەکەن کە بونیادەم تێیان ناگات. باوکم لەبارەی خۆیەوە قسان دەکات، لەبارەی ئەزموون و شکستەکانییەوە، لەبارەی یەکەمین ئەوینییەوە بۆ کچێکی بەلژیکیی و زامێک کە تا ئەبەد لە دڵیدا ماوە، سۆراغی نامەکانی گەنجێتیی خۆی لە دایکم دەکات و لە گیرفانی بەرباخەڵیدا بەدوای وێنەیەکی کۆنیدا دەگەڕێت.

مێردەکەی مونیژە شەکەت، هەلاوساو و بێ خولق، لەبەر دەرگەکەدا، ناچار و داماو راوەستاوە. بەسەرێکی خڕی بێ مووەوە، بە شانی داکەوتوو و چاوانی بێدەنگ و خەواڵووەوە، پیرتر لە هەمیشە دێتە بەر چاوم، دەستم دەگوشێت و لە حاڵ و ئەحواڵم دەپرسێت. نیازی شەڕی نییە، خۆی دەزانێت و حەپەساو تەماشام دەکات. سەرنج دەدەم کە نەنوستووە، کە نانی نەخواردووە، کە چڵکن و پیس و نەخۆشە. بە خۆشحاڵی کەسێکی غەریب کە لەناکاوێکدا رێکەوتی شتێکی دێرین و ئاشنای کردبێت، لە مونیژە دەنۆڕێت و پێدەکەنێت، بەلاّم مونیژە دەڵێت: (نەو، هەرگیز، نەو). مونیژە دەزریکێنێت. هەڕەشە دەکات، جنێو دەدات و دەڵێت: (تەواو، من ئیتر ئەو کەسەی جاران نییم. دەمەوێت بۆ خۆم بژیم. هیچ شتێک ناتوانێت پێشم لێ بگرێت).

مەحموود بە گوێمدا دەچرپێنێت: (گرەو دەکەم کە لەدایکبووی مانگی میهرە. رێک لە تۆ دەچێت. دەستەمۆ و تەمبەڵ و ترسنۆک. تەنها شێر دەتوانێت بەرگریی لە حەقی خۆی بکات). لە قووڵایی دڵەوە خۆشحاڵم کە پەیوەند بە خۆر و درەوشانە مەزنەکەی نییم و نیشانەکانی لەدایکبوونم شێر و نەعرەتە ترسناکەکانی نیین. پێدەکەنم و قایلم کە ئەستێرەکەی من لەو ئەستێرە بێ نوور و بێ نموودانەیە کە لەهیچ رەسەدخانەیەک ناوی تۆمار نەکراوە و هیچ کەسێک خەیاڵی فڕین بۆ ئەوێی لە کەللەدا نییە.

مەحموود دەڵێت: (مەترسە، را مەگۆڕە. ئەم مردارەوەبووە ناتوانێت تێکی بدا). دەزانم، تەنانەت دەشزانم کە ئەم پیاوە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە قاییل دەبێت کە لەگەڵماندا بێت، ئیشمان بۆ بکات، پێڵاوەکانمان بۆ بۆیاخ بکات، ماڵمان بۆ گسک بدا و دڵسۆزانە منداڵەکانمان گەورە بکات. دەزانم کە ئەو لە قووڵایی دڵیدا دەزانێت کە مونیژە حەقی خۆیەتی، دەزانێت کە هەر کەسێکی تریش لەجێی مونیژە با هەمان کاری دەکرد، دەزانێت کە نەیتوانیوە ئەم ژنە بەختەوەربکات، قایلی بکات و بیکاتە هی خۆی، بەڵام دەپرسێت گوناهی کێیە و بە سادەیی تەواوی مرۆڤەکانی تر، بەشی خۆی دەوێت و لە مانای ئەم ناعەدالەتییە سەیرە تێناگات. مونیژە دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە، ڕێگەی کۆڵانی پیشان دەدا، قۆڵی هەڵدەکات و دەیەوێت دەری بکاتە دەرەوە، دەیەوێت بە یەک پێلەقە ئەم بەربەستە گەورەیە لەسەر ڕێگەی بەختەوەریی خۆی لابەرێت، بۆی روون دەکاتەوە کە هەر بەڕاستی هیچ ناکرێت، دەبێت تێبگات و قەبووڵی ئەوە بکات کە هیچ ئومێدێک نییە، کە هەر کەسێک لە بیری خۆیدایە، کە بەزەیی کەڵکی نییە، کە خودا بتباتەوە و موزمەعیل بیت، هەر ئەوەیە کە هەیە، بەڵام ئەم پیاوە هێشتا باوەڕ ناکات. هێشتا بە ئەقڵیدا ناچێت و تێناگات. بە زەردەخەنەیەکی ئومێدەوارانە و چاوانێکی خۆشباوەڕانەوە لە جێگەی خۆیدا بزمارکوت بووە و تەواوی ئازای بەدەنی لە نکوڵیی ئەوەدا کە دەیبینێت و دەیژنەوێت، هیشک و ئیفلیج بووە و لە هەوادا هەڵواسراوە. ڕەنگبێت بۆ یەکەمجار و لە ساتێکی کورتتر لە یەک چرکەدا، پەی بە شتێکی نەگوتراو بردبێت و کتوپڕ خۆی بەرامبەر ئەو فەزا خاڵییە بێکۆتاییە، ئەو تەنیاییە ڕەهایە، ئەو مەحاڵەدا بینیوە و ئیدی لە ترساندا زەندەقی چووە. حەزدەکەم دەستی بگرم و تێی بگەیەنم کە تێدەگەم، بەڵام مونیژە لەنێوانماندا رادەوەستێت و دەڵێت: (نەو) ڕووخساری سوور هەڵگەڕاوە و قژی بە نێوچەوانە تەڕەکەیەوە لچکاوە. شەکەتتر لە هەمیشە دێتە بەرچاو.

میوانەکان لەودیو دەرگەکەوە کۆبوونەتەوە. باوکم پێچەقێنیی دەکات کە وێنەیەکی بەکۆمەڵ بگرین. ئەو پێیوایە کە ئەلبوومی خێزانیی باشترین یادگارییە. بێ خشپە خۆم دەگەیەنمە ڕاڕەوەکە. پوورەکانم بە پەلە بەساقە و بە قوربانم دەبن و هەر بۆ دڵنیایی دەست لە پشتی چاکەت و لە شانم دەدەن. هێند گریاون کە چاوانیان پەنماوە. هەست دەکەم کە بە زوویی دڵم لەکار دەکەوێت. هەوڵدەدەم هەناسەی قووڵ بدەم و خۆم بەسەر پێیەکانمەوە ڕاگرم. بێدەنگ خۆم دەگەیەنمە دەست شۆرییەکە. یەخەی کراسەکەم دەکەمەوە. ئاو دەکەم بە دەموچاومدا. پێستم خەریکە درز دەبا. لە گیرفانمدا لوولەیەک حەپ دەردێنم. دەستم دەلەرزێت.

به خۆم دەڵێم کە هەر لێرەدا دادەنیشم تا کارەکە تەواو دەبێت. چ مەرگێکی پڕ شانازیی! هەڵبەت لەسەر ئەم دیوارە ناوم دەنووسن و هاوسەرە ئازیزەکەم بە یادی عیشقی نەمرمانەوە شەوانی هەینی گوڵم لەسەر ئەم چاڵە بۆ دادەنێت.

رووخسارم لەبەر ئاوەکەدا رادەگرم. دەنگی هات و هاوار دێت. دەنگی قرچەی کامێرای وێنەگرتن. دەنگی چپەچپێک کە بەنی ئادەم تێی ناگات، دەنگی ژنەکەی مەحموود کە بەدوای ژمارەی تەلەفۆنی پۆلیسدا دەگەڕێت تا منداڵ و ماڵەکەی بپارێزێت و دەنگی مەحموود دێت کە لە حەژمەت بەرفراوانیی خۆر و قودرەتی شێر، لەوەدایە بتەقێتەوە و هەزاران دەنگی نائاشنای تر کە بانگم دەکەن و من بە هی خۆیان دەزانن. پێکانم وردە وردە بە ئەرزدا رۆدەچن. مونیژە لە دەرگەکە دەدا و بە خۆشحاڵییەوە هەواڵ دەدات کە مێردەکەی رۆیشتووە، کە هەموو شتێک رێکوڕاست بۆتەوە، کە ئیتر هیچ بەربەستێک لە رێگەدا نییە و کە سەرکەوتن هی خۆمانە. دەنگی وردە وردە دوور و دوورتر دەکەوێتەوە. دەستم بە لێواری دەستشۆرییەکەوە دەگرم، چاوانم لێکدەنێم و تا دە دەژمێرم.

هاوینی ١٩٦٧

سەرچاوە:

من هم چه گوارا هستم سەر، گلی ترقی، مجموعه داستان، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم، ١٣٨١.

# دایە ببوورە

## کە لە تاوانەکەت خۆش نەبووم...

**نووسەر: ئەبولفەزل ئەردۆغانی**
**و: جەواد حەیدەری**

باوکم دەیگوڕاند.

هاواری دەکرد.

باوکم بە شەق بەربووە دایکم و بە بەردەوامی جنێوی ناشیرینی پێدەدا.

دایکم، لەسەر فەرشەکە کەوتبوو و دەگریا.

منیش لە ترسان، لە گۆشەیەکی ژوورەکە خزابووم و دەگریام و لەبنەوە سەیری دەوروبەرەکەم دەکرد.

باوکم بە توڕەییەوە دەرگای حەوشەی بە توندی بەیەکدادا و لە ماڵەوە دەرچوو.

دایکم بە گریانەوە لەسەر فەرشەکە هەستاو هات بۆ لام، پێیوتم: هیچ نەبووە کچم، هەر شتێک بوو تەواو بوو، دەموچاوی دایکم هەمووی رەش داگەڕا بوو، قژی ئاڵۆز، خوێن لە لوتی دەهات. لە ژیانمدا ئەمە یەکەمینجار بوو وەها رووداوێک ببینم.

تەمەنم ١٣ ساڵ بوو، هەمیشە ئارەزووم ئەوە بوو هەر کاتێک باوکم لە ماڵەوە دەرچوو، ئۆتۆمبێلێک بیکات بە ژێرەوەو بیکوژێت و نەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بۆ من خۆشترین هەواڵ، هەواڵی مەرگی باوکم بوو.

دایکم لە مارەییەکەی خۆشبوو، لە باوکم جیابووەوەو خۆی رزگار کرد.

دایکم بە هەر نرخێک بوایە دەیوست من لە گەڵ ئەوبم، بەڵام باوکم نەیدەهێشت، رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە من کچ بووم، ماوەیەکی زۆربوو هەر بیانوو و بەهانەی دەهێنایەوە بۆ ئەوەی پارە نەدا بە دایکم، تا بۆ منی خەرج بکات.

باوکم رۆژێک بە ئۆتۆمبێلێکی پیکابەوە هات و هەموو کەلوپەلی ماڵەوەی لە ئۆتۆمبێلەکە بارکردو بردی. خۆ کەلوپەلەکە هەمووی جیازی دایکم بوو. دایکم نەیوت مەیبە، هیچی نەوت، تەنها دەگریا، ئەو بووکە شووشەی کە باوکم بۆی کڕیبووم، فڕێمدایە بەر قاچی، باوکیشم شەقێکی تێهەڵداو وتی: تۆش گویەکی وەک دایکت.

باوکم هیچی بۆ نەهێشتینەوەو هەمووی بردو ماڵەکەمان بەتاڵ و حەتاڵ مایەوە، باوکم بۆ دواین جار دەرگای حەوشەی بە توندی داخست و رۆیشت.

دایکم ئاخێکی هەڵکێشاو وتی: ئۆخەی گیانم رزگار بوو، ئاسوودە بووم، بە جەهەننەم کەلوپەلەکانی برد، خۆ من تۆم هەیە، بەسە بۆم، پێکەوە گریاین، دوای ئەو گریانە بۆ ماوەیەکی زۆر نەگریاین.

من لە قوتابخانەکەی نزیک ماڵی خۆمان دەمخوێند، دایکم مامۆستا بوو، بەڵام شوێنی کارەکەی لە ماڵەوە دووربوو.

دوو سێ ساڵ تێپەڕی، شەوێک دایکم لەگەڵ پیاوێک هاتەوە بۆ ماڵەوە، پێشتر خۆیان رێکەوتبوون، پیاوەکە زۆر بە ئەدەبەوە قسەی دەکردو هەوڵیدەدا کە باوکانە لەگەڵ مندا هەڵسوکەوت بکات. منیش لە داخان لاساریم دەکرد، کاتێک لە ماڵەوە دەرچوو، من لاسایی هەڵسوکەوتەکانیم دەکردەوە، دایکم بە بزەیەکی نیوە غەمناکەوە وتی: کچم جوان نییە مروڤ لاسایی کەس بکاتەوە، بە تایبەتی لاسایی ئاغای... کە پیاوێکی زۆر بەڕێزو رۆشنبیرە.

هەفتەیەک دواتر پیاوەکە بە چەپکێک گوڵەوە هاتەوە، دایکم سوراو و سپیاوێکی زۆری کردبوو، سفرەی خواردنی رازاندبووەوە، دوای نانخواردن، دایکم پێیوتم: بچۆ ژوورەکەی خۆت و خەریکی مەشق و راهێنانەکانی خۆت بە. منیش چووم بۆ ژوورەکەی خۆم، بەڵام لە کونی دەرگاکەوە سەیری ئەوانم دەکرد، پێکەوە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد، نەمدەزانی باسی چی دەکەن. پیاوەکە تا دەرەنگانێک دانیشت و دواتر هەستا بڕوات، لەبەر دەرگای حەوشەش دایکم و پیاوەکە ماوەیەک راوەستان و قسەیان کرد.

بەیانی زوو من هەموو چەپکە گوڵەکەم لەتوپەت کرد. دایکم کە لە قوتابخانە گەڕایەوەو چەپکە گوڵە لەتوپەت کراوەکەی بینی، منیش دەستپێشخەریم کردو وتم: حەیف گوڵەکان زوو ژاکان و سیسبوون، رەنگە کۆن بووبێتن، دایکم

گوڵەکانی کۆکردەوە، منیش بە درۆ خۆم غەمگین نیشاندا، دایکم دەیزانی، چونکە منی بەباشی دەناسی.

پیاوەکە دیسان هاتەوە، کتێبی بۆم هێنابوو، من هەموو کتێبەکەم خەتکێشاو لەبەردەم دایکم دامنا. وتم: رەنگە منداڵەکانی ئەو کابرایە کتێبەکەیان وا لێکردبێت.

دایکم: چاوی پڕبوو لە فرمێسک و پاشان وتی: ئەو پیاوە منداڵی نییە.

پیاوەکە بە بەردەوامی دەهات بۆ ماڵی ئێمە، لەگەڵ دایکم دادەنیشت و قسەیان دەکردو من دیسان لە کونی دەرگاکەوە سەیرم دەکردن. پیاوەکە دەستی دایکمی دەگرت و ماچیدەکرد. دایکیشم بە ئارامی و لەسەرخۆ دەگریاو فرمێسکی دەڕشت. پیاوەکە دەموچاوی دایکمی دەسڕی.

دایکم دەستی پیاوەکەی دەگرت و ماچی دەکرد و دەینا بە سنگییەوە.

هەر جارێک کە پیاوەکە گوڵی بۆ دایکم دەهێنا، منیش لەتوپەتم دەکرد.

زۆرجاریش دیاری بۆ من دەهێناو منیش ئەو دیاریانەم تێکوپێک دەداو فڕێمدەدان.

پیاوەکە هەوڵیدەدا لەگەڵ من باوکانە هەڵسوکەوت بکات، بەڵام من لە هەرچی باوکە بێزاربووم، لەلای دایکم لاسایی ئەو پیاوەم دەکردەوەو جنێوم پێدەداو گاڵتەم پێدەکرد. بەجۆرێک تێمدەگەیاند کە ئەو لە ماڵی ئێمە کەسێکی زیادەیەو حەز بە چارەی ناکەم. هەر کاتێک ئەو کابرایە دەهات بۆ ماڵمان، من تەنها قسەم لەگەڵ دایکم دەکردو حیسابم بۆ ئەو نەدەکرد، هیچ کات سڵاوم لێنەکرد، وەڵامی سڵاوەکەشیم نەدەدایەوە، پیاوەکە خۆی تێگەیشتبوو، بزەیەکی غەمناکی دەهاتە سەرلێو و خوێن بەدەماری لاجانگیدا دەهاتن و دەچوون، من دایکم بە تاوانبار دەزانی لەبارەیەوە، تاوانەکەشیم نەدەبەخشی، دایکم خۆشی هەستی پێکردبوو، دایکم زۆر لەگەڵم میهرەبان بوو، دەمزانی بۆچی باجم دەداتێ.

یەک و دوو ساڵ تێپەڕی، دایکم نەخۆش کەوت، کەمتر دەچـووەوە بۆ قوتابخانە، پیاوەکە بە بەردەوامی دایکمی دەبرد بۆ لای دکتۆر، دایکم لە ماڵەوە بە یەکجاری کەوت، ئەو پیاوە هەموو رۆژێک سەردانی دایکمی دەکردو چەند کاتژمێرێک لەلای دایکم دادەنیشت و قسەی لەگەڵ دەکرد. پیاوەکە دەرمانی بۆ دایکم دەهێنا. دواتر دایکم لە نەخۆشخانە خستیان، دیسان هەر ئەو پیاوە بوو دەهات بۆ لای دایکم. زیاتر لە سێ ساڵ دایکم بەدەم نەخۆشییەوە دەناڵی و دواتر کۆچی دوایی کرد.

پیاوەکە زیاتر لە من بە مەرگی دایکم بە پەرۆش بوو و ئازارێکی زۆری چێشت.

پێنج ساڵ دوای مەرگی دایکم، هەواڵی مەرگی باوکم بیست، زۆرم پێخۆش بوو، وام هەست دەکرد سێبەرێکی شوومم لەسەرلاچووە، ترسم نەما، رووناکیم بەدیکرد ، بۆ یەکەمجار لە ژیانماندا گۆرانیم وت و سەمام کرد.

چەند ساڵ دواتـر، رۆژێـک خۆم و هاوسەرو منداڵە سێ ساڵەکەم لە شەقامێک چاومان بە پیاوێکی بە تەمەن کەوت، زۆر پیر بوو، لاواز، قژ سپی، پشتی چەمابووەوە، گۆچانێکی بە دەستەوە بوو، من ئەوم لە نیگای دایکمەوە بینی، لەرزیم، لاشعووری چووم بۆ لای، پیاوەکە لەوە دەچوو منی وەک دایکم بینیبێت، بە لارەلار هات بۆ لام، گۆچانەکەی لە دەست بەربووەوە، داچەمیمەوەو گۆچانەکەم هەڵگرتەوەو ویستم بیدەمەوە دەستی، دەستمی گرت و ماچیکرد. چاوم پڕبوو لە فرمێسک، دەستمکرد بە گریان، دەموچاوی منی سڕی و ئەویش گریا. هەردوو دەستی ئەوم گرت و ماچم کردو یەکترمان لە ئامێز گرت.

هاوسەرەکەم پرسی: ئەو کابرایە کێیە؟ منیش وتم: پیاوە، مەردە.

لە دڵی خۆمدا وتم: دایە ببوورە کە لە تاوانەکەت خۆشنەبووم.

سەرچاوە: ordoukhani. Blogfa.com

# بینینی کچی لە سەداسەد ئیدەئاڵ لە بەیانییەکی بەهارییدا



**هاروکی موراکامی**
**وەرگێڕانی: سلێمان دڵسۆز**

بەیانییەکی جوانی خاکەلێوە لە شەقامێکی لاوەکیی تەسکی گەڕەکی کەشخەی هاراجۆکۆی تۆکیۆ بە پەنا کچی لە سەداسەد ئیدەئالمدا تێدەپەڕم.

راستت بوێت، لەو جوانانە نییە. هیچ تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی تێدا نییە. جلوبەرگی بە هیچ شێوەیەک دانسقە نیین. لە خەو هەستاوەو قژی پشت سەری گنجی تێکەوتووە. گەنجیش نییە (سیساڵێک دەبێت، لەوەش ناچێت کچ بێت). لەگەڵ ئەوەشدا لە پەنجا یاردەوە دەتوانم تێبگەم: کچی لە سەداسەد ئیدەئالمە. ئەو لەحزەیەی دەیبینم دڵم دەکەوێتە رمب و کوت، زارم وەک تەڵاشەدار وشک دەبێت. تیپی دڵخوازی ئێوە دەشێت کچێک بێ گوێزینگی ناسکۆڵە، یان چاوی گەورە یان قامکی شووش و باریک بن. یان ئەوەی لەخۆوە تیپە کچێکتان بە دڵدا دەچێت کە بە نانخواردنەوە خۆیان دەخافڵێنن. تیپە کچێکیش هەن بە دڵی منن.

جار هەیە لە ریستۆرانت وەخۆ دێمەوەو دەبینم چاوم لە کچێک بڕیوە کە لە پشت مێزەکەی تەنیشتمەوە دانیشتووە، چونکە شکڵی لووتیم پێ جوانە، بەڵام هیچ کەس ناتوانێت بڵێت کچی لە سەداسەد ئیدەئالی وی تەواو ئەو شتە دەردەچێت کە پێشتر لە خەیاڵیدا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە من شکڵی لووتم زۆر بەلاوە گرنگە، کەچی تەنانەت نازانم ئەو کچە لووتی هەبوو یان نا. تەنیا شتێکی بە دڵنیاییەوە وەبیرم دێتەوە ئەوەیە کە جوانێکی وا نەبوو. سەیرە، بە یەکێک دەڵێم: (دوێنێ لە شەقام بە پەنا کچی لە سەداسەد ئیدەئالمدا تێپەڕ بووم).

دەپرسێت: (بەڕاست؟ جوان بوو؟)

(لەو جوانانەش نەبوو).

(کەواتە لات شیرین بووە).

(نازانم، هیچ شتێکم لەبارەیەوە بیر ناکەوێتەوە. نە شکڵی چاوانی، نە ئەندازەی مەمکانی).

(سەیرە).

(وایە، سەیرە).

تاقەتی بەسەر دەچێت. دەڵێت: (دەی بەهەرحاڵ، چیت کرد؟ چووی قسەت لەگەڵدا کرد؟ دوای کەوتیت؟)

(نا. بەس لە شەقام بە پەنایدا تێپەڕیم).

ئەو خەریکە لەلای رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا دەڕوات و من لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات. بەیانییەکی بەڕاستی جوانی خاکەلێوەیە. خۆزگە توانیبام بیدوێنم. نیو سەعات بەس بوو. تەنیا داوام لێدەکرد باسی خۆیم بۆ بکات. منیش باسی خۆم دەکرد. زۆرم حەز دەکرد پێچەڵاو پێچیی چارەنووسمانی بۆ روون بکەمەوە، کە بەیانییەکی جوانی خاکەلێوەی (١٩٨١) تێپەڕینی ئێمە بە پەنا یەکتریدا لە یەکێک لە شەقامە لاوەکییەکانی هاراجۆکۆی لێکەوتووەتەوە. وەک چۆن کاتژمێرێکی کۆن کە لە کاتی هاتنەئارای ئاشتی جیهانییەوە دروستکرا(*)، گەیشتنەیەکمان دەبێت پڕاوپڕ بێت لە نهێنیی وررووژێنەر.

دەمانتوانی دوای پیاسە، لە شوێنێک نانی نیوەڕۆ بخۆین. لەوانەبوو بچینە سەیری یەکێک لە فیلمەکانی ودی ئالن، لە هۆتێلێک کۆکتێلمان خواردباوە. ئەو دەم چارەنووسمان دواجار کاری دەگەیاندینە سەر قەرەوێڵە.

بەخت رووی تێکردووم. ئێستا مەودای نێوانمان لە پازدە یارد کەمتر بووەتەوە.

چۆن بچمە بەردەمی؟ چی پێ بڵێم؟

(بەیانیت باش کچەکە، پێتوایە بتوانی نیو سەعات لە کاتی خۆت بۆ کورتە گفتوگۆیەک تەرخان بکەی؟)

قۆرە. وەک دەلالی بیمەم لێدێت.

(ببوورە، دەبێت لەو دەوروبەرانە ئۆتۆ شۆری شەوانە رۆژی لێنەبێت؟)

نا ئەمەشیان قۆرە. خۆ جلی پیسیشم پێ نیین. دڵی ئاو ناخواتەوە.

رەنگە ئەگەر دەق و دۆغری راستییەکەی پێ بڵێم باشتر بێت. (بەیانیت باش، تۆ کچی لە سەداسەد ئیدەئالی منی) نا بڕوا ناکات. ئەگەر بڕواش بکات، رەنگە پێی خۆش نەبێت قسەم لەگەڵدا بکات. رەنگە بڵێت: بەداخەوە، من کچی لە سەداسەد ئیدەئالی تۆم، بەلام تۆ کوری لە سەداسەد ئیدەئالی من نییت. رەنگە هەرواشی لێبێت، بێت و بکەومە دۆخێکی واوە، تێکدەشکێم و هەرگیز پشتم لەبەر ئەو گورزە راست ناکەمەوە. من سی و دوو ساڵم تەمەنە و پیریی کە باسی دەکەن شتێکی وایە.

لەبەر دەرکی گوڵ فرۆشییەک بە پەنا یەکتردا تێپەڕ دەبین. شەپۆلێکی بچووکی هەوای گەرم بەر پێستم دەکەوێت. قیرەتاوی شەقامەکە تەڕە و بۆنی گوڵەباخم بۆ دێت. ناتوانم قەناعەت بە خۆم بهێنم قسەی لەگەڵدا بکەم. بلووزێکی سپی لەبەرە و نامەیەکی لە دەستی راستیدا لوولداوە کە تەنیا تەمر (پوول)ێکی کەمە. لە چاوە خەواڵووەکانی را دیارە نامەی بۆ کەسێک نووسیوە. پێدەچێت هەموو شەوەکەی بە نووسینی ئەو نامەیەوە بووبێت. لەوانەیە هەموو نهێنییەکانی لەناو ئەو زەرفەدا بێت. چەند هەنگاوێکی دی هەڵدەگرم و کە ئاوڕدەدەمەوە: لەناو ئاپۆرادا بزر بووە. هەڵبەت ئێستا بە باشی دەمزانی دەبووایە چی بڵێم. دەمتوانی وتارێکی دووررودرێژ پێشکەش بکەم. لەوانەیە هێند دوورودرێژ کە نەتوانم سەر و بنی وێک بێنمەوە. هیچکام لەو بیرۆکانەی بە مێشکی مندا دێن، لە کردەوەدا دروست لە ئاو دەرنایەن.

ئۆی، دەی باشە، دەمتوانی ئاوا دەست پێبکەم: (ساڵ و عەیامێکی) و ئاوا کۆتایی پێ بهێنم: (چیرۆکێکی دڵتەزێن بوو، وا نییە؟)

ساڵ و عەیامێکی، کوڕێک و کچێک دەژیان. کوڕە هەژدە ساڵ و کچەش شازدە ساڵی بوو. نە کوڕە ئەوەندە قۆز بوو نە کچەش هێندە جوان. کوڕێکی تەنیای ئاسایی و کچێکی تەنیای ئاسایی بوون، وەکو خەڵکی تر، بەلام بە دڵ بڕوایان بەوە هەبوو کە لە جێگایەکی سەر گۆی زەوی، کچی لە سەداسەد ئیدەئال و کوڕی لە سەداسەد ئیدەئالیان هەن. بەڵێ، ئەوان بڕوایان بە پەرجوو هەبوو. پەرجوویەک کە بەڕاستی روویدا.

ڕۆژێک لە سیلەی شەقامێک تووشی یەک بوون.

کوڕە، وتی: (سەرسوڕهێنەرە! لە هەموو تەمەنمدا بەدوای تۆدا گەڕاوم. ڕەنگە باوەڕ نەکەی، بەڵام تۆ کچی لە سەداسەد ئیدەئالمی). کچەش وتی: (تۆش کوڕی لە سەداسەد ئیدەئالی منی. ئەوی بیرم لێدەکردەوە ڕێک ئاوای، دەڵێیت خەون دەبینم).

لە پارک لەسەر کەرەوێتێک دانیشتن، دەستی یەکتریان گرت و بە سەعاتان چیرۆکی ژیانی خۆیان بۆ یەکتر گێڕایەوە. چیدی تەنیا نەبوون. نیوەی لە سەداسەد ئیدەئالی خۆیان دۆزیبووەوە و نیوە لە سەداسەد ئیدەئالەکەشیان هی خۆی دۆزیبووەوە. چەند خۆشە نیوەی لە سەداسەد ئیدەئالی خۆت بدۆزییەوە و نیوە لە سەداسەد ئیدەئالەکەشت تۆ بدۆزێتەوە. ئەمە پەرجوویەک بوو. پەرجووی گەردوون، بەڵام هەروا کە دانیشتبوون و پێکەوە دەدوان، تانوپۆی زۆر باریکی گومان ڕەگاژۆی دەکردە دڵیان: سروشتییە کە خولیاکانی مرۆڤ ئاوا بە ئاسانی بێنەدی؟ بەمجۆرە کاتێک بێدەنگییەکی کورتخایەن کەوتە نێوانیان، کوڕە بە کچەی وت: (وەرە با خۆمان لە محەک بدەین... تەنیا جارێک. ئەگەر ئێمە بەڕاستی دڵداری لە سەداسەد ئیدەئالی یەکتر بین، ڕۆژێک لە شوێنێک بێ سێ و دوو تووشی یەکتر دەبینەوە. جا کە ئەمە ڕوویدا و دڵنیابووین کە ئەویندای لە سەداسەد ئیدەئالی یەکترین، هەر لەوێ و هەمان لەحزە پێکەوە هاوسەرگیریی دەکەین).

کچە، وتی: (ڕاست دەکەی، ڕێک دەبێت ئاوا بکەین).

بەو جۆرە بوو کە لێکهەڵبڕان. کچەکە بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیی و کوڕەکە بەرەو ڕۆژئاوا، بەڵام ئەو تاقیکردنەوەیەی لەسەری ڕێککەوتن هیچ پێویست نەبوو. نەدەبووایە ملی بۆ بدەن، چونکە بەڕاستی ئەویندای لە سەداسەد ئیدەئالی یەکتربوون و یەکتر دیتنەکەیان پەرجوو بوو، بەڵام بایی ئەوەندە لاوبوون کە نەیانتوانی لەوە تێبگەن. شەپۆلی سارد و بێباکیی چارەنووس، زاڵمانە ڕایماڵین.

ڕۆژێکی زستان، کچە و کوڕە هەردووکیان تووشی ئەنفلۆنزایەکی سامناکی وەرزیی بوون و دوای چەندین حەوتوو سەرگەردانی لەنێوان مەرگ و ژیاندا، یادەوەریی ساڵانی ڕابردوویان لە مێشک شۆرایەوە. کە وەئاگاهاتنەوە، سەریان وەک داخڵەکەی دی.ئێچ.لۆرانسی منداڵ، بەتاڵ و حەتاڵ بوو.

بەو حاڵەشەوە ئەو دووە، کەسی دە زیرەک و لێبڕاو بوون و بە هەوڵی بێوچان توانییان جارێکی دی هۆش و گۆشیان بێتەوە بەر، وەها کە بگەڕێنەوە باری هاوڵاتییەکی تەواو. شوکری خوا، بوونە هاوڵاتی هێندە لە زەبر کە دەیانتوانی

ڕێڕەویان لە هێڵی میترۆیەکەوە بگوازنەوە هێڵێکی تر و لە دائیرەی پۆستەخانە نامەیەکی تایبەت بەڕێبکەن.

لەڕاستیدا تەنانەت جارێکی دیکە، ئەوینیشیان تاقیکردەوە. ئەوینێک بە ڕێژەی لە سەدا حەفتا و پێنج و تەنانەت لە سەدا هەشتا و پێنج.

زەمان بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر رابوورد و زۆر زوو کوڕە بوو بە سیودوو ساڵ و کچە بە سی ساڵ.

ڕۆژێکیان بەیانییەکی جوانی خاکەلێوە، لە سۆراغی فنجانێک قاوەدا بۆ دەستپێکی ڕۆژ، کوڕە لەلای ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەلات دەڕۆیی، ڕێک لەوکاتەدا، کچە بۆ بەڕێکردنی نامەیەکی تایبەت لەلای ڕۆژهەلاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەچوو. هەردووکیان لە شەقامی تەسک و لاوەکیی گەڕەکی هاراجۆکۆی تۆکیۆ بوون. لە ناوەڕاستی شەقامەکە بە پەنا یەکتردا تێپەڕین. بۆ ساتێکی کورت، تروسکەیەکی بەئاستەمی بیرەوەریی فەرامۆشکراو کەوتە سەر دڵیان. سینگی هەردووکیان کەوتە شەپۆلدان، تێگەیشتن کە:

ئەوە کچی لە سەداسەد ئیدەئالمە.

ئەوە کوڕی لە سەداسەد ئیدەئالمە.

بەلام تیشکی بیرەوەرییەکانیان کزبوو و بیریان وەک چواردە ساڵ لەمەوبەر روون نەبوو. بێ هیچ وشەیەک بە پەنا یەکتردا تێپەڕین و بۆ هەتا هەتایە لەناو ئاپۆرەدا بزر بوون.

چیرۆکێکی دڵتەزێن بوو، وا نییە.

خۆیەتی، دەبووایە ئەوانەم پێ گوتبان.

پەراوێز:

* ئاماژەیە بە بورجی کاتژمێر، کە پاش بۆردوومانی کیمیایی هێرۆشیما دروستکرا. ئەو کاتژمێرە دوو نمایشگەری دیجیتاڵی هەن، کە یەکیان ئەژماری ڕۆژەکانی دوای بۆردوومانی کیمیایی هێرۆشیماو ئەوی تریان ئەژماری ڕۆژەکانی دوای هەر دوایین تاقیکردنەوەیەکی ئەتۆمی لە دنیادا نیشاندەدات.

# خنکاو



**ئانتوان چیخۆف**
**و: ڕەفعەت موڕادی**

لە شەقامێکی قەراخ ڕووبارێکی گەورەدا، کە کەشتییەکان پێدا هاتوچۆیان دەکرد، هەراوهوریا بەرپایە، لەو جۆرە هەراوهوریایەی کە بە زۆری لە نیوەڕۆی گەرمی هاویندا بەرپا دەبێ، لە گەرمەی بار داگرتن و بەتاڵکردنی (کەرجی و بەلەمەکاندا)، فش فشی کەشتییە هەڵمییەکان و تەقە و ڕەقەی کرێنەکاندا، هەموو جۆرە جنێو و ناجۆرییەک بەر گوێ دەکەوێت، بۆنی ماسی وشک و ڕۆن قەتران ئاسمانی پڕ کردووە... (هیکڵ) ی کورتە باڵا بە سیمایەکی یەکجار داتەپیو و هەڵگەڕاو کە چاکەتێکی شڕو پانتۆڵێکی پینەوپەڕۆکراوی لە بەردایە، لە فەرمانبەرێکی کۆمپانیای کەشتیوانی (شیچڵ کۆپەر) کە لە قەراخ ڕووبارەکەدا دانیشتووە و چاوڕێی خاوەن بارە، نزیک دەبێتەوە، کڵاوێکی کۆن و ڕزیوی خڕی بە سەرەوەیە کە لە ڕووی نیشانەکەیەوە دەردەکەوێت، پێشتر کڵاوی کارمەندێکی حکوومی بووە! بۆینباغەکەی لە ئێخەی کراسەکەیەوە دەرهاتووە و بە سەر سنگییەوە شۆڕ بۆتەوە! بە شێوەی سەربازیی سڵاو دەکات و بە دەنگێکی گڕ و گیراو ڕوو لە کارمەندەکە دەکات:

سڵاو، درودی بێپایان بۆ جەنابی تاجر باشی!

سڵاوم عەرزکرد! ئایا جەنابتان پێتان خۆش نییە کەسێک ببینی لە حاڵەتی خنکاندا؟! مەبەستم خنکاوێکە؟

فەرمانبەرەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی:

کامە خنکاو؟

– لە راستیدا خنکانێک لە ئارادا نییە، بەڵام من دەتوانم رۆڵی خنکاوێک ببینم، خۆم دەخەمە ئاوەکەوە و جەنابیشتان لە بینینی دیمەنی غەرقبوونی کەسێک لەزەت دەبەیت! ئەم نمایشە پتر لەوەی لە تراژیدی بچێت، بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی و لایەنی شادی هێنەری، گاڵتە جاڕییە...

– جەنابی بازرگان، ئێستا روخسەت دەفەرمووی نمایشەکەم دەست پێبکەم؟!

– من بازرگان نیم

– ببوورن... میل پاردون (بە فەرەنسایی: هەزارجار ببوورە)

–ئەم رۆژانە بازرگانەکانیش سیمای رۆشنبیریان لە خۆگرتووە، بە جۆرێک تەنانەت حەزرەتی (نۆح)یش ناتوانێ پاک و ناپاک لێکجیاکاتەوە، ئێستا کە جەنابتان وەک رۆشنبیرێک تەشریفتان لێرەیە، باشتر! لە زمانی یەکتر باشتر تێدەگەین... من کەسێکی خانەدانم... باوکم ئەفسەری سوپا بوو، خۆیشم دەستنیشانکرابووم بۆ کاری حکوومی... ئێستا گەورەم! ئەم خزمەتکارەی دنیای هونەر، لە خزمەتی جەنابتم...! خۆهەڵدانێک بۆناو ئاوەکە و دیمەنێکی زیندوو لە خنکاوێک؟!

نا، سوپاست دەکەم.

ئەگەر نیگەرانی لایەنی مادیی مەسەلەکەی، دەبێ هەر ئێستا خەیاڵت ئاسوودە بکەم... بۆ جەنابتان گران حسێب ناکەم... بە جزمەوە دوو رۆبڵ و بە بێ جزمە تەنیا یەک روبڵ.

ئەمەندە جیاوازی بۆ؟

– لە بەر ئەوەی جزمە گرانترین بەشە لە جلوبەرگی مرۆڤدا، وشک کردنەوەشی زۆر دژوارە: ergo (بە فەڕەنسی): کەواتە ئیجازە ئەفەرمووی کەسابەتەکەم دەستپێبکەم؟

– نا گیانەکەم، من بازرگان نیم، ئەم جۆرە دیمەنە ترسناکانەشم پێخۆش نییە!

– ئا... واتێدەگەم لەوانەیە جەنابتان لە چەند و چوونی مەسەلەکە زانیارییەکی راستان لانییە... تۆ وادەزانی من مەبەستم ئەوەیە جەنابتان ناچار بکەم بۆ تەماشای دیمەنە ترسناک و نەگونجاوەکان! بەڵام باوەڕ بفەرموو ئەوەی بۆ جەنابتان لە بەر چاوگیراوە نمایشێکی کۆمێدیی و هەجوئامێزە... نمایشەکەی من دەبێتە هۆی ئەوە پێبکەنیی... دیمەنی پیاوێکە کە جلی لەبەردایەو مەلە دەکات

و لەگەڵ شەپۆلەکانی ئاودا دەست و پەنجە نەرم دەکات؟ لە راستیشدا زۆر خۆش و شادی هێنەرە! کەچی پارەیەکی کەمیشم دەست دەکەوێت؟

– لە باتی ئەم نمایشانە بۆ چی کارێکی جیدی ناکەیت؟

– دەفەرمووی کار؟ کامە کار؟ بە بیانووی هۆگریم بۆ مەشروباتی ئەلکولی لە بەخشینی پیشەیەک کە لە ئاستی منی خانەداندا بێت دریغی دەکەن... پێتانوایە ئینسان دەتوانێ پیشەیەک بدۆزێتەوە بێئەوەی واسیتەیەکی هەبێت؟ لەلایەکی ترەوە من بە هۆی پێگەی خێزانیمەوە ناتوانم دەست بەرم بۆ کاری ئاسایی لەوانە کرێکاریی و ... هتد؟

– چارەسەری کێشەی تۆ ئەوەیە کە دەبێ پێگەی خێزانی خۆت فەرامۆش بکەیت.

– هیکڵ بە لووتبەرزییەوە سەری هەڵتەکاندو بە گاڵتە جاڕییەوە پرسی:

– وتت فەرامۆشی بکەم؟ لە کاتێکدا تەنانەت هیچ باڵندەیەک بنەچەقەی خۆی فەرامۆش ناکات، تۆ پێتوایە نەجیبزادەیەکی وەک من بتوانی بنەچەقەی خێزانی خۆم فەرامۆش بکەم؟ ئەگەر چی نەدار و شڕ و وڕم، بەڵام غرور و... م هەیە بەڕێزم! شانازی دەکەم بە بنچ و بنەوای (بنەچەقە) خۆمەوە!

– پێم سەیرە لووتبەرزیتان نابێتە رێگر لە بەردەم نواندنی ئەو نمایشانە!

– لەم سۆنگەیەوە شەرمەزارم، وریاکردنەوەکەی جەنابتان لە راستیدا خستنەڕووی راستییەکی تاڵە، دیارە کەسێکی خوێنەواری، بەڵام دەبێ گوێ رابگریت بۆ قسەکانی تاوانبارێک بەر لەوەی سەنگساری بکەن... راستە لە نێو ئێمەدا کەسانێک پەیدا دەبن کە نەفس بەرزی خۆیان دەخەنە ژێرپێ و بۆ پێشوازی کۆمەڵێک بازرگانی فێڵباز و حەرامزادە ئامادە دەبن و خەرتەڵ دەدەنە دەموچاویان، یان بۆ نموونە لە حەمامدا بە دۆرژنگ دەموچاویان رەش دەکەن بۆ ئەوەی لاسایی شەیتان بکەنەوە! یان جلی ژنانە لە بەر دەکەن و هەزار جۆر بێ تامی و سووکی و هەرزەیی لە خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام بەندە...، بەندە رێز دادەنێم بۆ ئەم جۆرە ئەتوارانە! و بە هیچ نرخێک ئامادە نیم تەنیا لە بەر دڵخۆشی و رابواردنی کۆمەڵێک بازرگان، خەرتەڵ و باشتر لە خەرتەڵیش بدەم بە دەموچاومدا، بەڵام نواندنی رۆڵی خنکاوێک بە ناشیرین و ناپەسەند نازانم ... ئاو مادەیەکی رەوان و پاک و خاوێنە و خۆهەڵدان بۆ ناو ئاو نە تەنیا پیسبوون و ئالوودە بوون نییە، بەڵکو لەش پاکدەکاتەوە، زانستی پزیشکیش ئەم بۆچوونەی من پشتڕاستدەکاتەوە، بە هەرحاڵ پارەی زۆر لە جەنابت ناسێنم، روخسەت بفەرموو بە جزمە... تەنیا یەک روبڵ.

- نا گیانە، پێویست ناکات.
- ئاخر بۆچی؟
- عەرزمکردی پێویست ناکات.
- خۆزگە دەتبینی چۆن چۆنی ئاو قووت دەدەم و چۆن دەخنکێم! لەم سەر تا ئەو سەری ئەم رووبارە بگەڕێی کەسێک وەک من نادۆزیتەوە کە باشتر لە من بخنکێت... کاتێک شێوەی مردووەکان بە خۆمەوە دەگرم! تەنانەت دکتۆرە بەڕێزەکانیش دەکەونە گومانەوە، زۆر باشە، تەنیا (٦٠ کۆپەک)ت لێدەستێنم! ئەویش لەبەر ئەوەی هێشتا سفتاحم نەکردووە... مەحاڵە سێ روبڵ کەمتر وەرگرم لە خەڵکانی تر، بەڵام بە سیمای جەنابتانەوە دیارە کەسێکی باشی... منیش بۆ بیرمەندانێکی وەک جەنابتان هەرزان حسێب دەکەم.
- لوتف بکە و وازم لێبێنە!
- خۆت دەزانی... مەسڵەحەتی خۆت لای خۆتە، بەڵام دەترسم تەنانەت بە دە روبڵ نەتوانی خنکانی کەسێک ببینی!
- پاشان (هیکل) هەرلەو شوێنەو لە قەراخ ئاوەکەدا، کەمێک ئەولاتری کاربەدەستەکە دادەنیشێت و بە فسە فس گیرفانی قات و پانتۆڵەکەی دەپشکێنێت.
- دەک نەفرەت لە شەیتان! تووتنەکەم کوا؟ وابزانم لە ئیسکلە بە جێمهێشتووە، لەگەڵ ئەفسەرەکەدا مشتومڕی سیاسیمان بوو، قوتوی جگەرەکانم لە کاتی تووڕە بوونمدا هەر لەوێ بە جێهێشتووە؟ ئاخر دەزانن لەم رۆژانە لە بەریتانیا باس باسی گۆڕینی کابینەیە، خەڵک قسەی سەیرو سەمەر دەکات؟ گەورەم جگەرەت پێیە؟
- کارمەندەکە جگەرەیەک دەداتە هیکڵ، لەم کاتەدا بازرگانی خاوەن بار، ئەو پیاوەی کە کارمەندەکە چاوەڕێی دەکرد، دەردەکەوێت، هیکڵ بە پەلەپروسکە رادەچڵەکێ و جگەرەکە لە نێو قۆڵی قاتەکەیدا دەشارێتەوە، سەلامێکی سەربازانەی لێدەکات و بە دەنگە گڕو گیراوەکەیەوە دەڵێت:
- سڵاو و درودی بێپایان بۆ گەورەمان، سڵاو.
- کارمەندەکە روو لە بازرگانەکە دەکات و دەڵێ:
- دواجار هاتی؟ ماوەیەکە چاوەڕێتم! لە نەبوونی ئێوەدا، ئەم کابرا سمجە باوکمی دەرهانی! بە نمایشەکانییەوە دەست لە سەری کەچەڵم هەڵنەدەگرت! پێشنیار دەکات ٦٠ کۆپەکی بدەیتێ و لاسایی کەسێکی خنکاو بکاتەوە لە نێو ئاودا!
- شەست کوپەک؟ دەترسم زۆرت وتبێت کاکە گیان! مەزەندەی شیرینی

ئەم جۆرە کارانە تەنیا ٢٥ کوپەکە! هەر دوێنێ بوو سێ نەفەر پێکەوە خنکانی سەرنشینانی کەشتییەکیان نمایشکرد و تەنیا ٥٠ کوپەک پارەیان وەرگرت... سەیری کاکم کە! ٦٠ کوپەک! من ٣٠ کوپەک زیاتر نادەم!

– هیکڵ، پیشدەخواتەوە و بە زەردەخەنەوە دەڵێت:

– ٣٠ کوپەک؟ دەفەرمووی نرخی خنکان بایی سەرە کەلەمێکە؟! ئێجگار زۆرە کاکە گیان!

– کەواتە فەرامۆشی کە... حاڵ و حەوسەڵەم نییە.

– باشە ئەمڕۆ هیچم دەست نەکەوتووە ئەگینا... بەس داوات لێدەکەم بە کەس نەڵێی کە ٣٠کوپەکت داومەتێ.

– هیکڵ جزمەکان دەردەهێنێ، خۆی مۆن دەکات و بە لووت بەرزییەوە چەناکە هەڵدەبڕێ، دەچێ بۆ قەراخ رووبارەکە و بە ناشارەزایی خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکەوە... دەنگی بەربوونی شتێکی قورس بۆ ناو ئاوەکە دەبیسترێت... دوای چرکەیەک هیکڵ دەکەوێتە سەر ئاوەکەوە، بە ناشارەزاییەوە دەست و قاچ دەوەشێنێت و هەوڵدەدات وەک کەسێکی ترساو خۆی پیشان بدات! بەڵام لە باتی هەراسانبوون و شڵەژاویی لە تاوی سەرما دەلەرزێت.

– بازرگانەکەش هاوار دەکات:

– خۆت بخنکێنە! چەندە مەلە دەکەی؟ ئێستا کاتیەتی، خۆت بخنکێنە؟!

هیکڵ چاوی لێ دادەگرێت و باڵ رادەوەشێنێت و دەچێتە ژێر ئاوەکەوە، هەموو نمایشەکەی ئەمەیە! پاشان دوای (خنکان) لە رووبارەکە دێتە دەرەوە. ٣٠ (کۆپەک)ی خۆی وەردەگرێت و بە جلوبەرگی تەڕەوە و بە لەرزە لەرز بە درێژایی قەراخ رووبارەکە ملی رێگا دەگرێت.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی: داستنهای کوتاه

# هاوسەنگیی

ئالبێرتۆ مورافیا
و: شەریف فەلاح

لەپڕا لە خەو رادەچڵەکێم و وەکو کەسێک کە بە هۆی هێزێکی پاڵنەرەوە لە خەو هەستابێت، چراکە هەڵدەکەم و خێرا وەردەسووڕێم، چاوێک لە مێردەکەم دەکەم، کە لە پەنامە. ئەو خەوتووە. سەری خزاندووەتە نێو سەرینەکەی و باسکی خستووەتە سەر لێواری لێفەکە. مێردەکەم ئەسمەرێکەو رووخسارێکی جوان و دلۆڤانی هەیە، بەڵام باسکی کە لەسەر لێفەکەیە، قەڵەوە، پان و پتەو و تێکسمڕاوەو من دەزانم کە ئەم باسکە هی جەستەیەکە کە هێندەش بەهێزو پتەو و تووڕەیە.

مێردەکەم لە مێردمنداڵێک دەچێت بە قەڵافەتی پیاوێکی تێکسمڕاوی چوارشانە، یان رەنگە باشترە بڵێم پیاوێکی بەهێزی چوارشانە بە رووخساری مێردمنداڵێک. بێگومان ئەم پێکناکۆکییە لە نێوان سەرو رووخساری میهرەبان و قەڵافەتی گەورەدا دەبێت واتایەکی هەبێت. لە حاڵێکدا هەوڵدەدەم لە واتای ئەم پێکناکۆکییە تێبگەم، بەڵام هەرچی دەکەم و هەوڵدەدەم لێی تێناگەم. رەنگە واتاکەی ئەمە بێت کە خۆشم لەسەری دێت و لە جەستەی بێزار، یان کێ دەزانێت، رەنگە بە پێچەوانەشەوە بێت، بەهەر حاڵ هەموو شتێک رەنگە لە ئارادا بێت، بەڵام ئەوەی راستە، ئەمەیە کە مێردەکەم بۆ من کێشەیەکە، کێشەیەکی ئەوەندە ئازاردەر و ژاناوی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەناکاو و لە نیوەی شەودا بە

خەبەر بێم تاکو لێی بڕوانم. لە کوێی فۆرموولێکی بیرکاری دەچێت، هەرچەندە هیچ هەڵەیەکی تێدا نابینرێت، بەڵام ڕاست و ڕێک دەرنایەت و دیار نییە هەڵە و کەموکوڕییەکەی لە کوێدایە.

مەسەلەی مێردەکەم ئەمەیە، کە من هەموو شتێکم بەو بەخشیوە: گەنجێتی، جوانیی و تەنانەت بیرو هۆشم ـ بەڵێ، تەنانەت هۆش، چونکە لە قۆناغی لیسانسدا دەمخوێند و لەبەر ئەو دەستم لە خوێندن هەڵگرت ـ هەموو شتێکم وەلانا، بەڵام لە بەرامبەردا، هیچ شتێکم لەو وەرنەگرتووە. یان باشتر بڵێم، لە بەرامبەردا بوومەتە فرۆشیارێکی خشڵ و زێڕو زێوی ئەو. دوو منداڵیشم بۆی هێناوەتە دنیا. کوڕێک و کچێک کە ئێستا نۆ ساڵە و دە ساڵانن. ڕەنگە لەبەر منداڵبوون بێت، کە ئێستا بوومەتە سێبەرێک لە خۆم. پێشتر زۆر جوان و بە ژن ڕێک و زراڤ بووم، بەڵام ئێستا لەڕو لاوازم و بوومەتە ئێسک. ڕووخسارم تەژی لە شادی و هێز و وزەی ژیان بوو، بەڵام ئەگەر ئێستا بەم ڕووخسارە کێشراوەیە بمبینیت، دەڵێیت ماوەیەکی زۆرە برسییەتی و تینوویەتییم چێشتووە و لە دزێک دەچم کە دوای بڕینی ترێ، بەنێو لق و شاخەکاندا ڕۆ دەچێت، بەڵام لەو نێوەدا جگە لە گەڵای زەرد و هەڵپرووزاو هیچ شتێک، هیچ هێشوویەک نابینرێت.

بە گشتی لەو تاقمە ژنانەم، کە ڕووخسارێکی پووکاو و تێک ڕووخاو و جەستەیەکی لاوازیان هەیە و لەبارەیانەوە دەڵێن:

ـ ئاخ، بێگومان، کاتی خۆی جوان و لەبەردڵان بووە!

ئەو کە هێشتا هەر خەوتووە من بەردەوام لێی دەڕوانم و بیر لە کارەکانی خۆم دەکەمەوە: (کەوایە من هەموو شتێکم بەو بەخشیوە، بەڵام ئەو لە بەرامبەردا هیچی بە من نەداوە، تەنانەت لەمەش خراپترە، منی کردووەتە فرۆشیارێکی بازاڕ و دوکانەکەی. کەوایە من زۆرم بە سەرییەوە هەیە و ئەو قەرزدارمە و تای تەرازووەکانمان، هاوسەنگی یەک نیین. تای تەرازووەکەی ئەو لە خوارێیە، پڕو قورس و هی منیش لەسەرەوەیە، بە تاڵ و سووک. کەوایە، مەسەلەکە ڕوونە. دەبێت کارێک بکەم کە تاکەی من، لانیکەم هاوسەنگی تاکەی ئەو ڕابوەستێت).

فکرێک بە مێشکمدا دێت، بەڵام پێش بیرکردنەوە، جووڵە و هەستانەوەی جەستەیەکە دەڵێی پێش بیرکردنەوە دەکەوێت. لەسەر تەختەخەوەکە هەڵدەستم. جلەکانم کە دوێنی شەو لەسەر کورسییەکەم دانابوون هەڵدەگرم و بە پەلە لەبەریان دەکەم، پاشان چراکە دەکوژێنمەوە و بە پسکەپسک دەڕۆمە دەرێ. مێردەکەم لە هیچ تێنەگەیووە، تەنانەت کاتێک لەبەر دەرگاکە نەختێک درەنگ دەکەوم، لەناکاو پرخەیەکی دوورو درێژ دەکات. ئێستا من لەنێو ڕاڕەوەکەم و

دواتریش لە دەرەوەی ئاپارتمان و لەسەر پلیکانەکان.

ئێمە لە گەڕەکێکی دەورووبەری شاردا دەژین، بەڵام دوکانەکەمان لە ناوەڕاستی شارە. شەوانە، شەقامەکان بەو ئاپارتمان و بینایانەوە کە رووخساری دەرەوەیان پڕ لە باڵکۆنە، دەبنە گۆڕستانی ئەو ئوتۆمبێلانەی کە لە پشت سەری یەکتر راوەستاون. ئۆتۆمبێلەکەم رێک رووبەڕووی دەرگاکەیە. سوار دەبم و بە خێرایی لەنێوان دوو ریز ئۆتۆمبێل کە هەستی مەرگ بە مرۆڤ دەبەخشن، تێدەپەڕم. باشە، بە خۆشحاڵییەوە ئێستا گەیشتمە ناوەندی رۆم، کە هیچ ئۆتۆمبێلێکی تێدا پارک نەکراوە. بیناکان پێچەوانەی ئۆتۆمبێلەکان لە شەودا بێدەنگ و کشومات، لە مردووەکان ناچن، تەنیا دەڵێیت خەوتوون. ئۆتۆمبێلەکە لە مەیدانی ئیسپانیا رادەگرم و لەوێوە تاکو دوکان کە لە شەقامی تەنیشتە، بەپێ دەچم. نەخشە و پلانی من بۆ پێکهێنانی هاوسەنگیی لەنێوان خۆم و مێردەکەمدا زۆر سادەیە: دەڕۆمە ناو دوکان، بەنرخترین خشل و زێڕ و زیوەکان دەکەمە نێو جانتایەکی پلاستیکی و دەیخەمە رووباری (تەورەوە). بەم شێوەیە، خەسارێکی چەند ملیۆنی لە مێردەکەم دەدەم و بە خۆمی دەسەلمێنم کە تەنیا فرۆشیارێکی سادەی دوکان نیم. بەم چەشنە لە نێوانمان هاوسەنگییەک دێتە ئاراوە و من هەمدیسان، دەتوانم لانیکەم چەندساڵێک بەبێ هەستکردن بە شەرمەزاریی، مێردەکەم خۆش بوێت، واتا تاکو کاتێک کە هەست بە گوناح بکەم.

دەبێت بزانن دوکانەکەمان دوو دەرگای هەیە: یەکێکیان بەرامبەر شەقامەکەیە کە بە شێوەیەکی کرکرەیی دەبەستریێت و ئەوەی دیکەش بەرامبەر حەوشەی بیناکەیە.

وای بەباش دەزانم لە دەرگای دووەم کەڵک وەربگرم. دەرگا بچووکەکە کە لەناو دڵی دەرگا سەرەکییەکەدایە، دەیکەمەوە و دەڕۆمە ناو حەوشەی بینا مێژینەکەوە. بە لای ئەو دەرگا بچووکەدا دەسووڕێم کە لەو رێگایەوە دەکرێت لە هێشخانەوە بگەیتە دوکانەکە، بەڵام لە دوورەوە لەوە تێدەگەم کە دەرگاکە نیوە کراوەیە. لەبەر خۆمەوە دەڵێم: (ئێستا سەیرە بڕۆیت و ببینیت کە کەسێک خەریکی دزییە).

بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە رابوەستم. پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێم. دەڕۆمە ژوورەوە. دەستبەجێ کەسێک کە لە پشت دەرگاکە راوەستاوە و خۆی لکاندووە بە دیوارەوەکەوە، دەردەپەڕێت، دەستم پێوە دەنێت و دەیەوێت هەڵبێت. لەمکاتەدا، هەر بە هەمان حاڵەتی واڕسکەیی ماوەیەک لەمەو پێش، کاتێک لە تەختە خەوەکە دەرپەڕیمە دەرێ، فرز بۆی دەردەپەڕم. رێگای دزەکە دەگرم و

چنگ لەو شتە دەگرم کە ناوییە بە سینگییەوە. جانتایەکە، کە بە سەری قامکەکانم هەستی پێدەکەم، پڕە لە زێڕو خشڵی دزراو. مستێک دەکوترێت بەنێو دموچاومدا، بەڵام ناکەوم، مستێکی تر کە دەدرێت بەنێو دەممدا، تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەوپەڕی هێزەوە جانتاکە بە چنگەوە بگرم. لەم کاتەدا، هاوار دەکەم، هەڵبەتە باش سەرنج بدەن، نەک وەکو کەسێک کە شتێکیان لی دزیبێت، بەڵکو دەنگێک وەکو دەنگی وەحشیانە و ناڕوونی حەیوانێکی دڕندە لە گەروومەوە دێتە دەر! رێک وەکو حەیوانێک کە بەرگریی لە خواردنەکەی دەکات. هەروەک ئاشکرایە ئەم دەنگە دز دەترسێنێت، چونکە ئەو پاڵم پێوە دەنێت و دەمخاتە سەر عەرزو هەر لە هەمان دەرگاوە کە کراوەیە، هەڵدێت.

ماوەیەک لە تاریکیدا و لەسەر عەرز، هەر لەوێ دەکەوم. دەمم پڕبووە لە خوێن و تەوێڵم ژان دەکات، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانم هەستمە سەرپێ، بەڵکو هەستکردن بە سەرسووڕمانێکە کە بە هۆی ئەم رووداوە لەناکاوەوە لە ناخمدا سەریهەڵداوە و بەهۆی حەپەسانمەوە تەنانەت ناتوانم لە هۆکارەکەشی تێبگەم، ئەو کارەم پێناکرێت، چونکە بە حاڵەتێکی گرژو ئاڵۆزەوە چنگمکردووە بە جانتای زێڕ و خشڵەکاندا و هەمدیسان بە سنگمەوە دەینووسێنم.

لە ئەنجامدا لە رووداوەکە تێدەگەم. زۆر سادەیە، لە راستیدا من بۆ دزی هاتبوومە ئێرە و دەمویست بە خۆمی بسەلمێنم کە تەنیا فرۆشیارێکی مێردەکەم نییم، بەڵام لەباتی ئەم کارە، رێک وەکو فرۆشیارێکی باش، کە بەوپەڕی هێزەوە لە ماڵ و موڵکی سەرۆک و ئەربابەکەی پشتیوانی دەکات، هەڵسوکەوتم کردووە، کارێک پێچەوانە و دژی رەخساندنی هاوسەنگیی! ئێستا تای تەرازووەکان نارێکتر لە هەمیشەن. باشتر وایە هەموو شتێک بسپێرمە داهاتوو. کاتێک کە باشتر خۆم بناسم، لەم مەودایەدا دەبێت درێژە بە ژیان بدەم. لێبڕاوانە ئیرادە دەکەم. بە دژواریی لەسەر پێ رادەوەستم. بە تلەتل دەچمە ناو دوکانەکە و چراکە هەڵدەکەم. فەرموو، ئەمەش ویترینی شوێنی فرۆشتن کە هەر رۆژە، بە رووخساری جوان، بەڵام سیس و ژاکاو، لە پشتەوەی دادەنیشم و بە رق و قین و بێوازییەوە خشڵ و زێڕەکان پیشانی کڕیارەکان دەدەم، زێڕ و خشڵی ناو جانتاکە هەڵدەڕێژمە سەر شووشەی ویترینەکە، ئەنگوستیلە، سینەڕێز، بازن و ملوانکە، هەموو وەکو کۆمەڵێک شتی بە نرخ لە پێش چاوانمەوە دەدرەوشێنەوە. بە ئارامی و بە رێکوپێکی یەک بە یەک هەڵیاندەگرم و لەژێر شووشەی ویترینەکە و لە جێی خۆیان دادەنێمەوە. دزەکەش دەبێت هەر بەو ئارامیی و سەرنج و شارەزاییەوە هەڵیگرتبێت. لەمکاتەدا، بە بیرمدا دێت کە دەڵێیت خودی ئەوە، کە دیارنییە بۆچی

پەشیمان بووەتەوە و خەریکە ئەم شتانە دوای دزینیان دەگەڕێنێتەوە.

لە ئەنجامدا هەموو شتێک ڕێکوپێک کرا. جارێکیتر چاوێک بە دوکانەکەدا دەخشێنم، هیچ کەس بـاوەڕ بەوە ناکات کە لێرە دزییەک کرابێت. چراکە دەکوژێنمەوە. لە هێشخان و حەوشەکەوە تێدەپەڕم و هەروا کە هاتبووم، ئەوێ بەجێدەهێڵم. لە مەیدانی ئیسپانیا سواری ئوتۆمبێلەکەم دەبم و بە خێرایی دەگەڕێمەوە. دەمەوێت پێش ئەوەی مێردەکەم بەخەبەر بێت و لە نەبوونی من ئاگادار بێتەوە، بگەمەوە ماڵێ. ڕاستە کە دەتوانم حەقیقەتەکەی پێبڵێم، بەڵام چ حەقیقەتێک؟

بەهۆی شانس و نیوچاوانمەوە، کاتێک خەریکم جلەکانم دادەکەنم کە دووبارە بڕۆمەوە ناو تەختەخەوەکە، دەستە کلیلەکەم دەکەوێتە سەر عەرز. مێردەکەم دەستبەجێ بەخەبەر دێت و دەبینێت کە من ڕاوەستاوم. بێئەوەی کە هیچ جووڵەیەک بکات، بە حاڵەتێکی زیز و مەلوولەوە دەپرسێت:

_ چ دەکەیت؟

وەڵامدەدەمەوە:

_ شەوەم دێت ڕۆیشتم ئاو بخۆمەوە.

_ چ شەوە و مۆتەکەیەک؟

_ پێموابوو کە لە نێو دوکانەکەم و دزێک لەوێیە کە لەگەڵی دەستە و ئێخەبووم و لە ئەنجامدا ڕاوم نا.

_ تۆش بەو شەوە و مۆتەکانەتەوە!

ئیدی هیچ ناڵێت. هەمدیسان خەو بردیەوە. چراکە دەکوژێنمەوە و لە تاریکیدا دووبارە دەڕۆمەوە ناو تەختەخەوەکە.

**سەرچاوە:**

کتاب زندگی دیگر، انشارات هرمس، چاپ ۱۳۸۱

# پەنجەرەکان



**جابر محەمەد جابر**
**لە عەرەبییەوە: سەلاّح جەلال**

١
ئەم پەنجەرانە
باران لە کاری خستوون
بە سێبەری شکست
وە دیوارەکانی...
بە ئاوێنەی بەسالاّچوودا...
لەسەر لێوارەکانی باڵندەکانیان جێهێشت
باڵی خۆیان رادەخست و
بەختەوەرییەکانیان دەشاردەوە
بۆ زستانێکی کۆن،
ئەو پەنجەرانە
باڵێکیان نییە بۆ کۆچکردن
لەگەڵ بەرەبەیاندا
هەناسەیان جێهێشتووە،
بەلاّم...
زۆرجار

بۆ ونبوونی خۆیان
چەند بوورجێکی سەرسوڕماو دادەنێ...!



٢
ئێوارە هێواشە
وەکو پیرەدارێک دەڕوات
جگە لە گریان هیچی تری نییە
لە چڵوچێوی هاتوچۆی ڕۆژ،
جگە لە شەڕکردن.



٣
ڕاوچییەکان...
جگە لە پەنجەرەکانیان
کیسەیەک لە ئەندێشە هەڵدەگرن
وازیان لە ماسییەکان هێنا
لەلای ڕۆخی دەریاچەکە
دڵدارییان لەگەڵ بەلەمەکانیان دەکرد
دووبارە خەوەکانیان دەدوورییەوە
ڕێگاکان دەشێلن
بەلورەیان...
ئەوانە... گاڵتە ناکەن
بە هێڵەکانی درێژیی
یان پانیی
بەچراکانیان شەو بەشەڕ دەدەن
نۆرەی دابەزین و سەرکەوتن دەکەن
وەک بت...
لەلای پەنجەرەکانیان،
کاتێک کە ڕووبار بە وڕێنەکانی سەرسامیان دەکات
ڕووتیان لەبەردەکەن
ترس دەخەنە بنباڵیان
لە ترسی دڵخۆشییەکەیان.

٤

**لە ڕێگادا**
**بەبێ پەنجەرە**
**چاودێری (ئەوانە) دەکات**
**بۆ هاتنی دڵخۆشی...**
**لەبەر ئەوە...**
**شەویان بە چارۆکەی چراکان دەگۆڕنەوە**
**کاتێک هەنگاوەکانیان**
**نزیک دەبێتەوە... لە مێزەکان**
**لەدوای گوناهەکانیانەوە هەناسەبڕکێ دەکەن**
**پەنجەرەکانیان بەکراوەیی...**
**جێدەهێڵن،**
**بۆ دزەکان...!**

سەرچاوە:
(أحلام مبلله)، شیعری (جابر محمد جابر)، چاپی یەکەم، بغداد، ٢٠٠٧.



# هونەر

ڕەوشی گۆرانیی و میوزیکی کوردی **تەها ئەحمەد ڕەسوڵ**



چریکەی زیندوو

**ئایشەشان**

**جەلال هانیسی**



جان شاژنی تابلۆکانی مۆندلیانی

**حەسەن سڵێمان عەسکەری**



دیدار لەگەڵ سەربەست ڕەسوڵ



**سازدانی: شەنکار عەبدوڵلا**

یان عاشق بە، یان بمرە

**ئا: سووسەن ئیسماعیلی نەژاد**



# ڕەوشی گۆرانیی و میوزیکی کوردی



تەها ئەحمەد ڕەسوڵ

## (بەشی یەکەم)

سەروەختێکی زۆرە دەمەوێت شتێک لەم بارەیەوە بنووسم و بینگە و روانینەکانم، پەرچەکردارە راستەوخۆکانم، لەڕێی بیستنەوە بکەمە دەنگ و سەدا و وەک کاردانەوەیەکی سروشتی گۆرانیی و میوزیکی کوردی بەسەر بکەمەوە، لای ئێمە وەها راهاتووین کە هەمیشە قامک لەو بابەتانەوە بدەین کە خۆمان تێیدا برێک شارەزاین و کایە و بوارە زیندووەکانی دیکە بۆ کەسانی شیاو جێدەهێڵین نەبادا گوتن و وەشاندنەکانمان ئەکادیمی و زانستی نەبن و گورزێکی نابەجێیان تێ بسرەوێنین، ئەمە لە میراتی نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەسابەوە بۆمان ماوەتەوە و هەرگیز تووخنی ئەو شتانە ناکەوین کە هەموومان تێیدا بەشدارین یاخود وەک هونەردۆستان بۆچوونی تایبەتیمان پێشکەش بەو هونەرمەندانە بکەین کە لەو بوارە تایبەتمەندەدا کار دەکەن و لە بازنەی خۆیاندا تەریک لە رووبەر و پانتاییەکانی دی بەخشش پێشکەش بە میللەتی خۆیان دەکەن.

شتێکی ئاسایییە لەڕێی ئەزموون و پەروەردەی ئیستاتیکییەوە (وەک هونەردۆستێک) کەڵەکەبوونی بیروڕاکانمان بەدەربخەین و لە دەرەوەی ئەو بازنەیەوە میلۆدییەک و ریتمێکی جیاوازتر ببەخشینە ئەم بوارە و هارمۆنییەتێک

بخەملێنین، تاوەکو هەمووان ببینە کۆڕاڵی هونەر و نەسڵەمینەوە لە گوتنەکانمان.

هونەر بۆ گشتە و تێکڕا تاکەکانی کۆمەڵگە دەکارن لەو کەرنەڤاڵەدا بەشداربینەوە بۆخاتری باشترکردن و پەرەپێدانی هونەرەکەمان، بۆ تێپەڕاندنی رەوشە داخراوەکانمان و کردنەوەی ڕێی وەرچەرخان و نوێبوونەوە، وەلێ لەو بەشدارییەدا چەندە یەکالآبکەینەوە و شرۆڤە بکەین، بێ بوونی هەستێکی هونەریی پەروەردەکراو ناگەینە هیچ تخوبێکی لێکگەیشتن و نزیکبوونەوە لە داهێنان... هەمووان بۆیان هەیە مشتومڕ لەو کایەیەدا بکەن کە تێیدا دەژین و بەرکەوتنی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ گۆرانیی و میوزیکدا.

میوزیک و گۆرانیی و دەنگ و سەدای بوونەوەرێک هێندەی سەروکاری لەگەڵ هەست و رۆحدا هەیە، هێندە ناوچەگەرێتی و چەقبەستنی تێدا نییە تاوەکو بۆچوونەکانمان بکەینەوە قوربانیی رێزگرتنی بەرامبەرەکانمان، رێزی ئەو گۆرانیبێژ و ژەنیارانەی هونەرێکمان پێشکەش دەکەن، بەند نییە بە پەیوەندیی کۆمەلآیەتی و نەریتی کۆمەلآیەتییەوە، بە ئینسانیبوونەوە، بەڵکو بەندە بەو هونەرەوە کە دەیبەخشن و هەرچی دەقۆزنەوە ئاکامی کارەکانی خۆیانە لە دواجاردا.

سەرەتا پێم باشە ئەوە رۆشن بکەمەوە کە دەڵێم میوزیک و گۆرانیی کوردی، مەبەستم هەموو گەلی کورد نییە و بابەتەکەم زیاتر لەسەر کوردستانی باشوور دەگیرسێتەوە، ئەو کوردستانەی هەمیشە لەژێر کاریگەریی پارچەکانی دیکەدا، لەم هونەرەدا هەناسە دەدا و تاک و تەرا دەنگخۆش و هونەرمەندانی لێ دەربکەین، تێکڕا هونەرمەندان و گۆرانیبێژان و ژەنیاران و ئاوازدانەرانی ئەم پارچەیە نغرۆی میلۆدییەکن کارتێکراو و لەگەڵ هەستە ئەزەلییەکانی خۆیاندا ئاشنایەتییان نییە.

هەموو ئاوازدانەر و گۆرانیبێژێک بەرلەوەی ئاوازێک دابنێت و گۆرانییەک بچڕێت، پێویستە لە دەستپێکدا ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات: ئەم ئاوازە گوزارشت لە چی دەکـات، لە چ زەمەنێک و چ هەستێکی مرۆیی، تاوەکو سەردەمەکان بمێنێتەوە و دەنگ و سەدای نەمر بێت؟! ئەم گۆرانییە، ئەم وشانەی هۆنراونەتەوە و ئاوێتەی ئاواز و ریتمەکان دەبێت پەیامەکەی چییە و چۆن دەگاتە بەر گوێیەکان وەک هونەرێکی دانسقە و ئەفرێنراو؟! ئەم دەنگ و لەرە و هەناسەیە خەسڵەتەکانی چین تاوەکو لە دەنگ و لەرەی گۆرانیبێژانی پێشتر و رابردوو جویێ ببێتەوە و تایبەتمەند بێت بە ئەدایەکی باڵا و بە توانست؟! ئەم ژەنینە لە چ ئاستێکدایە و تا چ رادەیەک دەبێتە مایەی سەرخستن و نوێکردنەوەی

میوزیک و هونەری کوردیمان؟! ئەم گۆرانییە، ئەم ئاوازە دەشێت راگوزەر نەبێت و بۆ سەردەمانێکی درێژخایەن پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات؟! هەموو ئەم پرسیارانە پێویستە هەبن و بەر لە کاری هونەریی سەرجەم هونەرمەندان و دەنگخۆشانی ئەو بوارە لە خۆیان بکەن و بێوچان یەکالایان بکەنەوە.

ئێمەیەک کە خاوەنی دەنگخۆشێکی وەک (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) بین، ئایا دەشێت و رەوایە لەم سەردەمەدا کارێک بکەین کە هەمیشە پێشینەکانمان لە ئێستامان دەوڵەمەندتر و بەهێزتر بن و بەناوی بزاف و چالاکییەوە پەرە بە هونەرێک بدەین نەگاتە دامێنی هونەرەکەیان؟! ئەگەر لە دوێنێدا هێندەی دەنگ و سەدای گۆرانیبێژان ئامێرە مۆسیقییەکانیان کردبێتە پاشکۆ و ئاوازەکان بەپێی دەنگەژێیەکان هێنرابێتنە بوونەوە، ئەی ئێستا ئەوەی هونەرەکە ئاراستە دەکات ئاوازەکانە کە پانتایی دەنگەکان دەخەملێنێت یان ئەوەی گۆرانیی کوردی پڕ قەیران کردووە، تینی ئەو ئاوازانەیە کە شپرزەن و هیچ کات و شوێنێکی جوگرافی و بەرگێکی مرۆییمان نییە؟! ئەو ئاوازانەن کە دەنگ و سەداکانیان قەتیسکردووە یاخود تەنها دەنگەکان لەپشت ئەو هونەرەوەن و بارتەقای ئاواز و میوزیکی کوردی نابنەوە؟! لێرەوە پێم باشە لە چەند وێستگەیەکدا دیدگاکانم بخەمە روو کە تژین لە رەخنە و نیگەرانیی، زمانی هونەریش بەتایبەتی هونەری میوزیک زمانی هەمووانە و هەستی بیستن پێودانگەکانی بۆ رەنگرێژ دەکات، یاخود روونتر، هونەر ئەو شتەیە کە بەر لە پێناسە و لێکدانەوەکان دەکەوێت و ئەوەی دەبێتە پاشکۆ تەنها شرۆڤەکان و شیکردنەوەکانە.

### چێژ و چەشەی گۆرانیی و میوزیک

کێشانی پانۆرامایەک بە ریتم و ئاواز و میوزیک و گۆرانیگوتن، لەرە و دەنگی بەسۆز و هارمۆنیای ئیستاتیکی، پانۆرامایەکە، گەلێک دێرین و مێژووەکەی بۆ بەر لە پەیدابوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بەڵکو پێ بەپێی بوون و سروشت ئەو دەنگانە هەبوون و دەشێت لە رووە هونەرییەکەیەوە گەردوونیش وەک ریتم و ئاواز بناسین، هەروەکو فیساگۆرس پێی وابوو.

هونەری میوزیک وەک هونەرێکی زۆر نزیک لە رۆحی مرۆییەوە ئەبستراکترین هونەرە و لەم بارەیەوە ئەفلاتوون و فەیلەسوفانیش دەستەوسانن لە هەمبەریدا... پاش سەرسامبوون و چێژوەرگرتن لە ئاوازەکانی دیاردە سروشتییەکانی، وەک: شەپۆل، قەڵبەزەی چەم، رووبار، ریتمی لرفەو تەوژمی باوبۆران، ورشەی پەلک و گەڵای درەخت و شەپۆلی پەڵە گەنمەکان، یاخود دەنگی مەل و سەدای

بەجۆشی گیانداران، ئیدی مرۆڤیش وەک خاوەن دەنگێکی نغرۆ و تژی لەو دەنگ و سەدا و میلۆدییانە، رەنگپێدەرەوەی هەموو ئەو وەرگرتنانەی بووە سەرباری دۆزینەوەی زمانێکیش کە بە وشە و موفرەدەی ئاخاوتن بەرجەستە نابێت و دەنگێکە لە قوولایی هەستەکانییەوە هەڵدەقولێت... دەشێت میوزیک پاش هێڵ و رەنگەکان یەکەمین زمانی ئادەمیزاد بووبێت بۆ دەربڕین و تۆمارکردن، هەربۆیە شیعر و داستانەکانیش دەسپێکی بەخششەکانییەتی کە لە میوزیک و ریتم و رەگەزە هونەرییەکانی پێکهاتووە.

هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد وەک راهاتنێک و زاخـاودراو بە هونەری میللی خۆی پەروەردە بووە و لە گۆشکردنی هەستە هونەرییەکەیدا ریتم و ئاوازی تایبەتی بۆ بووەتە زەمینەی چێژ و خرۆشی دەروون، کە ئەمەش بە پەروەردەیەکی کاریگەر و راستەوخۆ دێتە ئەژمار بەر لە پەروەردەکردنی خودیی لە دۆزینەوە و تامەزرۆبوونی بە ریتم و ئاوازی ناوازە کە خۆراکی دەروون و رۆحی مسۆگەر بکات.

پەروەردەی چەشە و گوێگرتن و ئاشنابوون بە میوزیک و دەنگ و سەدای گۆرانیبێژان، سەرەتا لە چوارچێوەی خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت پاشان بەرکەوتنی ئەو سەرەتایانە بە ئەزموونی کەسێتیی و رەوشی ژیانەوە کە هەمیشە بارودۆخەکانیش کاریگەری ئەوتۆیان هەبووە لەو پێناوەدا، بەمانای رەوشێکی سیاسیی و خەبات و بەرخۆدان و بینینی جەنگەکان ریتم و ئاوازێکی تایبەتی دەبەخشنە وەچەی گیرۆدە بەو باسوخواسانەوە و رەوشێکی ئارام و سەقامگیریش سێبەری خۆی دەرژێنێتە سەر وەرگرتنەکان، ئەمە سەرباری رێبازەکانی پۆپی کلاسیکی و پۆپی نوێ و هاوچەرخ و شێوازی قۆناغێک کە دەستەجەمعی دەبێتە زمانی گشت و هەمووان تێیدا دەژین.

ئەمە دەشێت قۆناغی سەمفۆنیا و ئۆپێرا و کۆنسێرتەکان بهێنێتەوە بەر باس کە لە قۆناغەکانی پێشتردا مرۆڤ زیاتر ئالودەی ئەو شێوازەی میوزیک بووە و ئێستاش شێواز و میلۆدی و ریتم و فەزایەکی دیکە، قۆناغەکان لەو میانەدا رۆڵی سەرەکییان هەبووە لە زاخاودانی هونەردۆستان، قۆناغی رۆک رول نموونەی بەرچاوی ئەو هونەردۆستانەیە کە هەنووکەش پێی سەرمەستن و نایگۆڕنەوە بە تازەترین ئەلبوومی سەردەم، کە گۆرانیبێژێکی بەتوانا گۆرانییەکانی دەچڕێت.

لای میللەتانی ئاسیا و رۆژهەڵاتی نێوەندیش مەقامات و چریکەی زۆر بەتین و چین بڵندی دەنگە پڕ لەرە و سۆزدارییەکان دیسانەوە زەمینەی پەروەردەیەکی هونەرییە، هەروەک چۆن (گـۆران)ی شاعیر لەمەڕ (دەروێـش عەبدوڵڵا)وە

دەیڵێت کە زێتر لە بتهۆڤن پێی سەرمەستە... ئەمە پەروەردەیەکە زەمەنیی و قۆناغ بە قۆناغ لە گۆڕاندایە، بەپێی مەیلی خودیی و رەوشی ژیان لە پێشکەوتن و بەربڵاویدایە، ئیتاڵی بە ریتم و ئاوازی ئیتاڵی خۆی سەرمەستە و رۆمانی بە کەلەپوور و ئاواز و ریتمی وڵاتەکەیان ئاشناترن، ئەگەرچی لە دەرەوەی خۆشیان هونەرێکی ئاست بڵندیش بوونی هەبێت.

وەلێ پەروەردەیەکی هونەریی کە جوگرافیا و زەمەن ناناسێت و هونەر وەک کایەیەکی ئەکتیڤتر دەبینێت، هەموو ئەمانە تێدەپەڕێنێت و لە کوێدا هونەر هەبێت پەروەردە هونەرییەکەش خەرمانی خۆی لێ زیاد دەکات و پەیوەندیی بە نەتەوە و بیرکردنەوەی مرۆییەوە نییە ئەوەندەی لە ئاسۆفراوانییدا بەدوای خۆراکەکانیدا دەگەڕێت و دەبێتە زمانێکی جیهانیی بێ سنوور، وەک چۆن هونەری شێوەکاریی خاوەنی زمانێکی جیهانییە و بە بەخششی مرۆیی لێکدەدرێتەوە، هەروەها داهێنان و توانستی ژەنیاران و گۆرانیبێژان ئەو زمانە جیهانیی و گەردوونییەی هەیە و پێویستە لە بازنەی نەتەوە و زێد و جوگرافیاکان دەربازی بێت، ئەمە هەرگیز پەیوەست نابێتەوە بە رەسەنایەتی و هەستی میللی و نەتەوەییەوە، چونکە زمانی میوزیک زمانی رۆحە و زمانی ئەو هەستانەیە کە مرۆڤ خاوەنیەتی، بێئەوەی بتوانێت پشت لەو راستییانە بکات.

هونەردۆستان هونەریان دەوێت و رۆژ بەڕۆژ پەروەردە هونەرییەکەیان دەوڵەمەندتر دەکەن، لێرەدا هەموو ئەو هونەرمەند و گۆرانیبێژانەش مەبەستمانە کە ئەوانیش لەو جیهانەدا بە هونەردۆستان دێنە قەڵەم... هەموو کەسێکیش ئازادە گوێ لە چی دەگرێت و سەربەستە هەڵبژاردنی خۆی پرۆسە بکات، هیچ لەمپەر و سنوور و تخوبێک ناتوانێت بەر بەو هەستە هونەرییەی بگرێت و دەنگ و سەدای ئامێرەکانی میوزیک و دەسترەنگینی و سەلیقەیی ژەنیارەکان، هەروەها دەنگەژێ و میلۆدی گۆرانیبێژان دەنگ و سەدای مرۆیین و پێیان نامۆ نییە، هەندێجار ئەو بەرتەسکبوونەوەی ئاسۆیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە لە مانای گۆرانییەکان و ناوەرۆکی شیعر و وشەکان تێنەگەن، هەربۆیە پەنا وەبەر هونەری ناوخۆیی ببەنەوە، بەڵام هەستی گوێگرتن بەپێی ئەزموون دەرک بەو داهێنان و چێژ و ئیستاتیکایە دەکات کە دەکەوێتە پێش تێگەیشتنی وشە و یەکە شیعرییەکانەوە، هەربۆیە پێیان سەرمەست دەبن و ناتوانن وەلایان بنێن، نموونەی سەلماندنی ئەم وتەیە دەتوانین لە ریتم و ئاوازی هیندییەکانی هیندستاندا بیهێنینەوە، کە توانیویانە بپەڕنەوە بۆ جیهان و ناکرێت وەلا بنرێن و وەک هونەر مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، هۆرە هەر هۆرەیە، مادامەکی گەروویەکی مرۆیی بە هەناسەی

تایبەتەوە دەیچڕێت، لاوک و حەیران و چینی بڵندی دەنگەکان پێویستی بە جوگرافیا نییە تاوەکو ناسنامەی خۆی بگەیەنێت.

## میوزیک و گۆرانیی ئەمڕۆمان

هەموو بوار و کایەکانمان کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە بوون و ژیانمانەوە هەیە، بەتایبەتیش هەست و نەست و دەروونمانەوە، پێویستە ناوبەناو پێداچوونەوەیان بۆ بکەین و بیانخەینە نێو راڤەکاریی و رانانی وردەوە، هەرچی کایەی بەژن زرافی هونەریشە دەبێت لەسەروو ئەو شتانەوە حسابیان بۆ بکەین کە تۆکمەترین رایەڵیان لەگەڵماندا بەستووە، داماڵراوترین هونەری پوختیش کە گەلێک ئەبستراکتە و لەگەڵ دەروون و رۆحدا سەروکاری هەیە، میوزیک و ئاواز و ریتم و هونەری گۆرانیگوتنە کە خێرا و راستەوخۆ کارمان تێدەکەن و شانبەشانی خۆیان پەلمان دەگرن بەرەو بەشداریکردنێکی زیندوو دەمانبەن.

رەنگە پێویست نەکات بەرەو دێرین و رابردوو بکشێینەوە، بۆ گەوهەری مرۆ بگەڕێینەوە کە بێ ئەم هونەرە کاریگەرە نەیتوانیوە بژی، بەڵکو بەشێکی ئەوتۆ بووە لە رۆحیدا، وەلێ بۆ برەودان و بەگەڕخستنەوە و ئەکتیڤبوونی کایە باڵاکان، هەمیشە لەسەرمانە پرسیارگەلێکی پڕ سەرنج ببەخشینەوە بەو بوارانەی کاریان تێدا دەکەین لەپێناوی تازەگەریی و نوێبوونەوە و گەشەسەندنیان... بەمانایەکی دیکە تاوەکو زیاتر لە گەوهەر و کانزاکانیان تێبگەین و لەوێوە بە دیدگایەکی رۆشنترەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەینەوە ئینجا لەمیانیاندا کار بکەین.

میوزیک و گۆرانیگوتن و لەرینەوەی دەنگەژێی پڕ هەناسەی هونەریی، ئەگەرچی مەیلێکی سروشتی مرۆڤە و لەو بوونەوەرەدایە کە دەتوانین بە (زۆربا) ناوی بهێنین، هاوشانی دەنگەکانی سروشت کە تژین لە بەزم و رەزم و هەڵکشان و داکشان، دیسانەوە زادەی سروشتە و هەنووکە بووەتە خۆراکێکی پێویست بۆ مرۆڤ کە جەخت لەوە دەکاتەوە مرۆ بەتەنها بە نان ناژی، بەڵکو چەند شتیکی دیکەش بنەڕەتین و لە ئازادیی و ئاسوودەیی مرۆڤدا رۆڵی کاریگەریان هەیە.

ئێمەش وەک میللەتان خاوەنی میوزیک و گۆرانیی فۆلکلۆر و ئێستاین، خاوەنی چریکە و سەدای هونەرێکین کە لەرێی ژەنیار و گۆرانیبێژانمانەوە پێشکەشکراون و دەتوانین بڵێین شتێکمان هەیە بەناوی گۆرانیی و میوزیکی کوردییەوە، هەروەها ئەو جەماوەرەش کە بەسەریاندا دابەش بوون و بەپێی

مەیلی خودییان، هەریەکەو لای خۆیەوە کەسانێکی لەبەر دڵان شیرینە کە خۆی ئارەزووی دەنگیان دەکات و لەگەڵیاندا رۆحی سەردەخات... لەو میانەشدا خاوەنی چەندین رێباز و رێچکەی هونەریین کە پەیڕەوانی بە مامۆستایان و هونەرمەندان ناوزەد کراون.

ئـەوەی ئـەم وتـارە هـەوڵـی بۆ دەدات پێداچوونەوەیەکە، یاخود بەهەندوەرگرتنی هونەرێکە کە مخابن لەلایەن هونەرمەندانییەوە بەو پەرۆشییە بیری لێنەکراوەتەوە، هێندەی مەیلی تایبەتی و میزاج و کاری خودییە، نەک سەرخستن و برەوێکی باشتر بە کایەکەیان... وەک ئاشکرایە دەنگ و سەدای مرۆڤ هاوشانی ئامێرەکانی میوزیک دەبێتەوە و هەندێجاریش بگرە باڵاتر و پڕ جۆش و خرۆشتر، ئەگەر ئامێرە میوزیکییەکان رۆڵی زۆر کاریگەریان هەبووبێت لە پەروەردەکردنێکی رۆحییدا و گوێی مرۆڤیش پێیان خۆشنوود بووبێت، ئەوا دەنگەژێی بنیادەمیش باشتر و چالاکتر ئەو رۆحەی هەژاندووە و مەستی کردووە، دەنگەژێی تژی لە لەرە و هارمۆنیا و هەڵکشان و داکشان و پلە نزم و بڵندەکان کە چینەکانی دەنگیان لێوە بەخشیووە، کاراترین ئەو دەنگانە بوون کە دەتوانین قۆناغەکانی ژیانی سەر گۆی زەمینیان پێ تاوتوێ و پۆلێن بکەین، واتە هەر قۆناغە و بوونی گۆرانیبێژانێکی بێهاوتا و داهێنەر و دەنگ زوڵاڵی میوزیکی دەبنەوە، دانانی قۆناغەکان و لێکجیاکردنەوەیان، ئەگەر سیاسەت و سیستەمەکان دروستکەری قۆناغەکان بووبن، ئەوا شۆڕشە هونەرییەکانیش دیسانەوە خوڵقێنەری قۆناغەکانی میللەتانن، ئەمەش بەشێوەیەکی وەها کە ناسنامەیان بۆ دیاریکردبن نەک تەنها بەپێی بیرکردنەوە و هەژانی رۆحی مرۆڤەکان لەو زەمەن و سەردەمانەدا کە بە کلاسیکی و رۆمانسی و دواتر میوزیکی پڕ ریتمی جاز و پۆپ و راپ ناسراون، یان چەندین ستایڵ و رێچکەی هونەریی دیکە.

لەبەرئەوەی ئەم هونەرە ئەبستراکترین هونەرە و رۆح بەر لە هەر شتێک پێی دەهەژێت و هەماهەنگ دەبێت لەرێی هەستی بیستنەوە، وا دەخوازێت ئەوپەڕی زانستی و ئەکادیمییەت لەخۆی بگرێت، چونکە بە بوونی تەنها نەشازێک و شپرزەی تۆنێک هەرەمی هونەرەکە بەسەر خۆیدا خاپوور دەبێت و هیچ شتێکی دیکە بە هانایەوە ناچێت بۆ سەرخستنەوەی، ئەمەیە وایکردووە هەموو ئەو کەسانەی لە خۆیان رابینیوە و دەنگ و سەدایەکی پەروەردەکراویان هەبووبێت، بێنە نێو مەیدانەکەوە و هێندەی تر دەوڵەمەندی بکەن، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا کارێکی زۆر خودییە، بەمانای پێوەرەکانی گۆرانیگوتن و هەڵبڕینی دەنگە میوزیکییەکان، رۆحی مرۆ باشترین دادوەر بووە لە سەریان... دەکرێت

تەفرەدان لە کایە و بوارەکانی دیکەدا بوونیان هەبێت، دەشێت لە ژانری شیعردا بتوانرێت فێڵ و تەشقەڵەی دەروونیی بە خوێنەران ئەنجام بدرێت، وەلێ نەبووە و ناشێت لە گۆرانیی و میوزیکدا ئەو فێڵ و تەفرەدانە پەیڕەو بکرێن، بەڵکو هیچ دەرفەتێکی وەهاشیان نییە تاوەکو ئەو کارە بکەن و بیسەرانی خۆیان قایل بکەن، هەربۆیە نەشازکردن و ناسنامەی دەنگە شپرزەکان زووتر خۆیان بەیان دەکەن و کەسێک ناخەڵەتێنن، ئەم مەسەلەیەش پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە پەروەردە رۆحییەکەوە هەیە و لە کەسانێکەوە بۆ کەسانێکی تر جیاوازی هەیە.

گۆرانیی کوردی ئەمڕۆ گۆرانییەکە بە لێشاو دەوترێت و لێشاوێک لە گۆرانیبێژانمان هەیە کە هەریەکەیان لە بوارەکەدا کاردەکەن، بەڵام وەک وتمان بەپێی میزاج و ئارەزووی خۆیان کاردەکەن و هیچ پێوەرێک بوونی نییە سنووریان بۆ بکێشێت، ئەگەرچی میوزیکی کوردی لەڕێی ئامێرەکان و ژەنیارەکانییەوە دەوڵەمەند نییە و ناگاتە ئاستی هونەریی تەنانەت دراوسێکانیشمان، گۆرانیبێژانی ئەمڕۆشمان بەشێوەیەکی گشتیی نەیانتوانیوە تەواو خۆیان پەروەردە بکەن و راهێنان و مەشقی پێویست ئەنجام بدەن ئینجا بێنە سەر ئەوەی گۆرانیی بچڕن، بەڵکو بە دەنگە سەرەتاییەکانییانەوە کە لەودیو پێوەرە هونەرییەکانەوەن، چەندین ئەلبووم و سیدییان پێشکەشکردووە شانبەشانی کلیپ و لەڕێی رەنگیشەوە.

پێدەچێت لە دەرفەتێکی دیکەدا بتوانین نەبوونی ئەنجومەن و لیژنەی پسپۆڕ و شارەزای هونەریی بێنینە بەر باس کە ئەم قەیرانەی ناوەتەوە، لەنێو ئێمەدا قەیران هەمیشە بەو مانایە دێت کە کایە و بوارێکی دیاریکراو بە قۆناغی وشکوبرینگدا رەت ببێت یان سست ببێت و بپووکێتەوە، وەلێ قەیرانی گۆرانیی و میوزیکی کوردی ئەمە نییە ئەوەندەی بوونی زۆرو بۆرییەکی رەهای گۆرانیبێژانە کە زۆرینەیان نەیانتوانیوە نازناوی هونەرمەند ببرن بە باڵای هونەرەکەیاندا و بێوچان گۆرانیی دیکە دەڵێن و دەربەست بە هیچ نایەن.

وەرگر، بەڵکو توانست و ئاستی شیاوی هونەرییانەی ئەو چڕین و گوتنەیە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ بیستندا... نموونەی ئەستێرەیەکی وەک (مایکل جاکسۆن) شکاندنی نەک جووڵەی لەش و بزاوتنی چالاکی ئەندامەکانی ئادەمیزادە، بەڵکو شکاندنی وشە و دابەشکردنی ریتم و خوڵقاندنی هارمۆنیایەکە کە دواجار دەبێتە ستایل و میلۆدییەکی تایبەت لە هونەری میوزیکی جیهانیدا تـاڕادەی شکاندنی سنووری وڵاتان، بۆیە دەبێت جیهانیی بیربکەینەوە لە میوزیکدا.

## ڕۆژی گۆرانیبێژان

مەبەست لەم ناونیشانە بۆنە و یاد و تەرخانکردنی ڕۆژێک نییە کە ببێتە ساڵیاد و بەسەرکردنەوە و بەهەندوەرگرتنی گۆرانیبێژان تاوەکو ببنە خاوەنی ڕۆژی خۆیان، ڕەنگە ئەمەش پێشنیاز و زمانێکی تەنزئامێزی ئێمە نەگەیەنێت ئەگەر بڵێین هەموو ڕۆژێک ڕۆژ و بەروار و کاتی گۆرانیبێژانی کوردە و هەموو ساتەکانیش ساتی ئەوانن.

دەکارین بڵێین ڕۆژ ڕۆژی گۆرانیبێژانە و هیچ توێژ و دەستەبژێر و کایەیەک وەک کایەکەی ئەوان گەرم نییە و بوارێکە دەتوانین بڵێین سەرجەم بوارەکانی دیکەی تێپەڕاندووە و سەردەفتەری هەموو شتێکمانە، هەڵبەتە لەم بینگەیەشەوە مەبەستمان داهێنان و برەوە ئیساتیکییەکەی نییە بە بەراورد بە ژانرە هونەرییەکانی تر، بزافی بەژن زرافی گۆرانیی کوردی نییە کە بووبێتە بەخششێکی باشتر لە کایەکانی دیکەی هونەریمان.

نا... بەڵکو دەمانەوێت ئەو ڕاستییە زەق بکەینەوە کە ڕۆژەکان و ساتەکان هەموویان تەرخانکراون بۆ میوزیک و گۆرانیی کوردی و هێشتان دەبینین و دەبیستین گۆرانیبێژان و هونەرمەندانی ئەو مەیدانە گلەیی و گازندەکانیشیان زۆرترن و ڕاستەوخۆتر و بەرفراوانتر دەیوەشێنن و جۆرێک نازی خۆیان دەکەنەوە بەسەر لایەنە پەیوەندیدار و میللەتەکەی خۆشیاندا، ئەمە لەو ساتانەشدا کە خاوەنی دەنگی ناسراویانن و منداڵانیش پێیان ئاشنان و بەپێی دەنگەکانیان کەم تا زۆر دەیانناسنەوە، هەر ئەو دەنگەشیانە کە بەجۆش سکاڵانامەکانیان دەگەیەنێت و نموونەی چوونیان بۆ لای سەرۆکی هەرێم و داواکردنی ماف و هەقی خوراویان بەڵگەی زیندوویێتی قسەکەمانە، لەکاتێکدا هونەرمەندان و نووسەران و ئەدیبان و ئەو شاعیرانەش کە شیعریان بۆ دەکەنە دیاریی و ناوەرۆکی گۆرانییەکانیان توێژێکی بەدبەختی نێو میللەتن و هەرگیز بە خۆیان ڕەوا نابینن بە چرپەش داوای هەقی خۆیان بکەن.

گۆرانیبێژانی کورد لەڕێی گۆرانیی و کلیپەکانیانەوە توانیویانە جەماوەرێکی زۆر لەخۆیان کۆبکەنەوە، یاخود لافی ئەوەش لێبدەن کە جەماوەری تایبەتیشیان هەیە و ڕێیان نادەن کارێکی نەشیاو بکەن و پابەندبوونی خۆیان لا دووپات دەکەنەوە، خۆ ئەگەر کۆنسێرتێکیش ڕێک بخەن و ریکلامی تەواویشی بۆ بکەن، وێنە گەورەکانیان بکەن بە قەدی دیوارەکانی شارەکانەوە، لە کاتی چۆڵیی هۆڵەکانیاندا گلەیی بەرچاویش لە جەماوەر و ئەو شارانەش دەکەن کە نەچوون

بۆ کۆنسێرت و ئاهەنگەکانیان و چەندەها ناز دەفرۆشن و خۆیان بە خاوەنی هەموو وەشاندنێک و بۆچوونێک دەزانن و وەک کەسانی زۆر ناودار زوومی کامێرا و دەنگی رادیۆکانیش بۆ خۆیان دەچننەوە.

پێدەچێت زۆرینەی هونەرمەندان تۆوی نێرگسیەتیان لە دەروونداب‌ێت، وەلێ هەموو ئەو هونەرمەندانەی بە کردەی جەستە و دەنگی جەستەیان لەرێی دەنگەژێ و لەرەی تۆنی دەنگیی و هەناسەوە، ئەمەش مەبەست گۆرانیبێژان و شانۆکارانە کە نمایشی جەستەییان هەیە نێرگسییەتیان رێژەکەی زۆرتر بێت لە بەرامبەر توێژی نووسەران و شاعیراندا کە نێرگسییەتێکی شاراوە و شەرموێنیان هەیە و لە ساتەوەختی رۆشنیاندا دەریدەخەن و یەکالای دەکەنەوە.

گۆرانیبێژان هێندە چانسیان بەرزە، هێندە بوارەکەیان بوارێکی خەڵەتێنەرە توانیویانە شاشەی تی ڤی و کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردستان داگیر بکەن و بێ ئەوان هیچیان تێدا نەمێنێتەوە، چەندەها بەرنامە و شەوچەرە و رۆژچەرە بۆ ئەو گۆرانیبێژانە والاکراون و رووبەرێکی زۆر بەرفراوانیان وەبەر کەوتووە و هەموو کایە مەعریفی و هونەریی و زانستی و رۆشنبیرییەکانی دیکەش وەلانراون، بەڵکو شایانی ئەوەش نەماون ئاوریان لێبدرێتەوە و بەسەربکرێنەوە.

دەڵێی تی ڤی تەنها قابیلی میوزیک و گۆرانییەکانەو پانتایی شاشەکانیان بۆ کلیپەکانی ئەوانە و ئێمە خاوەنی هونەری شێوەکاریی و شانۆ و سینەما و هونەری فۆتۆگراف و چی و چی نین و ناسنامەمان تەنها لەرێی گۆرانییە جیهانییەکانمانە کە دەتوانن ببنە پێناسی نەتەوەییمان!!

لێرەدا وەک سەرنجێکی رەخنەیی ئەمە رووبەرووی شاشەکان و رادیۆکان و راگەیاندنەکان ناکەینەوە، بەڵکو بەخۆداچوونەوەش دەبەخشینەوە جەماوەری گۆرانیی کوردی و ئەو میللەتەش کە خۆی بە خاوەنی دەزانێت، رەخنەکەش ئەوەیە، بێ بوونی لیژنەی ئەکادیمی و رەخنەگرانێکی هونەریی کە بە هەق هونەرمەندی لێهاتووبن، کەسانێکی دەنگ نەشاز و دەنگ وەرسکەر بوونەتە گۆرانیبێژانمان و بە چەپڵە راگوزەرەکان فریویان خواردووە و بوونەتە داگیرکەری راگەیاندنی کوردی، ئەوان نە گۆرانیبێژن نە هونەرمەند و هەرگیز پێویست بە بەرنامەکانیش ناکات تاوەکو باشتر بیانناسێنێت و هانیش بدرێن بۆ سەرخستنی هونەری کوردی، ئەو گۆرانیبێژانە، دەتوانین بڵێین خاوەنی هیچ هەستێکی ئیستاتیکی و هونەریش نین و لەو میلۆدییە جیهانییەش نزیک نەبوونەتەوە کە میوزیک و گۆرانیی جیهانییە و خۆراکی رۆحی مرۆی ئەم سەر زەمینە دابین دەکات، بەڵکو ناشزانن بۆ ئەو کارە نەکردەیە بەئەنجام دەگەیەنن و چۆن دەرۆستی ئەوەش

دێن دەست لە دزێوكردنی فەرهەنگ و كەلتوور و هونەریش بدەن و هەست بە لێپرسینەوەی كەسێتیی یاخود نەتەوەییش نەكەن.

بەڵگە زۆرن بۆ داماڵینی ناسنامەی هونەرییان و سەندنەوەی هەموو نازناوەكان لێیان، لێرەدا تەنها ئەوە بەرجەستە دەكەین تاوەكو هەموومان تێیدا بەشدار بین و وەئاگابێینەوە لە ئاستی هونەرە رۆچووەكەمان، بۆ نموونە زۆرینەی گۆرانییەكانمان هەڵگری یەک تۆنە دەنگن لە شیعر و وشەكانیاندا، تا ئێستاش ئاوازدانەران و گۆرانیبێژان وەها لە شیعر گەیشتوون كە دەبێت شیعری گۆرانیی بن كاتێک لەگەڵ میوزیكدا ئاوێتە دەبن، ناوەرۆكی شیعر و موفرەدەی گۆرانیی كوردی ناوەرۆكێكی تەواو پووچەڵە و بارگاویی نییە بە هەستی راستەقینەی مرۆیی، واتە گوتاری گۆرانییەكان وەک ئەو گوڵەبەڕۆژەیەیە كە لای ئێمە بۆ كاتی بێتاقەتی دەخورێت و گۆرانییەكانیش بۆ بەسەربردنی كاتی خاڵیی هونەردۆستان و گوێگرانە، نەک سەرخستنی هەست و لێكدانەوە و بەخشینی چێژ و چەشەیەكی باڵا لە ئاوازی خەیاڵ بزوێن و پێدانی ریتمێک بۆ رێككردنەوەی هەناوی ونی میللەتەكەمان.

گوتار و پەیامی هونەر پێدەچێت زۆر لەوە مەزنتر بێت تاوەكو لەگەڵ ئەم سەرنجە رەخنەییەدا بیوەشێنین، هێندە دەڵێین وچانێک بۆ گۆرانیی كوردی پێویستە، واتە سەرەتا بێدەنگبوونی گۆرانیبێژانی كورد و وەستانیانە، پاشان دیراسە بكەن و گوێ لە ئاوازی مرۆیی بگرن ئینجا...



# چریکەی زیندوو ئایشەشان



**جەلال هانیسی**

باسکردن لەسەر بنەمای میوزیک و گورانیی کوردی، ئەرکێکی سانا نییە و دەبێت شۆڕبینەوە بە قووڵایی مێژووی کۆنی خۆماندا، ئینجا قۆناغی سەردەمەکان پۆلین بکەین تا دەگەینە سەردەمی دەنگهەڵگرتنی گرامافۆن و نەقشی میوزیکژەن و گۆرانیبێژ دیاربکەین، ئەوەش کاری تاکەکەس نییە، بەڵکو ئەرکی زانکۆکانە لەو بوارەدا، بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە و بەربڵاو نەک تەنیا بۆ زمانی کوردی، بەڵکو بە زمانە زیندووەکانی جیهان بکرێتە نووسراو و بڵاوبێتەوە.

ئەگەرچی جوگرافیای کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە و کورد وەک نەتەوەیەک کیانی سەربەخۆی نەبووە! هیچکات داگیرکەرانیش نەیانهێشتووە رۆشنبیرانمان بە دڵی خۆیان خزمەت بە فەرهەنگ و زمان و دابونەریتی وڵاتەکەیان بکەن، بەڵام بەم حاڵەشەوە خەمخۆران و نیشتماندۆستان تا ئەو جێگەیە بۆیان رەخساوە و بواریان پێدراوە لە خزمەتکردن درێغییان نەکردووە، ئەگەر گۆرانیبێژەکانمان هەلێکیان بۆ رەخسابێت لە کۆمپانیاکانی قەوانپڕکردنەوە، مەقام، گۆرانیی، حەیران و لاوکیان تۆمارکردووە و ئەرشیفێکی بەپێز و دەوڵەمەندنیان بۆ بەجێهشتووین، کە هەتا هەتایە قەرزارباریانین.

گەلێک گەورە ژن و پیاوی لێهاتوو و بە ئەزموون لە بواری گۆرانیوتندا

هەڵکەوتوون، وەک: سەید عەلی ئەسغەری کوردستانیی، مامۆستا عەلی مەردان، حەسەن زیرەک، ئەڵماس محەمەد (ئەڵماس کوردی)، ئایشەشان، مریەم خان، دایکی جەمال و... هتد، کە مایەی شانازیین بۆ نەتەوەکەمان، بە شانازیشەوە دەتوانین نیشانی هونەرمەندان و میوزیکناسانی جیهانی بدەین و شوناس و پێناسەی گۆرانیی و میوزیکی کوردی بخەینە بەر دیدەیان.

هەرچەندە بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە ژن کەمتر خۆی لەو بوارە داوە، ئەگەر کەسانێکش هەنگاوێکیان هەڵێنابێت، گەلێکجار تووشی گرفت بوون، کە ناچاربوون بچنە سووچی ماڵەوە، بەڵام کەسانێک پەیدابوون کە گوێیان بەو تیرو توانجانە نەداوە، کە یەکێک لەو ژنە هەڵکەوتووانە (ئایشەشانە)، ئەم شاژنە دەنگخۆش و بوێرە هیچکات گوێی بە قسە و قسەڵۆکی خەڵکانی دواکەوتوو نەداوە، بە هەرجۆرێک بووبێت خۆی لە بەندی قاوغی کۆن رزگارکردووە و نیشانیداوە کە ژنی کوردیش سەرەڕای ماڵداریی و منداڵ بەخێوکردن، دەستی خوڵقاندن و داهێنانی هەیە و بەکردەوەش دەیسەلمێنێت.

ئایشەشان کچی (عوسمان)، لەساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە شاری ئامەد (دیاربەکر)ی کوردستانی باکوور لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر لەدایکبووە، باوکی دەنگخۆش و قوورئانخوێنێکی باش بووەو ستران و لاوکی باش زانیوە، ئەم بەهرەیە بڕابووە (ئایشەشان) کە گەلێک لاوک و گۆرانیی فولکلۆری لێیەوە فێربووە، بۆ خۆی لە وتووێژێکدا دەڵێت: باوکم دەنگبێژ بوو، گەلێک سترانی دەوت لە، وانە: (ئەز غەزالم) کە من بە باشی فێری ببووم، بەڵام بەداخەوە لە تەمەنی ٩ ساڵیدا باوکی کۆچیکردووە و هەتیویی بووەتە هۆی پچڕانی شیرازەی ماڵیان و لە ناز و دەنگی بەسۆزی باوکی بێبەریی بوو و هەژاریی و نەداریش داوێنی گرتووە.

(لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستیکردووە بە سترانچڕین، دوو ساڵ لە رادیۆی (عینتاب) وەک گۆرانیبێژ دادەمەزرێت، لە شەستەکانیشدا لە رادیۆی دەنگی تورکیا و لە هۆڵەکانیشدا گەلێک سترانی چڕیوە، هەر لەو ماوەیەدا بە هیمەت و کۆمەکی هونەردۆستێکی جوولەکە (ئەلبیرت مشول) چوار گۆرانیی لەسەر کاسێت تۆمارکردووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٢دا بۆ ئەڵمانیا بانگهێشتکراوەو لەوێشەوە بۆ هۆڵەندا وەرێکەوتووە، بەڵام هەواڵی نەخۆشیی دایکی و کچەکەی پێیدەدرێت بە ناچاریی بەرەو کوردستان دەگەڕێتەوە).

لە ساڵی ١٩٧٨دا هاتووەتە شاری هەولێر، لەلایەن هونەرمەندان و خەڵکەوە زۆر پێشوازیی لێکراوە، بە یارمەتی هونەرمەندی بە ناوبانگ (عیسا بەرواری)

دەچێتە رادیۆی بەغدا و پاشان دەچێتە تەلەفزیۆنی کەرکوک و لەوێ گەلێک بەستە و لاوک تۆمار دەکات، لە شارەکانی دهۆک و موسڵ و هەولێر کۆنسێرتی ئەنجامداوە کە ئاوازەکانی تۆمارکراون.

ئایشەشان لەگەڵ (محەمەد عارف جزیری و عیسا بەرواری) چەند سترانێکیان تۆمارکردووەو دۆست و هەڤاڵی گەلێک هونەرمەند بوون، کە هەرکامیان قوتابخانەیەکن و جێگەی بەنرخ و دیاریان هەیە.

ئایشەشان دەنگێکی ناسک و رەوانــی هەیە، کە دەچێتە خانەی دەنگە زیلەکانەوە (باس)، ئەگەرچی لە وتنی مەقامەکانیدا چوار پلەکەی تەواو نەکردووە، بەڵام تاموچێژ و بەهایەکی تەواوی داوەتێ کە بەڕای من لەنێو رەگەزی ژندا کۆڵەکەیەکە بۆ مۆسیقا و گۆرانیی کوردی و بەهەق قوتابخانەیەکە، کە دەبێت نەوەی نوێ لە تەکنیکی دەنگ و چۆنییەتی چڕینی کەڵک وەربگرن و لە ئاکادیمییە کوردییەکاندا بایەخی پێبدرێت.

ئەگەرچی رەدیف ئاواز و سولفێژ و دەستگاناسی (هەوا) نەخوێندووەو بە زانست و تەکنیکی گۆرانیی ئاکادیمییانە ئاشنایی نەبووە، بەڵام زۆر لێزانانە لەگەڵ مۆسیقا هەماهەنگی کردووە، لە پەیژەی مۆسیقا لای نەداوە و توانیویەتی بە باشی ستران و لاوک و مەقامەکانی دەرببڕێت، وەها سۆزێک لە دەنگیدا هەیە کە چێژێکی تایبەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشینەی گۆرانیی و میوزیکەی کە هەمان بووە و سینە بەسینە بە ئێمە گەیشتووە.

گۆرانیی نیشتمانیی وەک خوێن لەنێو دەمارەکانیدا بووە کە زۆر جاران لەلایەن پۆلیسەوە تووشی گرفت بووە، بەم شێوەیە ئایشەشان و باقی گۆرانیبێژەکانی تر لە کوردستانی باکوور توانییان بە چەکی سترانچڕین خزمەت بە گەلەکەیان بکەن، کە لەم بوارەدا بەرخۆدانییان داوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی پاراستن و مانەوەی زمان و فەرهەنگ و دابونەریتی کوردی لەژێر فشار و زەختی رەگەزپەرەستەکان.

ئەم سیما ناسراوەی بواری گۆرانیی، گەلێک ئاوازی باش و بەنرخی چڕیوە کە هەمیشە لە مێژووی مۆسیقای کوردیدا دەمێننەوە، لەوانە: زمانا کوردی زمانا مەیە، غەریبم دایێ، لۆلۆگدێ، زەرێ حەیران، هەی واخ دایە، هەی لێ، ئەز غەزالم ، نەورۆز نەورۆز و... هتد.

مخابن ئایشەشانی هونەرمەند و نیشتمانپەروەر پاش گەلێک کوێرەوەریی و ئازارچەشتن، بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی ٥٩ساڵیدا لە ١٩٩٧/٢/٥ی زایینیدا لە (ئەزمیر) بۆ هەمیشەماڵئاوایی لێکردین، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو هونەرمەندە ئازا و وڵات خۆشەویستە.



# جان
## شاژنی تابلۆکانی مۆندلیانی

حەسەن سلێمان عەسکەری

ئاشکرایە کە تەمەنی منداڵیی لەنێو خەون حەزو خولیا و پاکیزەییدا گوزەر دەکات و بۆ سەمای بەرلێزمەی بارانی هیواو رک دەگرێت و جارناجاریش فوو لەچرای رۆشنی بەرتاقی هەیوانێکیش دەکات. ئەم منداڵییە جاروبار لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی مرۆڤدا سەردەکات و ناپرسێتەوە لە سپیبوونی تاڵ تاڵی قژەسەر و لە پیریی و چرچولۆچییەکانی نیگا ناکۆڵێتەوەو گرێ ناخی مرۆڤ دەگەشێنێتەوەو جیهانی پڕ پەپوولەیی خۆی وێنا دەکاتەوە. لێرەوە کتومت ئەم منداڵییە لە کاروئاکاری ژیانی هونەری (مۆندلیانی) هونەرمەندا دەبینینەوە.

زستانی ئەمساڵ بۆ کڕینی کتێب و گۆڤاری هونەریی رێم کەوتە شاری

کەرکوک. سەیر لەوەدابوو ئەم شارە کەمترین کتێبخانە و کتێبی هونەری کوردی تێدابوو، گەڕام تا لە قوژبنێکا کتێبخانەیەکم دۆزیـــیـــەوە، بـەڵام کتێبێکی ئەوتۆم چنگ نەکەوت، پرسیم دەربـارەی وێنەو ئەرشیفی هونەری خۆماڵیی و جیهانی، سەرەنجام کتێبفرۆشەکە سیدییەکی پێ فرۆشتم کە زیاتر لە هەزار تابلۆی هونەری جیهانیی تێدابوو، لەنێو تابلۆکاندا فۆڵدەرێکی تایبەت بە تابلۆکانی گــەورە هونەرمەندی شێوەکاری ئیتاڵی (ئەمیدۆ مۆندلیان)یم بینی، ئاشکرایە کە مۆندلیانی زۆرێک لە تابلۆ هونەرییەکانی (ژن) وەک ویستی ناخی خۆی ئامادەگی هەیە، ژن وەکو مۆدێل، ژن بەڕاکشاویی، ژنێک بە باوەشێنەوە لەسەر ئەسکەملێک دانیشتووە و ژنێکی دیکەش رووتەو دەمەو روو پاڵکەوتووە، ژنێکی تر دەستی لەژێر چەنەگەیدایە و دەستەکەی تری روو بەرەو خوار و رەشپۆش دانیشتووە، بەڵام لەنێو کۆبەندی ئەم ژنانەدا، مۆدێلی ژنێکی دی بەهەمان ستایلی کـارکـردنـی هـونـەری هونەرمەند کـێـشـراوە، ئـەم تابلۆیە سەرنجی راکێشام، چونکە نیگاری ژنەکە وا دەردەکەوێت تازە لەخەو هەڵسابێت و تەمەڵییەکی زۆر ناسک و شیرین بەڕووخسارییەوە دەردەکەوێت، ژنەکە خاوەن گەردنێکی بەرزو دەموچاوێکی



درێژکۆلە و نیمچە داخراوی هەیە. رەنگەکان ئاوێزانی درێژبوونەوەی شێوەکانی پشتەوەی مۆدێلەکە بوون، وەها نەخشێنراوە کە وەختێک لە تابلۆکە دەڕوانیت راستەوخۆ بیرت رادەستی مێژووی هونەرو ژیانی مرۆڤایەتی دێرین دەکاتەوە.

(مۆندلیانی) ساڵی ١٨٨٤ لە رۆما- ئیتاڵیا، لە خێزانێکی یەهوودی هاتووەتە دنیاوە، هەر کە ئاگایی دەتەقێتەوە، سەفەر دەکات بۆ فەرەنساو لەنێوان هەڵبژاردنی دوو بواردا رادەمێنێت، ئەوانیش پەیکەرسازیی و نیگارکێشانە، بەڵام دواجار نیگارکێشان هەڵدەبژێرێت، لەم بوارەدا و لەساتەوەختێکدا کە (بیکاسۆ)ی هونەرمەند ناوبانگی دنیای تەنیبوو، منداڵیی لە دڵی مۆندلیانیدا گەمەی دەکرد، پرسیارێک لێرەدا سەر هەڵدەدات، ئەگەر خەونی منداڵیی تاکە نهێنی و هۆشمەندیی و گەورەیی بێت و تاکە پاڵنەری سەرکەوتنی بێت، ئەوا هەر ئەو نهێنییەشە کە بووەتە هۆی بەدبەختیی و سەراپای ژیانی داپۆشیوە، هەرچەندە ئەم هونەرمەندە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە پڕاوپڕ بووە لە گەورە هونەرمەندان و رۆشنبیران و بیرمەندان، بەڵام دوو جیاوازیی لەیەک کاتدا لە ژیانیدا رەنگیداوەتەوە. یەکەم: شێوازی گرنگیدانی بە نیگارکێشان. دووەمیشیان: شێوازی ژیانی، ئەمەش بووە هۆی سەرکێشی و راستەقینەیی و نامۆیی، بۆیە وای بۆ دەچن ئەم هۆکارانەن دواجار نەخۆشی خستووە و لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا کۆچی دواییکردووە، تا ئەو چرکەساتەی ژیانی لەدەستچوو، مۆندلیانی منداڵیی خۆی لەدەست نەدابوو.

ئەگەر لە سەرجەم کارەکانی بە رەنگ و هێڵ و نیگای ئافرەتەکانییەوە تێڕامان بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە منداڵیی لە ناخیدا تا چ رادەیەک بووەتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرچاوەی سەرسووڕمان. هەر بۆیە سەروەختێک کە دەرهێنەری سکوتلەندی (میک دافیز) ویستی فیلمێک دەربارەی ژیانی مۆندلیانی بەرهەم بهێنێت، بەشێک لەو منداڵییەی مۆندلیانی لە ناخیدا هەڵیگرتبوو، دەرهێنەرەکە کردیە هەوێنی فیلمەکەی، بۆیە لە چەند گرتەیەکدا ئەوەمان پێشان دەدات چۆن منداڵیی پاڵ بەهونەرمەندەوە دەنێت تا داهێنان بکات. کاتێکیش لە فلیمەکەدا دەکوژرێت، هونەرمەندە هاورێکانی لەسەر گۆڕەکەی رادەوەستن و وەک دوا ئاماژەی کۆتایی فیلمەکە زوومی کامێرا دەچێتە سەر دیمەنی (بیکاسۆ)ی هونەرمەند و بیکاسۆش منداڵێکی بەدەستەوەیە.

مۆندلیانی لە ژیانیدا، ژنی وەک پلەیەک لە چوارچێوەی تابلۆدا کێشاوەتەوە، واتە ژن و هونەرمەند دوانەیەکن، لێرەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە عاشقی بووە، بۆیە ئەوینداری کچە شاعیری رووسی (ئانا ئەفناتۆف) دەبێت، بەڵام بەڕادەیەک خۆشەویستی راستەقینەی لەگەڵ (جان) دەستپێکردووە، ژیانی بەختکردووە.

(جان) بەڕاستەقینەیی لەچاوی مۆندلیانی دەردەکەوێت، چونکە گوێی بە خێزانەکەی نەداوە، لەکاتێکدا ناڕازیبوون ببێت بە هاوسەری، گوایە مۆندلیانی یەهوودییە، دواجار هەرچەندە جیاوازیی تەمەنیان (١٥)ساڵ بوو، لە ئەنجامدا ژیانیان پێکەوە نا و منداڵیشیان لێکەوتەوە.

(جان) شاژنی تابلۆکانی مۆندلیانی بوو، لە زۆرترین تابلۆکانیدا (جان)ی بە دووچاوی داخراوەوە کێشاوە، وەختێک جان دەپرسێت چ کاتێک چاوەکانم لە تابلۆکانتدا کراوە دەبن؟ لە وەڵامدا مۆندلیانی دەڵێت: کاتێک کە چوومە ناو رووحتەوەو ئاشنات بم، ئەوکات هەردوو چاوت دەکەوە.

مۆندلیانی ئەو رۆژەی کە گیانی سپارد، لە پێشانگەی (تەنها یەک تابلۆ)دا بەسەر (بیکاسۆ)ی هونەرمەندا سەرکەوت. مۆندلیانی مرد بەبێ ئەوەی بزانێت کە لەو پێشانگەیەدا نرخی تابلۆکەی ٥٠٠٠ فرەنکی کردووە .رەنگە ئەم برە پارەیە لە هەژاریی دەربازی بکردایە.

دوو رۆژ بەسەر مردنی مۆندلیانیدا تێنەپەڕی، (جان) لە خەفەتی کۆچی خۆشەویستەکەی خۆی کوشت، بەڵام هەمیشە ئەو وتەیەی مۆندلیانی بیربووە کە دەڵێت: (داهاتووی هونەر لە نیگای ژندا گەشە دەکات).



مۆندلیانی

## دیدار لەگەڵ سەربەست ڕەسوڵ



# ئەوەی دەڵێت کورد سینەمای هەیە، لە سینەما تێنەگەشتووە



**سازدانی: شەنکار عەبدوللا**

**سەربەست ڕەسوڵ دەرهێنەرو سینەماکاری کورد، کە ماوەی چەند ساڵێکە لە دەرەوەی وڵات دەژیو خاوەنی سێ فیلمی سینەماییە، لە دیدارێکی تایبەتدا تیشک دەخاتە سەر کارەکانی خۆیو پێیوایە شتێک نییە بەناوی سینەمای کوردی، بەم شێوەیە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی داینەوە.**

**لای دەرهێنەرو سینەماکار سەربەست ڕەسوڵ شتێک هەیە بەناوی سینەمای کوردی؟**

دڵنیابە هەتا ئەم کاتەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین، من دەڵێم سینەمای کوردیمان نییە، ڕەنگە چەند فلیمێکی کوردیمان هەبێت، ئەمانە پێی ناوترێت سینەمای کوردی، ئەمە جگە لەوەی کە سینەما خەمی چەند ڕۆشنبیر یان چەند کەسێک بێت زیاتر خەمی دەوڵەتە، بەڵام حکومەت ئەوەی کە خەمی نییە سینەمایە، ئەگەر تۆ لە وڵاتەکەدا تاقیگەیەک یان هیچ ستۆدیۆیەک نەبێت و بۆ هەموو شتێک بچیتە دەرەوەی وڵات، یان تۆ چەند دەرهێنەرێکت هەبێت نەتوانیت یارمەتی بدەیت، ئیتر نازانم سینەمای کوردی هەبوونی لەکوێدا بێت، بۆیە ئەوەی بڵێت سینەمای کوردی هەیە، بەهەڵەدا چووە، ئەوەی دەشڵێت کورد سینەمای هەیە، لە سینەما تێنەگەشتووە، هەرچەندە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەلێک ڕەخساوە دەتوانین بناغە بۆ سینەمای کوردی دابنێین، لەبەرئەوەی ئیمکانیاتێکی مادیی زۆر گەورە هەیە لە کوردستان، لە وڵاتە عەرەبییەکانو لە ئێرانو لە تورکیاش نییە، بەڵام بەداخەوە ئەو مادەیەی کە خەرج دەکرێت بەشێوە ڕاستەکە خەرج ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێکی ئەکادیمیمان هەیە لە بواری سینەما، ئەگەر بواریان بۆ بڕەخسێت شوێن دەستیان دیار دەبێت لە سینەمای کوردیدا، لەم چەند ساڵەی حکومڕانی کورددا دەمانتوانی چەند کەسێکی باش پەروەردە بکەین، بەڵام بەداخەوە هەتاوەکو ئێستاش هەر ئیعتیمادمان لەسەر دەرەوەیە.

زیاتر دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە سەرقاڵی کاری فیلمە، بەوەی کە تۆ چیت پێدەکرێت، من لە سوید لە بواری شانۆدا ئیشمکردووە، ساڵی ٢٠٠٣ پێیانوتم با ئیشێکی هاوبەشی کوردی سویدی بکەین، بەڵام من ئەوکات گەڕامەوە بۆ کوردستانو خەریکی دامەزراندنی پەیمانگای سینەما بووم لە سلێمانی، دوای ئەوەی کە پەیمانگاکە دامەزرا چوار مانگ دەوامم کرد، کە موافەقەی فیلمی تەمی سەر خەرەند هاتەوە ئیتر من مۆڵەتم وەرگرت، بۆیە لە ئەوروپا زۆر ئەستەم نییە ئیشکردن، بەڵکو زیاتر دەکەوێتە سەر تۆ، بەوەی کە دەتوانیت چی پێشکەش بکەیت، چونکە ئەوێ وەک ئێرە نییە بەرپرسێک بناسیتو ئیتر کارەکەت بڕوات، بچیتە هەر شوێنێک لە ئەوروپا پێت دەڵێن: فەرموو چیت پێشکەشکردووە، ئەگەر ئیشەکانی پێشووتیان بە دڵ بوو، ئەوکات دەڵێت فەرموو چی ترمان پێشکەش دەکەیت.

**ماوەیەک کۆمەڵێک فیلمی کوردی هەبوون، لە سینەماکان نمایش دەکران، تاچەند دەتوانین بەمانە بڵێین فیلمی سینەمایی، یان ئەم فیلمانە لەکوێدا جێیان دەبێتەوە؟**

کە تۆ دەڵێیت: فیلمی سینەمایی، واتە (٣٥ m)، بۆیە بەڕای من ئەمانە ناچێتە خانەی سینەماوە، بەڵکو دەچێتە خانەی فیلمەوە، بەومەرجەی کە بنەماکانی فیلمی تێدا بێت، چونکە سینەما هەندێک بنەمای هەیە، هەروەها جووڵەی سینەما زۆر جیاوازە لە جووڵەی فیلمی تر، ئەم فیلمانەی کە ناویان ناوە سینەما، زیاتر لە دراماوە نزیکن نەک فیلم.

**داخستنی سینەماکانی کوردستانو کردنیان بە باڵەخانەی تر، چ زیانێکی بۆ سەر هونەرو سینەمای کوردی هەیە؟**

بەڕای من ئەمە رووشاندنی کەلتووری میللەتێکە، ئەمە گەورەترین زیانە بەر کەلتووری کوردی کەوتووە، من خۆم دەچم بۆ هەر وڵاتێک بازاڕم بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو زیاتر سەیری کەلتووری ئەو دەوڵەتە دەکەم بزانم چییان هەیە، تۆ دەچیت بۆ سەیری شانۆو ئۆپێراو بالییە، ئەم شتانە دەبینیت، ساڵی ٢٠٠٦ کە روسەکان لێرە بوون، لە رۆژە پشووەکاندا دەیانوت با بچین بۆ سینەما، من نزیکەی ٤٠٠ DVD م هێنابوو، پێمدەوتن ئێمە بە بەرنامە ئیش دەکەین، نابێت بچین بۆ سینەما، لە رووم نەدەهات بڵێم شارەکەی ئێمە سینەمای تێدا نییە، لەکاتێکدا ئەمە شاری کەلتوورو رۆشنبیرییە.

**ئەی چۆن بوو ئەو پەیمانگای سینەمایە داخرا لە سلێمانی، ئەی ئەوەی هەولێر تاچەند سەرکەوتووە؟**

ئەوەی سلێمانی داخرا، لە هەولێر ئەکادیمیای سینەما هەیە، بەڵام سەرکەوتوو نییە، ئەوە نزیکەی پێنج ساڵە هەیە، هەتا ئێستا هیچ ئیشێکی جدییان دیار نییە، بۆیە نازانم ئەگەر بڵێم ئەکادیمیای سینەمای هەولێر، هەروەک پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیو هەولێرە، رەنگە هەڵە نەبم.

**حکومەتی هەرێم تاچەند گرنگی بە سینەما داوە، یان لە گرنگی سینەما تێگەشتووە؟**

بەڕای من زۆر کەم تێگەیشتوون، یان هەر تێنەگەیشتوون.

**چی بکرێت بۆ ئەوەی سینەما دروست بکەین، یان کوردستان تاچەند گونجاوە لەڕووی لۆکەیشنەوە بۆ سینەما؟**

کوردستان خۆی لەخۆیدا ستۆدیۆیەکی گەورەیە، هەزاران بابەتی سینەمایمان هەیە، کە کەم میللەت هەیە وەک ئێمە بابەتی هەبێت بۆ کار لەسەرکردن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە حکومەتو کاربەدەستان چییان کردووە بۆ سینەما؟، من لەسەرەتاشدا وتم چەند کەسێکمان هەیە لەبواری سینەما ئیش دەکەن، پێویستە هاوکاریی ئەو کەسانە بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت سینەما دروست بکرێت لە کوردستان، دروستکردنی سینەماش بە دروشمو قسەی زل ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەکاری جدیی هەیە، دەبێت بە دڵسۆزیی کاری بۆ بکرێت، من دەزانم حکومەت ساڵانە پارەیەکی زۆر تەرخان دەکات بۆ سینەما، بەڵام بۆچی دوو فیلمی باش ناکرێت، ئەی ئەگەر ئەکادیمیای سینەما هەیە، کوا کاری دەرچووەکانی؟، بەڕای من پێویستە لەبری ئەوەی ئەکادیمیای سینەما بکرێتەوە لە کوردستان، پێویستە چەند خوێندکارێک بنێردرێنە دەرەوە، بۆئەوەی سینەمای پرۆفیشناڵ بخوێنن، دواتر بێنەوە بۆ کوردستانو ئیش بکەن زۆر باشترە لەوەی کە لە هەولێرو سلێمانی ئەکادیمیای سینەما بەشێوەیەکی نادروست بکرێتەوە.

**سەربەست ڕەسوڵ لە ساڵی ١٩٨٣ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە، هەتا ساڵی ١٩٨٨ خەباتیکردووە و لە شاخ بووە، دواتر چووەتە ڕوسیا، ساڵی ١٩٩٥ دەستی کردووە بە خوێندنی سینەما لە مۆسکۆ، هەر لە مۆسکۆ کاری دەرهێنانی بۆ سێ فیلم کردووە، بەناوەکانی: (سێبەر، دیاری، ئەمڕۆ سبەی)، هەروەها هەر لە مۆسکۆ زیاتر لە ١٢ شانۆگەریی بەرهەمهێناوە، چوار فیلمی دۆکیۆمێنتیشی بەرهەمهێناوە، ئێستا خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە دەرهێنانی سینەمایدا کە لە مۆسکۆ بەدەستیهێناوە، ماوەی شەش ساڵە خەریکی کارکردنە لە فیلمی سینەمای (تەمی سەر خەرەند) کە لە نووسینی شێرزاد حەسەنە.**






# یان عاشق بە، یان بمرە

## خوێندنەوەی فیلمی (Eraser head)
## لە دەرهێنانی: دەڤید لینچ

**ئا: سووسەن ئیسماعیلی نەژاد**



دیڤید لینچ ساڵی ١٩٧٥ یەکەم فیلمی درێژی خۆی بە ناوی (Eraser head) سەر لاستیکی، یان دەکرێت بەپێی کەسایەتییەکە بڵێین پیاوە سەر لاستیکییەکە، دەستپێکرد، ئەو فیلمەی کە لە درێژەدا بە ستایلی سووریالیزمی

تایبەتی لینچ کە لە فیلمە کورتەکانیدا وەک )دایە گەورە (Grandmother) و ئامپۆتیدا ئەزموون کرابوو، بەشێوەی رەش و سپی وێنەگیرا، (سەر لاستیکی) چیرۆکێکی سەیری هەیە، گێڕانەوەیەکی تەواو خەیاڵییە بە ئاهەنگێکی ئارام و بێزارکەرەوە، چیرۆکێکە دەربارەی وێرانیی و گوناه، رەشی و نەزانین و سەرەنجام لە دەستچوونی شوناسی مرۆڤایەتی، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بوون لە زەماندا مانای هەیە و ئەمە روانگەی فەلسەفی فیلمەکەیە. ئەو بوونەی کە لە ژیاندا رەنگدانەوەی هەیە بێ ئەوەی ئاگاداری چییەتی ئەو ئامادەبوونە بێت، مرۆڤ بوونی هەیە بێ ئەوەی دەرکەوێت مرۆڤی راستەقینەیە یان نا، شارستانییەت ئامادەیی هەیە بێ ئەوەی بزانرێت شارستانییەتێک بوونی هەیە یان ئەسیر و گیرۆدەی وەحشیگەری بوون، زانست بوونی هەیە بێ ئەوەی بزانین زانست و مەعریفەیە یان نەزانینێکە لە جۆری تەکنۆلۆژیا. ئەمە هەمان ئەو بابەتەیە ستانلی کوبریک لە فیلمی ٢٠٠١، ئۆدیسەیەکی فەزاییدا باسی لێکردووە. ئەوەی کە سەرەنجام زانست جگە لەوەی نابێت بە هۆی بەختەوەریی مرۆڤەکان، بەڵکو دەبێت بە هۆی شکست و نەهامەتیی مرۆڤەکان، ئەمە تاوانی زانست و هوشیاری نییە، بەڵکو خووی مرۆڤە کە خراپە. مرۆڤ کە فرەخوازەو لە خۆیدا تووشی دارمان بووە. سەرلاستێکی مرۆڤێکی سەرگەردانە، کە لە شوێنێکی بێ هەستدا دەژی و ئەم جیهانە هەمان ئەم دونیایەی ئێمەیە. ئەو شوێنەی ئەو لێی دەژی، وەک هیرۆشیمای پاش تەقینەوەی بۆمبی ناوەکی وایە. لەو تابلۆیە ورد بنەوە کە بە دیواری هێنریدا هەڵواسراوە، لینچ ئەم جیهانە بە جیهانی پاش تەقینەوە دەشوبهێنێت. ئەو شوێنەی کە هەموو شت گۆڕاوەو تووشی گۆڕانی جیناتی بووەو ئەم گۆڕانە لە سنوورەکانی بیرکردنەوەشدا رەنگیداوەتەوەو لە راستیدا ئەوە بیرکردنەوەیە تووشی گۆڕان بووە. پرسی سەرەکی بەلای لینچەوە جەنگ و توندوتیژیی نییە، هەرچەند ئەگەر واش بێت رەخنەیەکی لەسەر نییە، بەڵام ئەو بیر لە کۆمەڵێک شت دەکاتەوە زۆر گەورەترە لەمانە. لینچ بیر لە تەقینەوەی بیرکردنەوەو ئایدیا دەکات، ئەو کاتەی نەزانین خۆی بە بەڵگاندن دەقەبڵێنێت و وێرانیی وەک بەختەوەریی دەردەکەوێت، واتە ئەو شوێنەی بەهاکان دەگۆڕدرێت. ژنەکەی هێنری دەڕوات و سۆزانییەک دێتە جێی، منداڵێکی ئیفلیج و نەخۆش جێگای منداڵێکی ساغ و سەلیم دەگرێتەوە.

پیرەکان کەسانێکی لۆژیکین، بەڵام هیچ کارێکیان لە دەست نایەت (پیرەپیاوەکەی سەرشەقام و دایەگەورەی ژنەکەی هێنری) و هەروەها

دەلاقەکان لەبری ئەوەی تیشکیان لێ بێتەماڵەوەو تیشک بگرنەخۆ، بە خشت داخراون. مەعریفە هیچ رێگایەک نادۆزێتەوە بۆ چوونە دەروونی مرۆڤەکانەوەو تیشکی خۆر سیمبولی مەعریفەیە. مەعریفە بە مانای تێراوانین و زانیاری. ژنەی ناو رادیێتەرەکەش رەمزە بۆ شتێک. ئەو کاتەی لە بەهەشتەوە کە سەرسنووری یۆتۆپیایە، گۆرانیی دەڵێت بە دەوریيدا، کۆمەڵێک گڵۆپ هەڵدەبن و تیشک دەپژێنن و خۆشی لەناو نوورەکاندا سەما دەکات. لینچ پێمان دەڵێت لەمرۆدا تەنها ئەو کاتە مرۆڤەکان بەختەوەردەبن کە لە دەروازەی مەرگەوە گوزەر بکەن، لە فیلمەکەدا رادیێتەر دەوری ئەم دەروازەی هەیەو لەوێدا تیشک و سپێتی هەموو شوێن داگیردەکات.

ئەم فیلمە جۆرێک نارەزایەتی دەربرینە بە مرۆڤ و چارەنووسەکەی. ئەو شتەی بە دەستی مرۆڤ لەناو دەچێت و ناشیەوێت چاکبێتەوە. ئەو بەختەوەرییەی ئەگەری ئەوە هەبوو زۆر بە ئاسانی پێشکەش بە مرۆڤەکان بکرێت لە سێبەری رەشی نەزانیندا لەناو دەچێت. مرۆڤ خۆی لەبیرکردووەو بووە بە بوونەوەرێکی ناشیرین و ناکارامە.

ئەم فیلەمە پێویستە زۆر باش لێکبدرێتەوەو گرتە بە گرتە شرۆڤە بکرێت. هەر بۆیە لێرەدا دەست دەکەین بە لێکدانەوەی گرتە بە گرتەی ئەم بەرهەمە گەورە سووریالیستییە.

فیلم بە کلۆزئاپێک لە هێنرییەوە دەستپێدەکات. بە نیگەرانیی و سەرسوورمانەوە تەماشای سەرەوە دەکات، لە راستییدا ئەو خاڵەی ئەو لێی وردبووەتەوە ئافرێنەری دونیایە و داهاتووی هەردووکیان پێکەوە گرێدراوەتەوە. هێنری نیگەرانی داهاتووەو نازانێت چی بەسەردێت. لە پشت سەری هێنرییەوە گۆی زەوی دەبینین، ئەو گۆی زەوییە شوێنێکە مرۆڤ تێدا لە دایک دەبێت یان جیهانی بوونە. دەبینین ئەم جیهانە شوێنێکی چۆڵ و هۆڵ و قاقڕستانە. وەک ئەوەی چاوەڕوانی مرۆڤ بێت بەوەی بیژێنێتەوە. هێنری نیگەرانە بەوەی ئاخۆ دەتوانێت بیژێنێتەوە یان نا.

لینچ ئافرێنەری دونیا وەک پیاوێک نیشاندەدات کە هەموو لەشی بریندارە. ئەو تەنانەت گومانی هەیە لەوەی خەریکی کاری ئافراندن و خولقان بێت: وەک ئەوەی هیچ ئافرێنەرێک تەواو نییە لەبەرئەوەی گومان هێمای ناتەواوییە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو دەست دەنێت بەسەر ئەو نوێڵەدا هەتا بەرەی دوای هێنری لە دایک بن. بەرەی دوای هێنری کە کوڕی بەرەی هێنرییە وەک کرمێکی ئەسپێرم کە لەودا نیرێنەبوون زۆر گرنگە لە دەمی هێنرییەوە دێتە

دەرەوە. ئەو برینانەی لە لەشی ئافرێنەردایە هەمووی بە هۆی ئاکارەکانی مرۆڤەوەیە. ئافرێنەری دونیا ئێستا وازی لە ئافراندن هێناوەو ئیتر ئەم بەرەیە دەبێت لەسەر زەوی سەرهەڵبدەن. نوێڵی دووەم دەکێشێت و ئەو بوونەوەرەی وەک کرم وایە لە هێنری دوور دەکەوێتەوە. لە دیمەنی دواتردا ئەم بوونەوەرە دەکەوێتە چاڵێکی ئاوەوەو چاڵە ئاو سیمبول و رەمزی لە دایکبوونە.

هێنری زەرفێکی پێیەو بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات کە لێی دەژی. شوێنی ژیانی ئەو جگە لە تەنیایی و ترس، هیچی لێ نییە (ئەو شتەی کە هەر خودی هێنری بووە بە هۆی دروستبوونی)، لە شوێنێکدا هێنری بە رێکەوت پێی دەخاتە چاڵێکی ئاوەوە، ئاماژەیە بەوەی لە دایکبوون شتێکی تەواو بەڕێکەوتە. ئەوەی کە هێنری یان کەسێکی تر ئەمڕۆ دەژی شتێکی تەواو بەڕێکەوتە. هەر کەس دەیتوانی هێنری بێت و هێنریش دەیتوانی هەر کەسێک بێت.

ئەو شتەی هێنری لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێت لەناو زەرفێکدا، دیار نییە چییە، تا ئەوەی دواتر دەزانین بوونەوەرێکە وەک کرم. ئەو شتەی هێنری وەک گەنجێک خۆشیدەوێت و دەیپارێزێت. ئەو بوونەوەرە سەیر و سەمەرەو بێ شکڵە، رەمز و سیمبولی مادەیە. لە گرتەیەکی سەیردا ئەم کرمە دەبینین لەسەر خۆڵ سەما دەکات و هەرچەند زیاتر بە خاک (وەک توخمی سەرەکی مادە)دا رۆدەچێت زیاتر گەورە دەبێت. ئەم دیمەنە دەرخەری ئەو شتەیە، هەرچەند مرۆڤ زیاتر گرێدراو بێت بە دونیاوە ئەم گرێدراوییە زیاتر و قووڵتر دەبێت و سەرەنجامی ئەم گرێدراوێتییە ئەوەیە خودی مرۆڤ لەناودەچێت. خۆشویستنی مادە و جیهانی مادیی دەبێت بە هۆی لەناوچوون. سەرنج بدەن ئەو کرمە بێ شکڵە دەمی دەکاتەوەو هەموو شت قووت دەدات و لە گەروویدا تەنها رەشاییەکی گەورە دەبینین.

کە هێنری دەگاتەوە ماڵەوە ژنێکی سۆزانیی و لەشفرۆش دەبینێت لەبەر دەرگاکە وەستاوەو پێیدەڵێت: دەبێت بڕوات بۆ میوانییەک. دواتر باس لە کەسایەتیی و سیمبولیسمی ئەم ژنە دەکەین. هێنری دەڕواتە ماڵی باوکی کچێک کە خۆشیدەوێت و لەگەڵیدا سێکس دەکات. کە هێنری دەگاتە ئەوێ، خۆشەویستەکەی لە پشت جامێکدا وەک تابلۆیەک دەبینێت. ئەم ژنە کە رووخسارێکی پاکیزەو جلوبەرگێکی سادەی هەیە، نیوەی شێوە مرۆڤە. هێنری پێی دەڵێت: (لە مێژە سەردانم ناکەیت)!

ئەمە واتا ماوەیەکی زۆرە مرۆڤی ئەمڕۆیی لە مرۆڤایەتیی بە دوورە.

مرۆڤایەتی خۆشەویستی مرۆڤە، بەڵام هیچ هەوڵێکی نەداوە بەوەی پێی بگات و لەبیری کردووە. لە ماڵی کچەدا سێ کەسی تر دەبینین. دایکی کچە کە نوێنەری بەرەی کۆنە و بەزەیی بە بەرەی ئەمڕۆییدا دێتەوە. باوکی کچە کە رواڵەتێکی گەمژانەو نەخۆشی هەیە و نوێنەری مرۆڤی ئەمڕۆییە کە بە هۆی تەکنۆلۆژیاوە لەوەدان کە لەناو بچن. باوکە دەڵێت: پێیەکانی وەک بۆرییان لێهاتووە. دایەگەورەی کچەش کە بێدەنگیی هەڵبژاردووە، ئاڵتەرناتیڤیکە بۆ سۆزداریی و دڵسۆزیی. ئەو بوونەوەرەی کە لاڵ و گێژ و وێژ تەماشای هەمووان دەکات و جگە لە دایکی کچە، کەسێک بەهای پێنادات، دایەکە بە دەستەکانی زەڵاتەکە تێکدەدات و جگەرەی بۆ دادەگیرسێنێت، هەتا ئەویش هەست بە بوون بکات. جووجەڵە رەمز و سیمبولی ژنانەبوون یان ژنبوونە. باوکە دەڵێت: )ئەمانە بە دەست مرۆڤەکان دروستکراون، زۆر بچووکن رێک بە قەد مستی من).

واتە مرۆڤایەتی سووکایەتیی بە ژن دەکات و ژنی کردووە بە کاڵایەک. کە هێنری دەیەوێت جووجەڵەکە بخوات، پێیەکانی جووجەڵەکە لە حاڵێکدا بەبیرهێنەرەوەی پێی ژنێکە لە کاتی سێکسدا دێتە خوار و دەڕواتە سەر و لەنێوانیانەوە خوێن دێتە دەر. هەر لەم ساتەدا دایک جووڵەیەک دەنووێنێت وەک ئەوەی بە ئۆرگازم گەیشتبێت و لە کۆتاییدا لە خۆی بێزار دەبێت و دەڕوات. دایکە لە ژنی ئەمڕۆیی بێزارەو پێی ناخۆشە کە ژنە. خوێن کە لە


دیمەنێک لەفیلمی Eraserhead

جەستەی جووجەڵەکەوە دەرژێتە دەرەوە، سیمبول و ڕەمزی گوناهە. هێنری تووشی گوناه بووەو ئێستا بوونەوەرێکی تاوانبارە.

دایکی هێنری تێدەگات هێنری و خۆشەویستەکەی منداڵیان بووەو دەبێت پێکەوە زەماوەند بکەن. هێنری خۆشەویستەکەی و منداڵەکە دێنێتەوە ماڵەوە، منداڵەکەیان بوونەوەرێکی ئیفلیج و نەخۆشە و بێ شوناسە، ئەوە نوێنەری بەرەی نوێیە. ئەو بەرەیەی کە دوای هێنری تەنانەت رواڵەتی ئینسانیشی نییەو پێویستییەکانیشی نازانرێت چین. ئەو لەگەڵ مرۆڤ بێگانەیە و بێزارە لە مرۆڤ، هەر بۆیە ئەوەندە دەگری تا ژنە لە ماڵ هەڵدێت و هەرچەند هێنری هەوڵدەدات بیگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە، هەر هاوار دەکات. ژنی هێنری کە سیمبول و ڕەمزی مرۆڤایەتییە، تەنانەت بۆ ئەم بوونەوەرە ناشیرینەش دایکایەتی دەکات و دەرمانی دەکات. دوای ئەوەی کە ژنەکەی لە ماڵ دەڕواتە دەر سۆزانییەکە دێتە ماڵەوەو جێگای دەگرێتەوە. لە ڕاستییدا شەهوەت جێگای مرۆڤایەتی دەگرێتەوەو ئەوان لە چاڵێکی ئاودا نووقم دەبن. ئەو شوێنەی کە شوێنی لەدایکبوونیان بووە. لەدایکبوون شتێکە بێگومان بەهۆی ئەمری غەریزییەوەیە. کە ئەم شتە ڕوودەدات، منداڵە بێ شووناسەکە پێدەکەنێت.

منداڵەکە نەخۆش دەکەوێت و ئاوڵە دەگرێت. هێنری دەرمانی دەکات، نیگەرانە لەوەی کە منداڵەکە نەخۆشەو هەوڵدەدات دەرمانی بکات بێ ئەوەی بزانێت نەخۆشیی سەرەکی ئەو منداڵە بێ شووناسبوونە. ناتوانێت بۆ هیچ کوێ بڕوات لەبەرئەوەی هیچ کوێ بۆ ڕۆیشتن نابێت. هەورەها ناتوانێت دەست بۆ هیچ کارێک ببات، لەبەرئەوەی خۆی لە خۆیدا بێ هێزە. ئەمەیە نیشانەکانی نەخۆشیی بەرەی داهاتوو، بەڵام هێنری تەنها ئاوڵەکەی دەبینێت. لینچ ڕەخنە دەگرێت لەوەی مرۆڤ هەموو کات گشتی کردووە بە قوربانیی بەش. ئەمە ئەو شتەیە کە هیگلی فەیلسووفی ناودار هەموو کات ڕەخنەی لێدەگرت.

ژنەی ناو ڕادێتەر سیمبولی مینۆکیبوون و مەعنەوییەتە. ئەگەر تەماشا بکەین ژنەکەش رووخساری شێواوە، رووخساری ماسیوەو جوانییەکەی لە دەستداوە. مینۆکیبوونیش وەک ئافرێنەر بە دەست نامرۆڤانەبوون و بێ شووناسی مرۆڤەکانەوە دەناڵێنێت. هێنری ڕێگای بەختەوەریی لەوەدا دەبینێتەوە بە ژنە بگات، بەرەو ژنە دەڕوات، ژنە سەما دەکات و کرمە سپێرمییەکان لەژێر پێیدا پان دەکاتەوە. مەعنەوییەت لە بەرەکانی داهاتوو بێزارە، بەڵام هێنری هەرکات دەیەوێت لە باوەشی بکات و مینۆکی بێت،

سەرکەوتوو نابێت. سەری دەبڕدرێت و دەکەوێتە سەر زەوییەکی شەترەنجی، زەوی شەترەنجی خوازەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی رەش و سپی یان ژیانی مەعنەویی و ژیانی مادیی، یان فیزیک و مێتافیزیک. سەری شێواوی منداڵەکە جێگای سەری هێنری دەگرێتەوە. ئەو منداڵە جێگای بەرەی کۆن دەگرێتەوە. لێرەدا سەرەکە دەکەوێتە سەر شەقام و منداڵێک کە رواڵەتی نۆرماڵی بەرەی داهاتووەو سەرەکە هەڵدەگرێت و بەرەو کۆمپانیایەکی لاستیک دروستکردن دەڕوات. پیرەپیاوێک، کە هەمدیسان نوێنەر و رەمزی بەرەی رابردووتر لە هێنریە، هەوڵی ئەوەیە بەر بەو کورە بگرێت، بەڵام ناتوانێت، هەموو ئەمانە ئەوە دەخەنەڕوو کە بەرەی داهاتوو دوورە لە مەعنەوییەت و بیرکردنەوەو مرۆڤایەتیبوون و ئەمەیە یۆتۆپیای ئەو کەسانەی بە غەریزەوە دەژین.

دەم کە ناوەندی قسەکردنە و قسەکردن هێمای بیرکردنەوەیە، دەبێت بە ئەندامێکی سێکسی. سەرنج بدەن لە سەرەتای فیلمەکەدا کرم لە دەمی هێنرییەوە دێتە دەرەوەو لە ناوەڕاستی فیلمەکەدا هەر ئەو کرمە لە ئەندامی سێکسی ژنەوە لە دایکدەبێت. هەرشتێک کە میکانیزمی بە مرۆڤبوونە، دەبێت بە رێگایەک بۆ بە ئاژەڵبوون.

خوێن لە رەگی دارێکی وشکەوە، کە رەمزی ژیانی بێ بنەما و بێ بەهرەی مرۆڤی ئەمڕۆییە، دەڕژێتە دەرەوەو شەترەنجەکە دادەپۆشێت. سەری هێنری لە خوێندا نووقم دەبێت. وێرانیی و گوناهی رەها، هەمدیسان ئاماژەیە بەوەی خوێن رەمزی گوناه و تاوانە.

هێنری منداڵەکەی خۆی دەکوژێت بۆئەوەی لەم رێگایەوە خۆی بکوژێت و بە بەختەوەریی بگات. دوای کوشتنی منداڵەکەی دەبێت بە بوونەوەرێکی شێواو، ئەو شتەی کە سەر بەم جیهانەیە، بەڵام لە جیهانی مانادا هێنری دەگاتە ژنەی ناو رادێتەر و بەختەوەر دەبێت. ئێستا ئەو لە شوێنێک دەژێ کە ژنە بە بەهەشت ناوی دەبات، ئەو شوێنەی کە هەموو شت زۆر باشە و هەموو شتێک شتی باشی خۆی هەیە. لینچ بە ئەوپەڕی بێهیواییەوە دەڵێت: تەنها مەرگە مرۆڤی ئەمڕۆیی بەختەوەر دەکات، لەبەرئەوەی تاوان و غەریزە هەموو شتی ناشیرین کردووە. نەست فەرمان دەدات بە مرۆڤەکان و رێبەرییان دەکات.

ئەم بەرهەمە ریالیستی و پڕ راز و نهێنییە توناو توونی مەتەڵی ژیانی مرۆڤە. ئەو شتەی کە تەنانەت خودی مرۆڤیش بە تەواویی لێی تێناگات و دەستەوەستانە لە زیندووکردنەوەیدا. بە دەربڕینێکی گشتیی، فیلم ناڕەزایەتی

دەربڕینێکی زۆرە بە مەیل و غەریزەو دابەزینی پێگەی شارستانییەت. فیلم ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەکانەو شەڕ لەگەڵ خود و هەستکردن بە گوناە بە وێنا دەکێشێت و تەنها ڕێگایەک دێڵێتەوە: یان عاشقبوون، یان مردن. بەختەوەریی مرۆڤی گرێدراوەتەوە بە یەکێک لەم دووانەوەو جگە لەمە هیچ شتێک نییە مرۆڤ بەختەوەر بکات.

خودی لینچ مەتەڵ و گرێکوێرەکانی ئەم فیلمەی نەکردووەتەوەو تەنانەت سەیر ئەوەیە زۆرجـار لە وەڵامی کۆبریکدا کە ویستوویەتی تەکنیکی دروستکردنی ئەو مرۆڤە سەیرە بزانێت، بێدەنگەی کردووە. بەڕاستی لینچ جیهانی تایبەت بە خۆی هەیە و تەنها لە ڕێگای سینەماوە ئەو جیهانەی نیشانی کەسانی تر دەدات، جا هەرکەس بە پێی توانای خۆی کەڵک لەو جیهانەی ئەو وەردەگرێت. ئەمەیە لینچ و سینەماکەی، ئەمەیە فەرهەنگی سووریالیزم لە هونەری سینەمادا.

## چاپکراوە نوێیەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی کە ئێستا لە بازاڕدان

### چاوەڕوانی چەندین کتێبی هەمەجۆری دیکە بن




هۆشیاریی یاسایی

فوئاد تاهیر

یاسایی




## ذاكرة مدينة منقرضة

زهدی الداودی

ڕۆمان




## میرزا مەنگوری و یۆتۆپیا خەیاڵییەکەی

سەربەست کەرکوکی

لێکۆڵینەوە




## سایکۆلۆژیای دەسەڵات

سەمەد ئەحمەد

لێکۆڵینەوە




## دیوانی سامی عەودال

د.کەمال مەعروف

شیعر




## ئافۆریسم

نەوزاد جەمال

لێکۆڵینەوە




## ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا

ئارام سدیق

لێکۆڵینەوە




## شەڕی گۆگامێلا

محەمەد ئەمین عەلی

مێژوویی




## شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

لێکۆڵینەوە




## تۆ له هه‌موو شوێنێكی تۆ

كه‌ریم ده‌شتی

شیعر




## مرۆڤ، گه‌ردوونێكی نادیار

د. هادی محه‌مه‌د

لێكۆڵینه‌وه




## ڕێچکەی مێروولەکان

جوتیار ئەحمەد

چیرۆک




## مێژووی تۆپی پێ و پاڵەوانێتییەکانی لە جیهاندا

هەوراز کاوە

وەرزشی




## وێنەیەک بەسەر ئاوەوە

سەلاح عومەر

ڕۆمان




## بنیاتی هونەریی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا

سامان عیزەدین

لێکۆڵینەوە

پێشانگەی کتێب





























دەتوانیت گۆڤاری هەنار لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.dengekan.com

www.chrakan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە